زنجیرەی
٣١

# گفتوگۆی پشت سەگەکان

## پەیامی وریایی



د.عومەر عەلی

٢٠٢٠

زنجیره (٣١)

# گفتوگۆی پشت سەگەکان

## پەیامی وریایی

د. عومەر عەلی

٢٠٢٠

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتیب: پەیامی وریایی - گفتوگۆی پشت سەگەکان

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

**(ڕۆبن و ماری)**
**(ڕۆبن و ناتاشا)**
**(ڕۆبن و ناتاشا پاش مسوڵمانبوون)**
**(ڕۆبن و سۆفیا و ئیملی)**

## پێش خـوێندنـەوە

سـەختیەکانی ژیـان وایکـردووە، مرۆڤـەکان لەیـەك دابـڕێت، لـە پشـت هەموو سەختیەکانیشـەوە فکـری چەپـەڵ و هـزری ئامانجـدار هەیـە، تـا مرۆڤـەکان لەیەکـەوە دوور و ناکـۆك بـن، ئـەوان زیاتـر ماسـی ڕاو دەکـەن، ماسـیەکانیش خـودی خۆمانیـن، جـاران لـە گوندێکـدا ماڵێـك تـەور یـان تەوردارسـێکی هەبـوو، لـە گوندەکـەدا یـەك سـوژنگ، بەشـی هەمـووی دەکـرد، چونکـە دار ورد کـردن و دورینـەوەی گوێنـی، پێداویسـتی هەمـوو ڕۆژێـك نەبـووە، دانەیەك

بەشـی چەندیـن مـاڵ دەکات، سـەرمایەداری هەمـووی لەیـەك دابـڕی، تـا کـەس پێداویسـتی کـەس پـڕ نەکاتـەوە، تـا کـەس لەگـەڵ کەسـدا نەیکرێـت، ئەوسـا لەبری ئـەوەی خانەوادەیـەك لەیـەك خانـوودا بژیـن و، هەموویـان یـەك کـرێ بـدەن، ئێسـتە زۆرینـەی لەیـەك هەڵوەشـاوەتەوە، تـا کرێـی خانـوو تـا دەگاتـە ئـاو و کارەبـاو هەمـوو پێویسـتیەکان چەندیـن بـارە بێتـەوە، دواتـر کـە لێـك دابڕاویـش بـوون، ناتوانـن کۆکـبن، لەسـەر ئـەوەی کـە ناکۆکـی کـردوون، کۆمەڵگـەی ئەوروپـی و ئەمریکـی ئێسـتە لەیـەك دابـڕاون، مەگـەر بۆنـەی بازرگانـی پێکەوەیـان ببەسـتێتەوە، ئەویـش دیسـان هەڵخەڵەتانێکـی تـرەو، دابڕینەکـە بەشـێوەی بازرگانـی کۆدەکەنـەوە، وەك بـۆ سـەیری یـاری کـردن، یـان ڕۆشـتن بـۆ بـاڕو دیسـکۆ و زۆر جێگـەی تـری بـە کۆمـەڵ، ئـەوەی ١٠٠ دۆلار دەدات بـە سـەیری یـاری، لەبـەر یاریەکـە نییـە، خـۆ یاریەکـە دەتوانێـت لـە تەلەفزیۆنیشـەوە ببینێـت، یـان دواتـر بـە بـەلاش دەسـتی بکەوێـت، بـەڵام فەراغـی هەیـە، پێـی خۆشـە لەگـەڵ خەڵکـدا هـاوار بـکات، چونکـە مـرۆڤ دروسـتکراوێکی کۆمەڵایەتییـە، بەتەنهـا ناتوانێـت بژی، ئەگەر بیشـژێت، ئەوە ژیـان نییـە، بەڵکـو ئـەوە هەڵکردنـە، لـە ئەوروپـا خەڵکـی پێکـەوە هەڵـدەکات، نـەك پێکـەوە بـژی، سیسـتم بـە سـزاو غەرامـە پێکـەوەی بەسـتووە، تـا کەمـتر پێکـدادان هەبێـت، بـەڵام هـەر سیسـتمەکەش لێکـی هەڵوەشـاندووە، تـا پێکـەوە نەگونجێـن، لـە هەردوکـی سیسـتمەکان سـود وەردەگـرن، لـە پێکـەوە نەژیـان وەك کۆیلـە، ئاسـانتر دەسـتەمۆ دەبـن و، ناچـار ژێربـاری ئیشـی زیاتـر بـبن، بـۆ پێڕاکەشـتنی کرێـی و تێچـووەکان بـە تەنهـا، گـەر پێکیـش بـدەن، سـزای مادیـان دەدەن زیاتـر و، بەشـێوەیەك مرۆڤەکانیـان بەسـتووەتەوە، بـە هیـچ پاڵەوانێـك نەکرێتـەوە، چـوون هـەروەك ٧ تـووڵ و کابـرای ٧ کوڕەکـەی لێهاتـووە، کـە بەیەکـە یەکـە ئاسـان دەشـکێت و بـە گشـتی زەحمەتـە ٧ تـوڵ پێکـەوە بەکەسـێك بشـکێت، ئێسـتە کۆمەڵگـە هەموویـان لەیـەك دابڕیـوە، بـە ئاسـانی دەیانشـکێنن، ئـەو نمونـە بـۆ خانەوادەیـەك ڕاسـتبیت، بـۆ کۆمەڵگـە

بـه گشـتی دروسـتی، دروسـه.
کۆیلەکانـی سـەردەمی جاهیلـی تەنها لەیـەك کاتـدا قـەرزدار دەبـوون، ئەویش کاتێـك بیانویسـتایە خۆیـان ئـازاد بکـەن، سیسـتمەکانی ئێسـتە بەشـێوەیەك خەڵکیـان کردووەتـە کۆیلـە، بەنـاو ئـازادن، بـەڵام هەمـووی قـەرزدارە!
کۆیلایەتیـەك لـە ئیسـتەی ئەوروپـاو ئەمریـکادا هەیـە، لـە پێش ئیسلامیشـدا نەبـووە، کۆیلەکانـی سـەردەمی جاهیلـی خۆیـان دەدزیـەوە لـە ئیـش، بـەڵام ئێسـتە کارێـك کـراوە، بـە ئیشـێکیش فریـا نەکەویـت، بۆیـە زۆرینـەی خەڵـك زیاتـر لـە ئیشـێکی هەیـە، هەتـا بـەو شـێوەش هـەر قـەرزدارە.
ستەمکارەکانی سـەردەمی جاهیلـی، دەوڵەمەندێـك بـوو، ڕاسـتەوخۆ پارەکـەی دەدا بـە خەڵـك و، بـە ڕیبـاوە لێـی وەردەگرتـەوە، ئێسـتەش هەمـان شـێوەیەو خراپتریـش، بەڵکـو ئـەوەی پـارەت پـێ دەدات، بانکـەکان و، دواتـر هەتـا مامەڵەشـت لەگـەڵ مرۆڤـدا نامێنێـت، بەڵکـو لەگـەڵ ژمـارەو جیهـازی بەنکیدا دەبێـت، بـۆ کێشـەیەك دەبێـت تەلەفـۆن بکەیـت و بەسـەعات چـاوەڕێ بکەیـت، سـا بەڵکـو وەڵامـت بدەنـەوە، بـۆ ئـەو تەلەفـۆن و چاوەڕوانیـەش کـە ناخۆشـە، هـەر دەبێـت پـارەش بدەیـت و لەوەشـدا لـە بالانسـی حسـابەکەت دەڕوات.
بەشـێوەیەك خەڵکیـان ژێربارکـردووە، کـەس غەمـی کـەس نەخـوات، چونکـە لـە ڕاستیشـدا قورسـە، واتـە بەشـێوەیەك قورسـیان کـردووە، گـەر بیشـوێت غـەم بخـوات نەتوانێـت، چونکـە سیسـتمەکە هـاوکاری نـاکات، لەسـەر شـەقام بـڕۆو ببینـە کەسـێك ملـی بوبێتـە ژێـری لاشـەیەوە، ئەگـەر ڕاسـتی بکەیتـەوەو شـتێکی لـێ بێـت، دەیخەنـە قاڵبـی هەوڵـی کوشـتنەوە!
مرۆڤایەتـی لـە نێوانـدا نەمـاوە، گـەر بیانەوێت شـتێك زەق بکەنەوە لـە ئیعلامدا دەیکـەن بـە بەتـەڵ فیلم، بـەڵام ئەوانـە زۆر زۆر دەگمەنـەو لە زەمینـەی واقعیدا کارێـك کـراوە کـەس کاری بەکەسـەوە نەبێـت، چونکـە توشـی سەرئێشـەت دەکـەن، هەتـا هـەزار شـت بەچـاوی خۆشـت ببینـی نەوێریـت شـاهیدیەك

بدەیـت، هـەر ڕێـك دەڵێـی دیراسـەی قورئانیـان كـردووەو بـە پێچەوانـە سیسـتمەكەیان داڕێـژاوە، لـە قورئانـدا هاتـووە (ولا تكتمـوا الشـهادة) (البقـرە ٢٨٣)

لـە ئەنجامـدا ئەبینـی سـۆز بـۆ ئاژەڵـەكان زیـادی كـردووە، هـۆكاری ئـەو سـۆزە سـۆزی مرۆیـی نییـە بـۆ بـێ زمانـەكان، بەڵكـو سـۆزی پڕكردنـەوەی ئـەو فەراغەیـە كـە بـە مرۆڤـەكان دروسـت بـووە، كـەی لەگـەڵ ژێریـدا یـەك دەگرێتـەوە، مرۆڤێـك ببێـت بـە هاودەمـی سـەگێك!

لەبـری ئـەوەی سـەگ خزمەتـی ئـەو بـكات بـە پاسـەوانی، ئێسـتە زۆرینـەی سـەگەكان مرۆڤـەكان بـوون بـە خزمەتكاریـان، بەلانـی كەمـەوە حەفتـەی ٥٠ دۆلار خزمەتـی دەوێـت، هـەر ئـەو كەسـەی كـە حەفتـەی ٥٠ دۆلار دەكات بـە مەسرەفـی سـەگەكەی، ١ دۆلار بـۆ هاوڕێیەكـی سـەرف نـاكات، لەگـەڵ ئینگلیزێكـدا پیاسـە بكـەو دواتـر بڕۆنـە دوكانێـك، بـۆ نمونـە ٢ قوتـوو شـەربەت هەڵگـرە، ئـەو پارەكـەی خـۆی دەدات و، تـۆش دەبێـت پارەكـەی خـۆت بدەیت، زۆر زۆر دەگمەنـە گـەر كەسـێك بڵـێ خـۆ قوتویـەك بیبسـی چییـە! ئەمـە هاوڕێمـە، بـا مـن پارەكـەی بـدەم!

بـەڵام بـۆ سـەگەكە خواردنـی ماركـەی كۆمپانیاكانیـش دەكڕێـت، سـەدان كۆمپانـی خـواردن و شـتوومەكی سـەگ دەفرۆشـن، چونكـە دەزانـن چیـان لـە كۆمەڵگـە كـردووە.

لـە ئەوروپـادا بـازاڕی سـەگەكان زۆر گەرمـە، یاسـایان هەیـە بـۆ ڕێگـری لـە بازرگانـی كـردن بـە مرۆڤـەوە، بـەڵام هەمـووی بەجۆرێكـی تـر بازرگانیشـی پێـوە دەكرێـت.

لـە یاساشـدا بـۆت نییـە، سـەگ بـەرەڵا بكەیـت، هـەردەم دەبێـت لـە كونـی ژوورەوە بێـت!

بـەڵام مـرۆڤ زۆرەو بەرەڵایـە، مـرۆڤ دەبینـی لەسـەر جـادەكان خەوتـوون و جێگەیـان نییـە، بـەڵام یـەك سـەگ نابینـی لەسـەر شـەقام بێـت!

هەتا گەر کەروێشك و مریشك و پەلەوەریشت لەماڵەوە هەبێت، نایاسییە شتێکت لێ مایەوە بیدەی پێیان، دەبێت خواردنی تایبەتیان بۆ بکڕیت! خزمێکم خواردنی لەبەرماوەی دابوو بە کەروێشکەکانی، دراوسێکەیان بینی بووی تەلەفۆنی کردبوو، دواتر ئەوانەی کە پارێزگاری لە ئاژەڵ دەکەن، بە وەفد ڕۆشتنە ماڵیان و توند گوێیان بادا کوردەواری دەڵێ! تا چیتر کاری وا نەکات و هەردەم لە کۆمپانیاکان خواردن بکڕێت!

خواردنی کۆمپانیاکانیش هەر ئەو لەبەرماوەیەیە دەیکەن بە قوتوو، واتە دەبێت تۆ کە شتێکت پێ نەخوارا لە سەتڵدا بیدەیت بەوان، دواتر بە مەرحەلەی گەنیویدا دەیبەن و پێتی دەفرۆشنەوە بە لە قوتووکرای!

خۆ خواردنە تایبەتەکان چییە؟ هەر ئەوەشە زۆربەی کە دەمێنێتەوە لە ماڵەکانداو دواتر دەبیت بیخەنە سەتڵی تایبەتەوەو فڕێی نەدەن، بۆ ئەوەی ئەوان سودی لێوەرگرن و دیسان ئەوەش هەم بەخۆت دەفرۆشنەوە!

سەرگەردانی و بێهۆشیەك ئێستە مرۆڤەکان لەناویدا دەژین زۆر لەسەرخۆشی مادەی کحول خراپترە، کحولەکە کاتیە، ئەمیان بووە بە بەردەوامیی.

تا بەم شێوەیە درێژەی هەبێت کۆیلایەتیەکە زیاتر قوڵتر دەبێتەوە، هەردەم ئاغاکانی پشت ئەم پشێویانە دەوڵەمەندتر دەبن، کۆیلەکان زیاتر هەژار دەبن.

دزی و ڕیبا جیهانی وێرانکردووە، لە شەرقدا بە ئاشکرا دزی، لە غەربیشدا دزی بە فێڵ و + ڕیبا.

هەمووشی بەوە بەردەوامی دەبێت کە مرۆڤەکان دووربن لەیەك، لەگەڵ یەکدا نەیانکرێت!

سیاسی و بازرگانەکان ڕێدەکەون لەسەر خواردنی دزی و ڕیبا، بەڵام هەژارەکان ڕیناکەون لەداوای مافی خۆیاندا.

ئەم ١٠٠ ساڵەی دوای خەلافەتی ئیسلامی خراپترین قەرن بووە کە بە

هـەزار نـاوی جیـاوازەو مرۆڤایەتیـان لەنـاو بـردووە، بەشـێوەیەك ناخـی تاكیـان تێـك شـكاندووە بەبـێ شـەڕ خـۆی خـۆی بكوژێـت.
خـود كوژیـەكان تابێـت زیـاد دەكات، ئەوەشـی كـە هـەر بـە فعلـی كـوژراوەو هـەر هەمووییەتـی، هەناسـەدان كـەی مانـای زیندوییەتیـە؟!
لـە ئیسـلامدا ئافـرەت نابێـت بـە تەنها سـەفەرێكیش بـكات، دەبێت كەسـێكی لەگەڵـدا بێـت و حیمایەتـی بـكات، ئەوەیـان بەنـاوی سـوكی ئافرەتـەوە لـە ئیسـلام تورەكـرد، دواتـر ئافرەتـەكان بـە تەنهـا دەترسـن و ناتوانـن بژیـن، كەسیشـیان بـە دەسـتەوە نەمـاوە، بۆیـە پەنـا بـۆ سـەگێك دەبـەن، ئـەو سـەگانە نیشـانەی تەنهاییـە، نیشـانەی ئەوەیـە كـە پێویسـتی بـە كەسـێكە، بـەڵام كـەس نییـە!
سەگەكان خراونەتە جێگەی مرۆڤ، هەردەم باسی چاكەشیان دەكەن!
بـە بـەردەوام سـەگەكان منداڵـی ماڵـەكان دەخـۆن، زۆر بەلاوەكـی هـەروەك هەواڵێكـی ناچـاری باسـی دەكـەن، بـەڵام سـەدان بەرنامـەی جۆربەجـۆر لەسـەر سـەگ دەكـەن، كوردیـش هـەردەم دەڵـێ: سـەگ بـە وەفایـە!
سـەگێكمان هەبـوو لـە گونـد بـۆ پاریـزگاری لـە مریشـكەكان ڕامانگرتبـوو، كەچـی خـۆی مریشـكەكانی دەخـوارد، سـەگەكان هاركـراون ئێسـتەو پۆسـتی نـا شایسـتەیان پـێ دەدەن، بۆیـە لـە ئەوروپـاو ئەمریـكا مرۆڤـەكان پاسـەوانی سـەگەكانن.
هـەركات بـە شـەقامێكدا دەڕۆم و ئافرەتێـك دەبینـم بـە سـەگێكەوە! دەزانـم لەناخیـدا چ دەگوزەرێـت!
تـۆ بـە موسـەقەف و ئـازەڵ دۆسـتی دەزانـی، بـەڵام لـە پشـتی ئەوەیـە پێچەوانەكـەی هەیـە، هەركەسـێكت بینـی سـەگی پـێ بـوو، ئـەوە ناخـی وێـران وێـران بـووە، ئەوسـەگە قوڕێكـەو ڕێـك گرتوویەتیـە سـەری، هەیـە زۆر خەسـتەو، هەیـە ئەهوەنـتر.
كـە دەبینـم ئافرەتێـك بـەدەم سـەگەكەیەوە پێدەكەنێـت، مـن لـە ناخـەوە

دەگریم بۆی، چونکە پێکەنینەکەی ئەویش هەر گریانە، بەڵام بەو شێوەیە دەری دەبڕێت.
ئەم پەرتوکە پێکهاتووە لە ٤ گفتوگۆی جیاواز لەگەڵ ئافرەتاندا کە هاوڕێی سەگ بوون، لە گەنجێکەوە تا مامۆستایەکی زانکۆو دواتر ٢ ئافرەتی بە تەمەن.
ماری، گەنجێکی زۆر جوان لە لەندەندا، بەشێوەیەك تێکشکابوو سەگەکەی بە سەد مرۆڤ نەدەگۆڕیەوە، کە بۆشاییەکەی بۆ پۆڕکرایەوە ئێستە ماری مرۆڤێکی ترە.
ناتاشا، مامۆستایەکی زانکۆ و کەسێکی بەتواناو سەرکەوتووش لە ڕووی کەسێتی خۆیەوە، بەڵام ژیان لەگەڵ سەگێکداو تەنها لە خەمی خۆیدا، دواتر بوو بەو نەتاشا کە ئێستە لە خەمی کۆمەڵگەدا بێت.
سۆفیا و ئیملی، دوو ئافرەتی بە تەمەنی مامناوەندو بەرەوپیری زیاتر، هەموو کەسێکیان تەنها سەگەکانیان بوون، هەتا فەراغی ........ئەوەشیان پێ پڕدەکردەوە، بەڵام ئێستە ٢ ئافرەتی کورد دەڵێ زۆر سەلارەن، پێشتر بێزم لێ دەکردن، ئێستە شەرمیان لێ دەکەم.
تێکشکانەکانی مرۆڤایەتی یەکجار زۆرن، کاری زۆری دەوێت بۆ ڕاستکردنەوەیان، هەرکەس بە گوێرەی خۆی بەرپرسیاریەتی لەسەرە، ئەمەی من کردوومە شتێکی بچوکە، بەڵام گەر زانیاریەکانی ناو گفتوگۆکان هەمووی لەبەرچاو بگیرێت لەوەیە گەورە بێت.

## بەرکوڵێك بۆ چونە ناو گفوگۆكان

زۆر ڕێگـە هەیـە بـۆ لێـك نزیـك بونـەوەو تێگەشـتن و هەماهەنگـی، هەتـا ئەوەنـدە ڕێگـەكان زۆرە دەكرێـت سـەگێكیش بكرێـت بـە خاڵـی هاوبـەش! سـەیرە وا نییـە؟ بێگومـان سـەیرە، ئێمـە هـەردەم بـەدوای خاڵـی ناكۆكیـدا دەگەڕێیـن و یەكتـری پـێ ناشـرین دەكەیـن! لـە كاتێكـدا گـەر ئیـش لەسـەر خاڵـە هاوبەشـەكان بكەیـن ئێجـگار زیاتـرن.

بـا چاوپۆشـی و لێبوردەیمـان تێـدا بێـت، بـە هەڵەیـەك یەكتـر سـفر نەكەینـەوە، كەسـێك تێكەڵـی بـكات و ئارامـی لەسـەر بگرێـت باشـترە لـە كەسـێك دوورە پەرێـز بێـت و ئـارام نەگرێـت.

(المؤمـن الـذی یخالـط النـاس ویصبـر علـی اذاهم، اعظـم اجرا مـن المؤمن الـذی لایخالـط النـاس، ولا یصبـر علـی اذاهم) صحیـح احمد.

## گفوگۆکان

لـە لەنـدەن لـە ئیـش دەگەڕامـەوە بـۆ مـاڵ بـە پاسـکیل، مانـدو دەبـوم و تـاو تـاو دەوەسـتام پشـویەکم وەردەگـرت، لـە یەکێـك لـەو وەسـتانەدا کچێـك بـە سـەگێکەوە کەوتـە بەردەمـم، سـەگەکە وەسـتا میـز بـکات، ناچـار کچیـش وەسـتاو لوتمـان تەقـی بەیەکـدا، گفوگۆکـە بـەم شـێوەیە دەسـتی پێکـرد.

عومەر عەلی: سڵاو، سەگەکەت جوانە.

کچ: سڵاو، بەڵێ لە ئێوەی پیاو زۆر جوانترە!

عومـەر عەلـی: چ بـەم شـێوە تـۆی تورەکـردوە؟ کـە مـن یەکەمجـارە ببینیـن قیمەتـی سـەگێکم نەبێـت!.

کـچ: ئێـوەی پیـاو بـۆ بەرژەوەنـدی خۆتـان سـەدانی وەك مـن دەکـەن بـە قوربانـی!

عومەر عەلی: تێگەشتم کەواتە تۆ قوربانیت، بەڵام وا دەرناکەویت!

کچ: قسەی باق و بریقم بۆ مەکە، بڕۆ وازم لێ بهێنە.

عومـەر عەلـی: پێـم خـۆش بـو لێـت تێبگـەم و گـەر بتوانـم ئازارەکانـت کـەم کەمـەوە، بـەڵام مـادام ناتەوێـت دەڕۆم.

کـچ: بـاش مـادام وایـە منیـش پێـم خۆشـە! بـە مەرجێـك داوای سێکسـم لـێ نەکەیـت!

عومـەر عەلـی: بـۆ دەکرێـت سـێکس هـەروا بـە ئاسـانی، گریمـان داواشـم کـردا تـۆ بـۆ دەبێـت ڕازی بیـت! ئێـوەی ئافـرەت هەسـت ناکەیـت خۆتـان لاوازن و زوو خۆتـان دەدەن بـە دەسـتەوە!

کچ: ئەوەتا وتم، تاوانباریش دەرچوم!

عومـەر عەلـی: بێگومـان گەروابێـت تاوانباریـت، چـون ئافـرەت دەبێـت بەهێـز بێـت.

کـچ: پێـم خۆشـە سـەگەکە ببەمـەوە بـۆ مـاڵ و پێکـەوە پیاسـەیەك بکەیـن، یـان لـە کۆفـی شـۆپێك، یـان ئەگـەر ئاسـاییە دەچیـن بـۆ مـاڵ خۆمـان، مـن بـە تەنهـا دەژیـم.
عومەر عەلی: دەزانیت تۆ زۆر ساویلکەیت!
کـچ: بـۆ؟ ڕاسـت دەکەیـت، دەبـو هـەر قبوڵـم نەکردایـە قسـەت لەگـەڵ بکـەم!
عومـەر عەلـی: بـۆ ئێـرە کـە لەندەنـە، ئـەم جـۆرە قسـەکردنە ئاسـاییە بـە نسـبەت ئێـوەوە، تـا کەسـی بەرانبـەر بناسـن، بـەڵام گـەر وڵاتێکـی تـر بوایـە بێگومـان هـەر قسـەکردنەکەش بـەم شـێوە چـاك نەدەبـو!
کچ: چ دەڵێیت، من تێناگەم، تۆ چیت دەوێت لە من!
عومـەر عەلـی: کێشـەی تـۆ ئەوەیـە هەرکـەس بـە جـدی قسـەی لەگـەڵ کردیـت، وا دەزانیـت شـتێکی دەوێـت، مـن دەمەوێـت چیتـر لەگـەڵ سـەگدا نەژیـت، بـەڵام مرۆڤیـش بەسـەگ نەچوێنیـت!
کـچ: تـۆ لەسـەر پاسـکیلەکەت دانیشـتویت مـن ماندوبـوم، بـا بچیـن بـۆ نـاو ئـەو پارکـە پێکـەوە قسـە بکەیـن.
عومـەر عەلـی: ئـەو کورسـیە درێـژە دەبینیـت لـە سـەر ئـەو شـەقامە بـەڕووی بـازاڕدا، پێـم خۆشـە لەوێـدا دابنیشـین، بـەڵام مەهێڵـە سـەگەکە خۆیـم لـێ بـدات.
کـچ: پـارك خۆشـترە هێمنـە بـۆ قسـەکردن، سەرشـەقام و ناوبـازاڕ غـاوە غـاوە، بـەڵام ئاسـاییە.
عومـەر عەلـی: فەرمـو بڕۆیـن دواتـر لـەوەش تێدەگـەن، لەوێـدا دانیشـە فەرمـو، بـا کەمێـك نیوانمـان هەبێـت، سـەگەکەش ببەسـتەرەوە تـا بـە ئاسـودەیی قسـە بکەیـت.
کـچ: سوپاسـت دەکـەم، ئێسـتە چۆنیـت؟ مـن نـاوم ماریـە، تـۆ نـاوت چـی

یـە؟ (دەسـتی درێژکـرد بـۆ تەوقـە)
عومـەر عەلـی: ببـورە ناتوانـم تەوقـەت لەگـەڵ بکـەم، سـوپاس مـن باشـم ناوم عومـەرە، دەتوانیـت پێـم بڵێیـت ڕۆبـن، بـۆ ئیـوە ڕۆبـن ئاسـانترە (بـە پێکەنینـەوە تـا تەوقـە نەکردنەکـەی لا ئاسـای بێتـەوە)
مـاری: بـۆ ناتوانیـت تەوقـە بکەیـت، ئـا ڕۆبـن زۆر ناوێکـی خۆشـە لای مـن، ڕۆبـن ولیـەم سـەیری کۆمێدیاکانـی دەکـەم ئـەی تـۆ؟
ڕۆبـن: لـە دینـی ئێمـەدا ڕێگـە پێنـەدراوە دەسـتمان بـەر دەسـتی ئافرەتـی بێگانـە بکەوێـت، دەبێـت دوای زەواجکـردن بێـت، بەڵـێ ڕۆبـن ولیـەم زۆرم حـەز لێیـە، فلیمەکـەی Mrs. Doubtfireیـەت دیـوە، چـۆن ڕۆبـن ولیـەم خـۆی دەکات بـە ئافـرەت بـۆ بینینـی منداڵەکانـی، دەزانیـت هـەم کۆمیدیە، هەمیـش حەقیقەتـی ژیانـی ئەمەریـکاو ئـەم ئەوروپـا دەردەخـات کـە چ مەعانـات هەیـە بەهـۆی جیابونـەوەو منداڵـەوە، باشـە تـۆ منداڵیشـت نییـە وا بـێ هیوابویـت!
مـاری: جـا مـن لەگـەڵ کـێ زۆر ماومەتـەوە تـا منداڵـم هەبێـت، نەفسیـەن تـەواو جێگیـر نەبیـت منـداڵ سـەختە.
ڕۆبـن: دەچـم لـەو دوکانـەی ئەوبـەرەوە دو کۆفـی دەهێنـم، تـۆ حـەزت لـە چـی یـە؟
مـاری: زۆر سـوپاس مـن حـەزم لـە Americano یـە، بەبـێ شـەکر، بـا شـیری هەبێـت.
ڕۆبن: خۆتان شیرینن شەکری ناوێت، ئێستە دەگەڕێمەوە.
دوای گەڕانەوە
ماری: دەستت خۆش بێت، ئم بەلەزەتە، بەس کەمێك تاڵە.
ڕۆبن: حەزدەکەیت لەگەڵ Cappuccino کەی من دەیگۆڕینەوە.
مـاری: نـا ئاسـاییە، نازانـم هەسـتێکی متمانـەم لا دروسـت بـوە بەرانبـەر

ئیـوە، حـەزم دەکـرد بچیـن بـۆ مـاڵ.
ڕۆبـن: لەوانەیـە ئـەو هەسـتەت لـە جێگـەی خۆیدا بێـت، من کەسێك نیەم مەبەسـتی خراپـم بەرانبەرتـان هەبێـت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا نابێـت تـۆش ئەوەنـدە سـادەبیت و بەیـەك یەکتـر بینیـن دەعوەتـی ماڵـەوەم بکەیـت، چـون کـە بـە تەنها ڕۆشـتینە ماڵـەوە لەوانەیـە دواتـر بـە دڵـی تـۆ نەبێـت نەتیجەکـەی، نابینیـت ئێسـتە هێشـتا سـەگێکت بـە دەسـتەوەیە، چ شـتێك بوەتـە هـۆکار تـۆ بـەو جوانیـە هاوڕێـی سـەگێك بیـت.
مـاری: تـۆ لـە مامۆسـتا دەچیـت و دەڵێـی وانـەم پـێ دەڵێیـت، پیـاوەکان یەکسـەر پەلـەی ماڵیانـە، یەکەمجـارە مـن پێـش بکـەوم و بـە پیاوێـك بڵێـم بچیـن بـۆ مـاڵ، سوپاسـت دەکـەم بەڕاسـت مـن جوانـم هههـە.
ڕۆبـن: ئەگـەر مامۆسـتاش نەبـم دەتوانیـت وەك مامۆسـتا سـودم لـێ وەرگریـت، دەبینـی مـن نـەك پەلـەی ماڵـم نـی یـە ئەسـڵەن نایـەم بـۆ مـاڵ، وە تـۆ زۆریـش جوانیـت، بـەڵام دەبێـت پارێـزگاری لـە جوانیەکـەت بکەیـت.
ماری: زۆر بایەخ بەخۆم دەدەم و مەیکاپیش دەکەم هەردەم.
ڕۆبـن: مەیـکاپ گرنگـی نییـە، تـۆ ئیسـتە گەنجیـت، ناپرسـم چەندیـت دیـارە ٢٠ بـۆ ٢١ سـاڵ دەبیـت، بـەڵام پارێـزگاری لـە گەنجیـت بـە مەیـکاپ نابێـت، زۆرجـار ئـەوە زیانیشـتان پـێ دەگەیەنێـت.
مـاری: سوپاسـت دەکـەم، مـن نەمزانیـوە وا منـداڵ دەردەکـەوم، خـۆم ٢٧ سـاڵم، وتـم تـۆ مامۆسـتایت ئیتـر دەبێـت بـە شـێوازێکی تـر قسـەت لەگـەڵ بکـەم، چـۆن پارێـزگاری لـە جوانـی خـۆم بکـەم؟.
ڕۆبـن: مـن مامۆسـتاش بـم مامۆسـتای جوانـکاری دەرکـی نیـم، ئـەم جوانیـە کـە کاتـی خـۆی تێپـەڕی مەیـکاپ ناتوانێـت بیشـارێتەوە، دەبێـت بـە سـیفەتی جـوان پارێـزگاری لـێ بکەیـت، گەرنـا جوانیەکـەت دەبێتـە

جێگەی هەوەسی پیاوەکان و دواتر دەبێت تەمەنت لەگەڵ سەگەکەتدا بەسەر بەریت.
ماری: سەگەکەم هەر لەبیر چو، ئا باشە، بەستراوەتەوە.
ڕۆبن: دەبینی ئێمە کە بە گەرمی قسە دەکەین سەگەکەت لەبیر چو، ئەوە فەراغی مرۆڤەکانە وای لە تۆ کردوە بە سەگ پڕی بکەیتەوە، گەرنا سەگ دەبێت لە خزمەتی مرۆڤدا بێت نەك مرۆڤ لە خزمەتی سەگدا بێت. چون سەگەکان زۆرجار ترسناکن، باشە لە یاسای بەریتانیادا ڕێگە نادات سەگ بەرەڵا بکەیت، بۆ ئەوەی زیان بە خەڵك نەگەیەنێت.
ماری: تۆ یاسا ناسیت؟
ڕۆبن: نا من هێشتا نەرۆشتومەتە زانکۆ، تازە تەقدیمم کردوە چاوەڕێم ناوم بێتەوە، ئێستە لە Uxbridge College دەخوێنم، بەڵام زۆر دەخوێنمەوە، لەبری ئەوەی کات لەگەڵ سەگدا سەرف بکەم بە گەڕان و خوێندوە سەرفی دەکەم، ئەڵبەت ئەگەر کارم نەکردایە دەرفەتی زیاتریشم دەبو.
ماری: دەزانیت من کە دەکەومە قسە لەگەڵ پیاوەکاندا یەکسەر دوای دوو دەقە دێنە سەر باسی سێکس، تۆ چ جۆرە مرۆڤێکیت دەڵێی لە پۆلدا وانە دەڵێیتەوە، من سودو چێژ لە قسەکانت وەرەگرم، هیوادارم کەسێکی وا لە ژیانمدا هەبێت کە بەم شێوە فێرم بکات.
ڕۆبن: من دەبێت بڕۆم، ئێستە هاوڕێکەم لە ئیش گەڕاوەتەوەو خواردنی حازرکردوە، نامەوێت چاوەڕێم بکات تا زویر نەبێت لێم دەبێت بڕۆم.
ماری: زۆرێك لە پیاوەکان کە لەگەڵم دەبون، دوای سێکس کردن بەجێیان دەهێلام، بەڵام تۆ خیراتر دەڕۆیت.

ڕۆبـن: گرنـگ مـن بـۆم سـەلماندبیت لـە سـەگەکە جوانتـرم، لەبیرتـە لـە سـەرەتای یەکتـر بینینمـان وات وت!
ماری: ببورە تۆ جوانترین پیاوی کە بەم شێوە من دەدوێنیت!
ڕۆبـن: دەزانیـت تـۆ هێشـتا سـاویلکەی، چـون ئەگـەر مـن جوانتریـن پیاویـش بـم نابێـت تـۆ وام پـێ بڵێیـت!
مـاری: سـەیرە، تـۆ دژی خـۆت قسـە دەکەیـت، پێـت وتـم جوانیـت کەچـی هێشـتا تـۆ لێشـم ڕادەکەیـت! دەزانیـت گـەر بڕۆشـتایەین بـۆ ماڵـەوە، مەسـاجێکم بـۆ دەکردیـت هیلاکـی کارت لـە جەسـتە دەرچوایـە.
ڕۆبـن: هەسـت دەکـەم هێشـتا تـۆ شـەهوەتت زاڵـە بەسـەر ئەقڵتـدا، گـەر وا بیربکەیتـەوە زۆر زەرەر دەکەیـت! مـن دەبێـت بـڕۆم دواکەوتم.
ماری: ژمارەکەتم پێ بدە با شەوان قسە بکەین!
ڕۆبـن: ببـورە ناتوانـم ژمارەکـەت پـێ بدەم بـۆ شـەوان قسـەکردن! لەوەندە سـودت لەمـن وەرنەگرتبێـت زیاتـرش سـودی نابێت.
مـاری: هههـە، سبەی هەمـان کات لێـرە چـاوەڕێ دەبـم، بـەڵام تـکا دەکـەم ڕێگەکـە نەگۆڕیـت، مـن پێویسـتم بـە تۆیـە!
ڕۆبن: باش سبەی یەك دەبینینەوە.
ماریا: بهێڵە با توند لە ئامێزت بگرم.
ڕۆبـن: بـاش، مـاری مـن ڕێگـە دەدەم لـە ئامێـزم بگریـت بـەڵام جەسـتەم نـا، وشـەکانم لـە ئامێـز بگـرە، خـوات لەگـەڵ سبەی یـەك دەبینیـن!
ماری: بوەستە، بوەستە، تێنەگەشتم چۆن وشەکانت لە ئامێز بگرم؟
ڕۆبـن: ئـەو هەمـوە قسـەمان پێکەوە کـرد، خۆ لای مـن بۆ کات بەسـەربردن نەبـو، چـون دەبینـی مـن مانـدوم لـە ئیـش دەگەڕێمـەوە، کەسـێك لـە ئیـش بگەڕێتـەوە حـەزدەکات بـە زوتریـن کات بگاتـە مـاڵ و پشـویەك بـدات، باشـە وەك مامۆسـتا چـۆن لـە کۆتـای وانەکەیـدا وانەکـە کـورت

دەکاتـەوە، منیـش وشـەکانت بـۆ کـورت دەکەمـەوەو ئەوسـا دەڕۆم، مـن پێـت دەڵێـم ئەقڵـت پێـش شـەهوەتت بخـە بـا لەگـەڵ سـەگدا نەژیـت، نمونەیەکـت بـۆ دەهێنمـە خـۆ مـن دژی سـەگ نیـم، بـەڵام دەبێـت سـەگ لـە خزمەتـی ئێمـەدا بێـت، نـەك ئێمـە لـە خزمەتـی سـەگدا بیـن، نابینـی David Blunkett خـۆ ئەویـش سـەگی پێیـە! سیاسـیەکی نـاودارە لـەم وڵاتـەداو هـەردەم پۆسـتی باڵاشـی هەیـە، بـەڵام ئـەو خـۆ نابیناشـە، هەردوچـاوی نابینێـت، بـەڵام ئـەوە هێـزی ئەقڵـە ئـەوی گـەورە کـردوە لـەم وڵاتـەدا نـەك جەسـتەی، خـۆ سەگیشـی پێیـە، بـەڵام جیـاوازی سـەگەکەی ئـەو لەگـەڵ سـەگەکەی تـۆدا زۆرە، ئـەو سـەگەکە ڕایدەکێشـێت، بـەڵام تـۆ سـەگەکە ڕادەکێشـیت، ئـەو سـەگەکەی خسـتوەتە خزمەتـی خـۆی، بـەڵام تـۆ خزمەتـی سـەگەکە دەکەیـت. گـەر هێـزی ئەقڵـت پێـش شـەهوەتت نەخەیـت هەرگیـز نابیتـە کەسـێکی نمونـەی، دەبێـت بـەردەوام لـە چینـی خـوار کۆمەڵگـەش بیـت و ئیشـی ئاسـایی بکەیـت، نابینـی خـۆ Stephen Hawking ئەسـڵەن ناتوانێـت قسـە بـکات، بـەڵام چـون هێزێکـی ئەقڵـی هەیـە دونیـا باسـی دەکات، دەیان کەس خزمەتی دەکات و عەرەبانەکەشـی پـاڵ دەنێـن، مـاری، تـۆ کچێکـی گەنـج و جوانیـت دەبێـت بیـر لـە ژیانـی خـۆت بکەیتـەوە، دەبێـت ژیانـت جـوان بکەیـت، نـەك بـە مەیـك ئـاپ، مەیکئـاپ پەڵـەی ڕومـەت بـە کاتـی لادەبـات، بەیـەك کلێنـس کـە پێیـدا بهێنێـت عەیبەکـە ئاشـکرا دەبێـت، بـەڵام هێـزی ئەقڵـی هیـچ ناتوانێـت بیسـڕێتەوە، مـن چیتـر ناتوانـم نـەڕۆم، هاوڕێکـەم زۆر خۆشـەوێت، هەمـو ڕۆژ دێتـەوە نـان بـۆ هەردوکمـان لـێ دەنێـت، کوڕێکـی زۆر باشـە، bye bye .

ماری: هێی کەواتە تۆ هاوڕەگەز بازی (Gay).

ڕۆبن: نا من هاوڕەگەزباز نیم، سبەی بۆتی ڕون دەکەمەوە.

## ڕۆژی دواتر

ماری: هەلەو ڕۆبن، ئەمشەو هەر بیرم لە تۆ دەکردەوە.
ڕۆبن: هەلەو ماری، تۆ خانمێکی جوانیت دەبێت بیرکردنەوەکانیشت جوان بێت، حەز دەکەم بزانم چۆن بیرت دەکردەوە.
ماری: کە ڕۆشتمە بانوەکەو پڕم کرد لە ئاو و کەف، دواتر پاڵ کەوتم لە ئاوەکەداو کۆفیم دەخوارد، بیرم دەکردەوە چ دەبو ئەگەر ڕۆبن لە تەنیشتمەوە بایەو پێکەوە گفوگۆکانمان بەردەوام بایە!
ڕۆبن: بەشێکی بیرکردنەوەکەت زۆر جوان بوە، لەسەر بەردەوامی گفتوگۆکە تا زیاتر سودی هەبێت بۆت، بەڵام ئەو پاڵکەوتنە زۆرجار هێزی بیرکردنەوەکەش لەناو دەبات، ماری من بە تۆ دەڵێم من پیاوم، بەڵام پیاوەکان گەر بۆیان پاڵ کەوتیت بە ئاسانی ڕەحمت پێ ناکەن، ئەمە قسەی من نی یە ئەمە ئەزمونی خۆشتە!
ماری: (تۆزێك گریا) تۆ ڕابردوی ناخۆشم دەخەیتەوە یاد، ئەمڕۆ وەك دوێنێ قسە ناکەیت، من بۆشایی پیاوێکی وەك تۆم هەیە.
ڕۆبن: ئەگەر بیر لە ڕابردوت نەکەیتەوە ئەمڕۆشت دەبێتە ڕابردوی سبەی و هەردەم دەبێت تۆ بەو جوانیەوە سەگ بەخێو بکەیت، نابینی زۆرێك لە پیرەکان ئەوانیش هەر سەگیان پێیە، نمونەی ئەوانەشم زۆر لایە، پیرە ژنێك هەر لەم ڕێگەدا یەك مانگ مەگەر کەم ڕۆژ، یان مەگەر ڕۆژی باران، گەرنا هەمو ڕۆژ پێکەوە قسەمان دەکرد.
ماری: یانی تۆ لەگەڵ پیریش قسە دەکەیت، من وامزانی تەماحت لەمنە بۆیە کەوتیتە قسەکردن، وە کۆفیشت بۆ کڕیم، چون لێرە کێ بە بەلاش کۆفی بۆ بەرانبەر دەکڕێت!
ڕۆبن: بەڵێ من پیرەکانم زیاتر خۆش دەوێت تا گەنجەکان، سۆزم بۆ ئەوان زیاترە، سود لە ئەزمون و گفوگۆکانیشیان وەردەگرم، بەڵام بە

شێوازێکی تر لەگەڵ ئەوان قسە دەکەم، یانی ئەوەی بۆ تۆی دەڵێم بۆ ئەوی ناڵێم، دونیای ئەو تازە دونیایەکی ترە، دەبێت ئەمەلی پێ بدەم، لای ئێمەش نرخی کۆفی شایەنی باس نییە، من مانگانە پارە دەنێرم بۆ چەند نازدارێك کە باوکیان نەماوە.
ماری: یانی تۆ بەم شێوە ئیش دەکەیت و پارەکەشت دەنێریت بۆ خەڵکانی ترا تۆ گەمژەیت!
ڕۆبن: نا ماری، بە کەس مەڵێ گەمژە تا داوای ڕونکردنەوە نەکەیت، من گەمژە نیم، دەبێت لە دوێنێوە ئەوەشت بۆ دەرکەوتبێت، بەڵێ تۆ بیهێنە بەرچاو خۆت، ماڵێك چەند منداڵێکیان هەیە لە قوتابخانەن، پارەیان نییە شتومەکی قوتابخانەی پێ بکڕن، باوکیشیان لە شەردا کوژراوە، کەسیشیان نییە ئیشیان بۆ بکات، ئەویش وەك ئێرە نییە یارمەتی کۆمەڵایەتی هەبێت، من خۆ نارۆم هەرچیم پەیداکرد بینێرم بۆ ئەوان، بەڵام بەشێك، کە دەتوانم چەند ڕۆژێك بە ئیزافە کار بکەم و ئەو بڕە دەربهێنم، من گەنجم ئێستە توانام هەیە، وە دەزانیت ماری کە تۆ یارمەتی کەسێك دەدەیت هەستێکی زۆر تایبەتیت بۆ دروست دەبێت، من دەیهێنمە بەرچاوی خۆم، مانگانە کە پارەکەی منیان بۆ دەڕوات ئەوان ئەو ڕۆژەیان دەبێتە جەژن، جا ئێستە بەم نزیکانە ڕۆژی جەژن دێتە پێشەوە لەوێ، دەمەوێت ئەم مانگە مانگانەکەم بۆیان زیاد بکەم، هەندێکی زیاتر ئیش دەکەم، جا خۆشبەختانە ساحێب ئیشەکەم پێی وتم ئەم ماوە زۆر سەرقاڵین و دەتوانیت ئیشی زیادە بکەیت. حەزیش ناکەم ماری ئەوە بڵێم چون جوان نییە وشەکە، بەڵام هەر دەیڵێم: ئەو پارەی تۆ لەو سەگەدا سەرفی دەکەیت لە ئەفریقیا ١٠ خێزانی پێ دەژی!
ماری: واز لەو قسانە بهێنە، تۆ دوێنێ پێت نەوتم هاوڕەگەزبازیت

یـان نـە، مـن تەئکیـدم تـۆ هاوڕەگەزبایـت، چـون خـۆت وتـت لەگـەڵ کوڕێـك پێکـەوە دەژیـن، وە کـە هیـچ هەستیشـت بـۆ مـن ناجوڵێـت ئـەوە بەڵگەیـە، گەرنـا کـوڕ بڵێـی مەساجت بـۆ دەکـەم و لەنـاو بانـو پێکـەوە پـاڵ دەکەویـن، شـێت و هـار دەبێـت.

ڕۆبـن: تـۆ ڕاسـت دەکەیـت ماریـا خانـم، مـن حەقـت پـێ دەدەم تـۆ وابیـر بکەیتـەوە، چـون لـە دونیـای ئەمـڕۆدا تەنهـا بایـەخ، بایەخـی جەسـتەو بەرژەوەندیـە فیزیکیەکانـە.

مـاری: باشـە چ دەبێـت گـەر پێکـەوە بژیـن و بـە ئاسـودەتر ئـەم قسـانە بکەیـن، ئێسـتە مـن دیسـان ماندوبـوم، بـا بچینـەوە بـۆ شـوێنەکەی دوێنـێ، دابنیشـن، ئەمجـارە مـن کۆفـی بـۆ تـۆ دەهێنـم، دەزانـم تـۆ نایـەت بـۆ مـاڵ و بـۆ پـارك! یـان بۆچونەکـەت گـۆڕاوە چ دەڵێـی ئەمجـارە بـا بڕۆیـن بـۆ مـاڵ، بـە دەسـتی خـۆم ئـەو قـژە تۆزاویـەت بـۆ دەشـۆم و کرێمـی جـوان پێـدا دەهێنـم، تـا بۆنـی مـن بگریـت!

ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری مـن بۆنـی ئـەم تـۆزەم پـێ خۆشـترە لـە بۆنێـك کـە لـە خشـتەم بەرێـت!

مـاری: بـۆ تـۆ مـن بەچـی دەزانیـت! سـوێند دەخـۆم بـە Jesus مـن بـە ڕاسـتی تـۆم دەوێـت...

ڕۆبـن: Jesus سـوێندی پـێ مەخـۆ، چـون ئـەوە بـۆ سـوێند خـواردن نییـە، دیـارە تـۆ ڕاسـتگۆیت لـە ویسـتنی منـدا، بـەڵام ئەگـەر مـن درۆم کـرد ئەوسـا تـۆ چ دەڵێـی؟

ماری: تۆ لە کەسێکی درۆزن ناچیت، من متمانەت پێ دەکەم.

ڕۆبـن: مـن پرسـیارێکت لـێ دەکـەم، ئەوانـەی پێشـوش متمانـەت پێیـان نەبـو؟

مـاری: بەڵـێ بـۆ نـا، بـەڵام نازانـم بڵێـم چـی، تـۆ بـۆ خـۆت دەدزیتـەوە،

وەره بـا بچیـن دانیشـن.
دوای دانیشتن
مـاری: دوێنـێ تـۆ Cappuccino ت خـواردەوە، منیـش Americano، ئەمـڕۆش هـەروەك دوێنـێ بێـت؟
ڕۆبـن: نـا ئەمـڕۆ بـا جیـاواز بێـت، جیـاوازی لـەم شـتانەدا ئاسـاییە، لـە شـتکەلێکدا ئاسـایی نییـە کـە بەهـای مـرۆڤ دادەبەزێنێـت، ئەمـڕۆ بـا بـە دڵـی تـۆ بێـت، هەرچـی دەهێنیـت بیهێنـە.
دوای گەڕانەوە
ماری: فەرمو Espresso یە بە دڵتە، لەگەڵ ئەوەی خۆشم هەمان شتە.
ڕۆبن: بەڵێ مادام تۆ بە دڵتە دڵی منیش هەمان شێوەیە!
ماری: هههە کەواتە دەتوانین بچین بۆ ماڵ!
ڕۆبـن: مـاری تـکا دەکـەم بـە دڵ گوێبگـرە، واز لـەو بەزمـە بهێنـە لـە ئێسـتەدا!
مـاری: لـە ئێستەدا هههـە، دەی باشـە بـەڵام داوایەکـم هەیـە؟ دەڕۆیـن بـۆ ئـەو پارکـە لـە پێچێکـدا تـۆ دەرپـێ کورتەکـەی ژێـرەوەی خـۆت وە منیـش ئـەوەی خۆمـت دەدەمـێ، تـا هـەردەم بـە یـادی تـۆوە ڕۆژی لەگەڵـدا بکەمـەوە!
ڕۆبـن: مـاری مـن دەزانـم ئـەوە عادەتێکـە لەنێـو ئێـوەدا کـە دەرپـێ کورتـە دەگۆڕنـەوە، بـەڵام لای ئێمـە ئافرەتـەکان ئەوەنـدە بـە حورمەتـن، دەرپـێ کـورت و جلەکانـی ژێـرەوە کـە دەشـی شـۆرن ناهێڵـن خەڵـك بیبینێـت، مـن دەمەوێـت بۆنـی وشـەکانم بکەیـت، نـەك دەرپـێ کورتەکـەم!
ماری: تۆ ئەوەی منت ناوێت ئاساییە، بەڵام من ئەوەی تۆم دەوێت!
ڕۆبن: تۆ حەزت لە دیاریەکی منە یان هەر تەنها دەرپێ کورتەکە!
ماری: دەمەوێت یادگاری تۆم لەگەڵدا بێت.

ڕۆبـن: سـبەی مـن چەنـد دیاریەکـت بـۆ دەهێنـم کـە هەرگیـز بۆنـی لـێ نەبڕێـت!
مـاری: هەرچیـم بـۆ دەهێنێـت سوپاسـت دەکـەم، بـەڵام بـا دەرپـێ کورتەیەکـی خۆشـتی لەگـەڵ بێـت، ئـەوەی کـە لـە پێتـە ئێسـتە! بـەڵام تـکا دەکـەم نەیشـۆیت!
ڕۆبـن: بهێڵـە بـە ئـارەزوی خـۆم هەڵبـژاردەت بـۆ بکـەم، شتێك کـە بەنـرخ بێـت بۆتـی دەهێنـم، دەرپـێ کورتـە هیـچ نرخێکـی نـی یـە!
مـاری: تـۆ پێـت نەوتـم بـە دروسـتی خەڵکـی کوێیـت، مـن لێـم شـێوا چەنـد وڵاتێـك لـە قسـەکاندا باسـت کـرد، تـۆ خەڵکـی ئەلبانیایـت؟
ڕۆبـن: زۆرکـەس پێـم دەڵێـن تـۆ لـە ئەلبانـی، بۆسـنە، سـڕبی، لـە خەڵکـی ئـەو وڵاتانـە دەچیـت، بـەس مـن خەڵکـی هیـچ لەوانـە نیـم، مـن خەڵکـی عێراقـم، ئەڵبـەت ناچـارم بڵێـم عێـراق! گەرنـا مـن کـوردم و خەڵکـی کوردسـتانم، بـەڵام بەداخـەوە وڵاتەکەمـان پارچـە پارچـە کـراوەو ئێسـتە وڵاتمـان نییـە!
مـاری: بوەسـتە، وانـەی مێـژوو جوغرافیـا بـۆ مـن بـاس مەکـە، مـن لـە قوتابخانـەش رقـم لێـی بـو بۆیـە درێـژەم بـە خوێنـدن نـەدا!
ڕۆبـن: مـن کەسـێکی ڕەگەزپەرسـتن نیـم، لـە دینەکـەی ئێمـەدا ڕەگەزپەرستی نییـە، دونیـاش هەمـوی یـەك پارچەیـە، بـەڵام مرۆڤـەکان سنورەکانیان دانـاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەداخـەوە سـنوری ئێمـە هـەردەم تەسـك تـر دەکەنـەوە، باشـە تـۆ لـە میـژوو جوغرافیـا حـەز ناکەیـت، دەکرێـت شـتێکی تـر بخوێنیـت، بـۆ دەسـتناکەیتەوە بـە خوێنـدن!
مـاری: کـەس نییـە لـە ماڵـەوە سـەگەکەم بـۆ بگرێـت، گـەر بخوێنـم، وە حەزیشـم لـە خوێنـدن نییـە!
ڕۆبـن: ئەزیزەکـەم ماریـا، دەبینـی سـەگەکە ڕێگـرە لەبـەردەم پرۆسـەیەکی

گەورەی وەك خوێندن، وە بۆ حەزت لێی نییە؟ دەكرێت بیركردنەوەت بگۆڕیت و دواتر حەزیشی لێ بكەیت، یەعنی مەعقولە تۆ حەزت لە دەرپێ كورتەیەكی قوتابیەك بێت، بەڵام حەزت لە خوێندنەكە نەبێت!
ماری: دەرپێ كورتەی قوتابی كێیە!
ڕۆبن: مەگەر تۆ نەتگوت دەرپێ كورتەكەی خۆمت پێ بدەم، ئەی من قوتابیم، بەڵام سبەی كتێبێك یان چەند دیاریەكت بۆ دەهێنم كە حەزت بۆ خوێندنیش بجوڵێنێت، دەزانی ماری، مامۆستایەكم هەیە لە كۆلێژ ئەویش ناوی ماری یە! زۆر خۆشم دەوێت و زیرەكەو سودم لێی بینیوە.
ماری: ئەها دەی ئەمەیە تۆ ئافرەتێكی ترت خۆش دەویت! بۆیە دڵت لای من نییە، ئەو ئافرەتە جوانە؟ چۆن خۆشەویستی كەوتە نیوانتان؟

ڕۆبن: دوبارە سڵاو، ماری خانم.
ماری: سڵاو ڕۆبن چەند تامەزۆربوم، دەمزانی كاتژمێر چەند دەگەڕێیەوە لە ئیش، بەڵام ئەوە زیاتر لە یەك كاتژمێرە زوتر هاتوم.
ڕۆبن: نا بۆ وا خۆت ئەزیەت داوە، منیش تۆم لەبیر بو.
ماری: ترسی مامۆستاكەت هەر لە خەیاڵمدا دێت و دەڕوات، وتت خۆشم دەوێت، باسی بكە بۆم! من ناتوانم ئۆقرە بگرم لەسەر ئەمە، دەبێت وردەكاری بزانم، چون خۆت وتت خۆشم دەوێت!
ڕۆبن: ئارام بگرە، وەرە لەوێدا دادەنیشین وەك هەمیشە، لەبیرتە وەڵامی خۆشەویستیەكەی هاوڕێكەشم هەر بۆ باس نەكردی، كە وتم خۆشم دەوێت و تۆ پێت وتم هاوڕەگەزبازا! ئەوەش و ئەمەشت بۆ ڕون دەكەمەوە.

ماری: ئەسڵەن نامەویت کۆفی بخۆم دەمەوێت بە جدی و بە وردی باسی هەردوکیانم بۆ بکەیت!
ڕۆبن: لە دینی ئێمەدا هاوڕەگەزبازی نییە! ئەو خۆشەویستیە هیچ پەیوەندی بە جەستەوە نییە، تەنهاو تەنها ڕۆحیە، هاوڕەگەزبازی جگە لەوەی ڕێگە پێنەدراوە لای ئێمە، شتێکی زۆر نا لۆژیکی و زۆر بێورە کە دەڵێم سوکە، من ناتوانم لە جێگەی گشتیدا ئەو وشە بەکار بهێنم، چون دەڵێن مافی ئازادیت پێشێلکردوە، بەڵام بەتۆ دەڵێم ئەوە ئازادیە؟ نێر لە گەڵ نێر، یان بە پێچەوانەشەوە مێ لەگەڵ مێ، خۆ ئەگەر دونیا وابێت ژیان بەردەوام نابێت، من چاك چاك دەزانم ئەوە ئەنجامی ڕوخان وتێکشکان و نەمانی متمانەو هەزاران خیانەتەوە دروست بوە، کە بۆ نمونە پیاو ڕوبەڕوی خیانەت بوەتەوە لەلایەن ئافرەتەوەو ئافرەتیش لەلایەن ئافرەتەوە، بۆیە پەنا بۆ چینی خۆیان دەبەن، هەتا پەنا بردن بۆ سەگەکانیش جۆرێکە لەم شێوەیە، دواتر یاساش لەبری ڕێگری لەم سەخافەتە ناتوانێت ئەوان ڕێك بکاتەوە یاسایان بۆ لار دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشت باش دەزانیت ئەم چینانەش قێزەونترین چینی کۆمەڵگەن، من پرسیار لە ئینگلیزە خوێندەوارو هەتا مامۆستاکانی خۆم دەکەم، ڕویان گرژ دەکەن ئەسڵەن کە باسی دەبیستن!
ماری: بوەستە پێویست ناکات زیاتر بڵێی، لە هاوڕەگەزبازی تێگەشتم، کە تۆ نەك لەوانە نیت بەڵکو بە بێزیشەوە باسیان دەکەیت، باسی مامۆستاکەتم بۆ بکە، پرسیارم کرد وتیان بەڵێ مامۆستایەکی وا لە Uxbridge College دا هەیە، هەتا باسی جوانی و خانومانیشیان کرد بۆم.
ڕۆبن: دەزانی ماری من حەز لەم سیفەتانە ناکەم، تۆ بۆ بەدواداچونت

کـردوە بـۆ ئـەو مامۆسـتا، دەزانـی ئـەو مامۆسـتا بزانێـت مـن چەنـد شـەرمەزار دەبـم، چـون مـن زۆر زۆر ئـەوم خـۆش دەوێـت!
مـاری: ئەهـا وتـم دیـارە خۆشەویستیەکەشـتان قوڵـە، دەی بڵـێ بزانـم تـۆ لەگـەڵ ئـەودا دەژیـت بۆیـە نەهاتـی بـۆلای مـن.
ڕۆبـن: مـاری تـۆ چـون لایەنـە ڕۆحیەکـەت لاوازە تەنهـا خۆشەویسـتی لـە جەسـتەدا دەبینـی، خۆشەویسـتی لای ئێمـە جـۆری زۆرە، دەیـان خۆشەویسـتیمان هەیـە، لەوانەیـە لاوازترینیـان خۆشەویسـتی نیـوان نێـرو مـێ بێـت، چـون ئـەم خۆشەویسـتیە بەرژەوەنـدی جنسـی تێدایـە، بۆیـە دەڵێـم لاواز، بـەڵام لـە خۆشەویسـتیەکانی تـردا تێکەڵـی جنسـی نییـە، دەبێـت تێکەڵیـان نەکەیـت، خـۆ مـن ناحەقـت ناگـرم هەیـە لای ئێمـەش تێکەڵـی دەکات!
ماری: نەمگوت تێکەڵە مەڵی تێکەڵ نییە!
ڕۆبـن: بـوار بـدە باسـی تێکەڵیەکـە بکـەم، ئەسـڵەن ئـەو تێکەڵیـەی کـە مـن مەبەسـتمە لـە نیـوان ئافرەتەکاندایـە نـەك پیـاوەکان!
مـاری: تـۆ بـۆ وا لـە مـن دەکەیـت، ڕونتـرو خێراتـر باسـی ئـەو تێکەڵیـە بکـە لەگـەڵ باسـی خـۆت و مامۆسـتاکەت (مـاری)ە خانومانەکـە!
ڕۆبـن: لای ئێمـە بـۆ نمونـە بـوك لەگـەڵ خەسـودا زۆرجـار تێدەگیرێـت، بوکەکـە کێچـەڵ بـە مێردەکـەی دەکات کـە دایکـی خـۆش دەوێـت، وا دەزانێـت کـە دایکـی خـۆش ویسـت ئیتـر خۆشەویسـتی ئـەو کـەم دەکات، کێشـەی هەیـە ناتوانێـت ئـەو دوو خۆشەویسـتیە جیـا بکاتـەوە، بۆیـە زۆرجـار بـە جیابونـەوە کۆتایـی دێـت، تـۆ سـەیرا بۆ ئـەوەی خۆشەویسـتی پیاوەکـە بـە تـەواوی بەدەسـت بهێنێـت، لـە ئەنجامـدا هەمـوی لەدەسـت دەچێـت!
مـن و مـاری مامۆسـتام تەنهـا و تەنهـا مامۆسـتامە، مامۆسـتا پیـاو بێـت لای

مـن وەك باوکـە، ئافـرەت بێـت وەك دایکـە خۆشەویسـتیەکە، ئـەو جـۆرە خۆشەویسـتیەیە، مـاری یـش منـی خـۆش دەوێـت، ئـەو تەمەنی ۳۸ سـاڵە، زۆر لەمـن گەورەتـرە، وای لەمـن کـرد بـە نـەرم و نیانـی و خۆشەویسـتی سـاڵی پـار یەکەمـی کۆلێژەکـە بـوم لـە ئاسـتی بەشـەکەی خۆمـدا، لـە سـەری سـاڵدا دیـاری زیرەکیـان پێـدام، کـە ناویـان خوێندمـەوەو رۆشـتمە سـەر ستەیجەکە بـۆ وەرگرتنـی دیاریەکـە، لـەو کاتـەوە چەندیـن ئافرەتـی تـر بـە دوامـەوەن، هـەرکات دەچمـە کافتریاکـە چەندیـن کـچ دێـن لەگەڵم دادەنیشـن و، هەریەکـەو بـە جۆرێـك داوای پەیوەنـدی دەکات!
ماری: (سەری داخست و گریا) تۆ بۆ وا لەمن دەکەیت!
ڕۆبـن: ئـەوە دیاریەکەیـە بـۆم هێناویـت بیگـرە، لـە مـاڵ بیکـەرەوەو سـەیری بکـە، مـاری تـۆ زۆر خـۆت ئـازار دەدەیـت بـە بـەلاش، خـۆ مـن و تـۆ هیـچ لـە نیوانمانـدا نییـە، نابێـت بـەم شـێوەیە بیـر بکەیتـەوە، ئیـوەی ئافـرەت زۆر سـەیرن! مـن چیتـر قسـەت لەگـەڵ ناکـەم خـوات لەگـەڵ.
مـاری: بوەسـت بوەسـت، دەڕۆی بـڕۆ هـەر دەتبینمـەوە، سوپرایزیشـت دەکـەم.
ڕۆژی دواتر
خـوا گیـان ئـەو بوکـە چ دەکات لەسـەر ئـەو ڕێـگا، کـە نزیـك بومـەوە سـەیر دەکـەم مـاری یە.
مـاری: دەبێـت لەگەڵـم بێیـت بـۆ مـاڵ، ماڵـم ڕازاندوەتـەوەو مۆمـم داگیرسـاندوە، مـن ئیتـر هـی تـۆم!
ڕۆبن: ماری تۆ هەدیەکەی منت سەیرکرد!
مـاری: نـا لـە دوێنێـوە هـەر بیـرم لای ئـەم سـوپرایزە بـو، ماڵـم پـاك کـردەوەو حـازرم کـرد، ئـەم جلانـەم بـە کـرێ لـە Hounslow هێنـا، ۲۲۵ پاوەنـدم پێـداوە!

ڕۆبـن: دەزانـی مـاری ئەگـەر سـەیری دیاریەکـەی منت بکردایـە ئەمـەت نەدەکـرد! وە دەبـو سەیریشـت بکردایـە! وە زۆریشـم رق لـەو زیـادە مەسـرەفانەیە، دەکرێـت تـۆ جلێکـی جوانـی خـۆت لەبـەر بکەیـت و ئـەو پارەیـەت بدایـە بـە هـەژارا!
ماری: تۆ بۆ قسە دەدەیتە بەر قسە، وەرە با بڕۆین!
ڕۆبـن: تـۆ دیاریەکـەی منـت قبـوڵ نەکـردوە، دەزانیـت، منیـش زۆر ئەزیەتم پێـوەی کێشـاوە، هەندێکـی بـۆم پەیداکردیـت و نامەیەکیـش بـە دەسـتی خـۆم بـۆم نوسـیوت، ئەحساسـی خـۆم بـە دروسـتی، تـا چاکتـر لەیـەك تێبگەیـەن!
ماری: یانی بەڕاست تۆ دەتەوێت لەمن تێبگەیەت و پێکەوە بژین؟
ڕۆبن: بەشێکی بەڵێ، بەڵام ئەو بەشەکەی پێم وا نییە!
مـاری: تـۆ بـۆ هـەردەم بـە مەعنـاوە قسـە دەکەیـت، بـۆ ناتەوێـت ڕون بیـت، هـا دەبینـی مـن چیـم کـردوە بـۆ تـۆ!
ڕۆبـن: مـن دەبێـت بـڕۆم چـون تاقیکردنـەوەم هەیـە، دەبێـت خۆمـی بـۆ ئامـادە بکـەم.
ماری: من سەگەکەشم لەناودا، ئیتر تۆ چیت دەوێت؟
ڕۆبن: من زۆر شتم لە تۆ دەوێت، تەنها ئەوەم ناوێت کە تۆ دەتەوێت!
ماری: دەزانیت تۆ بە تەواوی منت ڕوخاند.
ڕۆبـن: بـە پێچەوانـەوە مـن دەمەوێـت تـۆ دروسـت ببیتـەوە، مـن چیتـر ناتوانـم بوەسـتم دەڕۆم، سـبەی دیاریەکـەم بکـەرەوەو بـە وردی سـەیری بکـە، دواتـر ڕێدەکەویـن!
ماری: بەڕاست لە دڵەوە ئەو قسە دەکەیت!
ڕۆبن: بەڵێ سەفەرێکیش پێکەوە دەکەین؟
ماری: بۆ کوێ؟

ڕۆبـن: سـبەی یـەك دەبینینـەوەو پێـت دەڵێـم، دەسـتت خـۆش بیـت سـەگەکەت لەنـاوداوە، مانـای وایـە دەتوانیـن لەیـەك تێبگەیـن!
مـاری: دڵخۆشـم وا قسـە دەکەیـت، هەرچەنـد نەهاتیـت لەگەڵـم، بـەڵام بـە قەناعەتـەوە خۆشـترە!
ڕۆبن:حەتمـەن بەبـێ قەناعـەت کارەکان بنەمـای دروسـتی نابێـت، سـبەی وردەکاری گەشـتەکەت پـێ دەڵێـم.
ماری: ناتوانم چاوەڕوان بم تا سبەی، هەر ئێستە پێم بڵێ؟!
ڕۆبـن: ئـەم شـەو سـەیری دیاریەکانـم بکـەو سـبەی گەشتەکەشـت بـۆ ڕون دەکەمـەوە، سـبەی دەت بینمـەوە!
مـاری: بـاش تـۆ بـڕۆ مـن لێـرە سـەیرت دەکـەم تـا لـە چـاوم ون دەبیـت، ئـاگات لـە خـۆت بێـت.
ڕۆژی دواتر
ماری بە گوڵێکەوە لەسەر ڕێگاکە وەستابو،
مـاری: سـڵاو ڕۆبـن، فەرمـو ئـەم گوڵـە بـۆ تۆیـە، ئـەم شـەو تـا بەیانـی زیاتـر لـە ٥٠ جـار نامەکەتـم خوێندوەتـەوە! ئـەم نامـە هـەردەم دەبێـت لـە باخەڵکـم بێـت و زوو زوو بیخوێنمـەوە.
ڕۆبن: باشە، پێم خۆشە ببیستم کە چۆن دەیخوێنێتەوە.
ڕۆبـن: باشـە، سـوپاس بـۆ گوڵەکـەت، ئێـوە خۆتـان گوڵـن، پێویسـتی بەمـە نەدەکـرد، پێـم خۆشـە ببیسـتم کـە چـۆن دەیخوێنیتـەوە، بـەڵام دێـڕ بـە دێـڕ لەسـەری بوەسـتەو پرسـیارم هەیـە، بزانـم چـاك لێـی تێگەشـتویت، چـون مـن نامەوێـت هاوڕێکانـم تێگەشـتنیان لاواز بێـت، لـەم مرۆڤـەدا کـە چەندیـن بەهـای جوانـی تێدایـە تەنهـا بەشـێکی ببینرێـت ئەویـش بـە پیسـی و بـە مەبەسـتی گڵاوی!
دەقـی نامەکـەی عومـەر عەلـی (ڕۆبـن) بـۆ مـاری، بـە تێگەشـتنی مـاری

و شـیکاری زیاتـری عومـەر عەلـی (ڕۆبـن) مـاری دەسـتی کـرد بـە خوێندنـەوەی نامەکـە بـەم شـێوەیە.

مـاری: بـۆ خانمـی بەڕێـز ماری، مـن تـۆم زۆر خۆشـەوێت، خۆشەویستنێك کـە تـا ئێسـتە کـەس بـەم شـێوەیە پێشکەشـی نەکردویت!
ڕۆبـن: بوەسـتە، چـۆن لـەو خۆشەویسـتیەی مـن تێگەشـتن بەرانبـەر بـە خـۆت؟
مـاری: ئەڵبـەت زۆرم بیـر لـێ دەکـردەوە، بیـری منداڵـی دایکـم کـە چـۆن لـە ئامێـزی دەگرتـم، بـەڵام دواتـر جێـی هێشـتم و لەمـاڵ دەری کـردم، ئێسـتە لـە ئەمریکایـە لەگـەڵ پیاوێـك ڕۆشـت، باوکـم نەدیـوە بیـرم دەکـردەوە باوکـم هەبایـە لەوەیـە ئـەو خۆشەویسـتیەی تێـدا بوبێـت، بیـرم لـە زۆر شـت دەکـردەوە، دواتـر بیـرم کـردەوە وتـم دیـارە ڕۆبـن کەوتوەتـە داوی خۆشەویسـتی منـەوە، خۆشەویسـتیەکم پێشـکەش دەکات نمونـەی بێـت و کۆتـا خۆشەویستیشـم بێـت.
ڕۆبـن: وەك خـۆی تێنەگەشـتیت هەرچەنـد ٥٠ جاریـش خوێندبێتتـەوە، ئـەم خۆشەویسـتیەی مـن کۆتایـی نییـە، وە پەیوەنـدی بـە خـودی خۆشـمەوە نییـە، فێـری خۆشەویسـتیەکت دەکـەم گـەر سـەرقاڵ بیـت پێـوەی دەرفەتـی خۆشەویسـتی سێکسـیت نەمێنێـت! بەردەوامبـە..
مـاری: مـاری خـان، مـرۆڤ پێکهاتـوە لـە پێنـج پێـدراوی خوایـی، جەسـتە، ڕۆح، نەفـس، عەقـڵ، دڵ، جەسـتە کـە گرنگترینیانـە بـەلای مرۆڤـە دونیایەکانـەوە پێـش هەمـو بەشـەکانی تـر لەنـاو دەچێـت.
ڕۆبن: چۆن لەم دەقە تێگەشتیت؟
مـاری: ڕۆبـن ئەوەنـدە بەسـە بـۆ مـن کـە ئـەم وشـانە تـۆ بـۆ منـت نوسـیوە، تـا دەیخوێنمـەوە زیاتـر دڵخـۆش دەبـم، چـون خەتـی خۆتـەو بـۆ منـت

نوسیوه!

ڕۆبن: ڕاسته بۆ تۆم نوسیوه، بەڵام ئەم دەقانە دەکرێت هەزاران کچی تریش پێی کاریگەربن، ئەوسا دەکرێت نامەکەی من بۆ ئەوانیش بێت، لە کاتێکیدا هیچێك لەو ئافرەتانەو وە تۆش بۆ من نەبێت، بەجۆرێکی تریش هەموتان بۆ من دەبن، کە هەڵگری پەیامەکانی پشت دەستوخەتەکەم بن، بوار بدە ئەو دەقەت بۆ ڕون بکەمەوە، جەستە ڕونە ئەو جەستەیە کە هەمانەو هەریەکەو بەشێوەیەك خوای گەورە نەخشاندویەتی، پێویستە لەسەریشمان پارێزگاری لێ بکەین، ئەمانەتی خواییە، پارێزگاری لێکردنی بە مەیکاپیش نابێت، یان بە Plastic Surgery، تۆ دەتوانیت بە وشەکانت لێوەکانت گەورە بکەیت نەك بە نەشتەرگەری، دەتوانیت بە بیرکردنەوەکانت سەرت جوان بکەیت نەك بە ڕەنگ و قرتێلە، ئێمە ئافرەتمان هەیە سەری داپۆشراوە، ئەسڵەن نازانرێت چی لەژێر سەرپۆشەکەیدایە، نازانین کەچەڵە، قژی کورتە یان درێژ، خاوە یان لول، بەڵام بە بینینی ئەو سەرپۆشە یەکسەر بە بەرانبەر دەڵێ پەیامێك لە پشت ئەو سەرپۆشەوە هەیە، پەیامێك گەورەتر لە قوماش، گەورەتر لە جوانکاری و ڕەنگەکان. ڕۆحیش نهێنیەکە کەس نازانێت چۆنە، بەڵام هەموی دەبێت باوەڕیشی پێ بکات، نابینی هەیە ئینکاری خوای گەورە دەکات لەوەی کە نابینرێت بەڵام هەر لە داخلی خۆیدا نەبینێراوێك هەیە، نەبینراوێك کە سات بە سات هەناسەی پێ دەدات، ئەقڵ ئەویش ئەو پێدراوە گرنگە خواییە کە دەتوانین هەڵسەنگاندی پێ بکەین بۆ ئەم شتانە، بەراوردکاری گرنگی پێ بکەین، سەرچاوەی بیرکردنەوەو دەقی گرنگی ئاراستە بکەین، بە تایبەت ئەو پەیامانەی کە پێمدان دەکرێت باشترین سەرچاوەکانی بیرکردنەوەبن، ئەوەندە گرنگە ئەم

بەشە هەرچتێك زیانی پێ بگەیەنێت لە دینی ئێمەدا ڕێگری لێکراوە، بۆ نمونە کحول، موخەدەرات هۆکاری حەرامی ئەوەیە زیانی بۆ ئەم بەشە هەیە، نابینی لێرە شەوانی شەممان و یەك شەممان چەند کارەسات ڕودەدات، لەوانەیە ئاسانترینیان خیانەت و جیابونەوە بێت بەهۆی سەرخۆشیەوە، بەڵام سەدان پێکدادانی فیزکیش دەبێت، من حەفتەیەك پێش ئێستە بینیم یەکێك لەو سەرخۆشانە پۆلیسێك کە بۆ هاوکاری ئەو ڕۆشتبو برینداری کرد، بەزەیم بە پۆلیسەکەو ئەقڵی سەرۆخۆشەکەشدا دەهاتەوە، کە هەردوکیان موزەحی بون، دڵ، نەفس ئەویش، دونیایەکی گەورەو فراوان و ئاڵۆزە، سێ جۆر لەم نەفسەمان هەیە، هەیە زۆر زۆر چاکەکارە، چاکە نەبێت هەڵی نابژێرێت، هەشە زۆر زۆر خراپەکارە، ئەسڵەن دەڵێی نازانێت چاکە چییە، هەشە لەو نێوەندەدا مام ناوەندە، چاکەو خراپەش دەکات بەڵام لۆمەی خۆی دەکات لەسەر خراپەکاری، دڵ، دڵ زۆر گرنگەو دەبێت گەورەتر لە دڵداری سەیری بکەین، گەر دڵماندا بە دەستی نەفسی خراپەکارەوە پێکەوە هەماهەنگی زۆر خراپ دەکەن، ئەوەندە خراپە دەکەن بە مرۆڤەکان دواتر مرۆڤی بەدەستەوە نەمێنێت و پەنا بۆ سەگ بەرێت، گەر دڵ بەباشی پەروەردە بکرێت دەتوانێت تەحەکوم بەم مرۆڤەوە بکات، باقی پێدراوەکانی تر بکات بە کۆیلەی خۆی، وە خۆشی بکات بە بەردەیەکی سوپاسگوزار، بەردەیەك ناوی بەردەیە، بەڵام پاشاکانیش ئاواتی بۆ بخوازن.

ماری: بوەست تۆ بۆ ئەم شیکاریەشت نەنوسیوە، من بەو شێوەیە لێی تێنەدەگەشتم، زیاتر لەبەر ئەوەی نوسراوی تۆیە بۆ من، منیش عاشقی تۆ بوم! لەزەتی لێ وەردەگرم کە دەیخوێنمەوە.

ڕۆبن: ماری من هەست دەکەم تۆ ئیستە لە شیکاریەکەش تێناگەیت،

بـەڵام بـەردەوام بـە منیـش شـیکاریەکانم کـورت دەکەمـەوە تـا درەنـگ نەکەویـن، بـەڵام پەلـە مەکـە بـا بچـم دو ئایسـکریم بهێنـم ئەمـڕۆ گەرمـە، پرسـت پـێ ناکـەم ئەمجـارە بـە دڵـی خـۆم بۆتـی دەهێنـم، دەمەوێـت بیـرت لای دەقـەکان بێـت نـەك ئایسـکرێمەکە.

مـاری: هـەرکام لـەو پێدراوانـە بەخێـو بکەیـت ئەویـش داوای زیاتـرت لـێ دەکات، بـەڵام هیـچ تێنەگەشـتم، مەبەسـتت چـی یـە لەمـە؟

ڕۆبـن: ئـەو پێنـج بەشـەی کـە نوسـیومە پێـش ئەمـە، جەسـتە، رۆح، نەفس، ئەقـڵ، دڵ، تـۆ هەرکامیـان بایـەخ زیاتـر پـێ بدەیـت داوای زیاتـرت لـێ دەکات، بـۆ نمونـە تـۆ جەسـتەت بایـەخ پـێ دەدەیـن، هـەر رۆژەو قـژت رەنگێـك دەکەیـت! هەیـە رۆژێـك لچـی گـەورە دەکات رۆژێـك بچـوك، هههـە دەترسـم ئێسـتە کـە هەندێکتـان لوتتـان بچـوك دەکەنـەوە دواتـر مۆدیلـی لوتـی گەورەتـر بێـت ئەوسـا چ دەکـەن هههـهـە، فیلـم کارتۆنێکـی منداڵیـم کەوتـە یـاد بۆیـە پێکەنینـم، نـاوی ماجـد بـو، بـە دار لوتیـان بـۆ کردبـو ههـە. جـا دەبێـت ئـەو بەشـانە هەمـوی پەروەردەبکرێـت، بـەڵام جەسـتە کەمترینـی بەرکەوێـت، چـون جەسـتە رۆژانـە بـە خـۆ شـتن و بەکارهێنانـی هەتـا بۆنێکـی یـەك پاوەندیـش دەتوانیـت بیپارێزیـت، بـەڵام باقـی بەشـەکانی تـر پـەروەردەی زۆر پێویسـتە،ئیتر خـۆت بیـری لـێ بکـەرەوە، بۆیـە تەنهـا جەسـتەکەم بـۆ شـیکردیتەوە چـون تـۆ تەنهـا گرنگـی بـە جەسـتەکە دەدەیـت، نمونەیەکـی تـرت بـۆ دەهێنمـەوە نابینـی لێـرە چـون گرنگـی تەنهـا بـە جەسـتە دەدرێـت، هەرکـەس جەسـتەیەکی جوانتـری بینـی ئەڵبـەت جوانتـر لـە زهنـی ئـەودا دەچێـت بـۆلای ئـەو، ئەوانـەی پێشـتر بەجێیـان هێشـتویت مەسـەلە چییـە ئەوەیـە، بـەڵام بـەردەوام بـە.

مـاری: نـا ئیتـر نایخوێنمـەوە لـەوە زیاتـر، ئێسـتە کەمێکـی تـر لـە پـڕ

دەڵێیــت دەڕۆم، تــۆ وتــت پێکــەوە گەشــت دەکەیــن بــۆ کــوێ گەشــت دەکەیـن، مـن ویسـتم پێـت بڵێـم گەشـتێك پێکـەوە بکەیـن بـۆ فەرەنسـا، پلانـم بـۆی دانابـو، کـە بکەوێتـە کاتـی یاریەکـی گرنگـەوە، تـا هـەم چێـژ لـە یاریەکـە وەرگریـن و، دواتـر ڕۆژانـە بچێـن بـۆلای ئیڤـل بـۆ پیاسـە.
ڕۆبـن: ئـەو گەشـتە خـۆش نیـە بـە نسـبەت منـەوە، دەزانیـت مـاری ئێسـتە زۆرکـەس ئـەوە ببیسـتێت کـە کچێکـی ئینگلیـز ئـەم ئۆفەرانـە دەدات بـە مـن و منیـش ڕەدی دەکەمـەوە پێـم دەڵێـن تـۆ شـێتیت!
مـاری: ئـەی ڕاسـتە، تـۆ هـەم شـێتیت هەمیـش منیشـت شـێت کـردوە! نازانـم بـۆ ناتوانـم خـۆم کۆنتـرۆڵ بکـەم، مـن ئەوەنـدە گـەرم و تـۆش ئەوەنـدە سـارد، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر دەترسـم خۆتـم لـێ بشـاریتەوە، بـەڵام حسـابی ئەوەشـم کـردوە، ئێسـتەماڵتـان دەزانـم لـە کوێیـە!
ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری ئێـوەی ئافـرەت خۆتـان بـە شـتگەلێکەوە سـەرقاڵ دەکـەن کـە ئیشـی ئێـوە نییـە، بـەکاری دزێـو متمانـە بـە دەسـت نایـەت، مـن چەندیـن خێزانـم دیـوە هەڵوەشـاوەتەوە بەهـۆی ئـەم کارە دزێوانـەوە، ئافرەتەکـە بـەدوای مێردەکـەی دەکەوێـت بزانێـت چ دەکات و چ نـاکات، یـان کچـەو کەوتوتـە خۆشەویسـتی لەگـەڵ کەسێکی تـردا ئیتـر ئەوەنـدە پەیوەندیەکـە شـۆڕ دەبێتـەوە بـۆ خـوارەوە تامـی تێـدا نامێنێـت و دواتـر لێـك بێـزار دەبـن، ئـەم کارانـە ئافـرەت نـاوی دەنێـت غیـرە، یـان خۆشەویسـتی، بـەڵام پیـاو حـەزی پێنـاکات، بـەڵام مـن هیچـی تـۆ نیـم، مـن دڵـم بـۆت سـوتاوە هەمـو رۆژێـك کـە دەگەڕێمـەوە لێـرە بـەم شـێوە قسـە دەکەیـن، مـن زۆر بـە کەمـی کاری ئیزافـە دەکـەم، چـون خوێندنـم هەیـە، بـەڵام تـۆ لێـرە هەمـو رۆژ کاتـم لـێ دەگریـت، ئەگـەر ژمارەکەشـمت لا بێـت تەئکیـدم شـەوان ناهێڵیـت بخـەوم!
مـاری: ئێسـتە کـەی گونجـاوە بـۆ تـۆ کـە بچیـن بـۆ فەرەنسـا، حـەزت لـە

یاری نییە ئاساییە دەچین بۆ سینەما، هەرچی تۆ حەزی لێ بکەیت، گرنگ لای من ئەوەیە لەگەڵ تۆبم.

ڕۆبن: کەسێك دەناسم لە ناوچەی Kent گەشتێکیان پێکەوە کرد بۆ ئیسپانیا لەگەڵ دڵدارەکەیدا، لەوێ نەگەڕانەوە پێکەوە! کەسێکی تر دەزانم لە Hastings بو من زۆر قسەم بۆ دەکرد کە ئاگای لە خۆی بێت و بەناوی خۆشەویستیەوە ئامانجەکانی نەشێوێت، کەچی منی بانگکرد بۆ شاهیدی لە مەحکەمە کە توشی شەڕ ببو، منیش شاهیدیم بۆ نەدا، چون دەیوست شتێك نەمدیبو بڵێم دیومە! لە West Thames College دەمخوێند کۆمەڵێك هاوڕێ بوین کە لەیەك وڵاتەوە هاتبوین هەمومان، کەوتنە داوی خۆشەویستیەوە ئێستە یەك کەسیان لە خوێندن نەماوە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستە لە Hounslow West بینیم یەکێك لەوانە سەرخۆش بو پێشتر هاوڕێم بو، زۆر کوڕی باش بو، کەچی لەو بازاڕەدا پڕ جوێنی کردم!

ماری: بوەست بوەست، ئەی تۆ چیت کرد کە جوێنی پێدایت، لەوێبایەم لێم قبوڵ نەدەکردا!

ڕۆبن: نا ماری نابێت یەکێك جوێنی پێدایت یەکسەر پێیدا هەڵشاخێیت، من زۆرکەس جوێنی پێداوم و قسەشم نەکردوە، ئەو کەسەش زۆر دڵم پێی سوتا، چون من کێشەم لەگەڵی نەبو، ئیتر تێکیان دابو، ئەم خۆشەویستیەی لێرە هەیە بەم شێوازە تەنها روکەشی دەرەوەی جوان دیارە، گەرنا لە ناوەوە پڕە لە کێشە، هەموشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە ئالیەتی دروست ناکرێت، وەك لە نامەکەدا بۆم نوسیبون، بەڵام تەواوت نەکرد نامەکە!

ماری: دەزانی ڕۆبن من تا ئێستە ئەو مستەڵەحانەی کە نوسیبوت لە نامەکەدا هەندێکی هەر نەمبیستو، بەتایبەت تۆ نوسیبوت Adultery

زینـاو خیانـەت مـن نەمزانیـوە لـە دینـی مەسـیحیدا ئـەو شـتانە هەیـە، خـۆ تـۆ مەسـیحی نیـت چـۆن ئەوانـە دەزانیـت؟
ڕۆبـن: مـاری دینـەکان بنەمایـان یەکـە، بۆیـە ئەوانـەی پەیوەسـتە بـە عەقیـدەو ئەخلاقـەوە هەریەکـە، تەنهـا هەندێـك شـتیان لـە شـەریعەدا جیـاوازە، بـەڵام بەداخـەوە لەنـاو مەسـیحی نشـینەکاندا ئـەو دو چەمکەشـیان تێکـداوە، عەقیـدە کـە یـەك خواناسـیە، ئـەوان گۆڕیویانـە، وە ئەخلاقیشـیان تێـك داوە، دەزانیـت ئەمـە بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوە مـاری؟
مـاری: چـۆن بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوە، مـن ئێسـتە تـۆم خـۆش دەوێـت چ ئەشـکالێك هەیـە!
ڕۆبـن: مـن نمونەیەکـت بـۆ دەهێنمـەوە مـاری، بـەردەوام دەیـان بەرنامـە دەکرێـت و کاری خراپـە جـوان دەکـەن لای بینـەران، یەکێـك لـەو بەرنامانـە ناوەکـەی ناهێنـم بـا نەبێتـە ڕێـکلام بۆشـی، بـەردەوام موقابەلـەی ئـەو کـچ و کوڕانـە دەکات کـە بـە ناشـەرعی پێکـەوەن، لەگـەڵ ئەوانـەش کـە بـە شـەرعی پێکـەوەن، ئەوانـەی کـە بـە ناشـەرعی پێکـەوەن بـەردەوام کـچ و کـوڕی جـوان دەهێنـن و لێـو بـە خەنـدەو نوکتـەی خـۆش دەکـەن لـە بەرنامەکـەدا، بـۆ ئـەوەی لای بینـەر بچەسـپێت کـە ئەمانـە ژیانیـان هـەردەم وایـە، ئەوانـەش کـە بـە شـەرعی پێکـەوەن دەڕۆن ژن و پیـاوی پیـر دەهێنـن هـەر لـە بەرنامەکـەدا بەبەرچـاو کامێـراوە دەیکـەن بـە دەمەقاڵـە، تەئکیـدم پێشـتر پرۆڤەشـیان پێکـراوە! بـۆ ئـەوەی بڵێـن بـە بینـەر سـەیر بکـەن ژیانـی شـەرعی بـەم شـێوەیەیە، وە هەتـا حکومەتیـش کار ئاسـانی بـۆ کاری بەدڕەوشـتی دەکات و ئاسـتەنگ لەبـەردەم زەواج دروسـت دەکات!
مـاری: تـۆ زۆر وردیـت، ئـەم وردبینیـە کێشـەت بـۆ دروسـت دەکات، حکومـەت کاری چییـە بـە زەواجـی شـەرعی و ناشـەرعیەوە.

ڕۆبـن: وردبینـی و دوربینـی مـاری سـودی خۆیـە هەیـە، مەسـەلەی حکومەتیـش تـۆ سـەیرکە، زۆر کـچ و کـوڕ لـەم وڵاتـەدا بـە نـا شـەرعی و نـا قانونـی پێکـەوەن بـەردەوام لـە تـرس و لـەرزا دەژیـن، بیریـان لـە زۆر کایـەی گرنگـی ژیـان دەچێتـەوە، تەنهـا ئەمـەش بـۆ دەسـتکەوتی مـادی، دەبـو حکومـەت کار ئاسـانی بـۆ زەواج بـکات و ئیمتیازیـان زیاتـر بداتـێ، نـەك بـە پێچەوانـەوە، نابینـی هەندێـك کـەس کـە زەواجیشـیان کـردوە بـە درۆ هەڵـی دەوەشـێننەوە لەبـەر ئیمتیـازی مـادی!

مـاری: ئـەوەی تـۆ لـە نامەکـەدا نوسـیبوت لەسـەر بنەمـای زەواج و زەواجکـردن، قورسـە، هەرچەنـد مـن ئـەوەم پـێ هـەزم ناکرێـت بـۆ وابێـت، بـەڵام چـون تـۆ نوسـیوتە هـەر دەیخوێنمـەوە، کـە دەیخوێنمـەوە ڕۆبـن ڕێـك دەڵێـی خـۆت قسـەم بـۆ دەکەیـت، چێـژی لـێ وەردەگـرم.

ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری ئەمـڕۆ خەڵـك زۆربـەی بـەدوای چێـژدا دەگەڕێـت، بـەڵام بـۆ وەرگرتنـی چێژیـش دەبێـت بیرکردنەوەمـان بگۆڕیـن، تـا چێـژ لـە شـتگەلێك وەرگریـن کـە لـە سـودمانە وە ڕێگەکەشـی دروسـت بێـت.

ماری: تێنەگەشتم مەبەستت چی یە؟

ڕۆبـن: بـا نمونەیەکـت بـۆ بهێنمـەوە، تـۆ ئێسـتە چێـژ لـەوە وەرەگریـت مـن لەگەڵـت بـم بـە بەبـێ ئـەوەی عەقدێـك لـە نیوانمانـدا هەبێـت، وە سـەفەر بکەیـن پێکـەوە، بچیـن بـۆ سـینەما وە....وە...

بەڵام من چێژ لەوە وەردەگرم کە ئەوانە نەکەم بەو شێوە!

مـاری: ڕۆبـن مـن ئەوەنـدە عاشـقی تـۆم حەزناکـەم وشـەیەك بەکاربهێنـم پێـت ناخـۆش بێـت، بـەڵام تـۆ ڕەق لەگـەڵ مـن قسـە دەکەیـت، لەگـەڵ ئـەوەش هەرناتوانـم هۆگـرت نەبـم، هەندێـك جـار بیرلـەوە دەکەمـەوە ئەگـەر لـە کۆتایـدا تـۆ هـەر مـن ڕەد بکەیتـەوە، خـۆم دەکـوژم.

ڕۆبن: دەزانیت ماری ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن خەتای خۆیانە!

ماری: ڕۆبن تۆ ورده ورده من دەکوژیت، ئێستە بۆ خۆشەویستی تۆ دەژیم، دەترسم ڕۆژێك بۆ خۆشەویستی تۆش بمرم، ئەمە تاوانباریە!
ڕۆبن: بەڵێ زۆریش تاوانباریە، مرۆڤ دەبێت ئەوەندە بەهێز بێت ژیانی پەیوەست نەکات بە کەسانی ترەوە، تۆ خۆت بکوژیت ....ببورە ئەم تەلەفۆنە گرنگە دەبێت هەڵیگرم، (بەڵێ فەرمو: سڵاو کاك عومەر، سەرهەنگم، گیراوم لە پۆلیسم، ماڵمان ژمارەی تۆیان لایە تەلەفۆنیان کرد بە هەرشێوەیەك بێت قەناعەتیان پێ بکە کە من نەگیراوم، تا بزانم حوکمم دەدەن یان نە، باشە کاك سەرهەنگ گیان لەسەر چی گیراون، والله من هیچ لەتۆ ناشارمەوە، سارە ی هاوڕێم شکاتی لێکرد، دەڵێ دەسدرێژی کردوەتە سەرم Rape لە کاتێکدا خۆت دەزانیت من لەبەر ئەو وازم لە کۆلێژ هێناو ئەوە ٢ ساڵیشە پێکەوەین, کاك سەرهەنگ من ناڵێم نەگیراوە لە ماڵەوە، بەڵام دەڵێم قسەم لەگەڵی کردوە سەلامەتەو خەمتان نەبیت کاك عو...ططططط تەلەفۆن بڕا)
ماری: ئەوە کێ بو چ زمانێك قسەت دەکرد، بۆ روت گرژ بو!
ڕۆبن: پرسیارێك ماری هەم وەڵامەکەی تۆشە، بۆ نمونە من و تۆ ئێستە ڕێك دەکەوین و دەست دەکەین بە ژیان پێکەوە، من حەز بکەم سێکس پێکەوە بکەین و تۆ ڕازی نەبیت، گەر من نەتوانم ئارەزوم کۆنترۆڵ بکەم لە کاتێکدا پێکەوە دەژین و لەسەر یەك پێخەفین و دەکرێت ئەمە دەچێتە قاڵبی دەسدرێژیەوە، یان ئافرەتی ئێرە بۆ ئەم جۆرە کارە تەلەفۆن دەکەن بۆ پۆلیس و ئەوکەسەی بە دڵ و گیان یەکیان ویستوە کارەکان بگەیەننە پۆلیس!؟
ماری: تۆ گەشتەکەی فەرەنسات ڕەفزکردەوەو باسی گەشتەکەی خۆشت نەکرد، وەڵامی ئەمەت نادەمەوە تا ئەوە یەکلای نەکەینەوە!
ڕۆبن: ماری من ناتوانم بۆ هیچ جێگەیەك لەگەڵت سەفەر بکەم بە

تەنها، لە دینی ئێمەدا ئەوە ڕێگە پێدراو نییە، تۆ خۆت دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئەو کارانە نەکەیت، نە بەزۆر خۆت بە کەسدا هەڵسپێریت، نە بە ئاسانیش خۆت بدەیت بە دەستەوە، گەر کەسێك تۆی بوێت دەبێت پێش گەشتن پێت ئامادەی تێدا بێت بەرپرسیاریەتی تۆ هەڵگرێت، دەزانێت لێرە بەرپرسیاریەتیەکان بە تەواوی هەڵناگیرێت، ئافرەت و پیاو بەناوی یەکسانیەوە ئەرکی ژیانیان کەوتوە ئەستۆ، من کە لە کارگەکاندا کار دەکەم و ئافرەتی تێدایە زۆر بەزەییم پێیاندا دێتەوە، چون وەك پیاو ناتوانن کار بکەن، لە هەمو ئەو جێگانەی کارم کردوەو ئافرەتی تێدا بوە زۆرینەیان توشی بەدڕەوشتی بون بەهۆی لەدەستنەدانی کارەکەیان، یان بەهۆی ئەوەی یارمەتیان بدرێت لە قورسی کارەکە، بەچاوی خۆم دیم لە (ناوی کارگەکەی ......) ٣ کچی ئیسپانیمان تێدا بو هەر حەفتەو کەسێك ئیستغلالی دەکرد، رۆژێکیان یەکێك لەو ئافرەتانە کەوتە لای منەوە حامیلەش بو، ویستی دەستم لێ بدات بۆ ئەوەی لە ڕوی جنسیەوە سۆزم بۆی بجولێت و کارەکەی بۆ بکەم، منیش وتم دەستت نزیك نەکەیتەوە ئەوە لای ئێمە ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام هەرچی کارت هەیە ئەمڕۆ من بۆتی دەکەم، تۆ هەر خۆت سەرقاڵ کە با نەڵێن کارناکات، گەرنا بە نسبەت منەوە بڕۆیتەوە بۆ ماڵیش هەر کارەکەی ئەمڕۆت بۆ دەکەم، فرمێسکەکەی ئێستەش لەپێش چاومە کە دوای قسەکانی من هاتە خوارەوە. جا ماری خانم با هەتا بەرپرسیاریەتیە مادیەکەش نەگرێتە ئەستۆ بە تەواوی بەلانی کەمەوە تۆ بەدور دەبێت لە زۆر کێشە، منداڵت ببێت دیارە منداڵەکە هی کێیە، ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان یاریت پێ بکەن، لە قسەکانتا پێشتر وابزانم هەرنازانیت باوکتان کێیە، دایکیشتان وتان رۆشتوە، ببورە ئەمە شەخسیە من

نامەوێـت بپرسـم، بـەڵام خـۆت ئامـاژەت پێکـرد.
مـاری: تـۆ خـۆت وتـت سـەفەر دەکەیـن پێکـەوە، کـە هـەر دەڵێـی لای ئێمـەو دینەکـەی ئێمـە، لای ئێـوە بەڵێـن بـە درۆەوە ئاسـاییە! چـون مـن زۆر دڵـم بـەو سـەفەرە خۆشـە!
ڕۆبـن: نـا بەڵێـن دان لای ئێمـە زۆر گرنگـی پێـدراوە، دەبێـت یـان بەڵێـن نەدەیـت یـان کـە بەڵێنتـدا بیبەینەسـەر، نـەك هەرلەگـەڵ مرۆڤـدا بەڵكـو لەگـەڵ خواشـدا، بـۆ نمونـە مـن جـاری وا هەیـە لـە شـتێك بترسـم بەشـێوەیەك بەڵێـن دەدەم بەخـوا تـا بەڵێنەکـەم لەبیـر بێـت و نەکەومـە کاری خراپــەوە.
ماری: لەمە تێنەگەشتم دەتوانیت نمونەیەکم بۆ بهێنیتەوە؟
ڕۆبن: بەڵێ نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە بەڵام زویر نەبیت!
مـاری: خۆزگـە بمتوانایـە لـە تـۆ زویـر بـم، مـن هەمـو بیرکردنەوەیەکـم بۆتـە تـۆ!
ڕۆبـن: مـن هـەر یەکـەم رۆژ کـە تـۆم دی و بەڵێنـم دا کـە بتـان بینمـەوە، شـەوەکەی لەمـاڵ هەسـتام و نوێـژم کـرد، بەڵێـم بەخـوا دا کە هیـچ زیانێك بەتـۆ نەگەیەنـم وە سـنورەکانی خـواش نەبەزێنـم، وە بـۆ ئـەوەی پابەند بم بـە بەڵێنەکەشـەوە عقوبـەم بـۆ خـۆم دانا،وتـم خوایـە گیـان گـەر مـن تەنهـا ماچێـك یـان بەرکەوتنێـك بـە شـەهوەتەوە بـەر مـاری بکـەوم بـۆ ئـەوە ٣٠ رۆژ لەسـەر یـەك بەڕۆژوبـم، وە بـڕی ١٥٠٠ پاوەندیـت پـارە ببەخشـم، ئیتـر مـن هـەم بیـرم لای بەڵێنەکـەو هەمیـش ترسـم لـە عقوبەکـە هەیـە، چـون خـۆم بـۆ خـۆم بڕیـارم داوە وە بـۆ منیـش زۆر دەکەوێـت، هـەم رۆژوەکـە قورسـە مانگێـك لەسـەر یـەك و هەمیـش پارەکـە زۆر زۆرە بـۆم.
مـاری: مـن لەمـە تێناگـەم بـەڵام تـۆ ئەگـەر لـە پارەکـە دەترسـیت مـن دەتوانـم ئـەو پارەیـەت بـۆ دابیـن بکـەم، هەندێـك پـارەم هەیـە.

ڕۆبـن: نـا مـاری شـکاندنی بەڵێنەکـە لـە پارەکـە قورسـترە، وە پیـاو ئەگـەر پیـاو بێـت لای ئێمـە نابێـت تەماحـی لـە پـارەی ئافرەتـدا بێـت، لـە دینـی ئێمـەدا ئەگـەر بەڵێنتـدا لـە یـەك کاتـدا دەتوانیـت بیشـکێنیت، ئەگـەر بێـت و بەڵێنەکـە لەسـەر شـتێکی نـا مەشـروع بـو بێـت، بـۆ نمونـە مـن بەڵێـن بـدەم بڵێـم ئیتـر نوێژناکـەم، یـان قورئـان ناخوێنـم، یـان قسـە لەگـەڵ خزمێـك کەسێکم ناکـەم، یـان هـەر ئیشـێك کـە حـەرام بێـت، ئـەو جـۆرە بەڵێنانـە لـە دینـی ئێمـەدا دەڵـێ دەبێـت بیشـکێنیت، وە دەشـبێت کەفارەتەکەشـی بدەیـت، چـون نابێـت مـرۆڤ ئەوەنـدە گەمـژە بێـت بەڵێنـی بـێ بنەمـا بـدات، ئـەو کەفارەیـەش کەفارەتـی کەمژەییـە، چـون مسـوڵمان نابێـت کەمـژە بێـت.

ماری: تێگەشتم دەی گەشتەکەمان پێکەوە چ!

ڕۆبـن: ئێمـە لـەم نزیکانـەدا لـە کۆلێـژ گەشـتێکی زانیسـتیمان هەیـە بـۆ British Museum مامۆسـتاکەمان مـاری پلانەکـەی پـێ وتویـن کـە چۆنە، لـە محەطـەی Hayes & Harlington یـەك دەگیـرن هەمـو قوتابیـەکان دواتـر دەچیـن بـۆ Westminster بـۆلای سـەعاتەکەی لەنـدەن Big Ben لـە ڕوی مێـژوی و زانسـتیەوە باسـی دەکـەن بۆمـان، لـە کاتێکـدا خۆمـان سـودیش لـە دیمـەکان وەرەگـرن، دواتـر دەچیـن بـۆ مۆزەخانەکـە، ئـەو مـاوە کـە زۆریـش دەخایەنێـت تـۆش دەتوانیـت لەگەڵمـان بیـت و هـەم سودیشـی هەیـە بـۆت و هەمیـش بـۆ خۆمـان دەتوانیـن قسـە بکەیـن.

مـاری: ناکرێـت هەندێـك لەگـەڵ ئـەوان بیـت و دواتـر خۆمـان بڕۆیـن بـۆ London Eye و لـە قـەراخ ئـاوەکان دوبـەدو پێکـەوە بیـن، ئاسـاییە باوەڕناکـەم مامۆسـتاکە قسـە بـکات، حەزدەکەیـت مـن پێـی دەڵێـم!

ڕۆبـن: نـا مـاری مەسـەلە مامۆسـتاکە نییـە، مـن بۆیـە دەچـم تـا سـود لـەو گەشـتە ببینـم، خـۆ خـۆم سـەدجار زیاتـر ڕۆشـتومەتە ئـەو جێگانـە،

بـەڵام ئەمەیـان جیـاوازی هەیـە، ئـەو جیابونـەوە لـە کۆمـەڵ نابێـت، لـە وڵاتـی ئێمـە هەندێـك قوتابـی ئـەوە دەکـەن! بـەڵام لـە بنەڕەتـدا ئـەوان گەشـتەکەیان مەبەسـت نەبـوە! جگـە لـەوەی ئـەو جێگانـەش بەنـاوی زانسـتیەوە بـۆی دەڕۆن زانسـتی نییـە!

مـاری: دەی تـۆ بـەردەوام دەڵێـی لای ئێمـە،لای ئێمـە، ئەوەتـا لای ئێـوەش ئـەوە دەکرێـت بۆچـی بـۆ ئێـرە نـا!

ڕۆبـن: مـاری شـتی خـراپ هـەر خراپـە، لای ئێمـە بێـت یـان لای ئێـوە، مـن بـۆ شـتە باشـەکانی لای ئێمـە دەڵێـم لای ئێمـە، بـەڵام بـۆ شـتە خراپەکانـی لای ئێمـە دەڵێـم لای ئێـوە واتـە ئێـرە.

ئـەوە نییـە ئـەم گەشـتەم پـێ خۆشـە، چـون ئـەم گەشـتە فعلـەن زانسـتیە، پێشـتریش ڕۆشـتوم بـۆ گەشـتی تـر سروشـتەکەی دەزانـم چۆنـە!

مـاری: بـاش هـەرکات ڕێکەوتـن بـۆ ئـەو سـەفەرە چەنـد ڕۆژێـك پێشـتر پێـم بڵێـی باشـترە تـا خۆمـی بـۆ ئامـادە بکـەم.

ڕۆبـن: هیـچ خـۆ ئامادەکردنـی ناوێـت خـۆ ئێمـە بـۆ دیسـکۆو دانـس ناڕۆیـن، مـن هـەروا بـە ئاسـایی تیشـرێتێك و پانتۆڵێکـەوە دێـم، تـۆش مـادام پۆلەکـەم دەزانـن لەگـەڵ مـن دێیـت، نەڕۆیـت جلـی نیمچـە ڕوت لەبـەر بکەیـت، گـەر ئـەوە بکەیـت مـن لەگەڵـت قسـە ناکـەم ئـەو ڕۆژە.

مـاری: جـا جلـی ڕوت لای منیـش مەرغـوب نـی یـە، ناخۆشـە لەبـری ئەوەی سـەیری سـەرەوەت بکـەن سـەیری خـوارەوەت بکـەن! بـەڵام لای ئافـرەت ئـەو گەشـتانە گرنگـە دەبێـت بەجۆرێـك سـەرنج ڕاکێـش بێـت!

ڕۆبـن: تـۆ ئێسـتە بۆمـن سـەرنج ڕاکێشـیت، ئیتـر پێویسـت نـاکات هەتـا مەیکاپیـش بکەیـت!

مـاری: بەڕاسـت وا دەڵێـی، لـە دڵـەوە ئـەو قسـە دەکەیـت! سوپاسـت دەکـەم چەنـد خۆشـە ئـەم وشـانە بـۆ مـن!

ڕۆبـن: بەڵـێ مـن هـەم تـۆ، هـەم هەرئافرەتێـك مـادام گـوێ بگرێـت سـەرنج ڕاكێشـە لام، كێشـە ئـەو ئافرەتانەیـە كـە گـوێ ناگـرن، ئێمـە ئەگـەر گـوێ لـە یـەك نەگریـن، ناتوانیـن لەیـەك تێبگەیـن، وە مـن دەمەویـت تـۆ بـە تـەواوی دڵخـۆش بیـت، نـەك تەنهـا بـۆ سـاتێك.

ماری: ئم هههه، ئاواتەخوازم!

ڕۆبـن: مـاری تـۆ وەڵامـی پرسـیارێكی پێشـوت نەدامـەوە لەسـەر كەپـڵ و دەسـدرێژی! لەبیرتـە هـا، یـان پرسـیارەكە دوبـارە بكەمـەوە؟

مـاری: بەڵـێ لەبیرمـە، بەڵـێ ڕۆبـن زۆر كەپـڵ كـە یەكتریشـیان زۆر خـۆش ویسـتوەو بـۆ مـاوەی زۆریـش پێكـەوە بـون، بـەڵام لەبـەر یـەك جـار كـە پیاوەكـە زەوقـی هەبـوەو ئافرەتەكـە نەیوسـتوەو پیاوەكـە پێداگـری كـردوە ئافـرەت تەلەفۆنـی كـردوە بـۆ پۆلیـس و كێشـەكە كەوتوەتـە دادگا، چـون ئـەوە بـە دەسـدرێژی ئەژمـار دەكرێـت؟

ڕۆبـن: نمونـەی واقعیـت لایـە چەنـد دانەیەكـم بـۆ بـاس بكەیـت، بـەڵام نـاوی كـەس مەهێنـە، گرنـگ ڕوداوەكەیـە نـەك نـاوەكان.

مـاری: بەڵـێ كچێكـی هاوڕێـم لەگـەڵ كوڕێكـی پورتوگالـی بـو، شـەوێك تەلەفۆنـی بـۆ كـردم وتـی پیاوەكـەم پۆلیـس بردویەتـی، وەرە لەگەڵـم بخـەوە ئەمشـەو چـون هەسـت بەترسـێكی زۆر دەكـەم، كـە ڕۆشـتم وتـی: پیاوەكـەم حەبـی ڤیاگـرای خواردبـو نەیدەتوانـی خـۆی كۆنتـرۆڵ بـكات و بـەزۆر هاتـە ......منیـش تەلەفۆنـم كـرد بـۆ پۆلیـس و هاتـن و بردیـان!

ڕۆبـن: باشـە مـاری كـە ئـەو هاوڕێیـەت ئـەوەی دەزانـی نەیدەتوانـی بـە هەرشـێوەیەك بێـت ڕازی بـكات و كار نەگاتـە پۆلیس، چون ئـەو پەیوەندیە دواتـر زەحمەتـە دروسـتبكرێتەوە، یانـی پیاوێـك لـە زینـدان بێتـە دەر كـە بەهـۆی گێـڵ فرێندەكەیـەوە بوبێـت دەكرێـت خۆشەویسـتیەكەی نەمرێـت و بـەردەوام بێـت.

ماری: تۆ چ دەڵێی ڕۆبن ئەسڵەن جووانە عینوانەکەی گۆڕیوە ئێستەو نابێت پیاوەکەی بزانێت لە کوێ دەژی!
ڕۆبن: وتم ناوی مەهێنە، وریابە لەو شتانەدا هەرگیز ناوی کەس مەدرکێنە، گەر چیرۆکی کەسێکت زانی ئاساییە باسی بکەیت بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی پەندی لێ وەرگرێت، بەڵام نابێت ناوی بزڕێنیت، مەگەر ئیجابی بێت، وە ئایا ئەوە چ خۆشەویستیەکە بەیەکجار بگات بەو ئاستەی ببن بە دوژمنی یەکتری.
ماری: ڕۆبن تۆ فێرت کردم قسە بکەم، ئێمە چون کەس بە قوڵی نامادوێنێت هەر تەنها لەسەر روکەش قسە دەکەین، دونیای ئێمە شپرزەو شێواو بوە، تەنها بە ڕواڵەت دەژین، وەك چۆن برسیمان بێت پەلاماری خواردن دەدەین، بۆ جنسیش بە هەمان شێوە، نابینیت هەتا رێژەی قەڵەوی چەند زۆرە لە ئەوروپاو ئەمەریکا، هەموی هی ئەوەیە، کوشتن و ئازاردانیش ئێجگار زۆرە، من ئومێد دەکەم کەسێك بم رۆژێك لە ڕۆژان ئازاری تۆ نەدەم!
ڕۆبن: دەزانی ماری فێربونی قسەکردن هەروەك فێربونی ژیانیش گرنگە، ئیتر مەرجیش نییە لەگەڵ مندا بیت، چون تۆ کە فێری قسەکردن ببیت، دەتوانیت چۆن لۆژکیانە دیفاع لە خۆت بکەیت و ڕوبەڕوی کێشەو گرفتەکانیش ببیتەوە، ژیانیش لە بەستنەوەی بە شەخسێکەوە گرنگترە چون دەکرێت ئەو کەسە لە هەر لەحزەیەکەدا بمرێت.
ماری: تکا دەکەم ڕۆبن باسی مردن مەکە!
ڕۆبن: بۆ؟ جا خۆ ئەوە حەقیقەتێکەو کەس ناتوانیت لێی قوتار بێت، تۆ چۆن بیرلە مردن دەکەیتەوە، یان با بڵێم لە دوای مردن!
ماری: نازانم، من ئەسڵەن پێم خۆش نییە ئەو باسە نە بکرێتەوە نە

قسەی لەسەر بکەین!
ڕۆبن: چیرۆکێکت بۆ باس دەکەم ماری، هی دو خۆشەویستە، پێت خۆشە گوێبیستی بیت؟
ماری: زۆر سوپاست دەکەم ئێجگار حەزم لەو باسانەیە، بە هەمو ئەحساسێکمەوە گوێت بۆ دەگرم.
ڕۆبن: سوپاس بۆ تۆی بەڕێز، لە زەمەنی شای ئێراندا خراپە زۆر بەربڵاو بو، ڕوتی و گۆرانی و ئیتر ئەو شتانە، کە خومەینی ڕۆشتە سەر حوکم زۆرێك لەو گۆرانی بێژانە ڕایانکرد بۆ ئەمەریکا، دو دڵدار کە هەمو ڕۆژێك پێکەوە بون ئەو هەرایە دایبڕین لەیەك، یەکێکیان کەوتە ئەمەریکاو ئەوی تر لە ئێران مایەوە، ئەوەی ئەمەریکا نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئێران و ئەوەی ئێرانیش قورس بو بۆی، ئەنجام چاوەڕێی کرد تا فیزەی بۆ دەرچو، کە گەشتە ئەمەریکا عینوانی ماڵ دڵدارەکەی پێ بو، تەکسی گرتبو بچێت بۆ ماڵیان لە ڕێگە تەکسیەکەی دەعامی کردو مرد! ها دەبینی مردن چۆنە.
ماری: چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش بو، خۆش دەبو گەر مردنەکەی تێنەکەوتایە، کاتی گەشتەکەت نەزانی؟
ڕۆبن: بۆ نا ئیستە دەزانم، بەس نامەویت پێت بڵێم تا نزیك دەبێتەوەو ڕۆژێك پێش سەفەر پێتی دەڵێم.
ماری: بۆ حەزناکەیت من زۆر سەرنجڕاکێش دەرکەوم، من دەمەوێت ئێرەیی بەتۆ ببەن کە منت لەگەڵ دەبێت.
ڕۆبن: دەزانی ماری لای ئێمە کە باسی ئەوروپا دەکرێت دەڵێن ئەوانە ناخیان زۆر پاکە ئەسڵەن ئێرەی هەر نابەن!
ماری: چون پەیوەندی کۆمەڵایەتی لای ئێمە زۆر لاواز بوەو تەنها ڕۆتینە، وەك کاتەکانی کرسمس و سەری ساڵ و ئیستەرو ئەوانە

نەبێت، لەبەر ئەوەیە شتە دەرونیەکان بەدیار ناکەون، بەڵام ئێجگار زۆرە، بۆ نمونە تۆ بڕۆ بۆ بارێك و دانیشەو بخۆرەوە، بکەوەرە قسە لەگەڵ خەڵکەکەدا بزان ئەوەی دەیناسێت باسی ناکات، هەتا باسی پەیوەندیە سێکسیەکانیش دەکەن.
ڕۆبن: من چون نەڕۆشتوم بۆ ئەو جێگانە ئەوانەم بۆ دەرنەکەوتوە، بەڵام لە کۆلێژو جێگەی کار زۆر لەو راستیانە دەزانم!
ماری: کە دەزانیت بۆ پرسیارت کردا!
ڕۆبن: پێم خۆش بو لە زمانی تۆشەوە ببیستم!
ماری: متمانەت بە قسەکانم هەیە؟
ڕۆبن: بەڵێ تۆ ئافرەتێکی زۆر چاکیت، چون دەتوانیت بیربکەیتەوەو هەڵسەنگاندن بکەیت، دواتریش راستیەکان بڵێیت.
ماری: سەربخە سەرکۆشم، با ڕوت بەرەوە سەرەوە بێت و هەندێك بەو شێوەیە قسە بکەین!
ڕۆبن: دەزانیت ماری گەر کەسێك پەلە بکات بۆ بەدەستهێنانی شتێك کە وەختی نەهاتبێت ئەوە خوای گەورە تۆڵەی لێ دەسەنێتەوە بە دەست نەکەوتنی، یان گرفت هاتنە پێشی!
ماری: ئەوە وەڵامی سەرخستنە سەر کۆشەکە بو!
ڕۆبن: هەندێك شت من خۆم وای لێك دەدەمەوە لەوەیە هەڵەشبم، کە دەبینم ئەوانەی عەشقبازی دەکەن و ڕەفتاری ڕۆمانسیانە لەپێش چاوی خەڵکی دەکەن ئەنجامی کارەکەیان خراپ دەشکێتەوە، ئەویش وەك عقوبەیەکی خوایی، کە مافیان نییە بۆ ئارەزوی خۆیان ئارەزوی پیسی خەڵکی بجولێنن، چون مرۆڤ نابێت تەنها خۆ ویست بێت.
ماری: ئەم بیرۆکانەی تۆ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟
ڕۆبن: ببین ماری، لە دینەکەی ئێمەدا ئەگەر کەسێك بۆ نمونە باوکێکی

دەوڵەمەنـدی هەبێـت، پێـی خۆشـە زو بمرێـت، بـەڵام ئـەو تەمەنـی درێـژ دەبێــت، منداڵێکــی لاساریشــی هەیــەو خــوا خوایەتــی زو باوکــی لــە کۆڵیـان ببێتـەوە بـۆ ئـەوەی میراتیەکـەی ببـات، بـەڵام ئـەو کـە نامرێـت کوڕێـك یـان کچێکـی بەهەرهۆکارێـك باوکەکـەی خۆیـان دەکـوژن، ئـەم کوشـتنە لەبـەر چـی بـوە، لەبـەر پارەکـە، بـەڵام شـەرعی ئێمـە ئـەو کەسـە مەحـروم دەکات لـە میراتەکـە، ئێمـە قاعیـدەی ئوسـوڵیمان هەیـە دەڵـێ: (مـن اسـتعجل الشـيء قبـل أوانـه عوقـب بحرمانـه) واتـە هەرکـەس پەلـە بـکات لـە بەدەسـتهێنانی شـتێك پێـش وەختـی خـۆی ئـەوا سـزا دەدرێـت بـە پێنەدانـی، ئـەو کـوڕە یـان ئـەو کچـەی باوکـی خـۆی کوشـتوە گـەر چاوەڕێـی بکردایـە باوکەکـەی خـۆی بمرێـت دواتـر خـۆ میراتەکـەی هـەر دەبـرد، بـەڵام چـون پەلـەی کـردو ڕێگـەی نـا مەشـروعی بـۆ گرتـە بـەر شــەرع ســزای دەدات بــە پێنەدانــی، جگــە لــە عقوبــەی قەتڵەکــەش لــە ماڵەکـەش بـێ بـەش دەبێـت.

دەبینـم ئەوانـەش کـە ڕێگـەی ناشـەرعی دەگرنـە بـەر بەنـاو خۆشەویسـتی و عەشـقبازیەوە دواتـر کێشـەیەك خـوای گـەورە خـۆی بۆیـان دەخوڵقێنێـت و دواتــر مەحــروم دەبــن لــە خۆشەویســتەکەیان، زۆرجــار کوشتاریشــی تێدەکەوێـت، یـان زۆرکـەس لەوانـە دواتـر متمانەیـان لا لاواز دەبێـت و کەسـانێکی فاشـل دەردەچـن لـە پرۆسـەی هاوسـەرگیریدا.

لـە کاتێکـدا چاوەڕوانیەکـی کەمـی دەویسـت تـا پرۆسـەکە بـە شـێوەیەکی شــەرعی بچێتــە قاڵبــی خــۆی، لای ئێمــە شــتێك هەبــوە لــە پێشــدا کــە کــچ لــەدوای کــوڕ دەڕۆشــت و بەبــێ پرســی دایــك و بــاوك دەبــون بــە خۆشەویسـتی یەکتـری، کەچـی ئـەوە لای ئێمـە نەمـاوە بـەڵام لای ئێـوە ئێجــگار زۆرە.

مـاری: ڕۆبـن ئێمـەی ئافـرەت وەك پیـاو ناتوانیـن هەرچـی شـت هەیـە بـە

وشـه دەری ببڕیـن، بۆیـە دەبێـت جەسـتەمان بەشـداربێت لـە دەربڕینـی ناخمانـدا، نابینـی ئافـرەت زو دەگـری، ئـەوە وشـەیە بـە فرمێسـك دێتـە خـوارەوە، نابینـی وەك خۆشـت وتـت بـۆ قەناعـەت بـە بەرانبـەر جەسـتەی پێشـكەش دەكەیـن.
ڕۆبـن: مـن لەمـە تێناگـەم مـاری، زۆر سـەیرن، جەسـتەتان پێشـكەش بەرانبـەر دەكـەن بـۆ دەسـتكەوتێكی كـەم یـان یارمەتـی دانێـك، بـەڵام هاوڕێكـەت شـكات لـە كەپڵەكـەی دەكات و دەیخاتـە زینـدان!
مـاری: ژیانـی ئێمـە دژوارە، لایەنـی كۆمەڵایەتیمـان داڕوخـاوە، تەنهـا حكومـەت بـۆ هەندێـك شـت پشـتگیرمانە ئەویـش لـە ئەنجامـدا بـە زیانمـان دەشـكێتەوە، بـۆ نمونـە ئێسـتە ئـەو هاوڕێمـە ڕاسـتە شـكاتی كـرد لـە بـۆی فرێندەكـەی، بـەڵام دەكـرا بەبـێ گرتـن و مەحكەمـە چارەسـەریش بكرایـە!
ڕۆبن: دەزانیت ماری شتێكت خستە یادم هاها.
ماری: بەچ پێدەكەنیت دڵەكەم.
ڕۆبـن: ئـەو وشـانە بـەكار مەهێنـە، دەزانیـت لای ئێمـە زۆرجـار كـە كێشـە دەبێـت لـە دەرەوە دادگا بـە شـەرعی یـان هەندێـك جـار بـە عەشـائیری چارەسـەری دەكەیـن، واتـای قسـەكەی تـۆ ئـەوە دەهێنێـت، بـەڵام لـە وڵاتـی ئێمـە زۆركـەس دژی ئـەو چارەسـەرانەیە، دەڵێـن ئـەوە غیابـی قانونـە، گەرنـا نابێـت پەنـا بـۆ ئـەو ڕێكەوتنانـە ببرێـت.
مـاری: ئـەو شـتانەی كـە حەقـی عامـی تێدایـە حـەق وایـە بخرێتـە دادگا، بـەڵام شـتی تـری بچـوك و بـۆ پێكهێنانـی كۆمەڵایەتـی باشـترە ئـەوە هەبێـت.
ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری زۆرم پـێ خۆشـە ئێسـتە وا قسـە دەكەیـت، گەشـتم بـە قۆناغێـك هەسـت دەكـەم زانیاریـم پـێ دەدەیـت زیاتـر.

ماری: دەبینم تۆ سەیرم ناکەیت ناچارت کردم ئیتر بە بیرکردنەوە خۆمت نیشان بدەم.
ڕۆبن: دەزانیت منیش بەم شێوە باشتر دەتبینم، ئەوسا لەبری ڕواڵەت و روکاری دەرەوە ناوەوەش دەبینم.
ماری: دەزانیت منیش زۆر هەست بە ئاسودەی دەکەم لەگەڵ تۆ، چون بە هێمنی گوێم بۆ دەگیرت، ناتەوێت بەسەر یەك پرسیاردا تێپەڕیت، گەر لەبیریشت بچێت دواتر کەوتەوە یادت وەڵامەکەی دەڵێیت.
ڕۆبن: ماری هەرگیز تۆ ڕۆشتوین بۆ Speakers› Corner لە Hyde Park لەندەن؟ جێگەیەکە ڕۆژانی یەك شەممان هەرکەسەو باسی دینی خۆی بۆ خەڵکی دەکات؟
ماری: نا نەڕۆشتوم بەس مەبەستت چی بو! هەست دەکەم باسەکەمان گۆڕا!
ڕۆبن: نا شتێکم کەوتەوە یاد لەوەی کە تۆ بە منن وت بەسەر پرسیارەکاندا ناڕۆیت و وەڵامی دەدەیتەوە، ئافرەتێك لەو های پارکە مسوڵمان بو، کە پرسیاریان لێکرد بۆ مسوڵمان بویت؟ ئەویش وتی ئیسلام وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دامەوە!
ماری: یانی لە ئیسلامدا وەڵامی هەمو پرسیارێك هەیە؟
ڕۆبن: بەڵێ هەیە بۆ کەسێك کە ژیر بێت، وە نییە بۆ کەسێك کە موعەقەد بێت!
ماری: ئێستە هەیە یان نییە؟ من چۆن بتوانم کەسی ژیرو موعەقەد لەیەك جیابکەمەوە، گەر هەردوکیان پرسیاریان هەبێت؟
ڕۆبن: نمونەت بۆ دەهێنمەوە، ئەم ڕۆژانە لەگەڵ کەسێکی بێ باوەڕدا حیوارمان دەکرد، ئەو دەیگوت بۆچی ئێوە کە نوێژ دەکەن لە رۆژێکدا ٥ جار دەیکەن، منیش گوتم لە شەرعی ئێمەدا ٥ جار

دیاری کراوە، ئەڵبەت خوای گەورە شارەزایە بە دەرونی ئەم مرۆڤەو بۆ ئەوەی توشی غەفڵەت نەبێت تا لە رۆژێکدا ٥ جار بە ناچاری خوای بخاتە بیر، بەڵام لە دەرەوەی ئەو ٥ جارەشدا هەردەبێت لە یادی بێت، ئەو هەر دەیگوت نا ٥ جار زۆرە، منیش وتم باشە بەبڕوای تۆ چەند بێت باشە، ئەویش گوتی ٣ جار باشە، منیش وتم دەی ئێستەش هەر جێگەی پرسیارە یەکێ تر دەڵێ باشە بۆچی ٣ جارو ژمارەیەکی تر دەڵێت، یەکێ تر دەڵێ بۆ وەکو جیمکردن نەبێت مادام جوڵەکانی هەمو لەش دەگرێتەوە با هەر جارێك نیو کاتژمێر بێت، ئیتر هەرکەسەو بە ئارەزوی خۆی ژمارەیەك و وەختێکی بۆ دادەنێت، بەڵام شەرع ٥ جاری داناوەو بەپێی توانای کەسەکە، ئەو کەسەی کە حیوارمان دەکرد هەردەیگوت نا ٣ جار باشە، منیش وتم دەی لە شەرعیشدا ٣ جاریش هەر دروستەو ئەوەش هاتوە! وتی چۆن وتم کاتی سەفەر، نوێژەکان نیوەڕۆو عەسر پێکەوە مەغریب و عیشا پێکەوە! دواتر هەم وتی نا ٣یش هەندێك جار گونجاوە نییە، ئیتر ئەمە دەکرێتە پرسیار بەڵام پرسیار نییە خۆ خەڵەتاندنە، ئەمە موعەقەدیە، پرسیارێك دەکات وەڵامەکەی دەکرێت هەم دیسان پرسیار بێت.

ماری: باش تێنەگەشتم، نمونەیەکی کورتم بدەرێ.

ڕۆبن: سەرچاو، لە قورئاندا ئەوەی گرنگ بێت باسی کردوە، هەیە پرسیار لە شتێك دەکات کە هیچ سودی نییە، بۆ نمونە لە قورئاندا چیرۆکی زۆر تێدایە هەندێکی ناوی کەسەکان براوە هەندێکی ناوی نەبراوە، عیبرەت لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدایە کەچی هەیە بەدوای ناوی کەسەکان و شوێنەکانیدا دەگەڕێت، ناوەکەی هەرچی بێت کاریگەری لەسەر پەندو عیبرەتی چیرۆکەکە ناکات، بۆ نمونە

جووانە لەگەڵ کەپڵەکەیدا پرتوگالیەکە ئەوان کێشەیەکان بۆ دروست بوە، ناویان هەرچی بێت تۆ کە بۆ منی دەگێڕیتەوە من سود لە کێشەکەیان وەردەگرم نەك ناوەکەیان، ئێستە من و تۆ ئەم قسانە دەکەین هەموی دەنوسمەوە کە ڕۆشتمەوە بۆ ئەوەی لەبیرم نەچێت و ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسانێك سود لەم ئەزمونە وەرگرێت.

ماری: یانی تۆ ئەوەندە منت خۆش دەوێت قسەکانم دەنوسیتەوە؟!

ڕۆبن: ماری من تۆم زۆر خۆشەوێت، چون هەست دەکەم ڕۆژ بەڕۆژ بیرت فراوانتر دەبێت، نابینم ئەسڵەن باسی سەگەکە بکەیتەوە، پێم خۆشە بیرت بجولێت و پرسیاری هەمە چەشنت لەلا بجولێت، لێرە من دەبینم زۆر باسی ئازادی دەکرێت، بەتایبەت بۆ ئافرەت، بەڵام لە زەمینەی واقعیدا ئازادیەکە لە ڕوت و قوتی و بواری بەدڕەوشتیدایە!

ماری: حەز دەکەم لە تۆی ببیستم لەسەر ئازادی ئافرەت لە سعودیەو ئێران، چون لای ئێمە ئەم دوو وڵاتە زۆر زەق دەکرێتەوەو بە ناشرینترین شێوە دێتە بەرچاومان، تۆ چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنیت؟

ڕۆبن: پێم خۆشە ئەو پرسیارە دەکەیت ماری، پێش وەڵامەکەی من ئایا ئەگەر هەرچی لێرە بگوزەرێت دەتوانیت بیخەینە سەر مەسیحیەت؟ لەبەر ئەوەی وڵاتەکە بە وڵاتێکی مەسیحی ناسراوە؟

ماری: نا مەسیحیەت لێرە حوکم ناکات، با خەڵکەکەش ناسنامەشیان مەسیحی بێت.

ڕۆبن: لە ئێران و سعودیەو وە لە هەمو وڵاتانی مسوڵمان نشینیشدا ئیسلام حوکم ناکات ئێستە، با بە جوزئیش حوکم پەیڕەو بکرێت وەك ناو، ئەو زەقکردنەوەی ڕاگەیاندنی ئێرەش لەسەر ئافرەت و مافەکانیان پێم وا نییە پەیوەندی بە ئازادیەوە هەبێت!

ماری: ڕۆبن بمبورە کە دەڵێم چۆن پەیوەندی بە ئازادیەوە نی یە؟

ڕۆبـن: سوپاسـت دەکـەم کـە ئەوەنـدە بـە ئەدەبەوە قسـە دەکەیـت، لەبیرتە سـەرەتای یەکتـر بینینمـان وتـت سـەگەکەم لـە تـۆ جوانتـرە! نمونەیەکـت بـۆ دەهێنمـەوە لەسـەر پەیوەنـدی نەبونـی ئـەو بەرگریـەی ڕۆژئـاوا لەسـەر ئـازادی، لـە سـعودیەو ئێرانـدا سـەدان زانـای نـاودارو هەتـا ئیسـلامی لـە زینـدانـدان، کەچـی ڕۆژئـاوا دیفـاع لەوانـە نـاکات و دیفـاع لـە ئافرەتێـك دەکات کـە ناهێڵـن خـۆی ڕوتبکاتـەوە بـە ئـارەزوی خـۆی، ئەگـەر ئازادیـان مەبەسـتە ئـەو زانایانـە لـە سـەر ئـازادی بیـروڕا گیـراون، وە کاتێـك ئیسـلام حوکمـی کـردوە، کەسـی وا هەبـوە شـاعیر بـوەو سـەدان شـیعری هەجـو وە تەشـهیری کـردوەو نەشـیان گرتـوە، یـان کاتێـك سـزایان داوە کـە بـە تـەواوی سـەلماوە مافـی خەڵکـی پێشـێل کـردوە!

مـاری: ڕۆبـن هەسـت دەکـەم ڕۆژ بـەڕۆژ زیاتـر تێکەڵـی تـۆ دەبـم، تـۆ جوانتریـن کەسـێکی تـا ئێسـتە دیبێتـم، ڕابـردوم مەخـە بیـر، دەمەوێـت لاپـەڕەی تـازە هـەڵ بدەمـەوە، یـان ڕونتـر بڵێـم هەسـت دەکـەم ژیانـم بـەرەو گۆڕانکاریەکـی تـازە دەڕوات.

ڕۆبن: قەناعەتم هەیـە مـاری ئێسـتە تۆ ئەگـەر مسـوڵمان بیت بە ئـارەزوی خۆشـت، وە حیجـاب بکەیـت، سـەدان کـەس دژت دەوەسـتێتەوە، لـە کاتێکـدا ئەگـەر بـۆ ڕوتـی ئـازادی بێـت بـۆ پۆشـتەی بـۆ ئـازادی نەبێـت، هەسـت دەکـەم بەنـاوی ئازادیـەوە شـەڕی تـر لـە پشـتەوە دەکرێـت.

مـاری: مـن لەبیرمـە دایکـم وێنـەی کۆنـی لابـو نیشـانی دەدام هیچـی وەك ئێسـتە نەبـو، ئەگـەر ڕوتیـش هەبوبێـت زۆر کـەم بـوە، ئێسـتە لای ئێمـە چـون لایەنـی کۆمەڵایەتـی لاواز بـوەو کـەس کـەس ناناسـێت و شـیرازەی کۆمەڵایەتـی شـێواوە عەیـب و عـار گـوێ پێنادرێـت، گەرنـا لای کەسـە خوێنـدەوارو پرۆفیشـناڵەکان هێشـتا جۆرێکـە لـە عەیبـە.

ڕۆبـن: خـۆی ئـەم قسـەی ئێـوە زۆر ڕاسـتە، منیـش دەبینـم کەسـانێکی

وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات کـە دێنـە ئێـرەو کـەس ناناسـن جـۆرە ڕەفتارێـك دەکـەن خۆشـیان قەناعتیـان پێـی نییـە، نازانـم بـۆ ئـازادی لـە جـل و بەرگـدا بچـوك کراوەتـەوە.

مـاری: دەزانـم ڕۆبـن تـۆ خـۆت لـەوە دەپارێزیـت بـە تەنهـا لەگـەڵ مـن بیـت، بـەڵام پێـم خۆشـە لەگەڵـم بیـت بـۆ یـادی لەدایـك بونـی جەنێتـی هاوڕێـم، لـەوێ قەرەباڵغـە، خـۆت دەزانیـت لایەنـی کۆمەڵایەتـی ئێـرە تەنهـا لـە بێرزدەیـدا کۆکراوەتـەوە، پێـم خۆشـە تـۆم لەگـەڵ بێـت، تـکا دەکـەم دڵـم مەشـکێنە.

ڕۆبـن: بـڕوا دەکەیـت مـاری مـن تـا ئێسـتە ئـەو یـادەم بـۆ خـۆم نەکـردوە، لـە دینـی ئێمـەدا لـە کاتـی لەدایـك بونـدا دوای ٧ رۆژ یـادی لـە دایـك بـون دەکەیـن وەك دیـن، ئیتـر تـەواو هـەر ئەوەیـە، ئەمـەی ئێـرە زۆر نەشـیاوە، مەشـروبی تێـدا هەڵدەپچـڕن و زۆر شـتی نەشـیاو کـە لەگـەڵ کەسـایەتی منـدا ناگونجێـت بـۆ بەشـداری.

ماری: باشە گەر بۆنەی تربێت لەگەڵم دێیت؟

ڕۆبـن: مـن هێشـتا نازانـم سروشـتی ئـەو بۆنانـە چۆنـە، دەبێـت بزانـم چۆنـە، ئەوسـا دەکرێـت مـادام دوبـەدو نەبێـت، بـەڵام حـەز دەکـەم ئێسـتە پێـت بڵێـم دو سبەی گەشـتە زانسـتیەکەمانە، سـەعات ١٠ لـە هەمـان ئـەو مەحەطـەی پێـم گوتیـت لـە یادتـە خـۆ؟

ماری: وەو، ناتوانم چاوەڕێ بم تا دو سبەی ڕۆژێکی تەواو پێکەوە!

ڕۆبـن: سبەی پێناچێـت بتوانـم یـەك ببینیـن دو سـبەی لـە ستەیشـن یـەك دەبینیـن.

مـاری: تـکا دەکـەم ئـەوەم لەگـەڵ مەکـە، مـن دێمـە ڕێگەکـەت ٥ دەقـەش بێـت ئاسـودەیم پـێ دەبەخشـێت، نازانـم بـۆ، بـەس ئیتـر وام لێهاتـوە، منیـش دەسـتم کـردوە بـە نوسـینەوەی قسـەکانی تـۆ وەك تـۆ چـۆن

ئـەوەی مـن دەنوسـیت.
ڕۆبـن: مـن بیـر لـە داهاتـو دەکەمـەوە بـۆ نوسـینەوەی ئـەم گفوگۆیانـە، ئێمـە زانامـان هەبـوە ڕۆشـتوە بـۆ ئەمەریـکا ماوەیەکـی کـەم لـەوێ بـوە ئەزمونەکـەی کـردوە بـە کتێبێـك، دەکرێـت ئێمـەش ئەزمونەکانمـان بـۆ دوای خۆمـان بگوازینـەوە تـا سـودی هەبێـت.
مـاری: مـن بـەو مەبەسـتەوە نایـنوسـم، هـەرکات بێتاقـەت دەبـم دەیخوێنمـەوە، لەگـەڵ خوێندنەوەیـدا دەنگـی تـۆ دەبیسـتم، چیـژ لـەم یادگاریانـە وەرەگـرم.
ڕۆبـن: پێـم خۆشـە گفتوگـۆی ڕۆژێکمـان بـۆ بهێنیـت تـا سـود لـە ئەزمونـی تـۆش بـۆ نوسـینەوە وەرگـرم.
مـاری: کەواتـە بـۆ خۆشەویسـتیت بـۆ مـن دەشـاریتەوە ئەمـە مانـای خۆشەویسـتی نییـە؟
ڕۆبـن: بەڵـێ مانـای خۆشەویسـتی یـە، خۆشەویسـتی بـۆ کەسـانێك کـە دەکرێـت هـەر ئەسڵەن نەشیان ناسـم، مـن سـەدان کتێبـم خوێندوەتـەوە نوسـەرەکانیان سـەدان سـاڵە مـردون، ئـەوە خۆشەویسـتی ئـەوان بـوە بـۆ ئێمـە کـە بەرهەمەکانیـان بـەو شـێوەیە پاراسـتوە، دەبێـت منیـش نەوەکانـی دوای خۆشـم خـۆش بوێـت و ئەزمونیـان بـۆ بگوزمـەوە.
مـاری: ئـەو دیاریانـەی کـە پێتـدام جـار بەجـار دەیـان خوێنمـەوە، بـە تایبـەت کتێبـە گەورەکەیـان، ئـەوەی موجەلـەدە لەسـەری نوسـراوە قورئانـی پیـرۆز، مـن وەك ئینجیـل دەهاتـە پێشـچاوم، بـەڵام جـار بەجـار سـەیری دەکـەم شـتی زۆر سـەیری تێـدا دەبینـم، هەتـا باسـی چۆنیەتـی جوتبونیشـی تێدایـە، سـەیرە زۆریـش سـەیرە، سـەیر نییـە ڕۆبـن؟!
ڕۆبـن: بەڵـێ زۆریـش سـەیرە، بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەوەی تـۆ بیـری لـێ دەکەیتـەوە، سـەیرە ئەگـەر باسـی تێـدا نەبێـت، چـون مـاری قورئـان هـەم

باسی مافی ئافرەت و منداڵ و مرۆڤیش دەکات بە گشتی، ئەوەش دەچێتە ئەو چوارچێوانەوە.
ماری: دەقێکم بەرچاوکەوت زۆر سەرنجڕاکێش بولام، کە دەڵێ: تەنها لە پێشەوە دەبێت بچنە لای ئافرەتەکان، بیرم لێ دەکردەوە ئەم دەقە کێشەی زۆری چارەسەر دەکات گەر پەیڕەو بکرێت، ئێمە لێرە دکتۆرەکان ڕێنومایمان دەکات لەوەی لە کاتی حەیزدا کاری سەرجێی نەکەین، وە لە دواشەوە مەترسیدارە، هەرچەند ئافرەت گەر ناچار نەکرێت حەزیشی پێناکات، بەڵام لای ئێمە زۆر شایعەو دەکرێت و زۆرجار ناچاریشە.
ڕۆبن: جێگەی منداڵ بون پێشەوەیە، بۆیە تۆویش دەبێت لەوێدا بچێنرێت، لە قورئاندا ڕێك وا دەڵێت، ئەوەش بیروباوەڕە لای ئێمە، لەبیرتە ماری من پێم وتی پەلە لەم کارانەدا نابێت بکرێت، پێویستی بە یاساو ڕێساو ڕێنومانی تەواوە، بۆ نمونە ئافرەت دەبێت ماوەی پاك بونەوە تێپەڕێنێت گەر مێرد مردو بو یان تڵاقدراو بو، دواتر بە ڕەزامەندی و عەقد ئەو کارە بکرێت، لە نامەکەشدا ئەمانەم بۆ ڕونکردویتەوە، بەڵام ئەمەم تێدا نەوتبو، کە ئافرەت لە دواوە وە لە کاتی حەیزو زەسیتاندا نابێت پیاو کاری جوتبونی لەگەڵدا بکات، هەتا ئافرەتەکان لای ئێمە کە دەیدەن بە شو، دایکەکان ئەمەی پێ دەڵێن وەك ڕێنومایی و ئاگاداری.
ماری: وەو، لای ئێمە هیچ لەم ڕێنومایانە پەیڕەو ناکرێت، هەموی دەکەوێتە سەر زەمیری پیاوەکە، زۆر ئافرەت دەچەوسێنرێتەوەو ناچاری ئەم کارانە دەکرێت، ئافرەتیش زۆرجار بۆ ئەوەی شیرازەی نەپچڕێت و چیتر ئەوەندە لەسەرگەردانیدا نەبێت هەموی قبوڵ دەکات.

ڕۆبن: باشە لەبیرتە وتت هاوڕێکەم ئەوەی بۆی فرێندە پرتوگالیەکەی هەیە شکاتی لە مێردەکەی کردوە لەبەر ئەم کارە بوە!
ماری: نا لەبەر ئەمە نەبو، نازانم من پرسیارم نەکرد لەوانەشە، بەڵام ئەمانە ئێجگار زۆر دەکرێت!
ڕۆبن: بۆیە پرسیم دەکرێت ئافرەت شکات بکات گەر پیاوەکەی ناچاری کرد بۆ ئەم کارە، چون گرێبەستی زەواج بۆ پێشەوەیە نەك پاشەوە، هەتا پیاوانی ئاینی ئێمە لە جێگە دینیەکاندا ئەمانە بە ئاشکرا دەڵێن، هەتا هەیە وتویەتی ئەگەر پیاو ئەوکارەی لەگەڵ خێزانی کرد ئەوە تەڵاقی دەکەوێت، واتە دەبێت جیا ببنەوە.
ماری: یانی بە کردنی ئەوکارە دەبێتە هۆی جیابونەوە؟
ڕۆبن: من گەڕام بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو قسەیە، زانایەکمان هەیە دەڵێ، گەر ئەو کارە کرا ئەوە پێچەوانەی عەقدەکەیە، کە پێچەوانەی عەقدەکە بو کەواتە عەقدەکە هەڵدەوەشێتەوە، کە هەڵیشوەشایەوە کەواتە تەڵاق دەکەوێت.
ماری: زانایانی ئێوە ئەوەندە بە وردی لەسەر ئەم باسە دەڕۆن؟
ڕۆبن: زانایانی ئێمە زۆر وردەکارتریشن لەوە، پێداگری زۆر دەکەن لە ڕونکردنەوەی ئەحکامەکان بۆ خەڵکی.
ماری: جا زانایانی ئێوە کەس گوێیان لێ دەگرێت؟ چون هی ئێمە تەنها وەك ناو ماون، ئەوەتا هەتا خۆشیان لەکاری گەورەو قێزەونەوە گلاون،( pedofile) واتە لەگەڵ منداڵدا زۆرجار لە ئاستی باڵاشدا قسەی لەسەر دەکەن.
ڕۆبن: گەرچی هێزی تەنفیزی لە پشت زانایان نییە، بەڵام خەڵکی خۆی پابەند دەبێت، بۆ نمونە هەر لەم وڵاتەدا سەدان کەس وازی لە ئیشێکی خراپ هێناوە بەهۆی ڕێنومایی زانایانەوە، چون لای ئێمە وەك

عەقیدە ئەمانە دەچەسپێت و عەقیدەکەش پەیوەستە بە قیامەتەوە، خەڵکی خۆی نایەوێت دەستبەرداری ببێت.
ماری: چەند خۆشە کەسێك پیاوت بێت ئەم ڕێنومایيیانە لەبەرچاو بگرێت.
ڕۆبن: بەڵێ لای ئێمە ئەرکی پیاو تەنها لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕینومایيیانە نییە، بەڵکو دەبێت بژێوی ئافرەتەکەش دابین بکات!
ماری: تۆ بەڕاست وا دەڵێی ڕۆبن یان خۆتم لا خۆشەویست دەکەیت، من تۆم زۆر خۆش دەوێت و ئامادەم داواکاریشت قبوڵ بکەم.
ڕۆبن: دەزانی ماری لای ئێمە پیاو ئیش دەکات و پارەکەی وەك بانک لای ژنەکەیەو ئەو خاوەنی بڕیارە! ئەڵبەت وەك دین لەمە تێمەگە وەك کەلتورە، هەتا هەیە بە گوێرەی پێویست پارەش نادات بە پیاوەکە لە کاتێکدا پیاوەکە پەیدای کردوەو ژنەکە لە ماڵدایە!
ماری: لە ئێران و سعودیەش وایە؟
ڕۆبن: زۆر ئاگاداری وردەکاری ئەوێ نیم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەوان هێشتا باشتریش بن.
ماری: ڕۆبن ئێمە پیاو لێمان قبوڵ ناکات بەشداری بژێوی لەگەڵدا نەکەین، ئەسڵەن دەبێت نیوە بە نیوە بێت.
ڕۆبن: دینی ئێمە بەرانبەر بە ئافرەت بە کورتی دەبێت، پێش هێنانی دیاری بۆ بکرێت، بە عەقدو شاهیدو ڕەزامەندی بێت، نابێت ستەمی جنسی لێ بکرێت وەك پێشتر باسمکرد، وە دەبێت بەخێویش بکرێت.
ماری: گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت! دەتەوێت بە تەواوی شێتم بکەیت!
ڕۆبن: نا ماری من بەچاوی تر سەیری تۆ دەکەم، ئەوەش کە وتم هەموی حەقیقەتە لادان لێی سەرپێچیەو سزای دونیایی و قیامەتیشی هەیە!

ماری: یانی ئێوەی پیاو دەچنە ژێرباری ئەو بەرپرسیاریەتیانە هەموی؟!
ڕۆبن: من ناڵێم ئێمە هەمومان دەچین، بەڵام ئەوانە هەموی یاساو ڕیسای دینە بەرانبەر ئافرەت، ئەوەی پابەند بێت بە دینەوە دەبێت بچێتە ژێری.
ماری: باسی ئەم شتانەی دینیان بۆ ئێمە نەکردوە، هەردەم دەمانترسێنن و تەنها باسی مەترسی حیجابمان بۆ دەکەن!
ڕۆبن: وردەکاری دین زۆر لەوە زیاترەو حیجابیش جێگەی مەترسی نییە.
ماری: ببورە دڵەکەم، دەبینم هەر سەیری سەعات دەکەیت و دیارە بە پەلەیت، سبەی لە ستەیشن یەك دەبینین.
ڕۆبن: ماری نەکەیت سبەی شەرمەزاری لای مامۆستاو هاوڕێکانم بکەیت، چون تا ئێستە چەند کچێك هەم لە پۆلەکەمان و هەمیش لە کۆلێژ داوای پەیوەندیان لێکردوم من زۆر بە توندی ڕەدم کردوەتەوە، تا وا نەزانن پەیوەندی من و تۆ پەیوەندیەکی تێکەڵیەو لای ئەوانیش شەرمەزار ببم.
ماری: لەگەڵ من شەرمەزاریە! من هەوڵی زۆرم داوە کەسێکی شیاوبم بۆ تۆ، بەڵام تۆ دەڵێی شەرمەزاری!
ڕۆبن: شەرمەزاری لە درۆکردندایە، من بەوانم وتوە من مسوڵمانم لە دەرەوە زەواجی شەرعی هیچ شتێك لای من مەقبول نییە، وە پێشم وتون ئێوەش شیاونین بۆ ئەوەی زەواجتان لەگەڵ بکەم.
ماری: ئەها یانی مەسەلەکە درۆیە، بۆ درۆ لای ئێوە ئەوەندە شتێکی گەورەیە!
ڕۆبن: بەڵێ ماری درۆ زۆر کێشەیە ناڵێم لای ئێمە درۆکردن نییە، بەڵام لە ئیسلامدا درۆکردن مایەی شەرمەزاریە.

ماری: ئای ئێمە چەند درۆمان لەگەڵ دەکرێت!
ڕۆبـن: لای ئێمــە دەڵێــن ئەوروپییــەکان درۆ ناکــەن! تــۆش وا دەڵێــی! بەهەرحــاڵ ســبەی یــەك دەبینینــەوە. ســوپاس بــۆ دەستنوسەکەشــت.
مــاری: وتــت لای ئێمــە درۆ ناکرێــت! دە بــا پێــت بڵێــم، لای ئێمــە لــە کەسـێکی ئاسـاییەوە تـا سـەرەك وەزیـران درۆ دەکات، ژیانـی ئێمـە بەهــۆی درۆو فێڵــەوە فەوتــاوە، درۆ لەگــەڵ یەکتــر، لەگــەڵ حکومــەت، ئــەوان لەگــەڵ ئێمــە، کۆمپانیــاکان لەگــەڵ هەمــوی، تەنهــا لــە هەندێــك جێگـە کـە هیـچ سـودێکی نییـە بـۆی درۆ بۆیـە نایـکات، بـۆ نمونـە تـۆ دەچیـت لـە کۆمپانیایـەك شـت دەکڕیـت، زۆرجـار کارمەنـدەکان درۆت لەگـەڵ نـاکات چـون قازانجەکـەی بـۆ خـۆی ناگەڕێتـەوە، بـەڵام ئێسـتە ئەوانیشـیان فێـری درۆ کـردوە بەهـۆی ئـەوەی قازانجـی زیادیـان دەدەنـێ تـا مشـتەری ڕابکێشـێت، ئەوانیـش دەسـت دەکـەن بـە درۆ بـۆ ڕاکێشـانی مشــتەری، بــڕۆ خــوات لەگــەڵ ســبەی دەتبینمــەوە.
ڕۆژی دواتر
لـە دورەوە مـاری م دی، کۆفیەکـی سـەفەری بـە دەسـتەوە بـو سـەیری ئەمــلاو لای دەکــرد.
ڕۆبن: بەیانت باش ماری.
ماری: لەمە باشتر نابێت هەر لە بەیانیەوە لەگەڵ تۆدابم.
ڕۆبـن: لەگـەڵ منـدا نیـت بـە تەنهـا، وەرە بـا هەندێـك لـە هاوڕێکانمـت پـێ بنا سێمم:
١-ئەوە ماری مامۆستامە دەبینی بانگیان دەکات بۆ ئەوەی کۆببنەوە.
٢-ئــەو ئافرەتــە دەبینــی لــە ســوچەکەدا جامتــا پەمەییەکــە، ئــەوە سـﭬیتلانایە خەڵکـی ڕوسـیایە، ئافرەتێکـی زۆر چاکـە، مێردەکـەی هاوڕێمـە شـەو قسـەم لەگـەڵ کـردن و باسـی تـۆم بـۆ کـردن، سـﭬیتلانا پێـی خۆشـە

بتناسێت، هەرکە ناوی خۆت پێ وت ئیتر هەمو شت دەزانێت، شەوی ڕابردو باسی تۆم بۆ کردن.
وەرە جارێك با تکت بۆ هەردوکمان ببڕم، تۆ کارتی قوتابیت نییە، وایە؟
ماری: وازم لە خوێندن هێناوە هێشتا کارتی تەلەبایەتیەکەم دەخوات بۆ کارت بڕین، فەرمو.
ڕۆبن: بەڕێ دەکەوین، لە قتارەکەدا لە تەنیشت من دامەنیشە، بەرانبەرم بە، یان خۆت بکە بە هاوڕێی یەکێك لەوان، بە تایبەت سقیتلانا.
ماری: ئێستە بۆ کوێ دەڕۆین؟
ڕۆبن: بگرە ئەوە پلانەکەیە، دەچینە، Downing Street ۱۰ لای ماڵ سەرەك وەزیران، دواتر Beckingham palace لای ماڵ مەلیکەکە، دواتر دەچین بۆلای Big Ben سەعاتەکی لەندەن و سەیری London Eye چاوی لەندەن دەکەین و لە کۆتایدا دەچێن بۆ Museum مۆزەخانە، دەمەوێت گوێم لە مامۆستاو ڕێبەرەکە بێت تا سود لەم گەشتە ببینم.
ماری: خەمت نەبێت ڕۆبن، من چەندجار هاتوم پێشترو خۆم دەبمە ڕێبەرت هەرچی پرسیارت هەبو لە خۆمی بکە، ئەوان بە کورتی شەرحی دەکەن، من بە درێژی شەرحی دەکەم بۆت.
ڕۆبن: تەواو دادەبەزین و بە پێی دەچین بۆ لای ماڵ سەرەك وەزیران، دەزانی ماری لای ئێمە ماڵە سەرۆك و هەتا بەرپرسە ئاساییەکانیش ناهێڵن بەم شێوەیە نزیك ببینەوە.
ماری: ڕۆبن ئەمە ڕوکەشە دەرەوە تۆ ئاوا دەیبینی سادە، بەڵام لەناوەوە سەرت سوڕ دەمێنێت.

ڕۆبـن: دەزانـی کاردانـەوەی زۆر لەسـەر تۆنـی بلـەر دروسـت بـوەو خەڵکـی لێـی ناڕازیـە، نەدەبـو شـەڕی عێـراق بـکات، گوێـی بەکـەس نـەداو هـەر کـردی.
مـاری: ڕۆبـن ئەمانـە هەمـان خوێنـی هیتلـەرو زاڵمـە کۆنەکانیـان هـەر تێدایـە، دونیایـەك بانگەشـەی درۆ دەکـەن و دواتـر خوێنـی دونیـا دەڕێـژن و باجیـش لەسـەر ئێمـە زۆر دەکـەن و دوای سـاڵانێکی زۆر ئەوسـا دەڵێـن هەڵەبویـن ببـورن! ئـەوکات ببـورە چ سـودی هەیـە.
ڕۆبـن: لەبیـرم ناچێـت مـاری، کۆمەڵێـك ئافـرەت داوای چاوپێکەوتیـان کرد لەگـەڵ تۆنـی بلـەر پێـش ئـەوەی بـدات لـە عێـراق، چاوپێکەوتنەکـەم دی یەکێـك لـە ئافرەتـەکان وتـی: مـن کوڕێکـم لـە ١١ی سـێپتەمبەر کـوژراوە، دەردی کـوڕ کوشـتن دەزانـم چۆنـە، داوات لـێ دەکـەم سـەرۆك وەزیـران ئـەم شـەڕە مەکـە، چـون سـەدان دایـك وەك منـی لـێ دێـت!
مـاری: ئـەو قسـانە بـۆ کەسـێك دەبێـت بکرێـت کـە سـاحێب بەزەیـی بێـت، لـە شـەڕو کوشـتاری زۆری مێـژو تێرمـان نەخـوارد ئێسـتەش هـەر شـەڕو هـەر شـەڕ، ئێمـە ئێسـتەش ڕق و قینمـان لەگـەڵ ناوخـۆی خۆمانـداو ئەوروپیەکانـدا تـەواو نەبـوە ڕقـی شـەرقیش بێتـە سـەری.
ڕۆبـن: سـڤیتلانا بانگـت دەکات، بـڕۆ بـۆلای، حـەز دەکـەم پێکـەوە بـن، تـا لـە مۆزەخانەکـە دیسـان پێکـەوە قسـە دەکەیـن، منیـش دەڕۆم لەگـەڵ هەندێـك لـە برادەرەکانمـدا دەدوێـم.
مـاری: ناکرێـت نەچێـن بـۆ مۆزەخانەکـە، چـون ئـەوێ کاتـی زۆری دەوێـت، لەبـری ئـەوە بـۆ خۆمـان دوبـەدو پیاسـە دەکەیـن و دواتـر دەگەڕێینـەوە.
ڕۆبـن: ئەوەتـە سـڤیتلانا دەسـت ڕادەوەشـێنێت، بـڕۆ بـۆلای، سـەلام لـە مامۆسـتاکەشـم بکـە، سوپاسـی بکـە کـە ڕێگـەی دا، چـون منـی خـۆش دەوێـت گـەرنـا نەیدەهێشـت.

ماری: ئم، دەی باش، دواتر بەیەك دەگەینەوە.
ڕۆبن: سڤیتلانا چۆن بو لەگەڵت ئافرەتێکی زۆر چاکە، ٢ ساڵە دەیناسم، چەندجار ڕۆشتوم بۆماڵیان، تەبیعەتی ڕوسیەکان زیاتر لە ئێمەوە نزیکترە، زۆرتر کۆمەڵایەتین و تێکەڵیش دەبن.
ماری: زۆر ئاسودەبوم لەگەڵی، ستایلی جلەکەشمی زۆر بە دڵ بو!
ڕۆبن: ئەوە چییە ماری، ئافرەت هەر گەشتن بەیەك باسی جل دەکەن! لای ئێمەش هەروایە، ئافرەتەکان دەڵێی هەموی یەك مارکەن، من کە دەبینم قسە دەکەن وا دەزانم پلانی درێژو قوڵ دادەنێن، کەچی باسی جل و بەرگ و مەیکاپ دەکەن!
ماری: ڕۆبن دونیای ئافرەت تەواو جیاوازە لە پیاو، دەبێت ئەوە قبوڵ بکەیت، لای ئێمە جل و بەرگ و ڕواڵەت زۆر جێگەی بایەخە.
ڕۆبن: دەزانیت ماری من تێبینی ئەوەم کردوە لەم بەریتانیایە جل و بەرگ و شتومەکی ئافرەت بە گشتی گرانترە لە هی پیاو، تۆ بڵێی ئەقڵیەتی ئافرەتیان نەخوێندبێتەوەو بەپێی ئەوە سعریان دانابێت، وە دەشبینم بەردەوام بەشی ئافرەتان قەرەباڵغە هههە.
ماری: ئێمە ئەو هەمو کارە قورسە دەکەین و پارەکەش هەموی بەکرێ و پارەی ئاو و کارەباو غازو، زەریبەو، بیمەو شتێکیش بمێنێتەوە ئەوەندە مۆدیلات دێت ئەگەر بە ئیزافە ئیشکردن پاشەکەوتێك بکەین لەوەشدا ئەویش دادەنێین.
ڕۆبن: بەڵام دەشزانیت ماری هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا موچەی ئافرەت کەمترە لە هی پیاو!
ماری: ئیتر ئێمە کەس نییە دیفاعمان لێ بکات!
ڕۆبن: بۆ خۆ لای ئێمە دەڵێن ئافرەتی ئەوروپی زۆر زیرەکن و خۆیان دیفاع لە خۆیان دەکەن.

ماری: ئەم قیتارە کە ئێستە پێی هاتین قتاری ژێر زەوی خۆ دەزانیت؟
ڕۆبـن: بەڵـێ ئێجـگار زۆر هاتوچـۆی پــێ دەکــەم، بەشـێوەیەك ئێســتە نەخشـەم پێویسـت نییـە، هەمـو خەتەکانـم لەبـەر کـردوە، هـەر ئەوەنـدە بڵـێ فـڵان محەطـە یەکسـەر دەزانـم چ خەتێـك بـۆی دەچێـت!
مـاری: سـەدان دەسـدرێژی سێکسـی و گێچەڵـی سێکسـی تێـدا دەکرێـت، زۆری شـکات دەکات و تـازە ڕۆشـتوە فایـدەی نییـەو، زۆریشـی هـەر قسـە نـاکات چـون ئەوەنـدە زۆرە چارناکرێـت، ئافرەتەکانیـش دەترسـن زۆری.
ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری لـە ئێـران بەشـی ئافـرەت و پیـاو جیایـە لـە قطارەکانـی ژێـر زەویـدا، هەتـا لـە پاسەکانیشـدا، خـۆ مـن پشـتگیری سستمەکەیان ناکـەم بـەڵام پـاس و قطاری گشـتی بـەو شـێوەیان لێکردوە.
مـاری: کەواتـە لـە ڕوی ئیداریـەوە ئێـران بـە هێـزە کـە توانیویەتـی ئـەوە بـکات.
ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری شـتێکی تـرم کەوتـە یـاد، هەتـا سـعودیەش کـە ڕێگـە نـادەن ئافـرەت سـیاقە بـکات یـان بـە تەنهـا بڕواتـە دەرەوە لەبـەر ئەوەیـە ئافرەتـەکان پارێـزراو بـن، نـەوەك کـەس دەسـدرێژیان بکاتـە سـەر.
مـاری: ئـەی چـۆن دەکرێـت هـەر ئافرەتێـك و کەسێکی لەگـەڵ بێـت؟ ئـەم هەمـو بـۆدی گاردە لـە کـوێ دەهێنـن؟!
ڕۆبـن: مـاری وڵاتانـی شـەرقی وەك ئێـرە نییـە، ئافـرەت لـە ١٦ سـاڵ دەربکـەن ئافـرەت چاودێـری لـێ دەکرێـت و ناهێڵـن بکەونـە سـەر جـادەو بـە تەنهـا بژیـن، کەسـوکار بـەو ئەرکـە هەڵدەسـتن، دەبـن بـە بـۆدی کاردو پاسـەوانیان، پاسـەوانی راسـتی.
مـاری: ڕۆبـن گاڵتـەم لەگـەڵ مەکـە، لـە بەیانیـەوە لەگـەڵ سـڤیتلانا قسـە دەکەیـن ئەوانیـش وەك ئێمـە وان!
ڕۆبن: ڕاست دەکەیت من باسی ڕوسیام بۆ نەکردیت.

ماری: سەیرە، خۆزگە ئێمەش بەو شێوەیە پارێزگاریمان لێ بکرایە، کەسی خۆمان هەبوایە، نەك هەر شکات و پۆلیس، وەك وتم هەمو کەس شکات ناکات، وە شکات چاری هەموشی ناکات.
ڕۆبن: سوپاسی مامۆستاکەمت کرد؟
ماری: بەڵێ کردم، ئەویش وتی تۆ زۆر جوانی بەم جل و بەرگەوە.
ڕۆبن: ئەها مامۆستاش هەر باسی جل و بەرگ دەکات!
ماری: پیاوانی لای ئێمە ئەوانیش باسی جل و بەرگ دەکەن، بەس کەمتر لە ئێمە.
ڕۆبن: ژنانیەکان، ئەوانەی کە خۆیان دەکەن بە ئافرەت.
ماری: نا ڕۆبن ئەوانە زۆر کەمن، ئەسڵەن مەرغوب نین، با پێت بڵێم لەناو ئێمەدا زۆجار لاسبین و گەی وەك جوێن بەکار دێت ئەوەندە عەیبەیە.
ڕۆبن: ئەی بۆ دیفاعیان لێ دەکەن و یاسایان بۆ دەردەکەن کە لەیەك مارە ببڕێن!
ماری: سیاسیەکانی ئێمە گوێیان لەوە نییە کەسێك چ بەخۆی دەکات، کەسەکان دەبێت خۆیان ڕەحم بەخۆیان بکەن، نابێت هەر چاویان لە سەرەوە بێت.
ڕۆبن: زۆر شیکاریت بۆ نەکردم لە مۆزەخانەکە بۆ؟
ماری: مامۆستاکە قسەی دەکردو قەرەباڵغ بو، پێم خۆشە جارێکی تر دوبەدوبین بە ئیسراحەت و چاکتر لێك تێدەگەین.
ڕۆبن: دەزانیت ماری تۆ دەڵێی لەمن تێناگەیت! کە وتم ئێمە ناتوانین دوبەدوبین ئەوە مانای چییە؟
ماری: لای ئێمە زیاتر کاتێك ئەو دەستەواژانە بەکاردێنین کە دایك و باوك ڕێگەمان پێ نەدەن، ئەویش زیاتر لە منداڵیدایەو لە ترسی

سزا، یـان یاسـا ڕێگـەی نـەدات!
ڕۆبـن: نـا مـاری ئـەوەی ئێمـە زۆر قوڵتـرە، ئێمـە باوەڕمـان بـە خوایـەك هەیـە بـەردەوام کارەکانمـان ڕیکـۆرد دەکات، دواتـر ئەنجامەکـەی وەردەگرینـەوە، وتـت سـزا! بـۆ منـداڵ، لام سـەیر بـو! منـداڵ سـزا دەدرێـت لێـرە!
مـاری: ڕۆبـن دونیـای یاسـا شـتێکە، دونیـای حەقیقیـش شـتێکی تـرە، زۆرشـت یاسـا ڕێگـەی پێنەداوە، بـەڵام لە زەمینـەی واقعیـدا پێچەوانەکەی دەبینرێـت، جگـە لـەوە یاسـا هەرگیـز ناتوانێـت کۆنترۆڵـی هەمـو شـتەکان بـکات، منـداڵ لـە ماڵـەوە لەگـەڵ دایـك، یـان بـاوك، یـان هەردوکیـان بێـت، خـۆ حکومـەت پۆلیسـی بـۆ تەعیـن نەکـردون و چاودێریـان بـکات!
ڕۆبـن: دەزانـی مـاری گرنگـی دیـن و ڕەقابەتـی خوایـی لێـرەدا زۆر گرنگـە، کـە سـتەم لـە منـداڵ نەکەیـت بەبیانـوی دەسـتپێنەگەشـتن و لاوازی چاودێـری دونیایـی.
مـاری: ڕۆبـن تـۆ کەسـێکی هۆشـیار دیاریـت، هەندێـك لـە پرسـیارەکان گومانـم لا دروسـت دەکات، چـون لـە پرسـیاری تـۆ ناچێـت!
ڕۆبـن: تێدەگـەم چ دەڵێـی، پێـم خۆشـە مـاری بەم شـێوەیە لێـم تێدەگەیت، بـەڵام پێـم خۆشـە لـە زمانـی ئێـوەوە تەئکیدبـم لـەو پرسـیارانەش کـە خـۆم ئـاگام لێـی هەیـە، مـن دەزانـم چ دەگوزەرێـت لـە ژیانـی واقعیـدا، ئـاگام لـە هـەواڵ و ڕۆژنامـەکان هەیـە، حاڵەتـی وا نەخـوازراوم بەرچـاو کەوتـوە شـەرم دەکـەم باسـی بکـەم، لـە پەیوەنـدی نیـوان بـاوان و منداڵان هـەر لـە توندوتیـژی سێکسـی تـا دەگاتـە جەسـتەیی زۆر تونـد.
مـاری: هەرباشـە حکومـەت جەخـت لـەم لایەنـە دەکاتـەوەو یارمەتـی منـداڵ دەدات گەرنـا جگـە لـەوەی دامـودەزگا چاودێریـەکان بـۆ منـداڵ پـڕن لـە منداڵـی بـێ دایـك و بـاوك، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر لـە دایـك و بـاوك

منداڵەکانیـان هـەر بەخێـو نەدەکـرد.
ڕۆبـن: دەزانیـت مـاری ڕێـژەی مـردن لەنـاو منداڵانـی بـێ دایـك و باوکـدا زۆرتـرە وەك لـەوەی کەسـێك دایـك و باوکـی هەبێـت، ئـەم پەیوەندیانـەی کـە لێـرە هـەروا بـە ئاسـانی دروسـت دەبیـت دواتـر چەنـد مافـی منـداڵ پێشـل دەبێـت تێیـدا، نابینـی تـۆ ئێسـتە ئافرەتێکـی کاملێشـی هەسـتی نەقسـت هەیـە، نەقسـی دایـك و بـاوك، هەسـتی خۆشەویسـتیەکی دروسـت.
مـاری: هیـوادارم ڕۆبـن تـۆ ئـەو نەقسـانەم بـۆ پـڕ بکەیتـەوە، تـۆ دەڵێـی سـاحیریت! منـت بەشـێوەیەك هۆگـری خـۆت کـردوە چـاوم هیـچ نابینێـت تـۆ نەبێـت!
ڕۆبـن: مـن ئـەو نەقسـانەت بـۆ پـڕ دەکەمـەوە، دەمەوێـت پەیوەنـدی مـن و تـۆ لـەوە بەهێزتـر بێـت کـە لـە زهنـی تۆدایـە، سـیحریش مـاری لای ئێمـە شـتێکی زۆر خراپـە، مسـوڵمانیەتی کـە چەنـد گرنگـە لای ئێمـە، هەرکـەس هەتـا بچێتـە لای سـاحیر ئەگـەر باوەڕیشـی پێـی نەبێـت دەبێتـە هـۆکاری دوعـا قبـوڵ نەبونـی، وە گـەر بـاوەڕی پێـی هەبێـت لـە ئیسـلام پێـی دەچێتـە دەرەوە.
مـاری: دەنـا ئێمـە زۆرمـان باوەڕیشـمان پێـی هەیـەو دەشـچین بۆلایـان، وە پارەشـیان دەدەینێ!
ڕۆبـن: ئەمجـارە بەشـێوەیەك پرسـیار ناکـەم تـا بـە هەڵـە تێنەگـەن لێـم، مـن دەزانـم ئـەوەی ئێـوە چۆنـە، لەگـەڵ ئـەوەی ئێمـەدا جیـاوازی هەیـە، بـەڵام هەردوکـی یـەك ئامانـج دەپێکـن، بۆشـتی ڕون دەکەمـەوە: سـاحیرەکانی لای ئێمـەو ئەوانـەی لای ئێـوە هەردوکیـان ئامانجیـان پـارە پەیداکردنـەو خەڵـك لـە ڕێگـە لادانـە، کـە ئامانجەکـەی خۆشـیان لـە هەمـو کۆمەڵگەکانـدا دەپێکـن، لای ئێمـە سـودیان لـە دیـن وەرگرتـوە بـۆ خەڵەتاندنـی خەڵـك،

لای ئێـوەش لـە تەکنەلۆژیـا، بـەڵام کۆمەڵگـەی ئێمـەو هـی ئێـوەش ئـەوەی دەکەوێتـە داوی ئـەو سـاحیرانەوە ببـورە کـە دەڵێـم کەمـژەن!
مـاری: تـۆ بڵێـی کەمـژەن منیـش دەڵێـم گەمـژەن، چـون متمانـەی تـەواوم بـە قسـەکانت هەیـە.
ڕۆبـن: پێـم خۆشـە مـاری ئـەوە بزانـم متمانەکـەت لـە خۆشەویسـتیەوە سـەرچاوە دەگرێـت یـان هـەر بـاوەڕت بـە قسـەکانم هەیـە!
مـاری: ئەڵبـەت هەردوکـی گرنگـە، مـن تـۆم زۆر خـۆش دەوێـت، بـەڵام هـۆکاری خۆشەویسـتیەکەش وردی زۆر لـە قسـەکانتا دەبینـم، مـن یەکەمجـار تـۆم دی تەپوتـۆزت لـێ نیشـتبو بـە پاسـکیلێکی کۆنـەوە بیرکردنەوەیەکـی تـرم بـۆت هەبـو.
ڕۆبـن: شـتێکت خسـتە بیـرم، لای ئێمـە بەداخـەوە دەڵێـم هەندێـك کـەس بەچـاوی کـەم سـەیری هـەژار دەکـەن، تەنهـا بـە مەنـزەری دەرەوە بڕیـار دەدەن، دەڵێـی ئێـوەش وان!
مـاری: ڕۆبـن هەسـت دەکـەم تـۆ زۆر قـوڵ بیردەکەیتـەوە، پرسـیارگەلێك دەکەیـت وەڵامەکەشـی دەزانیـت، بـەڵام مـادام پێـت خۆشـە منیـش هـەر وەڵامـت دەدەمـەوە، دونیـای سـەرمایەداری ئێمەشـی والێکـردوە، ژیـان دەبینـی زۆر سـەختە، بۆیـە ئافرەتـەکان هـەردەم چاویـان لەوانەوەیـە کـە دەوڵەمەنـدن.
ڕۆبن: باشە تۆ دڵت لە چی من چوە؟ خۆ من هەژارم!
مـاری: یەکـەم ڕۆژ کـە سـەلامت لێکـردم پێـم خـۆش بـو زو بڕۆیـت و کاتەکـەم لەگـەڵ سـەگەکەدا بەسـەربەرم، دوای هەسـتم دەکـرد هێزێـك بـۆ تـۆ رامدەکێشـێت، وەك وتـم لەوانەیـە سـاحیریش بیـت!
ڕۆبـن: پێـم وایـە ئـەو مەودایـە کـە خراوەتـە نیـوان هـەژارو باقـی کۆمەڵگـەوە دەبێـت بچـوك بکرێتـەوە، هـەژاری دۆخێکـی ئابـوری کاتیـە،

دەکرێت مرۆڤ لە ژیانیدا چەندین جار دەوڵەمەند بێت و هەژاریش بێت، بەڵام خەسڵەتە پیسەکان دەبێت تەرك بکرێت، ئەوەی نە دەوڵەمەندی نە هەژاری ناتوانێت لایبەرێت.
ماری: ڕۆبن من ئافرەتم لە ئەوروپا دەژیم، پەروەردەکارێکم نەبوە وەك تۆ بە وردی بمدوێنێت، ئیستە ڕون بە لەگەڵم، بە ماناوە قسە مەکە، سادەتر بڵێ ئەو خەسڵەتانە مەبەستت چییە، لای من ڕون نییە!
ڕۆبن: لەبیرتە ماری وتم لە گەشتەکەدا وا خۆت نیشان مەدە کە تۆ گێڵ فرێندی من بیت، تا شەرمەزار نەبم و تۆش پێت ناخۆش بو، دواتر بۆم ڕونکردیتەوە مەسەلە درۆیە!
ماری: من قسەکانی تۆ دەنوسمەوە ئەوانەم هیچی لەبیر ناچێت کە باسمان کردوە!
ڕۆبن: سوپاست دەکەم گرنگە مرۆڤ بە ئاگایەوە هەنگاو بنێت، خەسڵەت مەبەستم بۆ نمونە درۆیە، دزیە، خیانەتە، بێ وەفاییە، لوت بەرزیە، ئێرەیی بردنە، زیان گەیاندنە بە بەرانبەر، چون ئەم خەسڵەتانە دەکریت لە دەوڵەمەندو لە هەژاریشدا هەبێت، یانی خودی دەوڵەمەندی یان هەژاری هیچکامیان نەنگی نییە گەر خەسڵەتی خراپی تێکەڵ نەکرێت.
ماری: تۆ وتت من هەژارم! بەڵام دەبینم زۆر دەوڵەمەندیت!
ڕۆبن: ئافەرین چەندم پێ خۆشە ئەوە دەڵێیت، ئێمە دەتوانیت هەردەم بە بیرکردنەوەکان دەوڵەمەند ببین، هەیە دەوڵەمەندە وەك مادە، بەڵام هەژاریش بەزەیی پێدا دێتەوە، چون تەنها مادەی زۆرە! بیرکردنەوە مرۆڤ دەگۆڕێت، گۆڕان مەبەستم بۆ چاکترو کامڵ بون، هەیە دەوڵەمەندە بۆ ئاستێکی زۆر نزم دادەبەزێت، ئەڵبەت بیری باش و دەوڵەمەندیش پێکەوە یەك بگرێت ئەوە نیعمەتێکە زۆر گەورە،

نابینـی هەیـە دەوڵەمەنـدەو یارمەتـی هـەژار زۆر دەدات نـەك فیزیـان بەسـەردا بـكات.
مـاری: تـۆ زۆر لـە خەمـی خەڵكدایـت، خەمـی هەموكـەس دەخۆیـت هـی خـۆت نەبێـت! تـۆ بـۆ ناتوانیـت منـت خـۆش بوێـت؟
ڕۆبـن: خەمـی تـۆ دەخـۆم وە تۆشـم زۆر خۆشـەدەوێت، هـەروەك چـۆن خەمـی گشـت ئافرەتـان دەخـۆم و خۆشـم دەوێـن، زۆرم پـێ خۆشـە خاوەنـی كەسـایەتی بەهێـزی خۆتـان بـن.
مـاری: یانـی كەسـێكیش پیربێـت هـەر خۆشـت دەویـت، هـەر لەبـەر ئـەوەی ئافرەتـە؟
ڕۆبـن: خستەوە یـادم، دەزانـی مـاری مـن زیاتـر لەگـەڵ پیـرەكان قسـە دەكـەم تـا گەنجـەكان، هـەر لـەو ڕێگـەی كـە بـە تـۆ گەشـتم یەكەمجـار، لەگـەڵ زۆر لـە پیـرەكان قسـەم دەكـرد كـە سـەگیان پـێ بـو، دانەیەكیـان ماوەیەكـە نابینـم لەوەیـە مردبێـت!
مـاری: سـەیرە، ئێمـە بێزمـان نایـەت ڕویـان بدەینـێ، ئـەوەش كـە دیـار نەبێـت دیـارە مـردوە یـان لـە نەخۆشـخانەیە.
ڕۆبـن: ئافرەتێكـی زۆرباش بـو، خۆزگـە پەیوەندیـەكان بـە جۆرێـك بوایـە بمتوانایـە سـەردانی بكـەم لـە نەخۆشـخانە، یـان ئەگـەر مردبێـت ئامـادەی ناشـتنی تەرمەكـەی ببوایـەم.
مـاری: تـۆ بەڕاسـت ئـەم قسـانە دەكەیـت؟ ئـەوە كـەی ئیشـی تۆیـە! كۆمپانـی هەیـە بـەوە هەڵدەسـتێت!
ڕۆبـن: مـاری چۆن ئیشـی مـن نییـە، لای ئێمە سـەردانی نەخۆش و ڕۆشـتن بـۆ سـەر قەبـران ئیشـی هەموكەسـە، ئەیچـۆن ئەوانـە لەوكاتـەدا زیاتـر پێویسـتیان بـە ئێمەیـە خـۆ نابێـت ئێمـەش خۆمانیـان لـێ ببورینیـن!
مـاری: ئـەم قسـانە لـە كتێبـدا دەری دەهێنیـت یـان لـە زەمینـەی واقعیـدا

بونـی هەیـە، باسـی چ سـەردەمێك دەكەیـت؟
ڕۆبـن: لـە كتێبـە پیرۆزەكانـی ئێمـەدا وەك دەق هاتـوە، وە لـە زەمینـەی واقعشـیدا ئێمـە هـەر ئێسـتە پەیـڕەوی دەكەیـن.
مـاری: ببـورە كـە دەڵێـم تـۆ چـی وایلێكردویـت ئێسـتە لـەم وڵاتـەدا بژیـت، كـە لای خۆتـان ئـەو بەهایانـە ئەوەنـدە بـەرزن.
ڕۆبـن: مـن وەك خـۆم ئامانجـم هەبـوە كـە هاتـوم بـۆ ئیـرە، بـۆ ئـەوە هاتـوم كـە بەهاگەلێكیـش لێـرە دەسـت دەكەوێـت و لای ئێمـە نیـە سـودمەندیان بـم، ئەڵبـەت هەشـە بـۆ ئـەوە هاتـوە تـا واز لـەو بەهـا جوانانـە بهێنێـت و لێـرە دوای ئافـرەت و كاری بەدڕەوشـتی بكەوێـت!
مـاری: حەزدەكـەم بزانـم چ لێـرە هەیـەو لای خۆتـان نییـە؟ وە بـۆ كوڕانـی ئێـوە دێـن بـۆ ئێـرە بـۆ ئافـرەت؟ لای خۆتـان ئافـرەت نییـە!
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە ئـەو خوێندنـەی لێـرە هەیـە لای خۆمـان نییـە، نابینـی مـن چەنـد بـە گرنگیـەوە دەخوێنـم، ئـەو كوڕانـەش كـە دێـن بـۆ ئێـرە بـۆ ئافـرەت ژیریـان بـەكار ناهێنـن، گەرنـا لای خۆمـان ئافـرەت زۆرەو ئافرەتەكانـی ئیمـە زۆر زۆر لـە ئێـوە باشـترو پاكتـرە!
مـاری: ڕۆبـن مـن ڕێـك دەمـرم بـۆ تـۆ تـۆش دەڵێـی پیـس! ئەمەیـە بۆیـە تـۆ منـت ناوێـت!
ڕۆبـن: ببـورە مـن بـە گشـتی قسـە دەكـەم، تـۆ نمونەیەكـی جوانیـت تـا ئێسـتە دیبێتـم، مـادام تـۆ گـوێ دەگریـت بـۆ قسـەو ئامـادەی گۆڕانكاریـت تێدایـە ئەوە باشـترین سیفەتە، جـا كە خەسـڵەتە جوانـەكان ڕەنگدەداتەوە لـە تـۆداو لەگـەڵ ئـەو جوانەیشـتدا ئیتـر وەسـف ناكرێـت، ئافرەتانـی ئێمـە نـە جگـەرە دەكێشـن، نـە كحـول دەخۆنـەوە، وە بـە كچـی دەمێننـەوە تـا شـو دەكـەن، دەزانـی ئـەوە مانـای چییـە؟
مـاری: چ هەسـتێكم پـێ دەدەیـت، خـۆم لـە خۆمـدا دەتوێمـەوە، ئێسـتە

هەست دەکەم خۆم خۆم نابینم تەنها تۆ دەبینم.
ڕۆبن: دەزانی ماری منیش هەمان هەستم هەیە بۆ قورئان، کە سەیری دەقەکانی دەکەم زۆر خۆمم لا بچوك دەبێتەوە.
ماری: ئەی خوایە گیان، نەمزانی ئەو کتێبە بەو شێوەیە، خۆ من بەرگێکم تێگرتوەو لەسەر تەلەفزیۆنەکە دامناوە، بۆ ئەوەی هەردەم چاوم لێی بێت و تۆم لەبیر بێت، چون دیاری تۆ بو!
ڕۆبن: نا ماری کارێکی چاکت نەکردوە، قورئان بۆ ئەوە نییە بەرگی تێبگریت و لە دورەوە سەیری بکەیت، هی ئەوەیە ڕۆژانە بیدرپیتەوەو سەیری بکەیت.
ماری: سەرەتا سەیرم دەکرد، دواتر وتم ڕۆبن هەیە جوانتر بۆم شی دەکاتەوە، چون هەندێکی لێی تێنەدەگەشم، لەبیرتە باسی هەندێك دەقم بۆ کردیت، خۆ جوانیش بون.
ڕۆبن: ڕاست دەکەیت، قورئان زۆر دەقی پێویستی بە وردەکاریە، ئەویش بە زانا دەکرێت، پەیوەندیت لەگەڵ سقیتلانا چۆنە، دەکرێت پێکەوە دیارەسەی قورئان بکەن، ئەو زیرەکەو لە مزگەوتیش حەلقەیان هەیە.
ماری: بەردەوام قسەی لەگەڵ دەکەم، هەم من هەواڵی تۆش لەو دەپرسم و هەمیش ئەو هەواڵی تۆ لەمن دەپرسێت! وتی خۆشم دەوێت!
ڕۆبن: ئێوە دەڵێی ئیشی ترتان نی یە، راستە من سقیتلانام زۆر خۆش دەوێت، ئافرەتێی زۆر باشە، زیرەك دەخوێنێت و ئاگای لە ماڵ و منداڵیش دەبێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بەرز ڕادەگرێت.
ماری: هههە تۆ هەزار جۆری خۆشەویستی دەناسیت، بەس خۆشەویستی من نەبێت!

ڕۆبن: خۆشەویستی من بۆ تۆ قوڵترە لەوەی تۆ، لەوەیە ئەمە بۆ تۆ قورسبێت تێگەشتنی، ژیان لە ژێر سستمی سەرمایەداری و تێکەڵبونی خۆشەویستی بە دونیای مادەگەریەوە کەمتر لە لایەنە رۆحیەکان تێدەگات، هەتا لای ئێمەش سەرەتایەك بۆ ئەم نا تێگەشتنە دروست بوە، هیوادارم هەڵەبم ئەوە ئێستە تازە موبایل ڕۆشتوەتە وڵاتی ئێمەوە خەڵکی لەبری سود هەموی یەکتری پێ بێزار دەکات!

ماری: خۆزگە بە دروستی لە تۆ تێدەگەشتم، من هەر رۆژەو بەجۆرێك خۆمت بۆ دەگۆڕم تۆ هەتا سەیری ناوچاوانیشم ناکەیت!

ڕۆبن: ئەوەیە کێشەکە ماری، من هەمورۆژ بە جلی نەجارپەوە دەگەڕێمەوەو ئەسڵەن جل و بەرگ زۆر بە کەمی گرنگی پێدەدەم، تۆش دەتەویت بە جل و بەرگ سەرنجم راکێشیت! ئاسانترین گۆڕین گۆڕینی جل و بەرگە، گۆڕینی هزرو باوەڕ گرنگە!

ماری: بۆ لای ئێوە گرنگی بە جل و بەرگ نادرێت؟!

ڕۆبن: بۆ نا زۆریش گرنگی پێدەدرێت، ئەڵبەت زیاتریش ئەوانە گرنگی پێ دەدەن کە فەراغی هزری و زانستیان هەیە، گەرنا هەردەم سادەکان خۆشەویستن!

ماری: دەکرێت ڕونتربیت، فەراغی هزری و زانستی چییە؟ مەبەست لە سادەکان کێن؟

ڕۆبن: وای دەبینم تا هزر بەتاڵ بێت لەگەڵ زانستدا گرنگی بە ڕوکەش دەدرێت، چون شتێکی تری نییە تا خۆی پێ دەرخات، بە لەش و لارو جل و بەرگ خۆی دەنوێنێت، سادەیش ئەوەیە ئاسایی خۆت لە چینی هەژار جیانەکەیتەوە، چون گرنگی جل ئەوەیە پاك و خاوێن بێت و داپۆشراوبێت نەك کوالەتی و مارکەکەی!

ماری: خۆزگە چەند نمونەیەکی ئافرەتانی ئێوەم دەدی تا بمزانایە

چۆنـن؟
ڕۆبـن: لای ئێمـەش وەك ئێرەیـە، تەنهـا نسـبەتەکان جیـاوازی هەیـە، پۆشتەی تـەواو هەیـە، وەك ئـەو هەمـو حیجابـەی لـە لەندەنـدا دەیبینیـت، هەشـە نیمچـە ڕوت وەك زۆرێـك لێرە کە دیـارن، تەنهـا زۆر موبالەغەکردنی تێـدا نییـە، ئەویـش هەسـت دەکـەم ئافرەتـەکان ئەوەیـان دەوێـت، بـەڵام کەلتـور ڕێگـرە نـەك دیـن، چـون داپۆشـراوێك کـە بـۆ خـوا بێـت دەبێـت تـەواو بێـت نـەك نیـوە بێـت!
مـاری: چـۆن دەزانیـت ئافرەتـەکان ئەوەیـان دەوێـت؟ خـۆ تـۆ لـەوێ ناژیـت!
ڕۆبـن: خوێندنـەوەم بـۆ ئـەوێ وای دەبینـم، هەسـت دەکـەم ئافرەتەکانـی ئێمـەش فەراغیـان زۆرە، لێـرە بـە سـەگ زۆرجـار ئـەو فەراغە پـڕ دەکەنەوە لای ئێمـەش بـەو خـۆ نواندنـە!
مـاری: ڕۆبـن دڵەکـەم تـۆ ئـەوە قبـوڵ بکـە سروشـتی ئافـرەت حـەزی بـە دەرخسـتنی جوانیەکانیەتـی.
ڕۆبـن: باشـە مـاری بـۆ تـۆ جوانـی تەنهـا لـە لـەش و لارو دەرخسـتنیدا دەبینیـت، زۆر ئافـرەت هەیـە مـن هـەر جەستەشـیم نەدیـوەو جوانیەکانیشـم دیـوە!
ماری: ئەوە چ دەڵێی ڕۆبن! شتی وا چۆن دەبێت؟
ڕۆبـن: بـۆ نابێـت، چەندیـن کتێبـی ئافرەتـم خوێندوەتـەوە ئەسـڵەن هـەر لـە ژیانیشـدا نەمـاون و جوانیەکانـی لـە هـزرو بیرۆکەکانیانـدا دەرکەوتـوە لـە کتێبەکـەدا!
مـاری: ڕۆبـن چەنـد تـۆم خۆشـدەوێت زۆرجـار واملێدەکەیـت بەقـەدەر ئـەوە رقـم لـە خـۆم بێـت!
ڕۆبـن: نـا دەبێـت ئەسـڵەن تـۆ زۆر خـۆت خـۆش بوێـت، خـۆت خـۆت

خۆشنەویت و پارێزگاری لە خۆت نەکەیت کەسیش خۆشی ناوێیت لە کۆتایدا!
ماری: ناکرێت ڕونتر قسە بکەیت؟
ڕۆبن: دەبێت هزرو زانستت دەوڵەمەند بکەیت، لەش و لار هەم ناشرین و هەمیش پیر دەبێت، جگە لەوەی پیاو زو تێری لێ دەخوات و جوانتر دەبینێت ئەم جێدەهێڵێت، بەڵام هزرو زانست هەردەم بە گەنجی دەمێنێتەوە، من ئافرەتی وا دەناسم پیرەو لە ڕوی جەستەییەوە داڕوخاوە، بەڵام وشەکانی بە پارە دەکڕدرێت!
ماری: هەست دەکەم خەریکە خۆم دەدۆزمەوە، کە لەلای تۆ دەبم بۆ ئاسمان دەفڕم!
ڕۆبن: ئەوەم چەند پێخۆشە، کە فێری فڕین بیت!
ماری: کە پێم خۆشە، وشەکانم دڵخۆشت بکەن!
ڕۆبن: ئافرەت پێویستە فێری فڕین بێت، تا کە دەستی پیس درێژ بو بۆی بفڕێت، بفڕێت کەس نەتوانێت دەستی بگاتێ!
ماری: بەڵێن دەدەم ڕۆبن، بەڵێن بەڵێن نەهێڵم دەستی کەسم بگاتێ دەستی تۆ نەبێت، بۆ خەڵکی بدەم لە شەقەی باڵ و بۆ تۆ باڵم ڕابخەم و بیکەم بە سەرین بۆت!
ڕۆبن: دەبێت بۆ منیش بدەیت لە شەقەی باڵ، چون من و تۆ هیچ گرێبەستێك لە نیوانماندا نییە، کاتێك ئەو باڵە ڕابخە بۆ یەکێك بەرپرسیاریەتیت بگرێتە ئەستۆ!
ماری: لە ژیانمدا کەس وەك تۆ بەم شێوە نەیدواندوم، هەمو قسەکانی ئێمە تەنها لە سنورێکی دیاری کراودایە، بەڵام تۆ زۆر سنور تێدەپەڕێنیت.
ڕۆبن: مرۆڤ زۆر کائینکی گەورەیە، بەڵام بەداخەوە خۆمان خۆمان

بچـوك دەكەینـەوە، لەبـری توانـا مرۆییـەكان توانـا ئاژەڵیـەكان بـرەو پێدەدەیـن!
مـاری: (گریـا) تەزیـن بـە لەشـمدا دێـت، مـن لـە چ ژیانێكـم و تـۆ چیـم بـۆ بـاس دەكەیـت، هەرچـی پیـاو دەبینـم سـەیری سـمت و مەمكـم دەكـەن! وامدەزانـی تـۆش لەوانەیـت! هەسـتم بـۆ تـۆ جیـاواز دەبێـت.
ڕۆبـن: مـن درۆت لەگـەڵ ناكـەم مـاری، سـوێند دەخـۆم بەخـوای خـۆم مـن تـۆم خـۆش دەوێـت، خۆشویسـتنێك هیـچ غەریزەیەكـی جنسـی تێكـەڵ نەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا تـۆ هـەر دەبێـت فڕیـن بزانیـن، گـەر ویسـتم شـتێك بكـەم تـۆ بدەیـت لـە شـەقەی بـاڵ.
ماری: من چۆن سوپاسی تۆ بكەم؟
ڕۆبـن: هیـچ سوپاسـی مـن مەكـە، سوپاسـی خواكـەی مـن بكـە، گـەر ئـەو ویسـتی لەسـەر نەبوایـە هـەردوای سـەلامی یەكـەم ڕۆژ، ئیتـر یەكترمـان نەدەدیـەوە، ئێسـتە تـۆ هـەر لەگـەڵ سـەگەكەت بویـت و منیـش لەبـری تـۆ لەگـەڵ پیرەكانـدا قسـەم دەكـرد.
ماری: ئێستە ئەم خۆشەویستیە دەتوانین چ ناوێكی لێ بنێین!
ڕۆبن: خۆشەویستی ڕاستی و پڕ وەفایی.
ماری: ناتوانم باوەڕت پێ نەكەم، بەڵێنیش دەدەم بە وەفابم.
ڕۆبـن: مـن بـە بـڕای خـۆت قبـوڵ بكـە، لـەم ماوەیـەدا سـەفەر دەكـەم ٢ مانگـم پـێ دەچێـت، هیـوادارم فەراغەكانـت لەگـەڵ سـقیتلانا پـڕ بكەیتـەوە.
مـاری: وای چەنـد هۆگـری تـۆم، دوریـت سـەخت دەبێـت بـۆم، مـن كـە خوشـكت بـم ناكرێـت لەگـەڵ خۆتـم بەریـت.
ڕۆبـن: ناكرێـت سـەفەركەی مـن بـۆ كوردسـتانە، مەتـار نییـە بۆ كوردسـتان ڕاسـتەوخۆو، بـۆ تـۆ گونجـاو نابێـت، جگـە لـەوەی سـەفەری تـۆ لەگـەڵ

مـن نەگونجـاوە خەڵـك لەمـە تێنـاگات.
مـاری: جلێکـی خۆتـم بـە دیـاری بـدەرێ، نامەوێـت بۆنـی براکـەم لـێ ببڕێـت.
ڕۆبـن: بگـرە ئـەم قەڵەمـەت بـە دیـاری دەدەمێ،لەبیـرت بێـت قورئانەکـە زیاتـر بخوێنـەرەوە چیتـر مـن نامێنـم زیاتـر قسـەت بـۆ بکـەم!
مـاری: لـەو ڕۆژەوەی کـە داوات کـرد بیخوێنمـەوە هـەر ڕۆژ شـتێکی لـێ دەخوێنمـەوە!
ڕۆبـن: ئیتـر مـن بەجێـت دەهێڵـم تـا دو مانگـی تـر یـەك نابینینـەوە، بـە نیـازی دیـدار.
مـاری: خـۆ ئێسـتە دەتوانـم بـە تونـدی باوەشـت پێـدا بکـەم، چـون تـۆ بـرای منیـت و غەریـزەی تێکـەڵ نییـە وایـە!
ڕۆبـن: نـا ئـەوە هـەر ڕێگـە پێنـەدراوە، مـن زۆر خوشـکم هەیـەو ناتوانیـن ئـەو کارەش بکەیـن، دەربڕینەکـەو بـە وەفـای بـۆ وەتـەکان لـە بەرکەوتنـە فیزیکیـەکان بەهێزتـرە.
ماری: بوەست با وێنەیەکت بگرم و بیخەمە سەر شاشەکە!
ڕۆبـن: نـا ئـەوەش مەکـە نـەوەك کەسـێك بێتـە ژیانتـەوەو دواتـر ئـەوەی قبـوڵ نەبێـت، مـن وێنـەی تـۆم نەگرتـوە تـۆش هـی مـن مەگـرە، تەنهـا لـە زهنتـدا بمپارێـزە، مەبەسـتم وشـەکانم بپارێـزە.
ماری: بۆ ئەسڵەن دەتوانم ئەو دڵسۆزیانەت لەیاد بکەم! دەتبینمەوە!

## دوای ٢ مانگ و گەڕانەوە لە سەفەر

تەلەفۆنـە: جرِجرِجـرِ، بەڵـێ فەرمـو؟ دەتوانـم لەگـەڵ عومـەر عەلـی قسـە بکـەم، بەڵـێ بـۆ خـۆم عومـەر عەلـی م کێـم لەگەڵـە؟

کارمەنـد: مـن لـە نەخۆشـخانەی Hillingdon Hospital قسـەت لەگـەڵ دەکـەم، خوشـکی ئێـوە لـە خەستەخانەیە لـە فۆڕمەکەیـدا ئێوەی نوسـیوە بـە Next of Kin دۆخـی خراپـەو داوای بینینـی تـۆ دەکات.

عومـەر عەلـی: هـەر ئێسـتە دێـم پاسـی U٤ دێـت بۆ ئـەوێ نیـو کاتژمێرێکم دەوێت، سوپاس Bye Bye for now

ڕۆشتنە ژورەوە بـۆ پێشـوازی، مـن عومـەر عەلـی م هاتـوم خوشکم ببینـم پێـش نیـو کاتژمیـر تەلەفۆنـم بـۆ هـات.

مارمەنـد: لـە شـوێنم وەرە، ئەوەتـا دەبینـی لەسـەر ئـەو قەرەوێلـە لـەو سـوچەدا فەرمـو!

مـاری: وەی خوایـە ئـەوە منـم تـۆ دەبینمـەوە، تـۆ باشـیت براکـەم، بـۆ وا بـۆر بویـت؟

ڕۆبـن: مـن زۆر باشـم، کوردسـتان گـەرم بـو، منیـش تامـەزرۆی خـۆر بـوم، هەرچـی دەیانگـوت مـەڕۆ بەرخـۆر، بـەس مـن هـەر حـەزم پێدەکـرد.

مـاری: هەسـت بـە جیـاوازی ناکەیـت لـە منـدا؟ یـان باشـترە بڵێـم لـە خوشـکەکەتدا؟

ڕۆبـن: جـارێ مـن پرسـیاری تـرم لا گەڵاڵـە بـوە، تۆ چـۆن ژمارەو ئەدرەسـت و نـاوی منـت زانیـوە، تـا لە خەسـتەخانە من بـە Next of Kin بنوسـیت؟

ماری: کە کتێبەکانت پێدام لەبیرتە؟

ڕۆبن: بەڵێ قورئانەکەو چەند کتێبێك بو.

مـاری: لـە نێـوان یەکێـك لـە کتێبەکانـدا فاتورەیەکـی تەلەفۆنـی تێدابـو،

هـەم عینوانەکـەو هەمیـش نـاوی تـەواوی لەسـەر بـو، واو ئـەو هەمـو ژمـارە چـی بـو تەلەفۆنـت بـۆ کردبـون، ٨٥ پاوەنـد پـارەی مانگێکـت بـۆ هاتبویـەوە هههـە.
ڕۆبـن: بـۆ ئێسـتەش مەحکەمـەم پێناکەیـت لەسـەر ژمـارەکان، هەمـوی دۆسـت و ئەحبابـەو خۆشەویسـتی منـن هەمویـان، ٨٥ پاوەنـد چـی یـە؟ بـۆ دۆسـتان نەبێـت!.
مـاری: لـە سـنگمدا لویـەك دەرچـوە پێدەچێـت نەشـتەرگەریم بـۆ بکـەن، وتیـان دەبێـت کەسـێك ئیمـزای بـکات، منیـش لەتـۆ نزیکتـرم نییـە.
ڕۆبـن: چاکـت کـرد، لای ئێمـە سـەردانی نەخـۆش واجبـە، وە بـۆ تـۆ کـە خوشـکمیت ئـەوە ئیتـر ئەرکیشـە.
مـاری: ئـەوە دکتۆرەکەیـە دەبینیـت ئـەو کەمێکـی تـر دەمبەنـەوە بـۆ فەحسـی کۆتـای پێـش نەشـتەرگەری.
ڕۆبـن: ئـەو دکتـۆرە پیـاوە، مـاری کـە بردیتیـان بـۆ فەحسـی سـنگت، داوا بکـە بـا دکتۆرێکـی ئافـرەت بێـت بـۆ ئـەوەی پیـاو سـنگت نەبینێـت!
مـاری: براکـەم چەنـد وردەو لـە خەمـی خوشـکەکەیدایە، ئـەی ئەگـەر ئافـرەت نەبـو ئەوسـا چـی؟
ڕۆبـن: ئەگـەر نەبـو ئـەوە ناچاریـەو ئاسـاییە، بـەڵام دەبێـت بـە پێـی پێویسـت سـنگت دەربخرێـت زیـادە ڕەوی تێـدا نەبێـت، چـون لـە شـەریعەدا بـەو شـێوەیە هاتـوە.
مـاری: تـۆ هەسـت بـە هیـچ جیـاوازی ناکەیـت لـە منـدا؟ جـوان سـەیرم بکـە خـۆ مـن ئیتـر خوشـکی تـۆم!
ڕۆبـن: هههـە ئـەم سەرپۆشـە چـی یـە؟ بەسـەرتەوە! خۆمـن هـەر تێبینـم نەکـرد، چـون لـە کوردسـتان بـوم و لەنـاو کەسـوکارم بـوم هەمـوی سـەرپۆش بەسـەربون لام ئاسـایی بـو!

ماری: ئەم سەرپۆشە دیاری سڤیتلانایە، من ئێستە مسوڵمانم و لە مزگەوتی Central Mosque مسوڵمان بوم، تۆ بۆ پێشتر پێت نەدەوتم دەتوانم سوڵمانبم، من وامدەزانی ناتوانم مسوڵمان بم و دینەکەتان تایبەتە!
ڕۆبن: من نەمدەویست زەخت بێت لەسەرت، دەمویست بە قەناعەتەوە بیت، دینی ئیسلامیش گشتی یە بۆ هەموکەسە.
ماری: سڤیتلانا کەسێکی چاکیشی بۆ دۆزیومەتەوە وتم دەبێت ڕەئی براکەم بزانم!
ڕۆبن: زۆرم پێخۆشە، مادام هەڵبژاردەی سڤیتلانا بێت منیش بە دڵم دەبێت.
ماری: خەڵکی ئەندەنوسیایە دکتۆریشە.
ڕۆبن: ئەندەنوسیەکان چاکن و دکتۆریش بێت حەتمەن تێگەشتوە.
ماری: باش گەر گەشتینە ئەنجام دەبێت تۆ وەلی ئەمرم بیت، چون من جگە لە تۆ کەسم نییە.
ڕۆبن: تۆ ئێستە برات مسۆگەر کردو مێردیش مسۆگەرە، من ناوم گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆو بەم نزیکانە دەستپێدەکەم و لە لەندەن نامێنم.
ماری: ئەوە دکتۆرەکە هات تۆش لەگەڵم وەرە.
ڕۆبن: منیش لەگەڵت دێمە ژورەوە، بەڵام نابێت منیش سنگت ببینم.
ماری: بەڕاست براش هەر نابێت سنگی خوشکەکەی ببینێت؟
ڕۆبن: نەخێر نابێت براو خوشك لە تەمەنی ١٠ ساڵیەوە دەبیت جێگەیان جیا بکەنەوەو ئەندامە هەستیارەکانی یەکتریش نەبینن.
ماری: من ئیتر مسوڵمانم، هەرچی شەرع بێت قبوڵمە.

---

مـاری لــه خســتەخانە دەرچــو، بەبــی نەشــتەرگەری، ئینتیهاباتــی زۆری ســنگ بــو بــە Antibiotics چارەســەربو.

---

دوای مانگێك، ڕۆشتمە زانکۆو دەستم بە خوێندن کرد.

---

دوای مانگێـك لـە خوێنـدن مـاری لـە ماڵـی سـڤیتلاناوە تەلەفۆنیـان کـرد لەگـەڵ کـوڕە ئەندەنوسـیەکەو ڕێکەوتـن لەسـەر زەواجەکـە، بەداخــەوە بەهـۆی سـەفەری حەجـەوە نەمتوانـی بەشـداری مارەبڕینەکـە ببـم.

---

مـاری دەسـتی بەخوێنـدن کـردو ئێسـتە دکتۆرەیـە، ئیختصاصـی Breast cancer یـە سـەرەتانی مەمـك، بیرۆکەکەشـی لـەوەوە بۆهـات کـە مـن وتـم نابێـت پیـاو سـنگت ببینێـت، وتـی بۆیـە ئـەو بەشـەم هەڵبـژاردوە تـا یارمەتـی ئافرەتـەکان بـدەم.

---

کچ و کوڕێکی هەیە ئێستە بەناوی عومەر و سومەییە.

---

لە پایتەختی ئەندەنوسیایە ئێستە لە جاکارتا Jakarta.

---

بەینـاو بەیـن ئاگامـان لەیـەك دەبێـت، کۆتـا نامـەی کاتـی حادیسـەکەی نیوزیلەنـدا بـو.

(ڕۆبن و ناتاشا تا مسوڵمانبوونی)

## دەروازە

ژیانی دونیا پێدراوێکی خواییە بۆ تاقیکردنەوە، لە گشت دۆخەکاندا نابێت ئەوە لەبیر بکەیت کە تۆ لە هۆڵی تاقیکردنەوەدایت، پێچەوانەی تاقیکردنەوە دونیاییەکان، لە دونیادا تاقیکردنەوە کاتەکەی دیاری کراوە، بەڵام تاقیکردنەوەی خوایی دیاری کراو نییە، نازانیت کەی کۆتایی پێدێت، هەیە ئاسایی کاتەکان تێدەپەڕێنێت و دەڵێ: کە پیربوم دەگەڕێمەوە! هەروەك تەلەبە تەمەبەڵەکان کە سەعی ناکەن تا ئەو کاتەی دەڵێن سبەی تاقیکردنەوەیە، هەشە لەناو هۆڵی تاقیکردنەوەکەشدا جموجوڵ و فیشقیاتی زۆر دەکات، ئەوانەش ئەو قوتابیانەن کە نەك مامۆستاکان بەڵکو قوتابیەکانیش لێیان بێزارن، ناوبانگی باشیان نییە، جگە لەوەی ئایندەی باشیشیان نییە.
بیهێنەرە بەرچاوی خۆت کە تۆ لە هۆڵی تاقیکردنەوەدایت! مامۆستا بڵێ: بە زویی وەڵام بدەنەوە! چون هەرکات بمەوێت کۆتایی بە تاقیکردنەوەکە دەهێنم، ئەوکات ئەگەر قوتابی ژیر بێت، چرکەش بە فیڕۆ نادات، هەوڵ دەدات بە خێرایی هەرچی پرسیارە وەڵامی بداتەوە، چون کات کوشتن و فیشقیات و جموجوڵ لە بەرژەوەندی ئەودا نییە.
تاقیکردنەوەی قیامەتیش هەروایە! نا بەو شێوەیەش نییە، بەڵکو جیاوازیەکی هەیە! خۆشبەختانە جیاوازیەکەی لە بەرژەوەندی ئێمەدایە!
حەز دەکەم لێرەدا بوەستیت! بەڵێ بوەستە! یەك خولەك بیربکەرەوە بزان جیاوازی تاقیکردنەوەی دونیای و تاقیکردنەوەی خوایی چی یە؟... سەیری خوارەوە مەکە، وەڵامەکەی خۆت لەگەڵ خوارەوەدا

بەراورد بکە!
ئەمەش وەڵامەکەیەتی:
تاقیکردنەوەی دونیای پرسیارەکان نەزانراوە.
تاقیکردنەوەی خوایی پرسیارەکانی زانراوە.
کەواتە لە بەرژەوەندیدایە، ئەوەی ئەم چیرۆکانە دەخوێنێتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشداری تاقیکردنەوەی دونیای کردوە، چەند دڵخۆش بوە ڕۆژێك لە ڕۆژان مامۆستا لە کاتی وانەدا یان پێش تاقیکردنەوە ئەگەر بە ئاماژەش بێت ئاماژەی بە پرسیارێك کردبێت کە گرنگە بۆ تاقیکردنەوە.
لەبیرمە لە پۆلدا مامۆستا کە ئاماژەیەکی لەو شێوەی بکردایە لە سوچێکی کتێبەکەدا دەمنوسی گرنگە بۆ تاقیکردنەوە، زۆرجار سوچێکی کتێبەکەشم دەنوقاند بەناو کتێبەکەدا بۆ ئەوەی لەبیرم بێت.
ئەگەر قوتابی هەمو پرسیارەکان بزانێت و دواتر دەرنەچێت، دەبێت خوێندنەوەی خەڵکی بۆ ئەو قوتابیە یان هەتا بیانوی خۆشی چی بێت! باوەڕناکەم لۆژکیەن کەس پشتگیری بکات، هەموی دەڵێت: ئەگەر تۆزێك مێشکت هەبوایە دەردەچویت! حەتمەن کەمتەرخەمبویت! تۆ چ جۆرە قوتابیەکیت پرسیارەکانیشان پێداویت کەچی هێشتا کەوتیت! بەڕاستی تۆ شایەنی هیچ نیت!
لە گوندەکاندا بۆ قوتابی تەمبەڵ دەڵێن: بەخوا هەر بۆ شوانی باشیت! باوکم زۆرجار بە هەندێك لە سیاسیەکان دەڵێ: بەخوا من بە شوانیش نایانگرم.
لەوەیە بڵێی ئەم باسە چ پەیوەندی بەم باسەوە هەیە؟ بەڵام هەیەتی، زۆریش هەیەتی...

زۆرجـار ئێمـە بـۆ ڕاكـردن لـە دەسـت ژیـان بـەدوای سـەرابدا دەگەڕێیـن، خـوای گـەورەش دەیخاتـە پێـش چاومـان كـە ئێمـە بـە ناڕەحەتـی لـە دایـك بویـن و بەردەوامیشـی دەبێـت، چـون جێگـەی ژیانـی حەقیقـی دونیـا نـی یـە.
لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ) - البلد (٤)
بەڕاسـتیی ئێمـە ئادەمیزادمـان بـە شـێوەیەك خولّقانـدووە، كـە بـەردەوام لـە هەوڵـدان و زەحمـەت و مەینەتـدا بێـت.
وَمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَهۡوٞ وَلَعِبٞۚ وَإِنَّ ٱلـدَّارَ ٱلۡأٓخِـرَةَ لَهِـيَ ٱلۡحَيَـوَانُۚ لَـوۡ كَانانُـواْ يَعۡلَمُـونَ)  (العنكبـوت ٦٤)
ژیانـی ئـەم دنیایـە جگـە لـە گەمـە و گاڵتـە و یـاری شـتێكی تـر نیـە... (واتـە بـێ نرخـە و ئـەوە نـاژی خەڵكـی ئـاوا پەلامـاری دەدەن و سـتەم لـە پێناویـدا دەكـەن) بەڕاسـتی ماڵـی قیامەتیـش و ژیانـی نـاو بەهەشـت، هـەر ئـەوە ژیانـە (شایسـتەی ئەوەیـە كـە ئادەمیـزاد هـەوڵ و كۆششـی بـۆ بـدات)، ئەگـەر بیانزانیایـە و تێبگەیشـتنایە.
بـۆ ئـەوەی لـە تاقیكردنـەوە دونیاییـەكان سـەركەوتن بـە دەسـت بهێنیـت، دەبێـت هەوڵـی زۆر بدەیـت، بـۆ ئـەوەی لـە تاقیكردنـەوە قیامەتیەكانیـش سـەربكەویت دەبێـت هـەوڵ بدەیـت، سـەركەوتنی حەقیقیـش ئـەو سـەركەوتنەیە كـە هەمیشـەیی بێـت، ئەویـش بـە گوێڕایەڵـی خـوای گـەورەو پێغەمبەرەكـەی محمـد درودی خـوای لەسـەر بێـت دەبێـت.
(وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا) (الأحزاب ٧١)
گوێڕایەڵـی و هەسـتكردن بـەو چاودێریـە ژیانـی تێدایـە، ژیانێكـی حەقیقـی، وات لـێ دەكات وەك مـرۆڤ مامەڵـە بكەیـت، نابینـی لـە جێگەیەكدا كامیـرا دەبینیـن چـۆن خۆمـان ڕێـك و پێـك دەكەیـن، زۆرجـار بـە خێرایـی شـێتانە سـەیارە لێدەخوڕێـن! كـە كامیراكەمـان بینـی دەبیـن

بـه مـرۆڤ، هێواشـی دەکەینـەوە بـە جۆرێـك گـەر توشـی ڕوداوێکیـش ببیـن زیانەکـەی زۆر کـەم بێـت، گـەر پێـش کامێراکـە پێکدادانێـك ببێـت کارەسـاتی گـەورە دەخولقێنێـت، کەناڵـەکان ژورێکیـان هەیـە بـۆ چاککردن و ڕێکوپێـك کردنـی کارمەنـدەکان، بـۆ ئـەوەی کـە ڕۆشـتنە بـەردەم کامێـرا بـە جوانـی دەرکـەون، بـۆ؟ چـون خەڵکـی دەیـان بینێـت! ژیـان چەنـد جـوان دەبێـت گـەر هەسـتی ئـەو چاودێریـە بـەردەوام هەبێـت!

لـە ژورە تاریکـەکان و لـە پشـت کامێـراوە زۆر شـت بـۆ مرۆڤـەکان ڕێدەکەوێـت، گـەر هەسـتی ئـەو چاودێریـە نەبێـت مـرۆڤ لـە مـرۆڤ بونـەوە دادەبەزێـت بـۆ ئاسـتێکی زۆر نـزم، بەڵـێ زۆر نـزم، نزمتـر لـە مرۆڤیـش؟ نەخێـر نزمتـر لـە ئاژەڵێـش!

(أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ) (الأعراف ١٧٩)

نابینـی کەسانێك بـە دزیـەو کارگەلێـك کـە دەکـەن و دواتـر ئاشـکرا دەبێت چـۆن توشـی شـۆك دەبیـن، دیومـە زۆر بـە بەزەیـی و ڕۆح سـوك، بـەڵام بـۆ ئـەو کارە داوای سـزایەکی کـردوە بـۆ بکەرەکانـی زۆر سـەختتر لـە سـزا یاسایی و شـەرعیەکانیش.

مرۆڤبـون جێگـەی ڕێـزە لای خـوای گـەورە، یاسـا قورئانیەکانیـش داوای مومارەسـەی ئـەو مرۆڤبونـەی کـردوە لێمـان، کـە لـە یاسـاکان لامانـدا بـۆ ئاسـتی خـوار ئـاژەڵ دادەبەزیـن.

کەواتـە ئـەوە خۆمانیـن خۆمـان دادەبەزێنیـن، خـوای گـەورە کەرەسـتەی بەرزبونـەوەی هـەم پێداویـن و هەمیـش ڕینومـی کردویـن بـۆ سـەری، وە زۆرجـار بـە لۆژیکـی بەراوردکارانـە دەشـیخاتە پێـش چاومـان کـە ئایـا ئـەوەو ئـەوە وەك یـەك وایـە؟ تـا بیـر بکەینـەوە!

(هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) (الزمر ٩)

بێگومانیـش کـە یەکسـان نیـن، جـا زانسـتیش ئەوەنـدەی بـە خوێنـدن

بەرهەم دێت زیاتر لەوە بە بیرکردنەوە، نابینی لە وڵاتانی خەوتو وەك دەق دەقەکان لەبەر دەکەن! بەڵام تێگەشتنیان نییە لەگەڵ دەقەکاندا، بۆیە زۆرجار لە تێگەشتنی دەقەکاندا کێشە دروست دەبێت، یان لە ئامانجی دەقەکاندا.

لە قورئاندا دەقێك نییە ناوی هیچ جۆرە موخەدەراتێکی تێدا بێت و باسی حەرامی بکات، بەڵام لە حەرامێتی مەشروباتی سەرخۆشکەرو ئامانج تێیدا ئەوە ڕون بوەتەوە هەرچی زیان بە ژیری مرۆڤەکان بگەیەنێت نەك حەرامە ڕوخاندنی پایەیەکی گەورەی قورئانیە، چون قورئان ٥ پایەی سەرەکی بۆ ژیان و ڕێکخستنی مرۆڤەکان کێشاوە، کە ئەوانیش پاراستنی: دین، جەستە، ژیری، وەچە، ماڵ، کە بەناوبانگن بە (المقاصد الخمس) وەیان (کلیات الخمس)[1] .

بۆیە لە دینی ڕاستی ئیسلامدا بیرکردنەوەو ئەقڵ جوڵان و بەراوردکاری ڕۆحی شەریعەتە، ئەمڕۆ کەسانێك ئەو هێزانە لەناو تەیارە دینیەکاندا لە کاریان خستوە، هەروەك چۆن کەسانێکی تریش کردویانە بە بیانوی بۆ خۆلادان لە تاقیکردنەوەکە.

مرۆڤ پێویستە بیربکاتەوەو داهێنان بکات، نەك بیربکاتەوە تا خۆی لە بازنەیەکدا هەردەم بخولێنێتەوەو پرسیار بەدوای پرسیاردا هەر نەگات بە ناوەرۆك و حەقیقەت، ئەوەی کێشەی منە لەگەڵ ئەوانەی بەناوی تازەگەریەوە یان فەلسەوە قسە دەکەن ئەوەیە هەردەم گومان بڵاو دەکەنەوە، هەروەك چۆن خۆشیان لە گوماندا دەژین، دینیش ئەوەی گرنگە بۆ کایەی ژیان لە شێوەی یەقین، دڵنیایی چەسپاندویەتی، هەتا شتێك کە گومانێکی چکۆلەشی لەسەر بێت ڕەدی کردوەتەوە هەتا ئەگەر کارەکەش بۆ خۆی چاك بێت، بۆ نمونە

(١) http://almoslim.net/node/٢٨٤٣٠٥ ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠١٩/٠٦/١٠

تـۆ نەزانیـت سبەی ڕەمەزانـە یـان نـە، ئەگـەر بـە ڕۆژوش بیـت هـەروەك ڕەمـەزان خـوای گـەورە ئـەو کارەی ناوێـت، چـون دڵنیایـی بـە نسـبەت دینــەوە گرنگتــرە تــا خــودی کارەکــە، ئەڵبــەت بــۆ ژیانیــش و ژیــان بــە دڵنیاییـەوە ئێجگار خۆشـە، ڕۆحـی دینیـش دەیەوێت ئـەو خۆشبەختیە ببەخشـێت بـە مرۆڤـەکان، دڵـی پـڕ بێـت لـە دڵنیایـی نـەك لـە گومـان و سـەدان ئەگـەر، دانـان بـە دروسـتکەری ئـەرزو ئاسـمان و بونـی حەقـی خـوا لـە پێـش پەرسـتنەوەیە، ١٣ سـاڵ لـە مەککـەدا پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت لەسـەر ئـەم حەقیقەتـە کاری کـرد، تـۆ کـە نەیناسـی چـی دەپەرسـتیت؟

ئەمـڕۆ کەسـانێك هـەروا بـە ئاسـانی لـە دیـن پەشـیمان دەبنـەوە، یـان بەلایـەوە ئاسـاییە کـە پابەنـد نەبێـت پێـوەی، هۆکارەکـەی ئەوەیـە بـە چاکـی نەیناسـیەوە.

ئێمـە چـون لـە چوارچێـوەی وڵاتـدا نەژیاویـن و هـەروا هەمەجـی هێناومانـە، لەبـری وڵات حیزبمـان هەبـوە، لەبـری حیزبیـش باڵمـان هەبـوە، لەبـری باڵیـش مەزاجمـان هەبـوە، لەگـەڵ پەروەردەیەکـی زۆر نـا تەندروسـت و شـێواو، شـتگەلێکی جـوان کـە بـوە بـە کەلتـوری تێماندایـە لـە ئیسـلامەوە وەرمانگرتـوە، کـە دەگەینـە ئەوروپـا زۆر کاری نـا یاسـایی دەکەیـن، چـون لـە حەقیقەتـی کاری نایاسـایی تێنەگەشـتبوین، کـورد هەیـە هـەر لـە یەکـەم سـاڵی گەشـتنی بـە ئەوروپـا ١٠ سـاڵ و ٢٠ سـاڵ و هەتـا زیندانـی هەتـا هەتایـی بـۆ بڕاوەتـەوە، لـە ئەنجامـی کارێـك کـە زۆریـش بەلایـەوە سـادە بـوە، گەنـج هەیـە دەسـتی بـۆ ئافرەتـی منداڵ بـردوە، وتویەتـی کـورە دەی خـۆ ئازادیـە، یـان گـەر پێشـی ناخـۆش بێـت دواتـر لەبـەر خـۆی لـە ڕوی نایـەت هیـچ بڵـێ! نەیزانیـوە ئـەوەی ئـەو کردویەتـی دەسـتدرێژیە، نـەك تەنهـا دەسـتدرێژی سێکسـیش، بەڵکـو

شکاندنی شکۆی مرۆڤە، تۆ کە پابەند نیت بە دینەوە یاسا سزای بۆ داناوە، هەربۆیە سزا دینیەکانیش هەیە بۆ پاراستنی شکۆی مرۆڤەکانە، خۆ ئەگەر ڕۆحی دینەکەش لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا نەما ئەوسا زانینی یاساش سودی نابێت و دەسدرێژیەکان هەردەم نەك بونیان دەبێت فراوانیش دەبن، ئەوروپا ئەو ڕۆحەیان کوشت بۆیە ئێستە لە سەرگەردانیدان، سەرگەردانی لای ئێمەی کورد پەیوەستکراوە بە کەرەستە مادیەکانەوە، بۆیە کە ئەوروپییەك خۆی دەکوژێت دەڵێن باشە بۆ خۆی کوشت! لە چی کەم بو؟ ئەوە خاڵی جەوهەریەو تێگەشتنی دەوێت.

لە دەیان مەجلیسی کوردەواریدا دانیشتوم و باسی ئەوروپایان کردوە کە لای ئەوان هەمو شتێك ئاساییە چون دینیان نییە! ئەوانە هەموی بە شێوەیەکی نسبی ڕاستە، مرۆڤ بە شێوەیەکی سروستی خراپە ڕەد دەکاتەوە، هیچ شتێك نییە لەوانەی دین سزای بۆ دانابێت و لە زەمینەی واقعیدا کارێکی ئاسای بێت.

ئیسلام بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەوەی کە گرنگە بۆ ژیان و پاراستنی پەیوەندیەکان بنەمای بۆ کێشاوە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر وردەکاری باسکراوە، سیاسیەکان بنەمای سەرەکی بۆ داناوەو داینیاوە کەسانی ئاقڵ، چاوکراوەو بە حیکمەت هەستن بەو کارەو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پایانەدا کە بە ٥ پایە ناومان برد باقیەکەی تەواو بکەن. تێگەشتن لەو پایانە زۆر گرنگە، هەرگیز لەیادم ناچێت لە نفوسی دەربەندیخان بوم، پیاوێك مەعمەلاتێکی هەبو، کارمەندەکەش دەیگوت کاکە گیان ئەم ئیشەی تۆ نا تەواوی تێدایەو دەبێت تەواویان بکەیت، ئەویش تورە بو! وتی: ان شاء الله ئێوە لەم هەڵبژاردنەی داهاتودا دەدۆڕێن و دواتر منیش کارەکەم سەر دەگرێت، منیش وتم: مامە

گیـان ئـەو کارە پەیوەسـت نییـە بـە یەکیەتیـەوە، خـۆ هەرحیزبێکـی تـر بێـت نفـوس ناسـوتێنێت و لـە سـفرەوە دەسـتپێبکاتەوە.
ئەقلّیەتـی سـفرکردنەوە لەنـاو کـورددا ئاسـتەکەی لـە ئاسـتێکی باڵاشـدایە ئەڵبـەت ئەفسـوس.
بەرپرسـیاریەتی تەنهـا ئـەوە نییـە کارەکـەت بەباشـی ئەنجـام بدەیـت، بەڵکـو دەبێـت پارێـزگاری لـە بەهـا مەعنەویەکانیشـی بکەیـت.
هەیـە کارەکانـی بـە باشـی ئەنجـام دەدات، زیاتـر لـە کاتـی خۆشـی ئیـش دەکات، بـەڵام هـەر کـە ویسـترا یـان وتیـان تـەواو هـەوڵ دەدات فەرمانگەکـەش لـە بنـەوە بهێنێـت، هەرچـی کـردوە بەلایـەوە ئاسـاییە تێکـی بداتـەوە، سـتەم لـە خـۆی، لـە مـاڵ و منداڵـی، دەوروبـەری، تـا دەگاتـە وڵاتەکـە بگەیەنێـت.
دینیـش بەرپرسـیاریەتی خسـتوەتە ئەسـتۆمان، وە خـودی خۆمـان گەورەتریـن بەرپرسـیاریەتیمان لەسـەرە، بەرپـرس بـون واتـە ئیـش کـردن، تەکلیفـە نـەك تەشـریف.
گـەر یاسـا نەبێـت بـۆ پاراسـتنی تەکیفەکـە دەکرێـت بـە تەشـریف، دینیـش یاسـای دانـاوە، داواشـمان لێکـراوە کـە پابەنـدی بیـن، ئـەوەی کـە زۆر گرنگـە بـۆ پاراسـتنی تەکلیفـەکان کـراوە بـە ئامانـج و و مەقاصـد، نەگـۆڕە تـا بـە ئـارەزو گۆڕانـکاری تێـدا نەکرێـت، بەرژەوەنـدی گشـتی لـە نەگۆڕەکانـی شـەریعەیە، ئەمـڕۆ نـاوی گۆڕانیـان کـردوە بـە چەکێکـی جـوان بـە دەسـتەوە دژی دیـن کـە دیـن دژی گۆڕانکاریـە، لـە بنەڕەتیشـدا وا نییـە، دیـن داوای گۆڕانـکاری دەکات، هـەردەم لـە چاکـەوە بـۆ چاکتـر، ئـەوەی نەگـۆڕە بـواری عەقیـدەو ئەخلاقـە، کـە بـە گۆڕینـی عەقیـدە شـتگەلێکی تـر دەبێتـە جێگـرەوە کـە هیـچ بەهایەکـی نییـە، گۆڕانیـش لـە ئەخلاقـدا بـێ ئەخلاقیـە!

گەرنا ئـەوەی دەبێتـە مایـەی پێشکەوتن زۆرینـەی هـەرە زۆری لە سـاحەی موباحدایـە لە شـەرعدا.
کەسـانێك بـۆ ئـەوەی وا نیشـانی بـدەن کـە ژیریـان لـە ئاسـتێکی باڵادایـەو پابەنـد نابـن بـە دەقـە کۆنەکانـەوە ئەڵبـەت وەك ئـەوان دەڵێـن! دێـن یەکـەم شـتێك کـە دەیگـۆڕن ئەخلاقیانـە! نازانێـت خـۆی بـکات بـە چ تەیرێـك تـا بـاوەڕی پـێ بکـەن ئـەم کەسـێکی کراوەیـەو ئەقڵـی تازەیـە، هەیـە ئیتـر بەردەبێتـە جەسـتەی خـۆی بـە دەفتـەر تێیـدا سـەرف دەکات، لوتـی دەبڕێـت، کورتـی دەکاتـەوە، قنجـی دەکاتـەوە، پانـی دەکاتـەوە، لاری دەکاتـەوە، سـلیکۆن دەکاتـە جەسـتەی، دواتـر دەری دەهێنێـت، لێـی دەبڕێـت، زیـادی دەکات، ئیتـر فیلمێکـە بـۆ خـۆی.
ئەوانـەی گۆڕانـکاری دەکـەن و سـەرقاڵن بـە کارگەلێکـی گرنگـی بـواری گۆڕانـکاری و پێشـکەوتنەوە زۆرینەیـان خۆیـان لـە یـاد چـوە، زۆر کەسـی زانـا دەناسـم ڕیـش و قژێکـی درێـژی هەیـە نـەك وەك عەقیـدەو دیـن بەڵکـو دەرفەتـی نییـە چاکیـان بـکات، ئەمـڕۆ لەنـاو کـوردی خۆمانـدا هەمـان مۆدێلـی قـژ و ڕیـش هەیـەو پێشـکەوتنە، بـەڵام موجـەڕەد ئەگـەر کەسـەکە نوێـژ بـکات ئـەوە دواکەوتنـە!
ڕۆحـی حەقیقـی لەنـاو زۆرینـەی چینەکانـدا بەنـاوی جیـاوازەوە دەکـوژن! لـەو نێوەنـدەدا کەسـانێك بـە سـالمی دەردەچـن کـە پابەندبـن بـە دەقـە پیرۆزەکانـەوە، تـا زیاتـر هەسـت بـە کامیـرا خواییەکـە بکەیـت زیاتـر سـەلامەتیت، ئەگـەر هەسـتت کـرد ناوچەکـە بـێ کامیرایـەو چاودێـری لەسـەر نییـە ئەوسـا کۆمەڵێـك کەسـیش بـە خۆیـەوە دەکوژێـت، دەبێـت خۆشـحاڵ بیـن بـەوەی کـە تەنهـا خـۆی بکوژێـت.
کـوردی خۆمـان هەیـە تەمەنێکـی تـەواو کاملیشـی هەیـە هـەر چاوەڕێـی موعجیزەیـە، دەیەوێـت لـە پـڕ ببێتـە کوڕێـك، کـە لـە کوردەواریشـدا

بیستومانه لـه پـڕ نابیـت بـه کوڕێـك! سـەردەمی موعجیـزەش کۆتایـی پێهاتـوە، خـوای گـەورە کـە قورئانـی دابەزانـد خـودی قورئانەکـە موعجیزەیـە، پابەندبـون پێـوەی موعجیـزە دەخولقێنێـت! سـەیرە وایـە؟ نـا هیـچ سـەیر نییـە، کـە پراکتیـزەی دەکەیـت لـە ژیانـدا موعجیزەکـە لـە خـودی خۆتـدا ڕۆژانـە دەیبینـی.

قوتابـی زانکـۆ بـوم لـە دوکانێکـی لەفـەو پیـدزە کارم دەکـرد، نزیـك بـو لـە چەنـد دیسـکۆو بـاڕەوە، ئیتـر هەمـو شـەممان و یـەك شـەممانێك بـە کۆمـەڵ و بەتـاك دەمـدی ئـەو خەڵکـە چیـان بەسـەر دێـت بەهـۆی سەرخۆشـیەوە، لای خۆمـان دەڵێـن ئەوروپیـەکان ئاقڵـن کـە دەخۆنـەوە، بـەڵام کێشـەی خواردنـەوە کحولیـەکان ئەوەیـە ئەقـڵ ناهێڵێـت، شـەڕو پێکدادانـەکان بەهـۆی خواردنـەوەی کحولـەوە لـە ئاسـتێکی باڵادایـە، زیانـە مادیـەکان بـێ شـومارە، گیانیـەکان بـە تـەواوی تێبینـی کـراوە، بەهەمـو شـێوەیەك و خراپـی دەسـەلمێنن و بـە دەق خۆیـان ئاماژەیـان پێکـردوە، کـە نەخواردنـی مەشـروباتە سەرخۆشـکەرەکان پارێزراوترینـە.

Not drinking alcohol is the safest approach (٢)

ئـەوە موعجیـزە نییـە تـۆ لـەو هەمـو کێشـە بەدوربیـت تەنهـا بـە نەخوارنـەوەی، لـە بەرانبـەر ئەوەشـدا دیـن بـە دیلـی بـۆ داناویـت، هەرچی مەشـروباتی تـر هەیـە حەڵاڵـە، تەنهـا سەرخۆشـکەر حەرامـە!

ئەمـە نمونەیەکـی فیزکیـە بـۆ ئـەوەی ژیریـت سـەلامەت بێـت دوربکـەوە لـە مـادەی سەرخۆشـکەردەبینی: جەسـتەت سـەلامەت دەبێـت، پـارەو مـاڵ و شـتومەکت سـەلامەت دەبێـت، توشـی زیانەکانـی نابێـت، ئـەی

---

(٢) https://www.drinkaware.co.uk/alcohol-facts/health-effects-of-alcohol/fertility-and-pregnancy/alcohol-and-pregnancy/?gclid=CjwKCAjw__fnBRANEiwAuFxET6tc9X7suL1u-ET6AMQ5h4vneJ9kcKpZ-9zVKT3crmR2ogzAXmvnHRoCy-oQAvD_BwE ڕۆژی سـەردانیکردن ٢٠١٩/٠٦/١٠

ئـەوە موعجیـزە نییـە؟!.
هەیـە سـەدان مـادەی مەعنـەوی دەخـوات و لـە سـەرخۆش خراپتـری بەسـەر دێـت، دونیایەکـی جەنجاڵـی لـە زهنـی خۆیـدا دروسـتکردوە، بوەتـە کێشـە بـۆ خـۆی و مـاڵ و منـداڵ و کەسـوکارو دەوروبـەری، بـۆ نمونـە کاریگـەرە بـە فەیلەسـوفێکەوە کـە بـە چەندیـن سـەدە لـە پێـش ئیسـلامەوەیە، کەچـی دژی قورئانـە بەنـاوی ئـەوەی قورئـان کۆنـەوە پێـش ١٤٠٠ سـاڵ دابەزیـوە!
لـە کاتێکدا دەقـە قورئانیـەکان پارێـزراوە، بـەڵام ئـەوان پارێزراویـش نیـن، هـەروا یـەك دو پۆسـتکرا کـە گاڵتـە ئامێـزو خـۆش بـو بەنـاوی تەڵاقـی بـارام بەگـەوە، ئیتـر فەیسـبوك پـڕ بـو لـە تەڵاقـی بـارام بـەگ و تڵاقـی وایـان بـڵاو دەکـردەوە گریسـەکەی پێـوە بـو کـورد دەڵـێ هەڵمـی لـێ هەڵدەسـتا، بـارام بەگیـش بـە ڕەحمـەت بێـت بـاوای هاوڕێیەکمـەو وتـی مـردوە، تـا ئـەو کاتـە وامزانـی مـاوە!.
زۆرێـك هەولێـری دەرێ لـە خـۆڕا دونیایەکـی خەیاڵـی بـۆ خـۆی دروسـت کـردوە، دونیایەکـی سـەراب! بەشـێوەیەك ناتوانێـت پلـە بەنـدی کاری بـۆ بـکات، زۆر لـەم جیلـەی تـازە دەترسـم، دەیەوێـت بـە دوعـا لـە کونـی سـۆبەکەوە ١٠٠ لیـرەی بـۆ بخرێتـە خـوارەوە ئەمـە لەنـاو دیندارەکانـدا، ئەوانـی تریـش دەیانەوێـت لـە ئەوروپـا ئافرەتێکـی دەوڵەمەنـد دڵـی لـەم گەنجـە موفلیسـە بچێـت و دواتـر سـەروەتەکەی بـۆ بەجـێ بهێڵێـت، عەجـەب دیـن داینـاوە پیـاو ژن بهێنێـت شـتێکی بـۆ دیـاری بـکات، ئێسـتە گەنجانێـك پەیدابـون چاویـان لەوەیـە ژنێـك بهێنـن و دەوڵەمەندیـان بـکات!
هەشـە دەڵێـن مـادام لـە ئەوروپـا ئافـرەت دەسـت دەدات، یـان لـە کوردستانیشـدا دۆخێـك دروسـت بـوە کـە دەتوانیـت حـەزی خۆتـی

تێـدا كـپ بكەیتــەوە دەیـكات بـە جێگرەوەیـەك بـۆ ژیانـە حەقیقیەكـە، كەسـم نەدیـوە لـە كاری بەدڕەوشـتیدا ڕۆچوبێـت و سـودی وەرگرتبێـت، ئیـلا باجەكـەی داوە، گـەر لـە دیـن و یاسـاش دەربـاز بوبێـت هـەر لـە ژیانیـدا بـە شـێوەیەكی تـر باجەكـەی داوە، هەیـە گەڕاوەتـەوە ئەمـە لـە باشـترینەكانیانە كـە هەرگیـز ژیانێكـی پـڕ ئارامی تـەواوی لەگـەڵ خێزانیدا نییـە، چـون بـەراوردی دەكات بەوانـەی كـە ڕابیـواردوە لەگەڵیان وە ترسـی لـەوەی خۆشـی هەیـەو بـە گومانـە، وەك وتـم دینیـش كار لەسـەر یەقیـن دەكات نـەك گومـان، هەشـە چـون ئـەو كارەی كـردوە ناتوانێـت بچێتـە چوارچێـوەی ئـەو پرۆسـەوە یـان كاتێـك دەچێـت زۆرینـەی خۆشـیەكانی ژیانـی لەدەسـت چـوە، بـەڵام گـەر بـە ڕێگـە دینیەكـەی بێـت گریمـان خیانـەت و ترازانیـش لـە لایەنێكیانـدا بەدەركـەوت، بـەڵام بەرانبەرەكـە دەتوانێـت درێــژە بـە ژیانـی خـۆی لەگـەڵ كەسـێكی تـردا بـدات، ئـەو دەبێـت باجـی خیانەتەكـەی بـە بیركردنـەوە لـە خیانەتەكـەوە بداتـەوە.
تەنها دەقانێـك بـە پارێزگاركراوی مابێتـەوە قورئانـە، پابەنـد بـون پێـوەی موعجیـزە دەخولقێنێـت، دوری لێـوەی خـۆ دزینەوەیـە لـە پرسـیارەكان و دواتـر خـودی خـۆت لـە تاقیكردنەوەكـەدا دەكەوێـت، بەڵـێ خـودی خـۆت.
بەرپرسـی بەشـی پەیوەندیـەكان بـوم لـە زانكـۆی لەنـدەن بـۆ زانسـتە مرۆییـەكان، سـەفەرێكی زۆرم بـۆ دەهاتـە پێـش بـۆ شـارو وڵاتـەكان، زانكۆ گرنگیەكـی ئێجگاری بـە بـواری پەیوەندیـەكان دەدا، بـۆ نمونـە گرێبەسـتی دەكـرد لەگـەڵ زۆر ناوەنـدی زانسـتی و زانكـۆدا بـۆ فراوانكردنی بەشـەكان، دەسـتكەوتنی مـادە زانسـتیەكان، گۆڕینـەوەی قوتابـی، گۆڕینـەوەی بڕوانامـە، سەرپەرشـتیاری توێژینـەوە لـە ڕێگـەی زانكۆكانـی تـرەوە، وە هەروەهـا...
بـۆ ئـەو مەبەسـتانە تكتـی ئـەم وڵاتانـەم بـۆ بـڕاوە كـە سـەردانیان بكـەم

و زۆری پەیوەندیەکانیش پێشتر ڕێکخراوە لەگەڵ زانکۆو ناوەندە ئەکادیمیەکاندا، لەو وڵاتانە لە سلێمانەوە بۆ:
تورکیا، فینلەندا، سوید، دانیمارك، نەرویج، ئیتالیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، بەریتانیا، ڕوسیا، لاتیڤیا، ئیستۆنیا، پۆڵەندا، ئۆکرانیا.
لە هەندێك لە وڵاتەکاندا خۆم بە تەنها بوم، بەڵام لە ڕوسیاوە بۆ وڵاتەکانی دەوروبەری هەردەم هاوکارو هاوڕێم هەبوە بۆ گریبەست و سەردانە سەرەکیەکان.
یەکەم بە یەك گەشتن و وەك هاوکارو هاوپیشە لە ڕوسا لەگەڵ دکتۆرە ناتاشا دا، هەروەها کەسێکی تر وەك ڕێکخەری گواستنەوەکان و هوتێل و ئەو شتانە.
کات دیاری کراوە لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ یەك بگرین و ٣ قۆڵی سەردانی وڵاتەکانی دەوروبەری ڕوسیا بکەین بۆ گفتوگۆو دانیشن لەگەڵ زانکۆکانداو دواتر ئەنجامدانی گرێبەستەکان.
عومەر عەلی: مۆسکۆ، لە فڕۆکەخانە بە تەلەفۆنە، سڵاو ناتاشا، عومەر عەلی م.
ناتاشا: سڵاو ئوما ئەلی کێیە!
عومەر عەلی: لە لایەن زانکۆوە.
ناتاشا: ئۆو بەڵێ بەڵێ، ئوما ئەلی ئێستە تێگەشتم.
عومەر عەلی: دەزانم لەسەر زوبانتان قورسە، بۆیە بانگم بکە بە ڕۆبن.
ناتاشا: ڕۆبن، ئێ باشە، ئەمەیان ئاسانە، من ڕۆبنم خۆش دەوێت، بە گشتی گیانداران بە تایبەت سەگ هەرچەند ئێستە لە کێشەدام بەهۆی سەگەکەمەوە.
ڕۆبن: کێشەکەتان چی یە؟

ناتاشا: ڕاستی یەکەمجارمە لە ژیانمدا سەفەر بکەم بۆ دەرەوەی ڕوسا، سەگەکەم لەگەڵ خۆمدا هێناوە چون کەس نییە لە ماڵ ئاگاداری بێت، ئێستە دەڵێن: یەکەم دەبێت جەوازی هەبێت، دوهەمیش ناهێڵن لەگەڵ خۆمدا بێت، دەڵێن جەوازیشی هەبێت دەبێت لە جێگەی جیاوازدا لە خوارەوە دایدەنێن.

ڕۆبن: بەڵێ، حەتمەن وایە، هەندێك هێڵی ئاسمانی ڕێگە دەدات سەگەکە لەگەڵ خۆت ببەیتە ژورەوە مەگەر کەسەکە لەو کەسانە بێت کە بە یاسایی سەگی لەگەڵە بۆ ڕاکێشان، بەڵام ئەگەر سەگەکە بچوك بێت هەندێك هەیە ڕێگە دەدات وە دەبێت لەناو قەفەزدا بێت، چون کورسی بە سەگ نافرۆشن، دەبێت بیخەیتە بەرپێت ئەویش دەبێت پێشتر ئاگادارت کردبن[٣] .

ناتاشا: خۆزگە پێشتر ئەمەم دەزانی، تۆش سەگت پێیە.

ڕۆبن: نا من باوەڕم بەم جۆرە کارە ئەسڵەن نییە، سەگیشم پێ نییە.

ناتاشا: ئەی چۆن دەزانیت؟

ڕۆبن: چیرۆکم زۆرە لەگەڵ سەگدا، ئەڵبەت لەگەڵ ئەوانەی کە سەگیان پێیە، بە تایبەت ماری.

ناتاشا: ماری یشت لەگەڵ؟

ڕۆبن: نا وتم چیرۆکم لەگەڵ ماری هەیە، کەسێکی ترم لەگەڵە کە هاوکارمان دەبێت لەم سەفەرەدا، ئێستە ئێمە چاوەڕێین بێیتە ژورەوە، گەر لە کاتی خۆیدا نەیەیت ناچار ئێمە دەڕۆین، تۆش تکتەکەت دەفەوێت، گەر نەشتان توانی هەر بێن، من زانکۆ ئاگادار دەکەم.

ناتاشا: حەتمەن دێم ئەمە یەکەم گەشتمە لە ژیانمداو دەستبەرداری نابم، چارەیەك بۆ سەگەکەم دەدۆزمەوە.

---

(٣) https://people.com/pets/dog-plane-travel-rules-rights/

ڕۆبـن: پێویسـتە چـارەی بـۆ بدۆزیتـەوە، نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەك سـەگ لەگـەڵ خـۆت بهێنیـت، هاوکارەکەمـان بـۆ یارمەتـی ئێمـە هاتـوە نـەك بـۆ سـەگگرتن، جگـە لـەوەش هۆتێلەکانیـش ڕێگـە نـادەن بـە سـەگ، کێشـە دروسـت دەکات، دوای ئـەوەش دونیایـەك ئیشـمان دەبێـت لـە پێداچونـەوەی پرۆپۆزەڵـی ڕێکەوتنـەکان و چاککردنیـان، چـون پێشـتر ئـەم سـەفەرانەم زۆر کـردوە، زۆرجـار زانکـۆکان نەقـد دەگـرن لـە پـرۆژەی ڕێکەوتنەکانـی ئێمـەو داوای زیـادو کەمـی دەکـەن، ئـێ دەبێـت قابیلیەتـی ئەوەمـان تێـدا بێـت بەجۆرێـك دایبڕێژینـەوە کـە ئامانجـەکان بپێکێـت.

ناتاشا: چاوەڕێ بکە لە دەرگای ژمارە (..) بێگومان دێم.

ڕۆبن: چاوەڕوانم بە نیازی دیدار.

ناتاشا: هەلەو ڕۆبن، خۆتیت؟ خۆشحاڵ بوم، تۆ باشیت؟

ڕۆبـن: سـڵاو ناتاشـا، سوپاسـتان دەکـەم، منیـش خۆشـحاڵ بـوم، ئـەی سـەگەکەت چـی لێکـرد؟

ناتاشـا: هیـچ چارێکـم نەمـا، کەسێکم دۆزیـەوە لـەوێ ١٥٠٠ ڕۆبڵـم پێـدا کـە بـۆم بگرێـت تـا دەگەڕێمـەوەو شـتومەکی بـۆ بکڕێـت، ژمـارەی پێـداوم، زۆریـش دەترسـم درۆم لەگـەڵ بـکات و دواتـر پێـم نەداتـەوە.

ڕۆبـن: هیـوادارم ڕاسـتگۆو ئەمانـەت پارێزبێـت ئـەو کەسـە، وە تـۆش ڕزگارت ببێـت لـە سـەگەکە!

ناتاشـا: سـەیرە، جـا ئـەو ڕاسـتگۆو ئەمانـەت پارێـز بێـت سـەگەکەم پێدەداتـەوە، ئیتـر ڕزگاربونـی چـی؟

ڕۆبـن: ڕاسـتگۆی و ئەمانـەت پارێـزی لـە دینـی ئێمـەدا زۆر گرنگـە بۆیـە خوازیـار نیـم کـەس پێـوەی پابەنـد نەبێـت، وە هیـوادارم تـۆش واز لـە سـەگەکەت بهێنیـت و هەوڵـت لـە پێنـاو مرۆڤایەتیـدا بێـت نـەك خـۆت خەریکـی سـەگ بکەیـت.

ناتاشا: بەناوەکەی یەکەمجاردا زانیم مسوڵمانیت، ئۆما ئەلی، بۆیە دەستیشم نەهێنا تەوقەت لەگەڵ بکەم، چون دەزانم مسوڵمانەکان تەوقە ناکەن لەگەڵ ئافرەتدا، وتم با ئیحراج نەبیت، ڕۆبن سەگەکەم ئێجگار خۆش دەوێت تۆ بڕوا ناکەیت!

ڕۆبن: سوپاست دەکەم ئەوەندە تێگەشتنت هەیە کە دەستت نەهێنا بۆ تەوقە، بڕوا دەکەیت ناتاشا لای ئێمە هەشە مسوڵمانە لەناو ئافرەتەکاندا هێشتا ئەوەندە فەهمیان نییە دەست ئەبەن بۆ تەوقەکردن، وە دەزانم خۆشت دەوێت سەگەکە بەڵام فەراغی خۆشەویستی مرۆڤ نابێت بە سەگ پڕبکرێتەوە، یانی ئەوەندە بەسە بۆ خۆشەویستی ئاژەڵ بەیناو بەین بیبینیت، نەك بەو شێوەیە تەزحیەی بۆ بدەیت، ئەوەتا ئێستە ١٥٠٠ ڕۆبڵت داوە تەنها بۆ ئەوەی بۆت بگرن!

ناتاشا: بۆ لای ئێوە سەگ نییە؟ یان بەجۆرێکی تر بڵێم ئێوە سەگتان خۆش ناوێت؟

ڕۆبن: لای ئێمە سەگ زۆرە، ڕقیشمان لێی نییە، بەڵام ڕاگرتنی سەگ ئالیەتی خۆی هەیە، نەك بەم شێوەی ئەوروپاو ئەمەریکاو روسا کە قەدرێکی زۆر گەورەیان پێداوەو تەزحیەی زۆری بۆ دەدەن.

ناتاشا: ئالیەتی ڕاگرتنی سەگ لای ئێوە چۆنە؟ پێم خۆشە گوێبستی بم، هەروەك چۆن پێم خۆشە باسی ئەوروپاشم بۆ بکەیت.

ڕۆبن: لە فیقهی ئیسلامیدا باسی سەگ و چۆنیەتی ڕاگرتنی کراوە، بە تایبەت بۆ پاسەوانی و ڕاوکردن، لە دینی ئێمەدا سەگەکان ڕادەهێنین بۆ ئەوەی خزمەتمان بکات، وەك پاسەوانی و ڕاوکردن، لە قورئانیشدا لە ٣ جێگەدا باسی سەگی کردوە[٤] ، نەك بەم شێوەی ئێوە، بیهێننە

(٤) https://www.albayan.ae/supplements/ramadan/quran/20141.2154693-30-06- ڕۆژەی سەردانی کردنی ٢٠١٩/٠٦/١٠

کونـی ژورەوەو لەگـەڵ مـاڵ و منداڵـدا بەخێـوی بکـەن وەك ئەوروپـاش.
ناتاشـا: یانـی لـە دەقـی قورئانـدا باسـی سـەگیش کـراوە؟ سـەیرە! حـەز دەکـەم بـۆم بـاس بکەیـت پێـش باسـی ئەوروپـا؟
ڕۆبـن: بەڵـێ تەنهـا لـە قورئانـدا لـە ٣ جێگـە باسـی سـەگی تێـدا هاتـوە، ئەڵبـەت وەك نـاوی سـەگ زیاتـر لـە ٣ جـار هاتـوە، بـۆ نمونـە لـە چیرۆکـی خەوتـوە نەمـرەکان، اصحـاب الکهـف(٥) ، ئـەو سـێ جێگـەش جارێـك نمونـە بـە کەسـانێ دەهێنێتـەوەو دەیـان شـوبهێنێت بـە سـەگەوە، لـە سـورەتی الأعـراف ئایەتـی ١٧٦، جارێکیـش باسـی ڕاهێنانـی سـەگ دەکات لـە سـورەتی المائـدة ئایەتـی ٤، جارێکـی تریـش ئـەو سـەگەی کـە لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵـە گەنجـەدا بـون وەك وتـم، کەواتـە سـەگ دەتوانرێـت وەك ئالـە بـەکار بهێنرێـت لـە دینـی ئێمـەدا، ئالەتـی خزمەتگـوزاری، بـۆت نییـە بیهێنیتـە ماڵـەوەو بـەم شـێوەی ئێـوە خزمەتـی بکـەن و ببـن بـە قوربـان و سـاقەی، هەرکـەس بـەو شـێوەیە بـکات، تاوانبـارەو دەبێتـە هـۆکاری سـڕینەوەی چاکەکانـی لای خـوای گـەورە.
ناتاشا: دیارە زۆری لێ دەزانیت، ئەی ئەوروپا چۆنە؟
ڕۆبـن: ئەڵبـەت لـە ئەوروپـا لایەنـی باشـی هەیـە بـۆ ڕاگرتنـی سـەگ، وەك لـە قورئانیشـدا ئامـاژەی پێکـراوە کـە دەکرێـت سـەگ ڕابهێنرێـت بـۆ کاری خزمەتگـوزاری وەك ڕاو بـۆ نمونـە، ئەوروپـاش سـەگیان وەك ئالـە بەکارهێنـاوە بـۆ نمونـە بـۆ دۆزینـەوەی موخـەدەرات، پـارە، ڕاکێشـانی کەسـانی نابینـا، ئەمانـە هەمـوی چاکـە، بـەڵام نابێـت بهێنرێتـە ڕێـزی مرۆڤـەوە لـە ماڵـەوە بێـت، ئەوانەشـی کـە دەیبەنـە ماڵـەوە کارەسـاتی یەکجـار گـەورە لـەم بـوارەدا خولقـاوە، جگـە لـەوەی ئـەو ماڵانـەی کـە سـەگی تێدایـە بێـزراوە، پیسـن، هەتـا ماڵێـك سـەگی تێـدا بێـت وەیـان

(٥) https://www.almaany.com/quran-b/%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%87%D9%81/%D8%A8%D9%84%D9%8E%D9%92%90/ ڕۆژەی سـەردانی کردنـی ٢٠١٩/٠٦/١٠

جگەرەی تێدا بکێشرێت مەرغوب نی یەو جێگەی تێبینیە، تەنها یەك نمونە کاتێك دەتەوێت شتێك بکڕیت چ سەیارە بێت چ شتومەکی ماڵ لە دەستە دوەکاندا وەك ئیمتیاز دەنوسن ماڵەکە سەگی نەبوە، یان جگەرە کێش نەبوە، چون هەر سەیارەو ماڵێك سەگی تێدا بێت یان جگەرەی تێدا بکێشرێت کاریگەری دەکاتە سەر بەهاو نرخەکەشی، جگە لەوەی چەندین کەسی خواردوە، بە تایبەت منداڵ، سەگەکان مەترسیدارن لە ماڵدا، چون سەگ لە بنەڕەدا هی ماڵ نییە، لە بەریتانیا ٥ جۆریان زۆر تێبینی لەسەرە، لەسەروی هەمویانەوە سەگێکە پێی دەوترێت جاك رۆسل(٦) .

ناتاشا: چاکیان لێ دەزانیت ڕۆبن، ئیتر پێویستم بە زانیاری هەبو پەیوەندی بە تۆوە دەکەم ههە.

ڕۆبن: ئەو کات و پارەی تۆ بۆ سەگ سەرفی دەکەیت بۆ کڕینی کتێب و خوێندوە سەرفی بکە زۆر جیاوازتر دەبیت.

ناتاشا: ڕۆبن من زۆر دەخوێنمەوە، ئەوەتا دەبینی دکتۆرەم و سەرکەوتوشم لە بوارەکەی خۆمدا، ئێستە هاوشانی تۆ پێکەوە کار دەکەین، دەزانم تۆ بالآ تری لەمن، دەتەوێت بەم شێوەیە ئەوە بسەلمێنیت!

ڕۆبن: نا ناتاشا لێکدانەوەی هەڵەی بۆ مەکە، بۆ نمونە ئەوەتا ئێستە تۆ لە فڕۆکەخانەدا گیرتخوارد بەدەست سەگەکەوە لە کاتێکدا کە تۆ سەگیشت هەیە بەقەدەر من زانیاریت لەسەری نەبو، من سەگیشم نییە، ئێوە زیاتر تەنها لە یەك بواردا دەخوێننەوە، دکتۆرەیت بەڵام مەعریفەی عامت کەمترێکە، ئێمە دەڵێین لە هەمو شتێك شتێك بزانە، لە شتێکیش هەمو شتێك بزانە، واتە زانیاری گشتیمان هەبێت

(٦) https://www.starlimited.co.uk/blog/the-5-most-dangerous-dog-breeds-in-the-uk/

و لـه تایبەتمەنـدی خۆشـماندا پسـپۆڕی تەواومـان هەبێـت.
ناتاشـا: ئەمـەم بـە دڵـە، سوپاسـت دەکـەم بـەم شـێوەیە ڕونکردنـەوەم بـۆ دەدەیـت، دەشترسـام لـەوەی توشـی کەسـێکی موعەقـەد ببـم لـەم سـەفەرەدا، حەتمـەن سـەفەر بـەم ڕۆحیەتـەوە پـڕ زانیـاری و بـە چێـژ دەبێـت.
ڕۆبـن: ئەگـەر غەریـزە خاڵـی بێـت لەسـەفەرەکەدا حەتمـەن پـڕ زانیـاری و بـە چێـژ دەبێـت.
ناتاشـا: ئەڵبـەت بـۆ غەریزەکـە دەزانـم ئێـوەی مسـوڵمان چـۆن بیـر دەکەنـەوەو تـۆش هـەر لـە یەکـەم هەنـگاودا نـاوت هێنـاو دیـارە ئیلتزامـت هەیـە، بـەڵام خـۆ دەکرێـت شـتی تـر لـە زهنـدا دروسـت ببێـت، لەپـاڵ زانیاریەکەشـدا، جگـە لـەوەی زانیـاری پاڵنـەرە بـۆ ئـەوەش!
ڕۆبـن: بەڵـێ بـە دروسـتی دەکرێـت، لـە دینـی ئێمـەدا تـا ٤ ئافـرەت ڕێگـەی پێـدراوە بـە یاسـاو ڕێسـای خـۆی، بـا ئێمـە تەرکیزمـان هـەر لەسـەر زانیاریەکـە بێـت، وەك پیشـەی غەریـزە تێکـەڵ ببێـت ڕۆحـی زانستیەکـەی دەکوژێـت.
ناتاشـا: بـاش وازی لـێ بهێنـە بـۆ ئیسـتە، منیـش حـەزم لـە پەلەکـردن نییـە تێیـدا، ئـەم سـەفەرە دەرفەتێکـە لـە پـاڵ ئیشـەکەشـدا، بۆیـەش دەڵێـم، لای ئێمـە زۆر کـەس لەگـەڵ مسـوڵماندا زەواج دەکات و لـە مۆسـکۆدا ڕێژەیەکـی زۆر مسـوڵمان هەیـە، بینیومـن کـە نوێـژ دەکـەن ئەوەنـدە زۆرن لـە مزگەوتەکانـدا جێگەیـان نابێتـەوە دێنـە دەرەوە لەسـەر جادەکـە نوێـژ دەکـەن، لەگـەڵ ئـەوەدا کەنیسـەکان چۆڵـەو چەنـد کورسـیەکی پێشـیش پـڕ نابێـت لـە هیـچ موناسـەبەتێکدا لـە دەرەوە نەمدیـون.
ڕۆبـن: ئەڵبـەت منیـش پێـم خۆشـە زانیـاری زۆر لـە تـۆوە وەرگـرم لەسـەر ڕوسـیاو مسـوڵمان لـە ڕوسـیا، وەرە ڕێدەکەویـن لەسـەر ئـەوەی مـن

هەرچی پرسیارم هەبو راستگۆیانە وەڵامم بدەرەوە لەسەر ڕوسیاو مسوڵمان لە ڕوسیا، تۆش هەرچی پرسیارت هەبو لەسەر ئیسلام و لەسەر ئەوروپا منیش وەڵامت دەدەمەوە.

ناتاشا: بەڕاستی زانکۆ کەسێکی شیاویان داناوە بۆ گفتوگۆ پێش ئەوەی لەگەڵ زانکۆکاندا ڕێبکەوین خۆمان ڕێکەوتین.

ڕۆبن: بنەمای ڕێکەوتن دەبێت دولایەنە بێت تا لەسەر بنەمای دادگەری بێت، ڕێکەوتنەکانی ئەمڕۆ زۆری فرت و فێڵی تێدایەو یەك لایەنەیە بۆیە یان فەشەل دەهێنێت، وەیان لایەنێك تێدا زۆر زەرەرمەند دەبێت و تیادەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زۆر زۆر وریابین چون ئێمە نازانین بەرانبەرەکە چۆنە، تەنها بە ڕواڵەت فریو نەخۆین و دەقەکانمان لە پێش چاو بێت.

ناتاشا: تۆ ئەزمونت هەیە سود لە ئەزمونەکانت وەردەگرم، زانکۆ کە لەگەڵ مندا قسەیان کرد، وتیان ئەوەی کە دەینێرین ئەزمونی سەرکەوتوی زۆرە، من زیاتر بۆ دەقە ڕوسیەکان لەگەڵتدام و هەندێك جار یارمەتی دەری تەرجومەش زیاتر، چون ئەم وڵاتانەی سۆڤیەت لە زمانی ئینگلیزدا زۆر لاوازن، وە ڕوکەشیش زۆر گرنگی پێدەدەن کە ببینین تۆ منیشت لەگەڵە کاریگەری دەبێت.

ڕۆبن: ئەوە دەزانم، جارێك ڕۆشتین بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ زانکۆیەك لە ئۆکرانیا، وتیان دەبێت بڕۆین باشترین قات و ڕیبات بکڕێت و جامتای دیبلۆماسیت پێ بێت، وە کەسێکیشت لەگەڵ بێت جامتات بۆ هەڵبگرێت، هەربۆیە ئێستە ئەم کەسەشیان ناردوە، ئەڵبەت من حەزم بەم شتانە نییە، زۆریش رقم لە قات و ڕیبات دەبێتەوە، هەردەم پێم خۆشە تیشێرت و پانتۆڵێکی ئاسایم لەبەردا بێت، هەتا قەمیسیش حەز لێ ناکەم، ئەوەندە قاتیان بۆ کڕیوم بۆ ئەم سەفەرانە قاتی چاك

چـاك و ماركـە لـە ماڵـەوە پـڕی كارتۆنەكەمـەو لەبەریـان ناكـەم، مەگـەر بـۆ ئیشـێكی لـەم شـێوانەو بـە ناچـاری.
ناتاشـا: حەزدەكـەم بزانـم بـۆ بـەو شـێوەیە لات؟ كاریگـەری ئیسـلامە لەسـەرت یـان ئەوروپـا؟
ڕۆبـن: لـە ئیسـلامدا گرنگـی بـە پـاك و تەمیـزی دراوە، هەتـا بـۆ وەرگرتنـی عیبادەتەكانیـش هـەم خـۆ شـتن و هەمیـش دەسـتنوێژی تێدایـە بـۆ ڕاهێنانمـان لەسـەر پـاك و خاوێنـی(٧) ، لەگـەڵ داپۆشـینی عـەورەت كـە پیـاو دەبێـت داپۆشـراوبێت، نابێـت جلێكـی دڕاوی وەك ئەوروپیـەكان لـە پـێ یـان لەبـەر بـكات و عەورەتـی بكەوێتـە دەر، بـەڵام جۆریەتـی جـل لـە ئیسـلامدا جێگـەی بایـەخ نییـە، ئـەوەی ئەمـڕۆ كـراون بـە ماركـەو لەژێـر ناویـدا خەڵـك دەخەڵەتێنرێـت، هەتـا لـە ئیسـلامدا حەریـر بـۆ پیـاو حەرامـە، مـن وای لـێ تێدەگـەم ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی شـتی گرانبەهـاش نەكڕیـن، لـە ئەوروپـاش بـە گشـتی جـل لـە قوتابخانـەو دائیـرەكان كـە زۆرجـار یـەك پۆشـی و مەرجـی جـل و بـەرگ هەیـە گەرنـا زۆر جێگـەی تێبینـی نییـە، بـەڵام لـە وڵاتانـی خۆمانـدا هـەر بـە جـل و بـەرگ حوكمـت لەسـەر دەدەن!
ناتاشـا: زۆرم حـەز لـە ئەوروپایـە، ژیانـی ئێمـە لێـرە زۆر سـەختە، گـەر دەرفەتێكـم بـۆ بڕەخسـێت، یـان ڕونتـر بڵێـم یارمەتیـم بدەیـت پێم خۆشـە لـە لەنـدەن بژیـم، لەگـەڵ خۆشـت بێـت هههـە ئیتـر ئـەوە خـۆت دەزانیـت!
ڕۆبـن: دەزانیـت ناتاشـا زۆركـەس ئـەو ئاواتەیـان هەیـەو تێگەشـتنی تەواویـان لەگەڵیـدا نییـە، تـۆ دەبێـت جیاوازبیـت، واقعـی بیـر بكەیتـەوە، چیـت لـە ڕوسـیا نوقسـانەو لـەوێ چـۆن دەتوانیـت پـڕی بكەیتـەوە، بـە ئامانجـەوە ئـەو سـەفەر یـان كۆچـە بكەیـت.

---

(٧) https://binbaz.org.sa/categories/fiqhi/341

ناتاشـا: ببـوره تـۆ هـەر دەڵێـی ناتاشـا دکتـۆر بـەکار ناهێنێـت تێبینـی بـو لام، لای تـۆش ئاسـاییە گـەر نەڵێـم دکتـۆر؟
ڕۆبـن: بەڵـێ زۆر ئاسـاییە، ئیتـر زیاتریـش وا ڕاهاتویـن، هەرچەنـد مـن دەزانـم وڵاتانـی ئێـوەو وڵاتانـی ئێمـەش شـەرق بـە گشـتی نـاو گرنگـی زۆری پـێ دەدرێـت، بـەڵام بـە بـڕوای مـن هەڵەیـە، چـون مـن ئێسـتە دکتـۆری تـۆ نیـم، تـۆش دکتـۆری مـن نیـت، پێـم وایـە ئـەم ناوانـە دەبێـت لـە کاتـی مومارەسـەری دکتۆریـدا بـەکار بهێنێرێـت، بـۆ نمونـە قوتابیەکانـم بڵـێ دکتـۆر ئاسـاییە، یـان لـە پۆلـدا، یان لـە کاتـی مومارەسـەی پیشـەکەدا، بـەڵام لـە دەرەوەی ئـەوە پێـم وایـە هەمومـان یەکسـانین.
ناتاشا: بەڵێ تایتڵ شتێکی فەرمیشە خۆ مەگەر وا نییە؟
ڕۆبـن: بەڵـێ مـن لـەوە تێدەگـەم، ئێسـتە مـن لـە بەریتانیـا لـە هەمـو دامـودەزگاکان تایتڵەکـەم بـوە بـە دکتـۆر، لەسـەر پێنـاس و بانـك ئەوانـە بـەڵام لـە دەرەوەی ژیانـی فەرمـی دکتـۆرو مامۆسـتاو لای ئێمـە نـاوی تریـش هـەن مـەلاو شـێخ ئەوانـە، ئـەم ناوانـە خوێندنـەوە هەڵدەگرێـت.
ناتاشـا: واز لـەوە بهێنـە مـادام لات ئاسـاییە هـەر بـە ڕۆبـن بانگـت دەکـەم، ڕوبن ناوێکـی خۆشیشـە، چـۆن ئـەو نـاوەت کـردوە بـە نازنـاوی خـۆت؟
ڕۆبـن: یەکەمجـار پێـم خـۆش بـو نازناوەکـەم ئـادەم بێـت، چـون هـەم بەناوبانگـە لـە ئینگلیزیـداو هەمیـش دینیشـە بـە نسـبەت منـەوە، بـەڵام خۆشـت دەزانیـت جیـاکاری دینـی زۆرە لـە ئەوروپـادا حـەزم نەکـرد تێبینـی دینـی هـەر لـە یەکـەم هەنـگاوەوە دروسـت ببێـت، چـون ئەوروپـا لەسـەر نـاو زۆرجـار بڕیـاری خراپـت بەسـەردا دەسـەپێنن!
ناتاشـا: مـن وا دەزانـم لـە ئەوروپـا یەکسـانیەکی تـەواو یەکسـانیە، بۆیـە زیاتـر حەزیشـم لەوێیـە!
ڕۆبـن: نـا بـەو شـێوەیە نییـە بـۆ نمونـە لـە فەرەنسـا زۆر مسـوڵمان

هەیـە نـاوی خـۆی دەگۆڕێـت، چـون زۆرجـار کـە داوای ئیـش دەکـەن و دەبینـن ناوەکـەی ئیسـلامیە فۆڕمـەکان فـڕێ دەدەن، لـە بـی بـی سـی تاقیکردنـەوە کراوە بـۆ نـاوی ئـادەم و محمـد، ئـەوەی ئـادەم چەندیـن جـار زیاتـر وەڵامدراوەتـەوە تـا محمـد، ئەمـە بەڵگـەو داتایـە نـەك قسـەکردن[8]! وەك مەعمەلاتـی وڵاتـی ئێمـە، یەکسـانیش وەك حکومـەت تـا ڕادەیەکـی زۆر یەکسـانی هەیـە، بـەڵام وەکـو خەڵـك نـا، هـەم جیـاکاری هەمیـش بۆشـاییەکی زۆر لـە نێـوان ئەوروپـی و بێگانەکانـدا هەیـە.
ناتاشـا: تـۆ وتـت حکومـەت تـا ڕادەیەکـی زۆر یانـی ئەویـش بـە تـەوای نییـە! جگـە لـە خەڵکیـش دیـارە بـە قسـەکانتدا زۆر زیاتـرە! دەکرێـت ڕونکردنـەوەی زیاتـرم پـێ بدەیـت؟
ڕۆبـن: لـە مافـە سـەرەتاییەکاندا حکومـەت یەکسـانی دەپارێزێـت، بـەڵام کـە ڕۆشـت بـەرەو سـەرەوە زۆر زەحمـەت دەبێـت، نابینـی کـە مسـوڵمانێك پۆسـتێك وەردەگرێـت چـۆن لـە جیهانـەوە دەنگدەداتـەوە! ئـەوە مانـای ئەوەیـە زۆر دەگمەنـە بگـەن بـەو پۆسـتانە، هەتـا پۆسـتی ئیشـیش وەك پێشـتر وتـم، وە نـەك مسـوڵمان یـان بێگانـەکان بـا بڵێـم بگـەن پێـی، ئەویـش لـە ڕوی توانـاوە نییـە بـە بـڕوای مـن لـە ڕوی لەمپەرەکانـە! ئەوانـەش کـە دەگـەن بـە پەرلەمـان بـۆ نمونـە دەنگـی خۆیـان دەهێنـن. لـە ڕوی خەڵکیشـەوە ڕاسـتی ژیانێکـی ڕۆتینـی و ڕوکەشـیە!
ناتاشـا: مـن وام دەبینـی پێکـەوە ژیـان لـە ئەوروپـا لـە ئاسـتێکی یەکجـار باڵادایـە.
ڕۆبن: پێکەوە ژیان پێناسەی چییە لای تۆ؟
ناتاشـا: مەبەسـتت چییـە ڕۆبـن؟ تاقیـم دەکەیتـەوە! پێکـەوە ژیـان پێکـەوە ژیانـە، تێکەڵـی، هـاوکاری یەکتـری، خەمخـۆری، سـۆزو عاتیفـە،

---

(8) https://www.bbc.co.uk/news/uk-england-london-38751307

زۆر شـتی تـرا!
ڕۆبـن: سوپاسـت دەکـەم بەبـێ ئـەوەی وەك پێناسـە پێناسـەی بکەیـت زۆر لایەنیـت دەرخسـت، تێکەڵـی، هـاوکاری، خەمخـۆری، سـۆزو عاتیفـە، زۆر شـتی تریـش! ئەوانـە ناڵێـم بـە تـەواوی نییـە، بـەڵام نسـبەتێکی ئێجـگار ئێجـگار کەمـە، هەتـا زۆرجـار کـە هەشـبێت حکومەتیـش ڕێگـرە لـە گەیاندنیـدا، پێکـەوە ژیـان لـە ئەوروپـا بـەو مانـا حەقیقیـە بونـی نییـە، بـەڵام بـە مانـا مەجازیەکـەی هەیـە!
ناتاشا: ڕۆبن ناکرێت ڕونتر قسە بکەیت!
ڕۆبـن: وا هەسـت دەکـەم پێویسـت بـەوە نـەکات زۆر شـی بکەمـەوە بـۆ تـۆ، چـون تـۆ دکتۆرەیـت و ئاسـتت بـەرزە، مانـا حەقیقـی پێکـەوە ژیـان نییـە، دۆخێـك دروسـت بـوە کـەس کاری بـە کەسـەوە نەبێـت، هەتـا حکومەتیـش تـا ڕادەیەکـی زۆر ئـەوەی دەوێـت، چـون لـە هـەر جێگەیـەك خەڵکـی کاری بـە یەکـەوە نەبێـت و لەیـەك هەڵوەشـاوە بێـت لـە سـودی دەسـتەڵات و بازرگانـە سیاسـیەکاندایە، مەجازیەکـەش ئەوەیـە بـەڕوی یەکـدا پێدەکەنـن و ڕوکەشـێکی جوانـی هەیـە، مامەڵەکان لـە چوارچێوەی بەرژەوەنـدی مـادی یـان جنسـیدایە!
ناتاشا: یانی چۆن مادی و جنسی؟
ڕۆبـن: لـە دەیـان جێگـەی جیـاواز ئیشـم کـردوەو هاوڕێـی هەمـە چەشـنم هەبـوە، هـەر ئەوەنـدە هاوڕێتـە کـە پێکـەوەن و ئیشـتان پێکەوەیـە، کـە لـە جێگەکـە نامایـت تـەواو ئیتـر ئەویـش نامێنێـت و دەبێـت بـە خـەو، جنسـیش بـۆ نمونـە کچێـك لـە گـەڵ کوڕێـك یـان بـە پێچەوانـەوە، یانـی مامەڵـەی بـێ بەرژەوەنـدی ناڵێـم سفرە، بـەڵام دوریـش نییـە لـە سـفرەوە، وەك تـۆ وتـت منیـش دەڵێـم: عاتفیـەو سـۆز، هـاوکاری و خەمخـۆری وە زۆر شـتری تریـش.

ناتاشــا: دەزانــی ڕۆبــن لای ئێمــەش تــا ڕادەیەكــی زۆر وایــە، هەرچەنــد خەڵكی ئێمـە لـە بنەڕەتدا خەڵكانێكـی ڕەسـەنن، بـەڵام سیسـتمە یـەك لـە دوای یەكـەكان تـەواو مانـدو وە بێـزاری كردویـن، بـە تایبـەت لـە ژێـر نـاوی ماركسـی و لینینـی هـەم سـتەمی دینـی و فكریـان لێكردویـن هەمیـش بـێ بەشـبون لـە ئاسـودەیی ژیـان، واتـە ئـازادی بیـروڕاو ژیانیشـیان لـێ زەوتكردیـن. نازانـم تـۆ هیـچ لەبارەیانـەوە دەزانیـت یـان نـە، بەناوبانگـە وڵاتانـی سـۆڤیەت هەرچەنـد كۆتـای پێهـات ئـەوەی مـن دەیڵێـم[٩] .

ڕۆبـن: دان بـەوەدا دەنێـم كەسـێكی زیـرەك نیـم لـە بـواری مێـژودا، چـون تایبەتمەندیەكانـی مـن لـە بـواری شـەریعەو قانـون زمانـی ئینگلیزیدایـە ، بـە حوكمـی ئـەوەی لـە بـواری ڕۆژنامەوانیـدا كارم كـردوە خیبـرەی زۆرم تێیـدا هەیـەو، ئیـدارەش هـەر بـە حوكمـی ئیـش و وتنـەوەی وانەكانـی ئیـدارە هـەر شـارەزایم هەیـە، مێـژو تەنهـا مەعریفـەی عامـم لەسـەری هەیـە نـەك ورد.

ناتاشـا: نابینـی ڕۆبـن هەرچـی وڵاتەكانـی ئیتحـادی سـۆڤیەت هەیـە بـە هەمـو شـێوەیەك دەیانەوێـت دوربكەونـەوە، تـا ئاهێـك بەبەریانـدا بێـت و هەسـت بـە ئـازادی بكـەن، چـون ئێمـە بەڕاسـتی بـە كۆیلـە كراویـن، ئێسـتە پۆڵەنـدا، لاتیڤیـا، لیتوانیـا ڕۆشـتونەتە نـاو ئیتحـادی ئەوروپیـەوە، ئۆكرانیـاش دەیەوێـت بـڕوات نابینـی ڕوسیا لەبـەر بەرژەوەنـدی خـۆی چ بـە میللەتـی ئۆكرانـی دەكات، ئێسـتەش ئـەم سیسـتمە بـەزەی بـە كەسـدا نایەتـەوە.

ڕۆبن: شـتێكت خسـتەوە یـادم، چەنـد جـار ڕۆشـتوم بـۆ ئۆكرانـا دەمبینـی خۆنیشـاندان دەكـەن، دوای ماوەیـەك تورەبونیـان گەشـتە ئـەو ئاسـتە پەیكەرەكانـی ماركـس و لینینـان بـە پیـك و چەكـوش و داس دەشـكاند،

---

(٩) https://en.wikipedia.org/wiki/Republics_of_the_Soviet_Union

ئێستەش کە ڕۆشتینە ئۆکرانیا دەبینی پەیکەرەکان داپۆشراون هەتا زۆرێکی پاسەوانیشی بۆ دانراوە.
ناتاشا: ئێستە ڕۆبن ڕێز بۆ ئەو شتانە نەماوە، ڕونتر بڵێم شایەنی ڕێز نین، ئێمە ماندوبوین، بەڵێ بەڕاستی ماندوین.
ڕۆبن: باسی مسوڵمانی ڕوسیات نەکرد! ئەوان دۆخیان چۆنە؟ هەڵسەنگادن و خوێندنەوەی تۆ بۆیان چی یە؟
ناتاشا: تەنها لە ڕوسا وەك ڕێژە نزیکی ١٠ ملیۆن مسوڵمان هەیە، جگە لە وڵاتەکانی کازاکستان، کرگیسیا، تاجیکستان، تورکمەنستان، ئەزەربایجان کە ئەمانە لە حسابدا نایەت، وە جگە لەو ڕێگریە زۆرەش کە لە مسوڵمان دەکرێت هێشتا دیومە لە هەواڵەکاندا بۆ نوێژێك ٢٥٠ هەزار خەڵك لەیەك جێگەدا کۆبوەتەوە، بۆ نمونە لە مزگەوتی کاسەدریال لە مۆسکۆدا[10].
ڕۆبن: تۆ ئەم شتانە دەزانیت چۆن لە مسوڵمانەکان تێدەگەیت، خوێندنەوەت بۆیان چییە؟
ناتاشا: ببورە ئەم پرسیارە دوهەم جارە بیکەیت لەیادم چو وەڵامت بدەمەوە، ئەڵبەت ڕاگەیاندن هەردەم وەك مەترسی نیشانی دەدات بەڵام من وای نابینم، چون ئەگەر مەترسی بن تەنها ئەو ڕێژەی کە لە مزگەوتی کاسەدریاڵ کۆبویەوە دەتوانن وڵاتەکە وێران بکەن! بەڵام ئێمە گرفتار کراوین بە ڕاکە ڕاکەی دوای ئیش و ژیان، کەم دەرفەتی بیرکردنەوەمان هەیە، ژیان ئێجگار سەختە لە ڕوسیادا.
ڕۆبن: دەزانیت سیستمی سەرمایەداری ئێستەش بەو شێوە خەڵکی سەرقاڵ دەکات بۆ ئەوەی هەم دەرفەتی بیرکردنەوە نەبێت، هەمیش جۆرێکی ترە لە کۆیلایەتی، ناوەکان دەگۆڕێن بەڵام بارەکە هەر

---

(١٠) https://www.rt.com/news/394009-russia-celebrates-eid-festival/

قورسـە!
ناتاشا: یانی لە ئەوروپاش هەروایە؟
ڕۆبـن: وڵاتـە ئەوروپیـەکان جیـاوازی هەیـە، هەیـە ئێسـتەش لـە ڕوی فکریـەوە جۆرێکـە لـە سـۆڤیەتی کـۆن، بـەڵام لـە ڕوی پراکتیـزەوە هەمـوی یـەك سیسـتمە، تەنهـا ڕوە فکریەکـەی جیاوازیـان هەیـە!
ناتاشـا: چـۆن دەکرێـت لـە ڕوی فکریـەوە جیاوازبـن و لـە ڕوی پراکتیـزەوە نـا جیاوازبـن! لۆژیکیـەن یـەك ناگرێتـەوە!
ڕۆبـن: یـەك دەگرێتـەوە ناتاشـا، بەرژەوەنـدی کۆیـان دەکاتـەوە، ئەوروپیـەکان هەتـا لەنـاو خۆشـیاندا فکریـەن جیـاوازن نـەك تەنهـا بەرانبـەر مسـوڵمان یـان باشـترە گشـتگیر تـر بڵێـم بێگانـە، ئەڵبـەت بێگانـە بـە نسـبەت ئەوانـەوە، بـۆ نمونـە منێکـی مسـوڵمان و شـەرقی و تۆیەکـی ڕوسـی و نـا مسـوڵمان بـە نسـبەت ئەوانـەوە جیاوازیەکمـان نییـە، هەتـا زۆرجـار لەیەکیشـمان ناکەنـەوە، بـۆ نمونـە سـەر ڕەش و ڕەش پێسـت هەمـوی بـە یـەك چـاو سـەیر دەکرێـت. تـا نمونەیەکـت بـۆ بهێنمـەوە خـۆ ئێسـتە وڵاتانـی ناتـۆ چـی کـۆی کردونەتـەوە، ئەوەتـا وڵاتـی ئیسـلامی وەك تورکیاشـی تێدایـە، بـەڵام بەرژەوەنـدی کـۆی کردونەتـەوە، بەرژەوەنـدی پاراسـتنی وڵاتەکانـی خۆیـان. لـە ئەوروپـاش بـۆ نمونـە لـە فەرەنسـاو بەلجیـکا کـە ڕێژەیەکـی یەکجـار زۆر مسـوڵمانی تێدایـە، ڕەگەزپەرسـتی و بڕیـارە سیاسـیەکانی حکومەتیـش دژیـان یەکجـار زۆرە، بـەڵام بـۆ نمونـە لـە بەریتانیـا زۆر باشـە.
ناتاشـا: بـا لـە سیاسـەت بگەڕێیـن لـە ڕوی خوێندنـەوە چۆنـە؟ بـۆ نمونـە مـن بمەوێـت بێـم بـۆ ئـەوێ دکتۆرایەکـی تـر بخوێنـم، چـون دەمەوێـت دکتۆرایـەك لـە بـواری کۆمەڵناسـیدا بخوێنـم.
ڕۆبـن: ئەمـڕۆ هەمـو شـتەکان پەیوەسـتە بـە سیاسـەتەوە، هەتـا لـە ڕوی

خوێندنیەشەوە جیاوازی زۆر دەکەن، بۆ نمونە لە خوێندندا بۆ تۆیەك کە ئەوروپی نیت جیاوازە لەوەی گەر ئەوروپی بیت، پارەیەکی یەکجار زیاترە.

ناتاشا: باش تەنها ڕێکارەکانیم پێ بڵێ نرخەکەی واز لێ بهێنە، خۆم لە سایتەکانیانەوە سەیری دەکەم.

ڕۆبن: هەرکەسێك بیەوێت شەهادە یان دوکومێنتی تر لە وڵاتی غەیرە خۆی بەکار بهێنێت ئەم کارانەی پێویستە، پشتڕاستکردنەوەی شەهادە یان دوکومێنتەکان لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی، دواتر سەفارەتی ئەو وڵاتەی کە بۆی دەڕوات، ئەوسا دەتوانیت شەهادەکەت بەکار بهێنێت، بۆ بەریتانیا پێویستە وەریگێڕیتە سەر ئینگلیزیش، دوای ئەوە بەشێوەی ئۆنلاین دەتوانیت تەقدیم بکەیت، دواتر لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ئاگادارت دەکەن کە چ بکەیت، هەندێك لە زانکۆکان داوای بڕێك لە نرخی خوێندنەکە دەکەن، لەگەڵ پارەی ئەپلیکەیشنەکەدا، جگە لە پارەی تەقدیم و ئەو شتانە کە پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆوە، ئەڵبەت جاران ئاسان بو، تەنها زانکۆکە دەعوات نامەیەکی پێ دەدایت و فیزەت وەردەگرت مادام قبوڵی زانکۆت هەبوایە، بەڵام ئەوەندە بەناو قوتابی ڕۆشتنە بەریتانیاو دواتر نەیانخوێند و نەشگەڕانەوە! بەم شێوەی ئێستە گرانیان کرد، هەتا هەیە هەمو شتەکانیشی تەواوە کەچی ڕەفزی پێ دەدەن، گەر گومانی لێ بکەن کە نەیەتەوەو مولحەقاتی نەبێت لە وڵاتی خۆی، بۆ تۆ ئەو کێشەت نابێت بەڵام وڵاتانی تر وەك سوریا، عێراق، لیبیا، یەمەن ئەو وڵاتانەی کە شەڕی تێدایە، چون دەزانن ئامانجیان گەشتنە بە وڵاتەکە نەك خوێندن، ئەو وڵاتانەش کە باری داراییان زۆر لاوازە بەو شێوەیە سەیریان دەکەن کە ئامانجیان گەشتن و ئیش

بێـت نـەك گەشـتن و خوێنـدن.
هەتـا جـاران زیاتـر ڕێگەیـان دەدا بـە ئیشـکردن بـۆ قوتابـی، ئێسـتە ئـەو بوارەشـیان تەسـك كردوەتـەوە، دەڵێـن كەسـێك بیەوێـت بخوێنێـت دەبێـت پلانـی هەبێـت و پێـش ئـەوە توانـای دارایـی تـەواوی هەبێـت نـەك لەسـەر ئیـش دارایەكـەی پەیـدا بـكات، ئـەوەش سیاسـەتێكە بـۆ بەرزبونـەوەی داهاتـی وڵات، چـون خوێنـدن جگـە لـەوەی ناوەندێكـی زانسـتیە گەورەتریـن بازرگانیشـە.
ناتاشا: هیوادارم یارمەتیم بدەیت چون ئێوە زیاتر وردەكاری دەزانن.
ڕۆبـن: بەڵـێ ڕێكخراوێكـم هەیـە بـۆ یارمەتـی قوتابـی بـۆ ئـەم كارانـە، تـا ئێسـتە یارمەتـی سـەدان كەسـمان داوە، لـە وەرگرتنیـان لـە زانكـۆكان، بـەڵام ئێسـتە بەهـۆی ئـەم شـەڕەی كە پێـی دەوترێت شـەڕی داعـش نازانم ئاگاداربیـت یـان نـە كارەكان گرانتـر بـوە، ئێمـەش تۆزێـك ساردبوینەتەوە چـون زۆر لـە زانكـۆكان هـەروا بـە ئاسـانی ڕەفـز دەدەن، ئەڵبـەت حەقـی خۆشیانە چـون زۆركـەس بەنـاوی فیـزەوە دەگەنـە ئەوروپـاو دواتـر دیـار نامێنـن، هەتـا وڵاتانـی شـەرق و ئاسـیاوە ئێسـتە زیاتـر خەڵـك ڕو لـە ڕوسیاو ئۆكرانیـا دەكـەن بەهـۆی هەرزانـی نرخـی خوێندنـەوە، هەرچەنـد لـە ڕوی زانسـتیەوە تێبینـی لەسـەر ڕوسـیاو ئۆكرانیـا هەیـە، ئەویـش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە دیـارە كەسـانێك لەگـەڵ مامۆسـتاكانی زانكۆكانـدا ڕێكەوتبـن و بـە پـارە یارمەتیـان دابـن.
ناتاشـا: مـن ئەزمونەكـەم لـە شـەهادەكە لا گرنگتـرە، لـە ڕوسـیاو ئۆكرانیـاو ئـەم وڵاتانـەی سـۆڤیەتی كـۆن بـا بڵێیـن چـون زۆر چەوسـاوینەتەوەو نەهڵـراوە ببیـن بـە سـەرمایەدارو ژیانیـش تـا ئێسـتە هـەر گرانـە بەداخەوە هەوڵـی دەسـتكەوتنی پـارە لـە زۆر ڕێگـەی ناشـەرعیەوە دەدرێـت، هەتـا بەداخـەوە زانكۆكانیشـی گرتوەتـەوە.

ڕۆبن: سیاسەتی ئەم وڵاتانە چون لە بنەڕەتدا هەر زۆر بە چەوتی هاتوە یەکلای کردنەوەی ئەو شتانە قورسە، چون دەبێت کارەکان لەسەر بنەمای زانستی بێت نەك تەنها شەهادە، بۆ نمونە لە شەرقدا هەر ئەوەندەی کە شەهادەت هەبێت پلەو پۆستی هەتا حکومیشت پێ دەدەن بەبێ ئەوەی پلەو پۆستەکە زانستی شەهادەکەی تێدا بەکار بێت، یان هەتا لە زانکۆکانیشدا تەنها بەهۆی شەهادەوە خەڵك دادەمەزرێنن نەك توانا، هەیە بۆ نمونە مامۆستای مادەیەکە ناتوانێت بەچاکی بیلێتەوە، جگە لەوەی چاودێری لاوازە، ئەوروپا ئەوەی باشە تواناکەی لا گرنگترە تا بڕوانامەکە، هەزارەها خەڵك هەیە شەهادەی هەیەو ئیشی نییە، هەزارەهاش هەیە بەبێ شەهادە ئیشی باشی هەیە، جگە لەوەی گەر ئیشیشت پێ بدەن بە شەهادەو دواتر ببینن لاوازیت و توانات نییە دەرت دەکەن هەتا با شەهادەکەشت لە ئۆکسفۆرد هێنابێت، هەر وڵاتێك بەم شێوەیە بێت بەبڕوای من پێش دەکەوێت.

ناتاشا: یارمەتی زیاتری تۆم دەوێت بۆ دانیشتنەکانیش، پێم خۆشە ئەتەکێت و چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەو موناقەشەکانم بۆ باسبکەیت پێش وەخت، وە چ لەسەر منە بیکەم گوێڕایەڵ دەبم و مەمنون دەبم.

ڕۆبن: دەزانی ناتاشا من زۆر ڕقم لەو کەسانەیە کە لە جێگەیەك کاردەکەن و یارمەتی یەکتر نادەن، سیفەتێکی زۆر قێزەونە لای من، شاردنەوەی زانست لە دینی ئێمەدا عقوبەی لەسەرە لە کتێبە پیرۆزەکەی ئێمەدا هاتوە:

(إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ)(البقره ١٥٩)

هەروەها لە حەدیسیشدا هاتوە، واتە پێغەمبەرەکەمان درودی خوای

لەسـەر بێـت فەرمویەتـی:
(مَـنْ سُـئِلَ عَـنْ عِلْـمٍ فَكَتَمَـهُ أَلْجَمَـهُ اللهُ بِلِجَـامٍ مِـنْ نَـارٍ يَـوْمَ القِيَامَـةِ)
(أخرجـه أبـو داود والترمـذي)
ناتاشا: سەیرە، زۆریش سەیرە! (بێدەنگ بو وەستا)
ڕۆبن: بۆ وەستایت ناتاشا، چ سەیرە؟ خراپم وت!
ناتاشـا: نـا بەڕاسـتی وەسـتاندمی، یانـی ئـەم جـۆرە یارمەتیـە پەیوەسـتە بـە دینەکەشـتانەوە؟ وە تـۆ دەقەکانیشـت لەبـەرە! چەنـد بـە ڕێـزەوە نـاوی کتێبەکەتـان و پێغەمبەرەکەتـان دەبەیـت!
ڕۆبـن: بەڵـێ ناتاشـا فعلـەن وایـە، وە مـن دینەکـەم زۆر خـۆش دەوێـت و تا خۆشـت نەوێـت کاریگەریت لەسـەر دروسـت نـاکات بـۆ جێبەجێکردنی.
ناتاشـا: مـن کـە ناتوانـم خۆشـم بوێـت، بـەڵام بەڕاسـتی جێگـەی ڕێـزە، دینێـك ئـەم جـۆرە پـەروەردەی بـۆ زانسـت تێـدا بێـت!
ڕۆبـن: یەکـەم ئایـەت ناتاشـا بـە بخوێنـە دەسـتی پێکـردوە، بۆیـە منیـش ڕێکخراوەکـەم بـەو نـاوەوە ناونـا بخوێنـە.
ناتاشـا: بەڕاسـتی سـەیرە! دیسـان دەموەسـتێنێت! دەزانی بۆ لەبەر ئەوەی لـە دینەکانـی تـردا خوێنـدن ئەوەنـدە بایەخـی نییـە، مـن وا تێگەشـتوم دیـن تەنهـا هەسـتێکی ڕۆحیـە نـەك زانسـتی!
ڕۆبـن: ئەڵبـەت ڕۆح و هەسـتی ڕۆحیـش گرنگـی خـۆی هەیـە لە ئیسـلامدا، بـەڵام ئـەوەش هـەر بـە دەق و زانسـتیانە ڕێـك خـراوە، چـون گـەر وانەبێت هەسـتە ڕۆحیەکـە شـتی پێچەوانـەی تێـدا دروسـت دەبێـت، گرنگـە ڕۆح بایەخـی پـێ بدرێـت، پەیوەسـتی لەگـەڵ خـوای گـەورەدا پتـەو بێـت، بـەڵام ئەگـەر بـە دەق و زانسـتیانە ئەویـش ڕێـك نەخرێـت سروشـتی ڕۆحەکـە لـە جێگەیەکـی تـرەوە سـەر دەردەکات.
ناتاشـا: ونـت کـردم ڕۆبـن، قسـەکانت سـەرنج ڕاکێشـە، بـەڵام نەمتوانـی

لەگەڵیـدا بەردەوابـم، بـە پوختـی بڵێـم ڕونتـرو سـادە تـر بڵـێ!
ڕۆبـن: دیـن، ڕونتـر بڵێـم دینـی ئیسـلام، جۆریەتـی پەیوەندیەکانـی ڕێکخستوە بـە دەق، ئـەوەی پەیوەستە بـە پەیوەنـدی مرۆڤـەکان لەگـەڵ خـوای گـەورەدا ئالیەتـی بـۆ دانـاوە، کـە چـۆن ئـەو ڕۆحـە بـە پاکـی پەیوەسـت بکرێـت پێـوەی، وە بـۆ پەیوەندیـە مرۆییەکانیـش دیسـان ئالیەتـی تـری دانـاوە، بـۆ نمونـە ئێسـتە قسـەکەمان لەسـەر پەیوەنـدی مرۆڤـە بەخـواوەو لایەنـی ڕۆحیـە، لـە یـەك ئایەتـی قورئانـدا بەجوانـی دەستنیشـانی کـردوە:
(قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ) الأنعام ١٦٢
(ئـەی پێغەمبـەر (صلـی الله علیـە وسـلم)، ئـەی ئیمانـدار) بڵـێ: بەڕاسـتی نوێـژو حـەج و دروشـمەکانی و (سـەرجەم چاکـە و بەندایەتیـم) هەروەهـا ژیـان و مردنـم تایبەتـە بـۆ خـوای پـەروەردگاری جیهانیانـەوە.
دەبینـی هەتـا لـە جۆریەتـی ئـەو پەیوەسـتی ڕۆحیـە لەگـەڵ خـوای گـەوردا لینـك کـراوە بـە خەڵکێشـەوە، بـۆ نمونـە لـە قوربانیەکـەدا، بـە کورتـی بـۆ ئـەوەی کەسێکی تەندروسـتی ڕۆحانیـش بیـت دەبێـت لەگـەڵ چواردەوریشـدا بـاش بیـت، بـەڵام لەمـرۆدا سروشـتی ئـەم پەیوەندیانـە تێکـدراوە، ئەڵبـەت لـە پێشـدا لەنـاو دینەکانـی تـردا، ئێسـتەش لەنـاو ئیسلامیشـدا بونـی هەیـە، بـەڵام خۆشـبەختانە دەقەکانـی ئێمـە هـەردەم وەك خـۆی لەبـەر دەسـتە، تەنهـا هەوڵـی تێگەشـتنی دەوێـت، ئەویـش بـە کەسـی خوێنـدەوار بـە ئاسـانی دەکرێـت، بۆیـە دەگەڕێمـەوە بـۆ ئـەو خاڵـەی خوێنـدن هـەردەم گرنگـی هەیـە لـە دینـی ئێمـەدا.
ناتاشـا: چ وردو جوانـە، مـن وام دەزانـی بـۆ ئـەوەی کەسێکی دینداربـم دەبێـت هـەردەم لەبیرکردنـەوەی ڕۆحیدابـم و واز لـە پیشـەو پەیوەندیـە مرۆییەکانیـش بهێنـم.

ڕۆبن: ئەڵبەت ئەوەی تۆ دەیڵێی بونی هەیە، ڕونتر بڵێم لەناو مەسیحیەتدا ئەوە بایەخی پێ دەدرێت، هەربۆیە سەرکەوتوش نەبون لەوەداو ناتوانن خەڵکی ببەنە ئەو جیهانەوە، چون دواتر کاریگەری ترو دۆخی ژیان ڕێگە بەوەش نادات، لە ئیسلامدا تایبەتمەندیەك هەیە کە پێی دەوترێت هاوسەنگی، التوازن، دەبێت لە نێوان ژیانی دونیاو ژیانی دوارۆژ، خوای گەورەو خەڵکدا هاوسەنگیەك هەبێت، ژیانی خۆت دەکەیت و چیژ لە نیعمەتەکانی خوای گەورە وەردەگریت، بەڵام بەپێی ئەو دەقەی کە بۆت دانراوە، بە مومارەسەی ئەو دەقانە هەم ژیانی دونیا بە ڕێکی دەکەیت هەمیش قیامەتیش بەدەست دەهێنیت، پەیوەندیە ڕۆحیەکەش لەو نێوەندەدا بەم بەرنامەو ڕێنومایییە بەهێز دەبێت، هەروەك چۆن لە دونیادا پابەند دەبیت بە یاساوە بەدور دەبیت لە کێشەکان و ژیانیشت باشتر دەڕواتە پێشەوە، ئیسلامیش یاسایە، یاسایەك نەك وەك یاسا دونیاییەکان تەنها بەشداری فیزکی داوا بکات، بەڵکو یاسایەك دەبێت ڕۆحیشت لەگەڵی تێکەڵ ببێت.

ناتاشا: سەیرە، ئێمە لە منداڵیەوە کە پەروەردەی دینیش کراوین تا ڕادەیەك وردەکاریمان پێ نادەن، بۆیە کە گەورەدەبین و ئەقڵمان گەورەدەبێت پێوەی پابەند نابین، چون لۆژکیەن ئاو نەدراوین.

ڕۆبن: ئەڵبەت مەبەستم نییە بێ ڕێزی بکەم، بەڵام لە دینەکانی تردا لۆژیك یەکجار غائیبە، بۆیە هەر تەرکیز لەسەر ڕۆح دەکەن و ڕۆحەکەش بە ڕێگەیەکی هەڵەدا دەبەن، بە کورتی سەرگەرم کردنە وەك ئەوەی لۆژیك بێت.

ناتاشا: من ناتوانم لەگەڵ تۆدا وەك کەسێکی شارەزا لەبواری دیندا قسە بکەم بەڵام ئەزمونی ژیان و ئەوەی دیومە لە دەورو بەرم ڕێك بەو شێوەم پێ دەڵێت.

ڕۆبـن: بڕوابکـە ناتاشـا شارەزایشـت هەبێـت لۆژکیـەن ناتوانیـت بـەردوام بیـت، چـون مـن لەگـەڵ چەندیـش زانـای دینەکانـی تریشـدا قسـەم کـردوە، شـتەکانیان یەکجـار سـنورداره، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە گەشـتە جۆرێـك لـە بنبەسـت هێـرش دەکەنـە سـەر ئیسـلام، وەك وابێـت ئامانجەکـە بـۆ دژی ئیسـلام دانرابێـت نـەك وەك خـودی دینەکـە ئامانـج بێـت و بـە بەرنامـە بێـت، ئەڵبـەت وەك دونیـای بەنـاو تازەگـەری ئەمـڕۆ زیاتـر مەبەسـتم.

ناتاشـا: مـن پێـم وا نییـە بـەو شـێوەیە بێـت ڕۆبـن، چـون گـەر وابوایـە ئیسـلام بـەم شـێوەی ئێسـتە گەشـەی نەدەکـرد، لـە یـەك مزگەوتـی مۆسـکۆدا بـە تەنهـا ڕوبعـە ملیۆنێـك نوێـژ خوێـن تێیـدا کۆببێتـەوە! وەك دەشـبینم هەمـو ڕۆژێـك هـەواڵ لـە سـەر ئیسـلام و مسـوڵمانان هەیـە لـە جیهانـدا!

ڕۆبـن: بـاش، نمونەیەکـی جوانـت وروژانـد، ئـەو هەواڵانـە لەسـەر ئیسـلام و مسـوڵمانان هەیـە خـودی هەواڵەکـە چیـن؟

ناتاشا: مەبەستت چی یە؟

ڕۆبـن: تـۆ دەڵێـی هەمـو ڕۆژ هـەواڵ لەسـەر ئیسـلام هەیـە، ئایـا ئـەو هەواڵانـە پیـا هەڵدانـە، یـان باسکردنیەتی وەك خـۆی، وە یـان دژایەتـی و ناشـرین کردنـە، تەنهـا بیربکـەرەوە!

ناتاشا: ئم، ئە، زۆری باسی پشێوی دەکات!

ڕۆبـن: کەواتـە چـارت نییـە دەبێـت قەناعـەت بـە قسـەی مـن بکەیـت کـە ئیسـلام بـە ئامانـج گیـراوە، زۆرتریـن هـەواڵ سـیفەی ئیسـلامی دەخەنـە پـاڵ و زەقـی دەکەنـەوە بـۆ ناشـرین کـردن.

ناتاشـا: دەی حەتمـەن ئـەوەش واقعـە بۆیـە بـەو شـێوەیە گرنگـی پـێ دەدرێـت.

ڕۆبـن: واقعـی تـاوان و تاوانـکاری و سروشـتی مـرۆڤ و تاوانکـردن و دینی

ئیسـلامیش وەك خـۆی دەبێـت سـەیربکرێت، مـن تێکەڵـی زۆر دەبینـم و تێکەڵیەکەشـی بـۆ ئـەوەی دەگێڕمـەوە کـە بـە ئامانـج گرتنەکەیـە.
ناتاشا: وەك چی بۆ نمونە، نمونەم بدەرێ.
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە هـەر ئێسـتە لـەم گەشـتەدا مـن کێشـەیەك بکـەم و کێشـەکە بکەوێتـە دەسـت ڕاگەیانـدن، ناڵێـن ڕۆبـن تاوانێکـی کـرد، یەکسـەر سـیفەتی دینەکـەش دەدەنـە پاڵـی، ڕۆبـن کەسـێکی مسـوڵمان لـە وڵاتـی ڕوسـا واو وای کـردن، نـاوی ئیسـلامی لەگەڵـدا زەق دەکەنـەوە! بـەڵام ئەگـەر تـۆ تاوانێـك بکەیـت ئەگـەر پاساویشـی بـۆ نەهێننـەوە بـە هیـچ شـێوەیەك ناڵێـن کەسـێکی مەسـیحی یـان هـەر ئاینێکـی تـر ئـەو کارەی کـرد، مـن ڕۆژانـە لـەم هەواڵانـەم بەرچـاو دەکەوێـت، لـە کاتێکـدا تـاوان بـە دەق لـە دینـی ئێمـەدا نـەك حـەرام کـراوە بەڵکـو عقوبەشـی بـۆ دانـراوە، ئـەوە لۆژیکـە، چـون مـرۆڤ دەکرێـت بکەوێتـە تاوانـەوە دواتـر عقوبـەی بـدات وەك خـودی کەسـەکە نـەك دینەکـە، دیـن بلّـێ چـی تاوانـی بـە تـاوان ناسـیوە، کەچـی دواتـر خـۆی پـێ تاوانبـار ببێـت.
ناتاشـا: دیـارە ئێـوە قوڵتـر لـەم بـوارەدا ڕۆچـون، مـن چـون ئیشـم پێـی نەبـوە هـەروا بەسـادەی تێمڕوانیـوە، ئەڵبـەت سـەختی ژیانـی ئێمـەش، شـەڕکردن لەگـەڵ ژیانـدا دەرفەتـی پـێ نـەداوم.
ڕۆبـن: ژیـان هەمـوی بەربەرەکانـێ و شـەڕە، شـەڕ بەمانـا فیزکیەکـەی نـە ئەڵبـەت، بـەڵام لەنێـو ئـەو شـەڕانەدا دەبێـت بەشـی ڕۆحـی خۆتـی لـێ وەرگریـت، وات لـێ نـەکات ڕۆحتـی لـێ بـێ بـەش بکەیـت.
ناتاشـا: کـە سروشـتی بەربەرەکانـێ دروسـتبو ڕۆح زەحمەتـە پارێـزگاری لـێ بکرێـت، ڕۆح پێویسـتی بـە دۆخـی ئارامـە!
ڕۆبـن: ئەڵبـەت بۆچونەکـەت زۆر جوانـە، بەربەرەکانـێ و پشـێوی زیانـی گـەورەی بـۆ ڕۆح هەیـە، بۆیـە ئەمـڕۆ گرنگـی زۆر بـەو پشـێویانەش

دەدرێـت، وڵاتانـی مسـوڵمان نشـین هـەردەم شـەڕی تێدایـەو، ئەوروپـاو ئەمەریکایـش ئیسـلام فۆبیـای بـۆ دروسـت دەکـەن، تـا ڕۆح ئـارام نەبێـت و بـە ئارامـی بیرنەکاتـەوە، بـەڵام مرۆڤـەکان خۆیـان بەرپرسـن لـە خولقاندنـی ئـەو دۆخـە ئارامـە بـۆ خۆیـان، چـون ژیانـی حەقیقـی لـە ئارامیدایـە، گـەر بـە گشـتی نەبـو دەبێـت جوزئیـەن خـۆت بیخولقێنیـت! ئیسـلامیش وێسـتگەو فێرگـەی بـۆ داناویـن، لەگـەڵ هەمـو مەژغەڵـەت و پشێویەکانیشـدا دەبێـت ساتانێکت هەبێـت بـۆ بیرکردنـەوە، بـۆ پەیوەندی خـودی خـۆت لەگـەڵ خـوای گـەورەدا، هەتـا ئەگـەر سکاڵایەکیشـت هەبـو بـۆی باسـبکەیت.
ناتاشـا: گێژاوێکـی سـەیریت بـۆ دروسـتکردم، واتـە چـۆن سـکاڵا لای خـوا بـاس بکـەم.
ڕۆبـن: ئێمـە فێربویـن کـە سـکاڵا بکەیـن دەبێـت فیزکـی بێـت، بـەڵام ڕۆحیەنیـش دەتوانیـت بیکەیـن، وە جوابیـش دەدرێینـەوە، بەتایبـەت ئەگـەر ستەممان لێکرابێـت! گرێدانـی ڕۆح بەخـوای گـەورە بـەم شـێوەیە ئارامیەکـی ئێجـگار زۆرت پـێ دەبەخشـێت.
دەبینـم کەسـانێك لەبـەری خۆیانـەوە قسـە دەکـەن لـەم ئەوروپـاو هەتـا لـە زۆر جێگـەی تریـش، جۆرێکـە لـە خـۆ خاڵـی کردنـەوەو هەندێـك جـار نەخۆشیشـە، بـەڵام قسـەکردن لەگـەڵ خـوای گـەورەو ئامادەبونـی هەسـت لەگەڵیـداو تێڕوانینـی بـە ئاگاییـەوە مرۆڤـەکان بـۆ پلەیەکـی زۆر گـەورە بـەرز دەکاتـەوە، بەرزکردنەوەیـەك خـودی مرۆڤـە دەزانێـت لـە چ ئاسـتێکدایە، هەرچەنـد زۆرجـار کەسـەکانیش هەسـتی پـێ دەکـەن.
ناتاشـا: دەزانـی ڕۆبـن مـن هەرگیـز بیـرم نەدەکـردەوە تـۆ کەسـێکی لـەم جـۆرە بیـت.
ڕۆبـن: پێـم خۆشـە لـە تـۆوە ببیسـتم بیرکردنـەوەت چـۆن بـو دەربـاری

من.
ناتاشا: ئێمەی ڕوسی جوانیمان ناوبانگی هەیە، زۆرکەس بە ئاواتە بگات پێمان، بەڵام ئەوەندە درۆمان لەگەڵدا کراوەو خەڵەتێنراوین کەسێکی وەك من زۆر ترسم لە پەیوەندیەکان هەیە، وا بیرم دەکردەوە لەم سەفەرەداو بەهۆی پیشەکەشەوە جۆرێك لە ئیستغلالم بکەیت، بیرم دەکردەوە چۆن پارێزگاری لە خۆم بکەم و ئیشەکەش بە تەندروست بکەم.
ڕۆبن: ئەڵبەت ئەوەی وەك پارێزگاری لە خۆت و ئیشەکە گرنگە هەردەم ئاگات لێی بێت، ئەوەش چاك دەزانم ئافرەتانی ئەم وڵاتانە باجی زۆر قورسیان داوە، چەندین ڕێکخراو لە ئەمەریکا بە تایبەت دێنە ڕوسیاو وڵاتانی دەوروبەری و ئافرەتەکان دەخەڵەتێنن و دەیان بەن بۆ ئەمەریکاو بازرگانیان پێوە دەکەن، بەناوی خۆشەویستی و ژیانێکی خۆشترەوە دەیانکەن بە قوربانی، هەتا لە ئاستی تاکیشدا زۆر قوربانی هەیە، ئەڵبەت لەو نیوەندەشدا کەسانی پاك بونی هەیە.
ناتاشا: ئەوەندە باسی ڕۆحت بۆ کردم جەستەییم لەیاد نەما.
ڕۆبن: دەزانی ناتاشا ئەوەش چێژی تایبەتی تێدایە گەر بە دروستی بێت.
ناتاشا: چۆن؟ وەك وتم حەزم زۆر لە نمونەیە، ئێمە چون ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتوریمان جیاوازە هەندێك جار بە نمونە نەبێت ناتوانم لێت تێبگەم.
ڕۆبن: ڕاستە، چەند نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، لەسەر دروستی ئەو چێژە، بۆ نمونە ئێمە خواردن کە دەخۆین چێژی تێدایە جگە لەوەی پێویستیشە، هەروەها ئاو دەخۆینەوە چیژی تێدایە جگە لەوەی پێویستیشە، پەیوەندیشمان هەیە لەگەڵ دەوروبەرداو چیژیشە جگە

لەوەی پێویستیشە، ئەگەر خواردنەکە مادەیەکی خراپی تێدا بێت یان خودی خواردنەکە پیس بێت چێژەکە دەڕوات و دەردو نەخۆشی جێگەی دەگرێتەوە، بۆ خواردنەوەکەش بەهەمان شێوە، پەیوەندیەکانیش گەر نا تەندروست بو هەموی چێژەکان کۆتایی پێ دێت و نەرێنیەکان جێگەی دەگرێتەوە، کورتەکەی ئەوەیە ژیانی ڕۆحانیش گەر بە دروستی بێت چێژی تایبەتی تێدایە، چیژێك جیاواز لەو چیژانەی کە بۆ خواردن یان خواردنەوە یان ببورە کە دەڵێم بۆ سێکس، چیژی ڕۆحی خاڵیە لە دونیای مادە، مادە مەبەستی بەرکەوتنی فیزکی، ئیتر دەگات بە ئاستێك ئامادەی قوربانی فیزکیشی بۆ بدەیت، لەو قوربانیدانەشدا هەر چێژ هەیە کە پێچەوانەی لۆژیکە.

ناتاشا: حەز دەکەم یەك نمونەشم لەسەر خاڵی کۆتای بۆ بهێنیتەوە، چۆن قوربانی فیزکی چێژ دروست دەکات.

ڕۆبن: نمونەیەکی قورئانیت بۆ دەهێنمەوە، یوسف پێغەمبەرێکە سەلامی خوای لێ بێت، داوای زینای لێ دەکەن و ئەویش نایکات، دواتر سجنی دەکەن و عەزابیشی دەدەن، ئامادە نەبو بۆ چێژە سێکسیەکە چێژە ئیمانیەکە لە دەست بدات، وە گەورەترین قوربانیشی دا، واقعی تر قسە بکەم بۆ نمونە من و تۆ لەم گەشتەدا بەشێوەیەکی نا تەندروست بەرکەوتەی جەستەیمان هەبێت فیزکیەن چێژە بەڵام من دواتر عەزابی ڕۆحی لەسەر دەدەم، بۆیە ئامادەنیم هەرگیز ئەو کارە بکەم.

ناتاشا: تێکەڵیەك لای من دروست دەبێت لێرەدا، گەر من تۆ بە ڕەزامەندی ئەو کارە بکەین بۆ عەزابی ڕۆحی دەچێژیت دواتر، واتە ئەم بیرکردنەوە بۆ؟

ڕۆبن: لە دەقەکانی ئێمەدا وەك چۆن پەیوەندیە ڕۆحیەکان ڕێکخراوە

پەیوەندیـە سێکسـیەکانیش ڕێکخـراوە، ڕێکخـراوە بـە شـێوەیەك لـە بەرژەوەنـدی هەردولادابێـت بـە تایبەتتریـش ئافرەتەکـە، خـۆت مەگـەر هـەر ئێسـتە نەتـوت ئافرەتانـی ڕوسـیا چەنـد قوربانیـان داوە، مەگـەر نمونـەی ڕێخـراوەکان و کەسـە چەپەڵەکانم بـۆ باسـنەکردیت، ئەگەر ئەمانە بـە عەقـدو زەواج و شـەفافانە بێـت ئـەو قوربانیانـە دروسـت نابێـت یـان گـەر دروسـتیش ببـن یەکجـار زۆر نسـبی دەبێـت، ناشـبینی چەنـد منداڵ دەبێتـە قوربانـی ئـەم پەیوەندیـە نـا دروسـتانە، تەنهـا لـە ئەمەریـکا ئـەو منداڵانـەی کـە لـە دەرەوەی زەواج مـن ناڵێـم ناشـەرعی بەڵکـو نـا قانونیـش لـە سـەدا چلـە، واتـە لـە سـەدا چلـی منـداڵ بـە ناقانونـی دێتـە دونیـاوە [11]، دواتـر گەورەتریـن قوربانیـن ئـەو منداڵانـە تـا مـردن، چـون زۆرینـەی هـەرە زۆری لای دایـك یـان سۆسـیال دەبێـت، ئـەو فەڕاغـی بـێ باوکیـە هـەردەم لەگەڵیـدا دەمێنێتـەوە، کەچـی باسـی مافـی منداڵیـش دەکـەن، هەتـا مـن خوێندومەتـەوە لەسـەر سـەربازەکانی ئەمەریـکا بـۆ ئەوەنـدە بێ ڕەحمـن هـی ئەوەیـە بـێ بەشـکراون لـە ڕەحـم و سـۆزی حەقیقـی هـەر لـە منداڵیـەوە! لـە ئیسـلامدا بـۆ پاراسـتنی پەیوەنـدی منداڵیـش داواکـراوە لـە دەرەوەی زەواجـی شـەرعی و بـە عەقـدو شـاهید بێـت، نـەك بـۆ چێژێکـی کاتـی ئـازاری ڕۆحـی نـەك خـۆت بەرانبـەرو لـە ئایندەدا منداڵیـش بدەیـت.

ناتاشـا: لـە گرنگـی ئەمـە چـاك تێدەگـەم، بـەڵام لای ئێمـە دۆخێـك دروسـت بـوە بـۆ ئـەم پەیوەندیانـە هەمـو شـتێکی تێدەکەوێـت بـۆ ئـەوەی پەیوەندیەکـە بـگات بـە مەبەسـت، واتـە قانونیـش بێـت.

ڕۆبـن: منیـش لـەوە تێدەگـەم لـە بەریتایـاو ئەوروپـاش بـە گشـتی هەروایـە، بـەڵام قوربانیـەکان لـەو نێوەنـدەدا بێشـومارن بۆیـە لـە دینـی ئیسـلامدا دەبێـت پەیوەندیـەکان بـە دروسـتی بێـت بـۆ ئـەوەی بگات بە

(١١) https://www.verywellfamily.com/custody-with-no-father-on-the-birth-certificate-2997645

مەبەست.
ناتاشا: خۆزگە لای ئێمەش وا دەبو.
ڕۆبن: ئەوە بە خۆزگە نابێت، دەبێت ئافرەت خۆی خۆ گربێت و بەهێز بێت، لە دەرەوەی ئەو بازنە ئامادەگی تێدا نەبێت.
ناتاشا: ئافرەت بە تایبەت منداڵ زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە، پیاوەکانیش زۆریان ویژدانیان نییە.
ڕۆبن: وایە ڕاستە، بۆیە لە دینی ئێمەدا دروست نییە ئافرەتی مسوڵمان هەتا شوش بە نا مسوڵمان بکات، لەبەر ئەو کاریگەریەیە، چون پاراستنی خودی دین و نەکردنەوەی گرێ ڕۆحیەکان لەگەڵ خوای گەورەدا لە پرۆسەی زەواجیش گرنگترە، بۆیە لە دەرەوەی عەقدی شەرعی پەیوەندی حەرامە، عەقدی شەرعیش دەبێت لەگەڵ کەسی دروستدا بێت، هەتا لەگەڵ ئەوەشدا نا تەندروستیش هەر دروست دەبێت، بەڵام نسبەتەکە یەکجار کەمترە، منداڵ دایك و باوکی خۆی بەلانی کەمەوە دەناسێت، مافە مادیەکانیش پارێزراو دەبێت، لە هەموی گرنگتر ناتوانرێت بازرگانی بە ئافرەتەکەوە بکرێت، بۆ نمونە تۆ تەنها سەیری فیلمی بازرگانی بە ئافرەتەوە بکە، چ دەگوزەرێت لە ڕوسیاو ئۆکرانیاو ئافرەتەکانیان چۆن دەبرێن بۆ ئەمەریکاو دواتر چیان بەسەر دەهێنن.
ناتاشا: یانی لە ئەوروپا وایان لێ ناکرێت؟
ڕۆبن: لە ئەوروپاش ئافرەتەکان هەر قوربانین، تەنها نسبەتەکان جیاوازە، بەهۆی هەندێك پاداشت، یان ئیمتیازی مادیەوە، گەرنا هیچی کەمتر نییە لە ڕوسا، ئەوەی من زیاتر جەختم لێ دەکردەوە بازنە ئیسلامیەکەیە نەك ئەوروپیەکە.
ناتاشا: بەشێوەیەك قوڵت کردمەوە لە بیرکردنەوەدا پێویستم بە کات

دەبێـت دواتـر لێکدانـەوەی بـۆ بکـەم.
ڕۆبـن: بیرکردنـەوە مـرۆڤ کامـڵ دەکات، زۆرێـك کارەکانـی لەسـەر بنەمـای هەڵەشـەی و چێـژە کاتیەکانـی دەکات، بۆیـە سـەرەنجامی باشـی نابێـت، هـەردەم ئارامگرتـن چێـژی حەقیقـی بـەدوادا دێـت، بـۆ نمونـە ئافـرەت و پیاویـش حـەزی جنسـیان هەیـە، ئارامگرتـن لەسـەر نەکردنـی ئـەو جنسـە بەشـێوەی نـا تەندروسـت نـا ڕەحەتـی تێدایـە، بـەڵام دواتـر خۆشـی بـەدوادا دێـت، واتـە ئـەو ئارامگرتنـە وەك خواردنـی دەرمانـی تـاڵ سـەیر بـکات و دواتـر شـیفای بـۆ دێـت.
ناتاشـا: ئێمـە لێـك هەڵوەشـاوین ڕۆبـن، بـێ کەسـکراوین و پێویسـتمان بـە کەسـانێکە ڕاوێـژی پـێ بکەیـن، ئـەوەش تەنهـا لـە نەخۆشـخانەکان بەدەسـتمان دەکەوێـت و زیاتـر بـۆ بـوارە فیزکیەکەیـە، بۆیـە وامـان بەسـەر دێـت.
ڕۆبـن: لـە ئیسـلامدا ئافـرەت هەرگیـز وا بـێ کـەس ناکرێـت، نـەك هـەر ئـەوە بەڵکـو دانـراوە هەتـا لـە سەفەریشـدا دەبێـت کەسـێکی لەگەڵـدا بێـت، بـۆ ئـەوەی هەرگیـز هەسـتی تەنهـای بـۆ دروسـت نەبێـت، متمانـەی هەبێـت هـەردەم کەسێك لـە پشـتیەتی و پارێـزگاری لـێ دەکات، هەتـا بـۆ کاری قـورس و مەحکەمـەو شـاهیدیش داوایـان لێکـراوە بـە تەنهـا نەیکەن بەڵکـو بـە دوانـەوە ئیشـی یـەك کـەس بکـەن تـا لەسـەریان سـوك بێـت.
ناتاشـا: خۆزگـە ئێمـەش بـەو شـێوە کەسـدار دەبویـن، ئێمـە زۆرمـان هـەر بـە منداڵـی دەرمـان دەکـەن!
ڕۆبـن: ئەڵبـەت ئێـوە لـە ئەوروپیـەکان باشـترن هێشـتا، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی ئەسـەفە لای مـن، ئێمـەش ئافرەتمـان هەیـە حـەزی بـەو جـۆرە ژیانەیـە، چـون لـە سروشـتەکەی تێنەگەشـتوە، واقعیـەن بـێ کەسـی نەدیـوەو ڕەخنـە لـە کەسـداری و پارێزگاریەکانـی دەکات.

ناتاشا: بۆ نەیگۆڕینەوە، خۆزگە من بەو شێوەیە لە پشتم دەبون!
ڕۆبـن: خۆزگـە دەگونجـاو دەمبردیـت بـۆ کوردسـتان و لـە زانکۆکانـدا کۆمەڵێـك کـۆڕو سـیمینارم بـۆ ڕێـك دەخسـتی تـا باسـی موعاناتـی ئافرەتـت بکردایـە لـە ڕوسـا، یـان ڕونتـر بڵێـم لەژێـر ئـەو سسـتمەدا، تـا ئافرەتەکانـی ئێمـەش هۆشـێك بەبەریانـدا بهاتایـە.

ناتاشـا: ئێمـە هەمـو هەوڵێـك دەدەیـن تـا تەنها کەسێك بـە هەمیشـەیی بەدەسـت بهێنیـن، ئـەوان ئـەو هەمـو کەسـەیان هەیـە دەبێـت زۆر خۆشـحاڵبن.
ڕۆبـن: لـە ئیسـلامدا ئافـرەت هـەردەم دەبێـت پارێـزگاری لـێ بکرێـت و بژێـوی و پێداویسـتیەکانی لـە بەرپرسـیاریەتی پیاودایـە.
ناتاشـا: دەسـا ئێمـە هـەر تۆزێـك گـەورە بویـن زۆرمـان ئەگـەر لـە مـاڵ دایـك و باوکیشـدا بمێنینـەوە کرێمـان لـێ وەردەگـرن!
ڕۆبـن: لـە ئەوروپـاش هەروایـە، جگـە لـەوەی هەڵـەی سیستمەکەشـی تێدایـە کـە ژیانیـان بەجۆرێـك لێکـردوەو قورسـیان کـردوە شـیرازەی پەیوەندیـەکان پەیوەسـت بێـت بـە مـادەوە، بـەڵام لـە ئیسـلامدا دەبینـی کەسـێك ئیـش دەکات و بـە خۆشحاڵیشـەوە سـەرفی دەکات، لای ئێمـە پیـاوەکان ئیـش دەکـەن و زۆریشـی پارەکـەی بـە تـەواوی دەدات بـە دەسـتی ژنەکـەوە لـە کاتێکـدا ژنەکـە ئیشـیش نـاکات کەچـی هێشـتا ژنەکـە نـا ڕازایـە!
ناتاشـا: سـەیرە، جـا بۆچـی ناڕازیـن ئیتـر، ئـەی ئافرەتەکـە خـۆی چـی دەکات؟
ڕۆبـن: هەیـە ئیـش دەکات ئەوانـە کەمینـەن، بـە گشـتی تەنهـا هـەر لـە ماڵـدان و ئیشـی ماڵـەوە دەکـەن.

ناتاشـا: باشـە ئیشـی مـاڵ خـۆ ئەوەنـدە نییـە، دوای ئـەوە چـی دەکـەن، چـون ئەگـەر ئیـش نەکەیـت فەراغـت زۆر دەبێـت.
ڕۆبـن: وایـە ئیشـی ماڵـەوە وەك ئیشـی دەرەوە نییـە بـە سـەعات و کەسێك بـە سـەرتەوە بێـت، بـەڵام بـە گشـتی کـە تـەواوی دەکـەن، ئەگـەر ئافرەتەکـە ڕۆشـنبیر بێـت زیاتـر بـە خوێندنـەوە یـان لـە مەشـروعی کاری خـۆ بەخشـیدان.
ناتاشـا: ئێمـە فەوتـاوی دەسـتی ئیشـکردنین، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە لـە بـواری خوێندنـدا فەشـەلیان هێنـاوە یەکجـار گرفتـارن، چـون ناچـارن ئیشـی قـورس بکـەن و خـراپ گرفتـارن، بۆیـە دەکەونـە ژێـر کاریگەریـەوە بەحسـاب بـۆ ژیانێکـی باشـتر.
ڕۆبـن: لـە ئیسلامیشـدا ئیـش گرنگـی زۆری پێـدراوە، بـەڵام شـتێکی ئیختیاریـە بـۆ ئافـرەت و وە دەبێـت زیاتـر ئـەو کارانـە بکـەن کـە لەگـەڵ سروشـتی خۆیانـدا گونجـاوە نـەك ئیشـی نارەحـەت، وە بـە گشـتیش سەرپشـکیە نـەك ئیجبـاری، لە ئەوروپا قورسـی ژیان و ئیشـکردن شیرازەی کۆمەڵایەتیشـی بـە تـەواوی پچڕانـدوە، چـون سیسـتمی سـەرمایەداری تەنهـا بیـری لای سـەرمایەی مادیـە، بۆیـە سـەرمایە مرۆییـەکان هـەردەم قوربانیـن تێیـدا، گەرچـی بـە شـکڵیش جیـاواز دەردەکەوێـت.
ناتاشا: بە تایبەت ئەوروپاش گرانە حەتمەن هەوڵی زۆری دەوێت.
ڕۆبـن: بەڵـێ وایـە، ئافرەتـەکان لـە بەریتانیـا وە بـە گشـتیش لـە جیهانـدا زیاتـر دەچنـە زانکـۆکان[١٢] بـۆ ئـەوەی ئیشـێکیان دەسـت بکەوێـت لەگـەڵ بونیەیانـدا گونجـاو بێـت، مـن خـۆم لەگـەڵ ئافرەتـدا زۆر ئیشـم کـردوە بەڕاسـتی جێگـەی بەزەیـن، بـۆ نمونـە لـە کارگەیەکـی شـیری قوتـو ئیشـم دەکـرد شـەو تـا بەیانـی، ئافرەتـەکان زۆر جێگـەی بـەزەی بـون، هەبـو

(١٢) https://www.studyinternational.com/news/record-high-numbers-women-outnumbering-men-university-globally/

منداڵی هەبو لە ماڵەوە، لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی ئیسلامی شێوێنراوەو وڵاتەکانیش یارمەتی خانەوادەکان نادەن، بەڵام هەر بەهۆی پابەندی بە دینەوە کەم ئافرەت ناچاری ئەم جۆرە کارانە دەبێت، مەگەر کەسێك هەر کەسی نەبێت، بەڵام لە ئەوروپا ئافرەتەکان هەمویان ناچارن ئیش بکەن، هەتا کە مێردیش دەکەن مەسرەفی ماڵ دولایەنەیە، دەبێت لە ڕوی مادیەوە بە شەریکی بێت، کەم هەیە گوێنەدات یان هەر نییە یان نسبیە، بەڵام مسوڵمانەکان وانین، یان لە ئیسلامدا ڕونتر بڵێم بەو شێوەیە نییە.

ناتاشا: باشە من پرسیارێکی جدیم لا دروست دەبێت، ئایا پیاوەکان ئامادەن ئەو بەرپرسیاریەتیە هەڵگرن؟ ئامادەن بژێوی ژنەکان دابین بکەن ئەگەر ئەوان ئیش نەکەن؟

ڕۆبن: نەك هەر ئامادەن بەڵکو هەر پێش هێنانیان دەبێت ئامادەگی ئەوەشیان تێدا بێت بە دیاری و پاداشتی مادی پێشوازیان لێ بکەن، واتە لە دینی ئێمەدا کە ژنت هێنا دەبێت بەپێی ڕێکەوتن شتێك بدەیت بە ئافرەتەکە بەبێ ئەوە عەقدەکە دانامەزرێت، ئیتر بڕەکەش بەپێی ڕێکەوتن دەبێت هەیە هەتا پارەیەکی خەیاڵی یان ئاڵون و سەروەتێکی زۆر دەدات.

ناتاشا: دەبێت ئافرەتانی ئێوە لە چ نازو نیعمەتێکدابن، ئێمە حەلقەکەشمان هەر موشتەرەکە، ئەو حەلقەیەك بۆ ئێمە بکات ئێمەش دەبێت حەلقەیەك بۆ ئەو بکەین!

ڕۆبن: دەسا ئافرەتەکانی لای ئێمەش چون لە سروشتی ئەو بێ کەس و بێ دەرەتانیەی ئێوەی نازانێت وا دەزانێت ئێوە لە ناز و نیعمەتدان.

ناتاشا: هۆکارەکەی چی یە؟

ڕۆبن: بەقەناعەتی من نەخوێندەواریە، نە خوێندنەوەو تێگەشتنی

واقعیـه، بۆیـه لـه ئیسلامیشـدا ئەوەنـدە گرنگـی بـە خوێنـدەواری و خوێندنـەوەو واقعیـەت دراوە، هەتـا یەکێـك لـە تایبەتمەندیەکانـی ئیسـلام ئەوەیـە دینێکـی واقعیـە.
ناتاشـا: مـن داوای هاوکاریـت لـێ دەکـەم لـە بـواری خوێندنـدا وەك لـە سەرەتاشـەوە وتـم، هاوکاریـم بکـەو وەك کەسـێکی نزیـك لـە خۆتـەوە حسـابم بـۆ بکـە، بەرپرسـیاریەتیم هەڵدەگریـت؟ ڕونتـر بڵێـم حـەز دەکـەم ببیـت بـە بەرپرسـیارم؟
ڕۆبـن: دەنگـت مەگـۆڕە، دەزانیـت ناتاشـا لـە دینـی ئێمـەدا هەتـا باسـی ئـەوەی کـردوە ئافـرەت ئـاگای لـە خـۆی بێـت لـە قسـەکردن لەگـەڵ پیـاوداو دەنگـی نەگۆڕێـت، نـەوەك پیاوەکـە خـراپ بێـت و بـەو دەنـگ گۆڕینـە هەسـتی بجوڵێـت و دواتـر بـەرەو ئاقارێکـی خراپـدا بـڕوات هەتـا لـە قورئانـدا بـە دەق هاتـوە:
(فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ) الأحزاب ٣٢
قسـە بەناسـکی و شـێوەیەك مەکـەن، نەوەکـو ئـەوەی دڵـی نەخۆشـە بووروژێـت و نیـازی خـراپ بـکات.
ناتاشا: چ کتێبێکە ئەوەندە وردە باسی ئەو شتە لاوەکیانەش بکات؟
ڕۆبـن: پێـی دەوترێـت قورئـان، ئـەوە لاوەکیـش نییـە، دەتوانیـت نـاوی وردی لـێ بنێیـن نـەك لاوەکـی، چـون لەبیرتـە باسـی پەیوەندیەکانمـان کرد، پەیوەنـدی ڕۆحـی، ئەمـەش جۆرێکـە لـە ئاگابـون لـەو پەیوەندیـە ڕۆحیـە، چـون پەیوەنـدی فیزکـی نـا تەندروسـت کاریگـەری لەسـەر پەیوەندیـە ڕۆحیەکانیـش دەبێـت، جگـە لـەوەی پەیوەندیـە حەقیقیەکانیـش دەشـێوێنێت.
ناتاشـا: باشـە چـۆن لێـك تێگەشـتنێك لـە نێـوان و مـن و کەسـێکی تـردا دروسـت ببێـت گـەر بمەوێـت زەواجـی لەگەڵـدا بکـەم، ئـەوەی کـە تـۆ پێـی

دەڵێـی دروسـت و شـەرعی، سـێکس نەبێـت، هەتـا قسـەیەکی ئاسـایش نەبێـت ئایـە ئـەوە موسـتەحیل نییـە، مـن ئێسـتە هەسـتم بـۆ تـۆ لا دروسـت بـوە، تـۆ ئـەوەت زانـی!

ڕۆبـن: سـەیربکە لـە ئەوروپـاو ئەمەریـکا بـەو شـێوەیە پەیوەنـدی دروسـت دەبێـت و زۆرینـەی هـەرە زۆری نـاگات بـە حاڵەتـی زەواجـی شـەرعی یـان قانونـی و جیابونـەوە دروسـت دەبێـت، زۆریـش هەیـە دوای تێپەڕبونـی ماوەیەکـی زۆریـش لـە پەیوەنـدی و دواتـر زەواجکـردن هـەر جیابونـەوە ڕودەدات، هەرچەنـد جیابونـەوە شـتێکی سروشـتیەو دەکرێت ببێـت، بـەڵام ئەگـەر نسـبەتەکان وەرگریـن بەرانبـەر مسـوڵمان کـە هیـچ حاڵەتێکی ناشـەرعیش ڕونـادات نسـبەتی جیابونـەوەکان نێوانیـان ئـەرزو ئاسـمانە، ئێسـتە ئـەم کەلتـوری بـا بڵێـم ئێـوە لـە وڵاتانـی ئیسلامیشـدا پـەرەی پێـدراوەو بەداخـەوە خەڵکانێـك بەهۆیـەوە خەڵەتـاون بـە تایبـەت ئافرەتـان، دەبینیـن نسـبەتی تڵاقەکـە زیـادی کـردوە، کەواتـە ئـەو پەیوەندیـە نەبوەتـە مایـەی لێـك تێگەشـتن و پتـەوی پەیوەنـدی، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە یەکتریـان لا سـوك دەبێـت و گومانیـش دروسـت دەکات لـەوەی ئـەم کەسـە هـەروا بـە ئاسـانی خـۆی داوەتـە دەسـتی کەسـانی تـرەوە، بـە پێچەوانـەی شـەرعیەکە کـە متمانـە لـە پاکـی نامێنێـت، بـۆ تـۆ ئێسـتە هەسـتت هەیـە بـۆ مـن ئێمـە لێـرەدا ئیشـێك کـۆی کردوینەتـەوەو کەسـێکیش لەگەڵمانـە، دروسـتە کـچ و کـوڕ بـە ئامادەبونـی کەسـێکی تـر قسـەی نێوانیـان بکـەن، بـەڵام بـا مـن بپرسـم لـە تـۆ، تـۆ چ دینێکـت هەیـە؟ تـا چەنـد پابەندیـت بـە مەسـیحیەتی خۆتـەوە؟

ناتاشـا: سـەرنجڕاکێش بـو ئـەو زانیاریانـە، لای مـن تـازە بـو، لێـرە هـەر دوای یەکتـر بینینـی ئاسـایی سـێکس ڕودەدات، ئەڵبـەت ناشـی شـارمەوە زۆر جـار هـەر ئـەو سێکسـەیەو ئیتـر تـەواو، زۆرجاریـش پەیوەندیـەکان

هـەر لەسـەرەتاوە دەپچڕێـت، بۆیـە متمانـە زۆر کـەم بـوە، لای ئێمـە لـە ڕوسـیادا پیـاوەکان زۆری ئالـۆدەن و بەرپرسـیاریەتی هەڵناگـرن، بۆیـە ئێمـە زۆر باجـی ئەوەمـان داوە، پرسـیاری دینیشـت کـرد ئەڵبـەت مـن بەنـاو مەسیحیم، بـەڵام لـە ڕاستیدا دەتوانـم خـۆم بـە کەسێکی بـێ دیـن نـاو ببـەم، چـون بـاوەڕم بـە مەسـیحیەتەکە نییـە! ئیتـر ئەگـەر بشپرسـی بـۆ؟ هـۆکاری زۆرە بـە کورتـی ناتوانـم خـۆم بـە مەسـیحیەکی پابەنـدەوە بناسـێنم.

ڕۆبـن: ئەڵبـەت لـە تـۆ تێدەگـەم و ناحەقیشـت نییـە، هۆکارەکانیـش بەبـێ وتـن دەزانـم، بـەڵام بـە گشـتی لـە دینـی ئێمـەدا دروسـت نییـە پیاوێـك ئافرەتێکـی بـێ ناسـنامەی دینـی ئاسـمانی بهێنێـت، واتـە بـۆ ئێسـتە دەبێـت ئافرەتەکـە یـان جولەکـە بێـت یـان مەسـیحی بێـت یـان دەبێـت مسـوڵمان بێـت، چـون ژن هێنـان لای ئێمـە عیبادەتـە، پەیوەسـتە بـە دینەکـەوە، تەنهـا هـەواو ئـارەزوو نییـە، هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتیە، بۆیـە یاسـاو ڕێسـای هەیـەو دواتریـش پابەندیـە، ئەڵبـەت گـەر پابەندیەکـە نەپارێـزرا، سـزاو هەتـا جیابونـەوە هەیـە، چـۆن بۆتـی شـی بکەمـەوە زیاتـر، وەك مۆڵەتـی ئوتومبێـڵ وایـە، کەسـێك مۆڵەتـی نەبێـت بـۆی نییـە ئوتومبێـل لێبخوڕێـت تـا مۆڵـەت وەردەگرێـت، کـە مۆڵەتەکەشـی وەرگـرت دواتـر بەپرسـیاریەتیە تـۆ خـۆت مۆڵەتـی ئوتومبێلـت هەیـەو ئـەوە دەزانیـت، بـەڵام مانـای ئـەوەش نییـە کەسـێك مۆڵەتـی هەبـو ئیتـر هیـچ حادیسـەیەك نـاکات، بـەڵام سزاش هەیـە بـۆ ئـەو سـەرپێچیانە، تـا دەگاتـە لێوەرگرتنـەوەی مۆڵەتیـش، بـەڵام زۆر کـەم ڕێدەکەوێـت کەسـێکی خـاوەن مۆڵـەت مۆڵەتـی لـێ وەرگرنـەوە، بـەڵام ئەوانـەی مۆڵەتیـان نییـەو ئوتومبێـل لـێ دەخـوڕن زۆری هـەر یەکسـەر توشـی ڕوداو دەبێـت، ئەوروپـاش چـون ئـەم یاسا توندەیـان هەیـە بـۆ ئوتومبێـڵ کـە ئامێرێکـی

بێگیانـە ڕوداوی ئۆتومبێـل کەمـە، بـەڵام بـۆ ئافرەتەکـە نیانـە دەبینیـن قوربانیەکانــی ئافــرەت یەکجــار زۆرن.
ناتاشـا: ئـم، ئـە، ڕاسـتی نازانـم چ بڵێـم! تـۆ منـت خسـتە نـاو بیرکردنەوەیەکـی زۆر قوڵـەوە، بەراوردکاریەکـەش زۆر جوانـە، واتـە لـە دینـی ئێـوەدا ئافـرەت ئەوەنـدە گرنگـە، عەقـدە شـەرعیەکە وەك مۆڵەتـی ئۆتومبێـل وایـە؟ گـەر نەیبێـت بـۆی نییـە بـەکاری بهێنێـت وایـە؟
ڕۆبـن: بەڵـێ، چـون ئافـرەت زۆر بـە قـەدرە لـە شـەرعی ئێمـەدا، بـە شـێوەیەکی دروسـت و شـەفاف و هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتی نەبێـت مافـی نییـە یـاری پـێ بـکات.
ناتاشـا: دەسـا لای ئێمـەش قانـون زۆر تونـدە بـۆ لێخوڕینـی ئۆتومبێـل و چەندیـن سـزای دانـاوە بـۆ سـەرپێچی، بـەڵام بـۆ ئافـرەت مەگـەر بـە زۆر کەسـێك دەسـتدرێژی بکاتـە سـەری و دواتـر بگیرێـت ئەوسـا سـزای وەرگرێـت، گەرنـا زۆرکـەس بـۆ نمونـە بـە ڕەزامەنـدی کارەکـە دەکـەن بـەڵام هـەر زوو پیاوەکـە دەسـت دەکات بـە یـاری کـردن بـە ئافرەتەکـە بـۆ ئـەوەی ناچـاری بـکات و بـڕوات، هـەروا پیاوەکـە بەبـێ سـزا ڕزگاری دەبێـت، بـڕوا دەکەیـت ئێمـە هـەر لـە منداڵیـەوە باجـی ئەمـە دەدەیـن، مـن ئێسـتە تەمەنێـك و سـەقافەتێکم هەیـە بـەم شـێوەیە قسـەت بـۆ دەکـەم گەرنـا کەسـێکی تـر ئـەم ڕاسـتیانە بـەم شـێوەی مـن ناڵێـت!
ڕۆبـن: ڕاسـتە مـن لـە تـۆ تێدەگـەم لـەم ڕوانگـەوە ئەوروپـاو ئەمەریـکاو ڕوسیا دەتوانـم بڵێـم هەمـوی یـەك ڕوی هەیـە، ڕۆڵـی دیـن لاوازکـراوە یـان هـەر نەهێڵـراوە، لـەو نێوەنـدەدا بۆ دەسـتکەوتە مادیـەکان یاسـای توندیان هەیـە بـۆ خۆیـان و دونیـای سـەرمایەداری، ئافرەتیـش بـوە بـە ئالەیـەك لـەو نیوەنـدەدا، عەجـەب واش نیشـان دەدەن ئـەوان پارێـزەری ئافرەتانـن، لـەوەش عەجـەب تـر ئافرەتەکانیـش کەوتونەتـە ژێـر کاریگەریـەوە.

ناتاشا: تۆ هیچ هەستێکی خۆتت بۆ من نیشان نەدا، تا بکەوینە گفتوگۆی تایبەتی خۆمان، عاجز نابم گەر قسەی ناخی خۆت بکەیت، بڕوام وایە کەسێك بەم شێوەیە بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم و ناخی خۆمی بۆ بکەمەوە شیاو بێت بۆ پێکەوە ژیان.
ڕۆبن: تۆ لەوە تێنەگەشتی کە وتم ئێمە ناتوانین کەسێك بهێنیت کە خاوەنی ناسنامەی حەقیقی ئاسمانی نەبێت؟
ناتاشا: ئەها بەڵێ، کەواتە ئەمەیە هۆکاری بێ هەستیەکە، کەوابێت من ئەگەر یەکێك لەو ٣ دینە هەڵبژێرم ئەوسا دەتوانم وایە؟
ڕۆبن: بۆ ئەوەی بتوانیت زەواج لەگەڵ مسولماندا بکەیت بەڵێ، ئەڵبەت ئەگەر بەرانبەرەکەش پابەند بێت بە شەرعەوە، هەیە بەناو مسوڵمانەو ئێستە تۆی دەستکەوێت هەر حساب بۆ شەرع ناکات و لە ڕوسیەکان خراپترت پێ دەکات.
ناتاشا: کەواتە مسوڵمانەکانیش هەموی وەك یەك بیرناکاتەوە، ئەتەوێت ئەوە بڵێی؟
ڕۆبن: وەك یەك بیرکردنەوە شتێکەو وەك شەرع بیرکردنەوە شتێکی تر، دەکرێت مسوڵمانەکان ڕوئیای جیاوازیان هەبێت بۆ هەرکارێکی دونیای، ئەوانەی کە شەرع دەقی لەسەر نەناردوەتە خوارەوە، بەلاَم شتێك شەرع بڕاندبێتیەوە ناچێتە چوارچێوەی بیرکردنەوەوە، وەك ئەوە وایە یاسا مەوزوعێکی بڕاندبێتەوەو کەسەکان سەرپێچی بکەن، یانی بۆ کەسێك کە بە مۆڵەت سەیارە لێبخوڕێت و کەسێکیش بەبێ مۆڵەت نابێت بڵێین ئەم دوکەسە وەك یەك بیرناکەنەوە، دەبێت بەبێ مۆڵەتەکە بڵێین سەرپێچیکار، بێ موڕاڵ و بێ ئەدەب، حساب نەکەر بۆ بەرژەوەندی گشتی، نەك بڵێین وەك ئەو بیرناکاتەوە، بە کورتی وەك چۆن لەناو مەسیحیەکاندا یەکجار زۆر هەیە لەوەی پابەند نییە بە

مەسیحیەتەکەوە لەناو ئێمەشدا هەیە، هەرچەند نسبەتەکە زۆر کەمترە لە مەسیحی، بەڵام هەیە گوێنادات، کە گوێنادات سەرپێچیکارە نەك بیری ئازاد بێت!

ناتاشا: چەند بە چێژە، ئەم نمونەو ئەم بەراوردکاریانە، دەرفەتی بیرکردنەوە نادات بەمن و بنبەستانە دەمگەیەنێت بە باوەڕبون پێی.

ڕۆبن: باوەڕبون بە ئیسلام؟

ناتاشا: نا باوەڕ بون بە ئیسلام نە، چون من هێشتا شتێکی وا لە ئیسلام نازانم، باوەڕبون بەو نمونانەی کە تۆ دەیهێنیتەوە.

ڕۆبن: بەڵێ، خوێندنەوە بۆ دەقە دینیەکانیش ئەگەر بە دروستی و خاڵی لە ئایدۆلۆژی سەیری بکەیت هەموی هەروایە، چون دەقە دینیەکان کەسێکی بازرگان، یان سیاسی، یان بەرژەوەندخواز، یان ئەسڵەن کەسێك دای نەناوە کە نیازێکی هەبێت و خۆی بۆی جێبەجێ نەکرێت و پێویستی بە ئێمە بێت بۆی جێبەجێ بکەین، بۆیە لە بەرژەوەندی خۆماندایە لەسەری بڕۆین، هەروەك مۆڵەتی شۆفێریەکە.

ناتاشا: وا دەردەکەویت ڕۆبن تۆ بوار بەمن نادەیت بۆ بیرکردنەوە، دەڵێی دەتەوێت زوو مسوڵمان ببم و دواتر زەواج بکەین، ئەوەی دوهەمم پێ خۆشە، بەڵام بۆ یەکەم هێشتا ئامادەنیم، ڕونتر بڵێم مۆڵەتیش وەك تۆ هەردەم بە نمونە دەیهێنیتەوە پێویستی بە مومارەسەیە.

ڕۆبن: ئەڵبەت منیش بۆ ئەوەی یەکەم پێم خۆشە، ناتاشا زۆرجار دەبینیم کەسانێك بەناوی بوارو کات و بیرکردنەوەوە خۆیان دەخەڵەتێنن، شتی باش پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر نییە، دەبێت هانی یەکتری لەسەر بدەین هەتا هەر لە منداڵیشەوە.

ناتاشا: نا ڕۆبن شتی وا چۆن دەبێت بە تایبەت منداڵ دەبێت وازی لێ

بهێنیت تا گەورە دەبێت و خۆی بیربکاتەوە، گەورەش هەر پێویستە دەرفەتی هەبێت.
ڕۆبن: باشە منداڵ بۆ هەر بە منداڵی دەیخەنە ڕەوزەو قوتابخانە؟ خۆ حەزی لێی نییە، زۆرجار دەگری و هاوار دەکات کە نایەوێت بڕوات، بەڵام هەموی پێداگرە لەوەی بینێرێت چون لە بەرژەوەندیدایە، هەتا منداڵێك بیانەوێت یاریچیەکی باشی لێ دەربچێت هەر لە منداڵیەوە پرۆڤەو یاری پێ دەکەت، بۆ زۆر شتە دونیایەکانیش، کەچی کەس ناڵێت وازی لێ بهێنە با ببێتە هەژدە ساڵ و خۆی بڕیار بدات! زۆرجار بواری زۆر دەرفەتەکان لە کیس دەدات، بیرکردنەوە پێویستە ببێت بەڕای من تەنها بۆ ئەوە هەبێت بۆ ئەوەی بە تێگەشتن و متمانەوە کارەکە بکرێت، نەك وەك بیانو بێت، هەروەك مۆڵەتی شوفێریەکە دەبێت کاتی بێت بۆ فێربون و دواتر وەرگرتنی مۆڵەتەکە نەك یارکردن بێت بە ئوتومبێلەکەو خۆ بوراندن بێت لە مۆڵەتەکە، لە بەریتانیا حەرفێکی ئێڵ دەدەن لە ئوتومبێل بۆ کەسێك کە بیەوێت فێری ئوتومبێل ببێت دەبێت کەسێکیشی لەگەڵ بێت، حەرفی ئێڵ هێمایە بۆ فێربون:



وە کە بە شێوەی نەزەریش تاقیکردنەوەکەت بڕی تەنها ٢ ساڵت هەیە بۆ ئەوەی عەمەلیەکەش ببڕیت گەنا شەهادەی نەزەریەکەش پوچەڵ دەبێتەوە.




هەتا کەسەکە کە تازەش مۆڵەت وەردەگرێت تواتر حەرفی پی لە ئوتومبێلەکە دەدەن هێمایە بۆ دەرچون واتە تازە دەرچوە، دواتر دەبێت بە کەسێکی بە ئەزمون، ئیسلام بونیش ئەو مەرحەلانەی دەبێت هەبێت، هەرچەند هەیە مۆڵەتیشی نییەو خۆی بە باشترین شوفێریش دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە.
ناتاشا: نمونەکان جوانن بەس مەبەستت چی بو لە کەسانێك مۆڵەتیان نییەو خۆشیان بە باشترین شۆفێر دەزانن.
ڕۆبن: هەیە هەر مسوڵمانیش نییە بەناوی ئیسلام و شارەزای لە ئیسلام قسە بۆ خەڵکی دەکات و خۆی بە پرۆفیسۆرو ڕۆشنبیر نیشان

دەدات  لـە کاتێکـدا ئـاگاداری ناوەڕۆکـی کرۆکـی شـەریعە نییـە.
ناتاشـا: ئێسـتە خەمەکـەی مـن گەورەتـر بـو، لـە سـەرەتاوە زیاتـر بیـرم لـە ئەوروپـا دەکـردەوە، ئێسـتە تـۆ منـت خسـتە نـاو گێـژاوی بیرکردنـەوە لـە ئیسـلامیش، ئەڵبـەت چـارم نییـە دەبێـت قەناعـەت بـەوەش بکـەم شـایەنی بیرلێکردنەوەشـە.
ڕۆبـن: بێگومـان شـایەنیەتی ناتاشـا، مـن پرسـیارێك لـە تـۆ دەکـەم بۆچـی دەتەوێـت سـەفەری بەریتانیـا بکەیـت و لـەوێ نیشـتەجێ ببیـت؟
ناتاشـا: ڕونـە ڕۆبـن بـۆ ژیانێکـی باشـتر، لێـرە زۆر ماندویـن سـا بەڵکـو ژیانمـان بگۆڕێـت!
ڕۆبـن: ئەڵبـەت مـن دژی ئـەوە نیـم ئێـوە ئـەو سـەفەرە نەکـەن، بـەڵام هەوڵـدان بـۆ ژیانێکـی کاتـی دونیـای شـایەنی بیرلێکردنـەوەو هەوڵـی زۆر بێـت حەتمـەن ئیسـلامەکە زۆر لـە پێشـترە، چـون ئیسـلام جگـە لـەوەی ڕێنیشـاندەرت دەبێـت بـۆ ژیانـی دونیـا جائیـزەی ژیانـی کۆتایشـت پـێ دەدات.
ناتاشا: یان چۆن دەقی ئاینی ئێوە هەیە ئەوە بسەلمێنێت!
ڕۆبـن: بێگومـان هەیـە، قورئـان هەمـوی ڕینێشـاندەری ژیانـەو بەڵێنـە بـە ژیانـی خۆشـی هەتـا هەتایـی، ئەڵبـەت ئەگـەر پەیـڕەو بکرێـت.
ناتاشـا: لەسـەر زەواج نمونـەی زۆرت بـۆ باسـکرد، دیـارە یاسـاو ڕێسـای خـۆی هەیـە، حەتمـەن بـۆ ئەوەکانـی تریـش وردەکاری هەیـە.
ڕۆبـن: ئـەوەی لەسـەر زەواج باسـمکرد بـۆت تەنهـا جەوهەرێکـی زۆر سـەرەتای بـو، گەرنـا ئیسـلام بـە وردی ڕێسـاکانی داڕشـتوە، ئەگـەر کەسێك کـچ بـو شـوی کـرد چـۆن بێـت، کەسـەکە کێیـە کـە شـوی پـێ دەکات، ئەگـەر بێـوەژن بـو جۆرێکـە، گـەر مێـرد مـردوو بـو جۆرێکـی تـرە، ئافرەتەکـە مسـوڵمان نەبـو چـۆن بێـت، ئەگـەر فێـڵ و درۆی تێـدا بێـت

چۆنـه، ئەگـەر یاسـاکان پەیـڕەو نەکـراو نـاوی شەرعیشـی لـێ نـرا چۆنـە وەك موتعــەی شـیعە بـۆ نمونــە.
ناتاشـا: مـادام ئـەو هەمـو وردەکاریـە لـە زەواجـدا هەبێـت حەتمـەن جێگـەی تێڕامانــە.
ڕۆبـن: بێگومـان لـەو خاڵـەوە دەتوانیـت قیاسـی بکەیـت، لـە سـەروی هەمویـەوە پەیوەنـدی ڕۆحـی مـرۆڤ لەگـەڵ خـوای گـەورەدا بـەو هۆیەوە بتـەو دەبێـت، هـەروەك چـۆن لـە پابەنـدی قانـودا پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە یاسـاوە پتـەو دەبێـت و کەسـەکە دور دەبێـت لـە کێشـەی دونیایـی، بـۆ شـەریعەش نـەك بـە هەمـان شـێوە بەڵکـو زیاتریـش، چـون کـەس لـە دەسـت شـەرع قوتـاری نابێـت، گـەر لـە دونیـا قوتـار بێـت لـە قیامـەت باجەکـەی دەبرێـت بدرێـت.
ناتاشـا: گرنگـە ئـەو هەسـتە لەناخـدا بـەو شـێوەیە بچێنرێـت تـا لـە بەرپرسـیاریەتی هـەڵ نەیـەت، هەرچەنـد بەڕاسـتی قورسـە ڕۆبـن ئـەوە ئاگاییــە بــە هەمیشــەیی!
ڕۆبن: ئیسـلام ئەوەنـدە ئـەو ئاگاییـەی بەلاوە گرنگـە هەربۆیە مەشـروباتی سەرخۆشکەریشـی حەرامکـردوە تـا هەرگیـز بـێ ئـاگا نەبێـت، چـون کـە کەسێك سـەرخۆش بـو غیابـی ئەقڵـی بـۆ دروسـت دەبێـت، ئـەوکات زۆر زیاتـر موعـەرەزە بـۆ تـاوان.
ناتاشـا: دەزانیـت ڕۆبـن هـەر بـەم قسـە مەشـروبت لـە پێـش چـاوم خسـت، ئەگـەر بتوتایـە نابێـت بیخۆیـت مـن حـەزم پێـش دەخسـت، بـەڵام کـە پشـتی حەرامیەتەکـەت وت ناتوانـم قەناعـەت نەکـەم، چـون هیـوادارم بەخـراپ لەسـەرمی حسێب نەکەیـت دەسـدرێژم کـراوە سـەر لـە تەمەنـی ١٧ سـاڵیدا بەهـۆی سەرخۆشـیەوە لەگـەڵ کوڕێکـدا ڕۆشـتم مـن ئـاگام لەخـۆم نەبـو ئـەو بردمـی، کـە بـە ئـاگا هاتـم ئەوسـا هەسـتم بـە

دەسـدرێژیەکە کـرد، چـون مـن گـەر بـە ئـاگا بوایـەم هەرگیـز ئـەو کارەم نەدەکـرد لەگـەڵ ئـەو کەسـەدا کـە شـایەن نەبـو.
ڕۆبـن: تاوانـەکان بەهـۆی کحولـەوە لـە ژمـارەدا نایـەن لـە جیهانـدا، هەتـا خواردنـەوەی ئەلحکـول پەیوەسـتکراوە بـە تاوانـەوە[١٣] ، تـۆ هـەر لـە گـۆگڵ بنوسـە:
Alcohol violence
یان بنوسە
Risks of alcohol
ئیتـر بـەو شـیوەیە دەتوانیـت سـەرچ بکەیـت، دەبینیـت لـە ئەوروپـاو ئەمەریـکا چەنـد تـاوان و دەسـدرێژی بەهـۆی ئـەم حەرامکراوانـە ڕودەدات، حەرامکـراو مەبەسـتم لـە شـەریعەی ئێمـەدا، بـەڵام دیـن ڕێگـری لەوانـە کـردوە، لەگـەڵ ئـەوەدا بەدیلـی بـۆ دانـاوە، ئەویـش خواردنـە نـا سەرخۆشـکەرەکانە، ئەوانـەی زیانـی نییـە، هەتـا لـە ڕوی تەندروسـتیشـەوە سـەیری بکەیـن، پەرداخێـك شـەربەتی فرێـش لـە کـویێ و ئەلکحـول لـە کـویێ، سـودو ڤیتامینەکانـی بـەراورد بکـە، جگـە لـەوەی کەسـانێکی زۆر بەهـۆی هەتـا قەڵەویـەوە دەناڵێـن ئەڵکحـول هۆکارێکـە، ڕێنوماییـە تەندروسـتیەکان هـەردەم داوای دورکەوتنـەوەی دەکات.
ناتاشـا: ئەڵبـەت ئـەوەی کـە دەیخوێنیتـەوەو لەگـەڵ ئـەوەی لـە زەمینـەی واقعیـدا دەگوزەرێـت دو شـتی لێـك جیـاوازن، بۆیـە مـن پێـم خۆشـە لـە دەمـی تـۆوە ببیسـتم ژیـان لـە ئەوروپـاو ئێسـتا بـا بڵێـم ژیـان لـە ئیسلامیشـدا چـی یـە.

ڕۆبـن: ئیسـلام پرۆگرامێکـە دەبێـت لـە خـودی خۆتـدا داونلـۆدی بکەیـت،

(١٣) https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3170096/

دەوڵەتێکە لـە دڵتـدا دەتوانیـت دای بمەزرێنیـت، وژدانـت دادوەرەکـەی بێـت، دادوەرێـك بـە ئـارەزوو کار نـەکات، هەمـو پێوەرەکانـی دادوەری تێدا ڕەچـاو بکات، چـون گـەر بڕیارێکـی نـا تەندروسـتی دا دواتـر ئـەوە خـودی خۆتـی باجەکـەی دەدەیـت، هەندێـك جـار باجەکـە سـوکەو هـەر دونیاییـە، هەندێـك جـار زۆر قورسـەو هـەر دونیاییـە، هەندێـك جـار هـەم دونیـاو هەمیـش قیامەتیـە، ژیانیـش لـە ئەوروپـا ئەگـەر بـەم دامەزراوەییـەوە بڕۆیتـە نـاوی لەوەیـە زۆر سـودی لـێ وەرگریـت، گـەر بـە پێچەوانـەوە بـو ئەوسـا دور نیویـە لەبـری ژیانێکـی خۆشـتر توشـی نەهامەتـی زیاتـر ببیـت.

ناتاشا: بۆ نمونە وەکو چی؟ زۆرم حەز لە نمونەکانتە.

ڕۆبـن: بـۆ نمونـە ئەگـەر ڕینومـای و یاسـا شـەرعیەکان تـۆ بـۆ خـۆت پەیـڕەوی بکەیـت بـەدور دەبیـت لـە کێشـە، سـەدان نمونـەم لایـە، هەیـە بـە حوکمـی ئـەوەی وڵاتەکـە غەریبـەو کـەس کـەس ناناسـێت بـە فرسـەتی دەزانێـت بـۆ کاری خراپـە، وە لـەو نێوەنـدەدا تێکەوتـوە، چـون ئـەوەی لـە شـەرعی ئێمـەدا بـە خراپـە هاتـووە نەکردنـی سـودی دونیایـی هەیـە، گەرچـی ئێسـتە کردنـی هەندێکـی سزاشـی نەبێـت، بـەڵام هـەر دورکەوتنـەوە لێـی سـودی تێدایـە.

ناتاشـا: چـۆن بزانـم لـە شـەرعدا شـتێك بەخراپـە هاتـوە تـا نەیکـەم، بـا مسـوڵمانیش نەبـم مـادام سـودی تێـدا بێـت مـن ئامـادەم پابەنـدی بـم.

ڕۆبن: یانی ئامادەی مسوڵمانیش نەبیت و پابەند بیت بە شەریعەشەوە؟

ناتاشا: مادام سودی تێدا بێت بۆ نا!

ڕۆبـن: بـۆ ئـەوەی بتوانیـت بـە تـەواوی کۆنترۆڵـی خـۆت بکەیـت لـە پارێـزگاری لـەو سـودانەدا بەبـێ ئیمـان قورسـە، زۆریـش قورسـە، ئیمانەکە دافعێکـی گـەورەو بەهێـزە بـۆ پابەنـدی بـەو سـودانەوە!

ناتاشـا: وەك دەزانیـت زۆرم پـێ خۆشـە هـەردەم بـە نمونـە فكرەكـەم پـێ بڵێیـت.
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە كەسـێك نەخـۆش دەكەوێـت دەچێتـە لای دكتـۆرو دەرمانـی بـۆ دەنوسـێت، خـۆ دەرمانەكـە ناخۆشـە، نەفسـی حـەزی لـێ نـاكات، نایەوێـت پارێـز بـكات و خـۆی لـە خـواردن و خواردنەوەو شـیرینی بگرێتـەوە، بـەڵام چـون بـاوەڕی بـە قسـەی دكتۆرەكـە هەیـەو ئومێـد بـە چـاك بونـەوە هەیـە ئامادەیـە بەردەوامـی هەبێـت لەسـەر دەرمانەكـەو پارەشـی لـە پێنـاودا سـەرف دەكات، هەتـا نمونەیەكـی ئاسـای تریـش كەسـێك تەنهـا بـۆ ئـەوەی جەسـتەی خـۆی ڕێـك بـكات و بیەوێـت خـۆی لاواز بـكات خـۆی زۆر لـە حەزەكانـی دەگرێتـەوە لـە پێنـاوی جەستەیەكی ڕێكتـردا، لـە كاتێكـدا ئەزیەتـی زۆری دەوێـت، ڕاكـردن شـتی قـورس هەڵگرتـن نـە خواردنـی زۆر شـت، بـەڵام لـە كۆتایـدا ئـەو نەخۆشـەی پابەند نابێـت بـە ڕێنومایيەكـەو ئـەو كەسـەی ڕجیمەكـە دەشـكێنێت ئامانجەكـە ناپێكێـت، ئەویـش بـە ئیمـان دەكـرد، ئیمـان نـەك لـە ڕوی دینیـەوە بەڵكـو لـەو قەناعەتـە ناخیـەوە كـە توانـای بـە زەویدانـی ئارەزوەكانـی هەبێـت.
ناتاشـا: حـەز دەكـەم بـەردەوام بیـت، نمونـەی تـرم بـۆ بهێنـەرەوە، چێـژی لـێ وەردەگـرم.
ڕۆبـن: هـەر بـۆ نمونـە مـن وەك پیـاو ئـارەزوی جنسـیم هەیـە، ئەگـەر ئـەو ئیمانـە ڕێگـر نەبوایـە، هیـچ ڕێگریەكـی تـر نەبـو لـەوەی مـن خـۆم لـە تـۆ بـەدور بگـرم، بـەڵام بەجیـا لـە باوەڕەكانـی تـر ئـەم ئیمانـە چێـژی تایبەتـی خۆشـی تێدایـە، چێژێـك كەسـێك هەسـتی پـێ دەكات لـە دونیـای مـادی تێپەڕاندبێـت.
ناتاشا: مەوەستە هەم بڵێ...
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە بازرگانەكانـی ئەوروپـا چـون پێـوەری حـەڵاڵ و حەرامیان

نییە مرۆڤەکانیان کردوە بە ئالە وەك کۆیلە دەبێت نەوەستێت لەگەڵ ئامێرەکەدا ڕێکیان خستوە دەبێت ئەویش نەوەستێك، وەك ئامێرێك بەکاریان دەهێنن بۆ دەستکەوتی زیاتر، بەڵام بازرگانێك کە حەڵاڵ و حەرام بزانێت، چێژی کەمی حەڵاڵەکە ناگۆڕێتەوە بۆ زۆری حەرامەکە، هەردەم چێژەکان لە دروستی کارەکاندایە.

ناتاشا: من هێشتا هەر گوێ دەگرم...

ڕۆبن: بۆ نمونە قوتابییەك بە هەوڵی خۆی گەر نمرەیەکی کەمتریش بهێنێت لە زۆر پێی باشترە، چون مافی تەواو لە حەقەکەی خۆیدایە، کەسێك بە توانای خۆی دەستکەوتی هەبێت پێی باشترە لەوەی بەهۆی شتێکی ترەوە پێی بدەن، چێژی حەقیقی لە مافە دروستەکاندایە گەرچی بەهۆکاری لاوەکی زۆرتریش بەدەست بێت.

ناتاشا: ئەم بیرۆکانە تۆ لە کوێی کتێبەکەتان نوسراوە؟

ڕۆبن: ئەم بیرۆکانە لە تێگەشتن لە دەقەکانی کتێبەکەماندا نوسراوە، ژیری بەکارهێنان لەگەڵ دەقەکاندا مرۆڤەکان هەردەم بەرەو کامڵتر دەبات، دەکرێت تۆش دیراسەی بکەیت و تێگەشتنت باشتر بێت لەمن.

ناتاشا: بەبێ مامۆستا ئەوە دەکرێت؟ چون دەقەکان بە دیراسەی ورد دەکرێت، زۆرجار ئەوەش پێویستی بە خوێندنە.

ڕۆبن: ئەڵبەت پێویستی بە مامۆستایە بۆ ئەوەی بە جوانی لێی تێبگەیت، دەکرێت وەك کلیل و نمونە لە هەر زانستێکدا شتێك وەرگریت تا توانای خۆت دەگات بەو ئاستەی تێیدا قوڵ ببنەوە، لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا بیکردنەوەو تێڕامان زۆر گرنگە کە هیچکامیان بە خوێندن بەرهەم نایەت.

ناتاشا: باشە خۆ کەسانێکیش هەتا ڕەخنە لە دین دەگرن باس لە

بیرکردنـەوەو تێڕامـان دەکـەن، چـۆن ئـەو دیـوە لێـك جیابکرێتـەوە.
ڕۆبـن: پرسـیارێکی زۆر جوانـە، بـە غەریـزە، حـەزی ئـەو غەریزانـەی کـە بیرکردنـەوەو تێڕامـان دەکـەن بـە هـۆکاری، بـۆ نمونـە کەسـێك بـە حساب بیردەکاتـەوەو دەڵـێ بـۆ مەشـروب حەرامـە، من کـەم دەخـۆم و سـەرخۆش نابـم، یـان ئیتـر هـەر بیانویەکـی تـر، ئەنجامـی ئـەم بیرکردنـەوە تێرکردنـی ئـەو غەریزەیـە کـە داوای مەشـروبی لـێ دەکات لـە کاتێکـدا سـور دەزانێـت زیانـی زۆر زۆر لـە سـودەکانی زۆرتـرە، وەك خـۆت وتـت تـۆ قوربانـی ئـەو بوارەشـیت! یـان کەسـانێك دەڵێـن بـۆ پەیوەنـدی ئافـرەت و پیـاو حـەرام بێـت مـادام خۆیـان ڕازیـن، بـۆ نمونـە ئێسـتە مـن و تـۆ بـا وازحتـر بـم، بـەڵام ئایـا ئـەو تێرامـان و بیکردنەوەیـە ئـارەزوی جنسـیە یـان شـتێکی واقعیـە، چـون لـە پەیوەندیـە تـا تەندروسـتیەکاندا پێشـتر باسـمکرد.
ناتاشـا: تێدەگـەم، بـەڵام چـۆن مـرۆڤ بتوانێـت بـەردەوام بـەم شـێوەیە حـەزو ئارەزویەکانـی کۆنتـرۆڵ بـکات.
ڕۆبـن: پرسـیارێکی زۆر جوانـە، بـە ئیمـان دەتوانێـت، ئەڵبـەت کـە دەڵێـم بـە ئیمـان دەتوانێـت مانـای وا نییـە سـەد لـە سـەد بتوانێـت، بـەڵام لـە هـەر جێگەیەکـدا نەیتوانـی و زیـادە ڕۆی کـرد ئـەوە بێگومـان زیانـی لەخـۆی داوە، دەبێـت لـە زوتریـن دەرفەتـدا بگەڕێتـەوە.
ناتاشا: وەك چی؟ لە زوترین دەرفەتدا بگەڕێتەوە، نمونە...
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە ئوتومبێلێـك بـە شـێوەی پێچەوانـە دەکەوێتـە سـەر شـەقام، دەبینێـت هەمـو ئوتومبێلـەکان بـەڕوی ئـەم دێـن و ئـەم هەڵـە ڕێگاکـەی گرتـوە، نابێـت پێداگربێـت لەبەردەوامـی و دەبێـت هەتـا زوە بگەڕێتـەوە، چـون ڕێگەکـە پـڕ مەترسـیەو توشـی چەندیـن هەڵدێـری دەکـەن، حـەزی تاوانەکانیـش وایـە کـە کـردت دەبێـت پەشـیمان ببیتـەوە، جـا هەیـە لەوانـە تەنها پەیوەسـتە بـە نێوانـی خـۆت و خـواوە تەوبەیەکی

لـێ دەکەیـت، هەشـە پەیوەسـتە بـە کەسـی تریشـەوە مافەکـەی بـۆ دەگەڕێنێتــەوە.
ناتاشا: وەك چی مافەکەی بۆ دەگەڕێنیتەوە.
ڕۆبـن: بـۆ نمونـە دزی لـە دینـی ئێمـەدا حەرامـە، مـن ئـەوە دەزانـم و ئێستە ئێمە پێکەوەیـن و مـن جزدانەکـەی تـۆ دەبـەم، یـان لـەم تێکەڵیـەدا حسابی بانـک و کـۆدی پشـتی کارتەکـەت دەبـەم، دواتـر بـەکاری دەهێنـم، ئەمـە حەرامـە، کـە پەشـیمان بومـەوە لـەم کارە هەڵـە تەنهـا بـەوە نابێـت لـە نیوانـی خـۆم و خـوای گـەورەدا تەوبـە بکـەم، بەڵکـو دەبێـت مافەکـەی تـۆش بگەڕێنمـەوە هەتـا بـا تـۆ لـە مۆسـکۆو منیـش لـە لەنـدەن بـم.
ناتاشـا: سـەیرە یانـی شـتی وا دەبێـت کـە ئارەزومەندانـە کەسـێك خـۆی مافەکـە بگەڕێنێتـەوە بەبـێ ئـەوەی شکاتیشـی لـێ بـکات، لـە کاتێکـدا خۆشـی ئـەو کارەی کردبێـت.
ڕۆبـن: بەڵـێ زۆریـش دەبێـت، هەتـا لـە مێـژوی ئیسـلامیدا نـەك هـەر بـۆ ئـەوە کەسـانێك کـە سـەرپێچی جنسـیان کـردوە خۆیـان ڕۆشـتونەتە بـەردەم حاکـم و دانیـان بـە تاوانەکـەدا نـاوەو پشـتیان هەڵکـردوە بـۆ عقوبـەی تاوانەکـە.
ناتاشـا: ئـەو خاڵـە زۆر قورسـە بـۆ مـن لێـی تێبگـەم، چ وا دەکات ئینسـان دواتـر بـەو شـێوەیە خـۆی ڕسـوا بـکات وە بـۆ؟
ڕۆبـن: ئـەوە ڕیسـوای نییـە، ئـەوە هەسـتێکی دروسـتی ناخـە کـە ئـازاری دەدات لـەوەی بـە ڕێگەیەکـی دروسـتدا نەڕۆشـتوە، بـۆ گەڕانـەوەو کەوتنـەو سـەر ڕێگـە دروسـتەکە بـاج بـە خـۆی دەدات، هەمـو ئەوانـە ئیمانـە، ئیمانیـش ئالـە نییـە تـا دەسـتی لـێ بدەیـت، ئیمـان هەسـت و شـعورە دەبێـت تێکەڵـت بێـت.
ناتاشـا: دەزانـی ڕۆبـن، ڕۆژانـە کـە دەچیـن بـۆ دانیشـتنەکان مـن زیاتـر

بیرم لای گفتوگۆکانی تۆیە وەك ئەوەی ئاگام لە دەقی ڕێکەوتنەکان بێت، بەڵام متمانەم بە تۆ هەیە ئاگادار دەبیت لەوەی ڕێکەوتنەکان بە قازانجمان بشکێتەوە، چون بۆ منیش دەبێتە دەستکەوت لای زانکۆ.
ڕۆبن: من پێم خۆشە کە جێگەی متمانەی ئێوە بم بۆ ڕیکەوتنەکان، مادام وایە با جێگەی متمانەشت بم بۆ ڕێکەوتنێکی تر.

ناتاشا: چ ڕێکەوتنێك بە ڕونی قسە بکە، پێم خۆشە گوێم لێ بێت!
ڕۆبن: ڕێکەوتنی تۆ لەگەڵ ئیسلامدا، وەك چۆن ئێمە ڕۆژانە دادەنیشین لەگەڵ زانکۆداو موناقەشەیان لەگەڵ دەکەین و دواتر دەگەین بە ڕێکەوتن، حەز دەکەم بە جدی و بە مەبەستی ڕێکەوتن نەك هەر زانیاری من نێوەندگیربم و هاوکارت بم.
ناتاشا: ئەڵبەت لەگەڵ گفتوگۆکاندا هەست دەکەم بەرەو ئەو قەناعەتە دەڕۆم ، بەڵام نەبوەتە بڕیاری تەواو، یان بە جۆرێکی تر بڵێم تەواو شارەزا نەبوم تا بتوانم بڕیاری لەسەر بدەم.
ڕۆبن: باشە ئێمە کە لەگەڵ زانکۆکاندا ڕێدەکەوین خۆ ئەو ڕێکەوتنە مەبدەئی سەرەتاییە، نە ئەوان شارەزای ئێمەن بە تەواوی وە نە ئێمەش هی ئەوان، دواتر کرداری بەدوادا دێت، پەیوەندیەکان پتەو دەکرێت، مەرج نییە بۆ کەسێك مسوڵمان بێت ئیتر هەرچی شت هەیە هەموی بزانێت، گەر وابوایە دەبوایە هەرچی مسوڵمان هەیە مەلا بوایە، کە ئەوە ناکرێت، تۆ پایەی بنەڕەتیت هەیە، سەیری هەرکوێ دەکەیت بونی خواو شەریعەتێك لە پشتیەوە دەسەلمێنێت، بۆ ئاسمان مل بەرزکەیتەوە بۆ زەوی سەر دانەوێنیت هەموی شاهیدی خالقت بۆ دەدات، تەنها کتێبێکی ئەو خالقەش بە دروست و کۆتا

کتێب بێت هەر قورئانە، ئەوە چەندین نمونەشمان تێدا هێنایەوە، ئەوانەش نموزەجە بۆ ئەوانی تر، ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی یارمەتی دەرت بم زیاتر خۆت لە گێژاودا نەهێنیت و ببەیت، گەرنا ئەمە کۆتا داوای من دەبێت.
ناتاشا: هەستی تەواو بە دڵسۆزیەکەت دەکەم، تەنها یەك پرسیارت لێ دەکەم، ئەگەر بە ڕاست وەڵامم بدەیتەوە، وە زۆر بە ڕاشکاو بەڵێنت پێ دەدەم کە لە مانای دڵسۆزیەکەت تێدەگەم و دەمگەیەنێت بە قەناعەت.
ڕۆبن: نەك هەر بەڵێن سوێند دەخۆم بەخوای خۆم لە قوڵای دڵمەوە ڕاستیەکەی بڵێم.
ناتاشا: بۆچی بە ڕاشکاوی داوات کرد مسوڵمان بم بۆ ئەوەی ببم بە خێزانیشت؟ پەلەکە بۆ ئەوە بو؟
ڕۆبن: نەخێر بە هیچ شێوەیەك من و تۆ بۆ یەك نابین، هیچ ئەو نیەتەشم نییە، تۆ ناوی دەنێیت پەلە من بە پەلەی نازانم، ئێمە عیبارەیەکمان هەیە لە عەرەبیدا دەڵێ: خیر البر عاجله، چاکە دەبێت پەلەی لێ بکرێت، چ لەوە چاکتر هەیە مسوڵمان بیت، وە من هەر چەند ڕۆژێکم ماوە لەگەڵ تۆ، دوای ئەوە سەفەری وڵاتی ترم هەیە.
ناتاشا: پێشتر زۆر باسی غەریزەت کردو تێکەڵ نەکردنی لەگەڵ ڕۆحدا، چاك ئەوانە لە مێشکمدا چەسپی، ئەمەشم کرد بە تاقیکردنەوە بۆ تۆ، بۆ ڕاستێتی قسەکانت، مادام داواکردنی مسوڵمانیەتی من ئەو نیەتەی تێدا نەبو، ئەوا لە ژێر دەستی تۆدا من مسوڵمان دەبم، چ داواکاریەك پێویستە بە متمانەی تەواوەوە جێبەجێی دەکەم، وەك کەسێکی دڵسۆز کە تا ئێرە هاوکارم بویت دەستم لێ بەرمەدە.
ڕۆبن: لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایت لێ دەکەم، باشترین بڕیات داوە لە

ژیانتـدا، ئـەوەی گرنگـە بـۆ ئێسـتە شـەهادە بهێنیـت کـە جگـە لـە خـوای گـەورە خوایەکـی کـە نییـە، وە پێغەمبـەر محمـد درودی خـوای لەسـەر بێـت کۆتـا پێغەمبـەرە، دوای ئـەوە ئـەم ٢ ڕۆژە زۆر شـتی سـەرەتایی و بنەڕەتیـت فێـر دەکـەم و دواتـر خۆشـت دەتوانیـت زانیاریەکانـت فـراوان بکەیـت و لای خۆتـان مزگـەوت هەیـە لـە ڕێگەیـەوە پەیوەندیـت لەگـەڵ مسـوڵمان و خـوای گـەورەدا پتـەو بکـە. ئـەم وێـب سایتانەش سـەیر بکـە.
ناتاشـا: وا دەکـەم، هیـوادارم سـەردانی تایبەتیـم بکەیـت بـۆ ڕوسـیا، لـە دوای ئـەم سـەفەرە دەسـتبەردارم نەبیـت.

ڕۆبن: هێشتا بیرت لای سەگەکەت هەیە؟
ناتاشـا: گـەر پێشـتر تـۆم بناسـیایە، یـان بەجۆرێکـی تـر سـەرگەرمی ئـەم جـۆرە گفتوگۆیانـە بوایـەم ١٥٠٠ ڕۆبڵـم نـەدەدا بـۆ ئـەوەی پاسـەوانی لـە سـەگەکەم بکـەن تـا دەگەڕێمـەوە، هـەر لەوێـدا بەدیـاری دەمـدا بـە کەسـێك، پێـم وا نییـە ئیتـر کاتـم هەبێـت بـۆ سـەگ.
ڕۆبـن: ئێمـە زانایەکمـان هەیـە بەنـاوی ابـن حـزم، نوسـراوێکی هەیـە (رسـالة) لەسـەر سـەگی پـاك (الكلـب طاهـر)[١٤] بـە جوانـی باسـی دەکات، لـە شەرعیشـدا وردەکاری زۆر هەیـە لەسـەر سـەگ.
ناتاشـا: متمانـەت پـێ دەکـەم دینێـك بـۆ پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو بـە دروسـتی و مـرۆڤ لەگـەڵ سـەگدا بـە دروسـتی ئەوەنـدە وردەکاری هەبێـت، حەتمـەن بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ خۆیـدا وردەکاری زۆر زیاتـرە.
ڕۆبـن: حەتمـەن ڕێـك وایـە، مـن بـاوەڕی تەواویشـم هەیـە بـەوەی کـە خەڵکانێـك ئـەو پەیوەندیـە بۆشـای تێدایـە هەربۆیـە سـاڵانە لـە خـەم و خەفەتـدا زیاتـر لـە (٦٠٠٠) شـەش هـەزار کـەس خۆیـان دەکـوژن لـە

(١٤) http://www.feqhup.com/uploads/13291918281.pdf

بەریتانیـا[١٥]! واتـە لەبـری ئـەوەی مۆمێکـی تـازە داگیرسـێنن، مۆمەکـە دەکوژێننـەوە، بـە حەفتانـە وەریگریـن هەمـو حەفتەیـەك ٨٤ نەفـەر خـۆی دەکوژێـت!.

ناتاشـا: واو، ئـەو ڕۆژە زۆرە! خـۆ لای ئێمـە زۆر زیاتـرە، بـەڵام هەرگیـز بەبیرمـدا نەدەهـات بەریتانیـا بـە تایبەتـی بـەو شـێوەیە بێـت.

ڕۆبـن: ناتاشـا بـا ئەمەشـت پـێ بڵێـم، مـن دەزانـم ڕوسـیا سـێهەم وڵاتـە لـە جیهانـدا بـۆ ڕێـژەی خۆکـوژی، بەریتانیـا لـە پلـەی ١٠٩ هەمینە هێشـتا، یانی بەجۆرێکـی تـر تێـی بڕوانیـت لـە پلـەی یەکـەوە تـا ١٠٩ کـە بەریتانیایـە هێشـتا وڵاتێکـی ئیسـلامی تێـدا نییـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا وڵاتـە مسـوڵمان نشـینەکان ژیانیـان بـە گشـتی ناخۆشـە لـە ڕوی مـادی و پێداویسـتیەکانی ژیانـەوە، بـۆ نمونـە عێـراق بـە نمونـە وەرگریـن کـە مـن لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ئەوێـم لـەو ڕێزبەنـدەدا بـە پلـەی ١٥٤هەمیـن وڵاتـە[١٦]، بەڕاسـی غیابـی ئیمانـە خـۆ کوشـتن، چـون گـەر ئیمـان لـە ناخـدا هەبـو هـەردەم ئەوەنـدە گەشـبینی بـە مرۆڤـەکان دەدات ڕۆژانـە هەوڵـی کارێکـی چاکـە بـدات بـۆ پتەوکردنـی پەیوەندیەکانـی لەگـەڵ خـوای گـەورەدا.

ناتاشا: باشە یانی ئەوروپا ڕێگری نییە بۆ ئەوە؟

ڕۆبـن: لـە دونیـای ئەوروپـادا بـۆت نییـە سـەگی پـەروەردە نەکـراو بـەرەڵا بکەیـت لـە شـوێنی گشـتیدا! چـون جێگـەی مەترسـیە بـۆ سـەلامەتی گشـتی، بـەڵام سیسـتمی سـەرمایەداریەکە خـۆی لـە سـەگ خراپتـر بەربونەتـە خەڵکـی، ئەسـڵەن وایـان لـە خەڵـك کـردوە وەك سـەگ هـەر ڕاکـە ڕاکەیـان بێـت و پیشـەی سـەگیان پێچەوانـە کـردوە کـە سـەگ لـە ماڵـەو مرۆڤـەکان لـە دەرەوەن ؟!

---

(١٥) https://www.thesun.co.uk/news/5911685/male-suicide-rates-uk-awareness-the-samaritans-2018/

(١٦) https://en.wikipedia.org/wiki/List_of_countries_by_suicide_rate

ناتاشـا: هەسـتێکی گۆڕانـکاری لەنـاوەوە دەمجولێنێـت، دەمەوێـت بگریـم و ناشـتوانم، یەکەمجارمـە لـە ژیانمـدا ئـاوا هەسـتێکم بـۆ دروسـت بوبێـت، پێویسـتم بـە ئیسـراحەتە.
ڕۆبـن: ئـەوە هەسـتی سـەوزبونی ئیمانـە لـە ناختـدا، پێویسـتە ئـاوی بدەیـت، لـە پێشـدا فیزکیـەن ئـاوی بـدە، هەسـتە بـڕۆ خـۆت بشـۆ، دواتـر لەگـەڵ خـوای گـەورەدا قسـە بکـە، فێـری نوێـژت دەکـەم، بـەڵام بـۆ ئێسـتە هەرچـۆن دەتەوێـت قسـەی لەگـەڵ بکەیـت بیکـە، ناخـی خۆتـی بـۆ هەڵڕێـژە، سوپاسیشـی بکـە.
ناتاشـا: ئـەوەی تـۆ دەیڵێـی ڕێـك ئـەوە دەکـەم، هەسـت دەکـەم پەلەکەشـم بـۆ ئـەوە بێـت، سـا بەڵکـو ئیسـراحەتم بداتـێ.
ڕۆبن: دوێنێ چۆن گوزەراندت؟ ئێستە هەستت چۆنە؟
ناتاشـا: خـۆم شـت، داوام لـە خـوای گـەورە کـرد، وتـم نازانـم چـی بـۆ مـن چاکـە، داوای ئـەوەت لـێ دەکـەم هەرچـی بـۆم بـاش بێـت خـۆت سـاحێبم بیـت، زۆر شـتی تـر، هەسـتێکی تایبەتیـم بـۆ دروسـت بـو، شـەویش خەوێکـی خۆشـم دی، لـە خەومـا لەنـاو بـاخ و گوڵزارێکـی زۆر خۆشـدا بـوم، پەپولـە بـە چواردەورمـدا دەسـوڕانەوە، ژن و پیاوێـك لـە دورەوە هاواریـان دەکـردو دەگریـان و داوای یارمەتیـان لـێ دەکـردم، پیاوێکیشـم لـە دورەوە دەدی زۆر لام جـوان بـو منیـش ئـەوم بانـگ دەکـرد جوابـی نەدەدایـەوە، خـۆم بـۆ خـۆم زۆر ئاسـودەبوم، بـەڵام دڵـم بـۆ ئـەو ژن و پیـاوە تەنـگ دەبـو، دڵـم بـۆ ئـەو پیـاوەش لێـی دەدا کـە بـۆ بانگـی دەکـەم و جـواب ناداتـەوە.
ڕۆبـن: ئـەوەی گرنگـە تـۆ بـۆ خـۆت ئاسـودەبویت، ئـەوە خاڵێکـی گـەورەی وەرچەرخانـە، ئەگـەر پێشـت خـۆش بێـت تەفسـیری خەوەکـەت بـۆ دەکـەم، ڕێـك پێـت دەڵێـم مەبەسـت لـەو خـەوە چـی بـوە، بـەڵام بەڵێنـم

پێـی دەدەیـت کـە ئاسـایی وەریگریـت؟
ناتاشـا: بـۆ خـەو دەکرێـت مانـای تایبەتـی هەبێـت، ڕاسـتی پێـم خۆشـە لێکدانـەوەی ئـەو خـەوە بزانـم، هههههه خۆشـە یەکەمجـارە ئەمە دەبیسـتم.
ڕۆبـن: خەوەکـەت دەکـەم بـە ٣ بەشـەوە، بەشـی یەکـەم ئاسـودەبویت و لە گـوڵ و گوڵزاردابویـت و پەپولـە بـە دەوردا دەسـوڕایەوە ئـەوە نیشـانەی ژیانێکـی تازەیـە بـۆ تـۆ کـە مسـوڵمانت قبـوڵ کـردوە، دڵـت پێـی خـۆش بێـت، بەشـی دوهـەم: ژن و پیاوەکـە کـە بانگیـان کردویـت ئـەوە لەوەیـە دایـك و باوکـت یـان دوکەسـی نزیکـت بـن و پێویسـتیان بـە هـاوکاری تـۆ بێـت دەکرێـت بیاندۆزیتـەوەو یارمەتیـان بدەیـت بـە تایبـەت کـە پیـرن و سـا بەڵکـو بـە ڕۆشـنیای ئیمـان ژیانیـان بگۆڕیـت، بەشـی سـێهەم ئـەو پیـاوەی کـە بانگـت دەکـردو جوابـی نەدەدایـەوە ئـەوە منـم و ئەگـەر ئـەو نیەتـە لـە دڵتـدا مابێـت بـۆ زەواج ئـەوە سـەرناگرێت.
ناتاشـا: تـۆ چـۆن ئەمـە دەزانیـت! ئەڵبـەت ئـەو دوکەسـەی کـە بانگیـان دەکـردم شێوەشـیانم دەکـرد، هەتـا ئـەو پیـاوەش کـە بانگـم دەکـرد هـەر تـۆ بویـت بـەڵام نەمویسـت بڵێـم تۆیـت، وە دەکرێـت ئەنجامـی ئـەم خـەوە ببێـت بـە بڕیـار، مەبەسـتم بـۆ تـۆ کـە نەتەوێـت مـن بهێنیـت، چـون لەبیرتـە لەسـەرەتای یەکتـر بینینەکـەوە ئـەم ئاماژەمـان هـەر هەبـو.
ڕۆبـن: مـادام کەسـەکان دەناسـیت بەدوایانـدا بـڕۆ، نـا مەبەسـت بڕیـار نییـە، دیـارە بـۆ مـن ناگونجێـت و دۆخـی تایبەتـی خـۆم هەیـە.
ناتاشـا: ئەڵبـەت چەنـد پێـم ناخۆشـە تـۆ لـە دەسـت بـدەم ئەوەنـدەش دڵخۆشـم لـەوەی پەیامەکـەت هیـچ غەریزەیەکـی تێکـەڵ نەبـو وە دڵخـۆش دەبـم لەگەڵـی.
ڕۆبـن: دوعاکـەی خـۆت لەبیـر بێـت جوانتریـن دوعـات کـردوە لەبیرتـە هـەر ئێسـتە چیـت وت!

ناتاشا: چی؟
ڕۆبن: هەرکەمێك پێش ئێستە مەگەر نەتوت: وتم نازانم چی بۆ من چاکە، داوای ئەوەت لێ دەکەم هەرچی بۆم باش بێت خۆت ساحێبم بیت، دیارە ئەمە باشترینە بۆ تۆ پێی ڕازی بە.
ناتاشا: چ زو دوعاکەمت لەبەرکردا!
ڕۆبن: ناتاشا تەسلیم بون بە قەدەری خوای گەورە زۆر گرنگە، چون لەوانەیە من بۆ تۆ هاوپیشەیەکی باش بم، بەڵام مێردێکی باش نەبم، ئافرەت هەیە لای ئێمە دەڵێ خۆم دەکوژم گەر نەمدەن بە فڵان کوڕ دواتر سەیر دەکەیت دوو مانگیش پێکەوە هەڵناکەن.
ناتاشا: هەست دەکەم من کەوتومەتە ناو بەختەوەریەکەوە، بەڵام هێشتا پێویستم بە ڕینمونی و هاوکاریە.
ڕۆبن: لە یادتە وتم بۆ فێربونی ئوتومبێل مۆڵەت پێویستە واتە ئیجازە؟
ناتاشا: بەڵێ چاکیشم لە یادە.
ڕۆبن: ئەوە تۆ مۆڵەتەکەت وەرگرتوە، ئێستە ئیجازەت هەیە، بەڵام ئەم گرنگترە، ئێستە تۆ خاوەنی بڕوانامەی مسوڵمانێتیت، بەڵام لە یادتە وتم دوای مۆڵەت چی تر پێویستە؟
ناتاشا: بەڵێ هەتا وتت لە بەریتانیا وشەی دەرچوە:
Passed
لە ئوتومبێلەکانیان دەدەن.
ڕۆبن: ئافەرین ڕێك وایە چون کەسێك کە مۆڵەتەکە وەردەگرێت دوای ئەوەش پێویستی بە ئەزمونە، بە ئیسراحەت و ژیرانە دیراسەی ئیسلام بکە، بەختەوەربە بە ئیسلام، وریابە زۆر خێرا لێنەخوڕیت با مسوڵمانیش بیت پێکدادان دروست دەبێت، سەیری هێماکان نەکەیت

دور نییە پاسکیل سوارێك بکەیت بە ژێرەوە، زۆریش سوك لێخوڕیت دوات قەرەباڵغ دەبێت.

ناتاشا: هیوادارم هەم شۆفێرێکی باش بم و هەمیش مسوڵمانێکی دروست.

ڕۆبن: ئەوەش کارتی تایبەتی خۆمەو ئیمەیڵ و تەلەفۆنی تێدایە، دەتوانیت بە ئیمەیڵ پەیوەندیمان هەبێت، وە ئاگاشمان لەیەك دەبێت.

ناتاشا: زۆر سوپاست دەکەم، هیوادارم پشتگوێم نەخەیت، زۆر سودم لێت وەرگرت.

ڕۆبن: هیوادارم تۆش ئەو دوکەسەی لە خەوەکەدا دیتت پشتگوێ نەخەیت.

دوای شەش مانگ

ناتاشا: هەردو کەسەکەی ناو خەوەکە ئێستە پێکەوەین و مسوڵمان بون، سڵاویان بۆت هەیە.

لە ڕێگەی مسوڵمانەکانی مۆسکۆوە ئێستە مێردێکی چیچانیم هەیەو بەختەوەرین.

# (ڕۆبن و ناتاشا دوای مسوڵمانبوونی)

ڕۆبن و ناتاشا دوای موسڵمانبوونی

ڕۆبـن: خۆشـحاڵم جارێکـی تـر، ئیشـمان کەوتـەوە گـەڵ یـەك، هەرکـە پێشـنیاریان کـرد، یەکسـەر قبووڵـم کـرد.

ناتاشـا: بێگومـان، منیـش هەروەهـا، هەرکـە زانیـم ئێـوەن، گشـت سـەرقاڵییەکانم پشتگوێ خست؛ چونکـە هەرچەنـدە ئەمـەش هـەر ئیشـە، بـەڵام گرنگتـرە لـە ئیـش، لەپـاڵ ئـەوەدا وەك جـاری پێشـوو، سـوود لەیـەك وەردەگریـن، بەتایبـەت مـن سـوودت لـێ وەردەگـرم.

ڕۆبـن: زانسـت و زانیـاری و ئەزموونێـك کـە پێمـان دراوە، قـەرزەو پێویسـتە بیدەینـەوە، لـە قیامەتـدا، پرسـیارمان لەسـەری لـێ دەکرێـت، جیـاوازی هەیـە لـە زانسـتە دونیاییـەکان، کـە بـە پـارە نەبێـت نایفرۆشـن، دەبێـت ئێمـە، پـارەش بدەیـن بـۆ بڵاوکردنـەوەی.

ناتاشـا: ئەڵبـەت بـۆ مـن کـە لـەو دونیایـەدا نەژیابـووم، زۆر قـورس بـوو لەمـە تـێ بگـەم، ئێسـتە دەزانـم مەبەسـتت چییـە، دوای ئـەوەی کـە تێکەڵـی زۆرم لەگـەڵ موسـڵمانەکاندا کـردو بەتـەواوی تێکەڵیـان بـووم.

ڕۆبـن: مامۆسـتایەکی زانکـۆ و ئافرەتێکـی ڕووسـیی سـفوور، ئێسـتە موسـڵمانێك و بـە حیجابێکـی توندوتۆڵـەوە، چـۆن پێناسـەی خـۆت دەکەیـت؟

ناتاشـا: زۆر ئاسـوودەم، هەسـت دەکـەم، بەتەواوەتـی خۆمـم، دونیایەکـی جیاوازتـر لـە ناخمدایـە، گەورەتـر لـەوەی بـە چـاو دەبینرێـت.

ڕۆبـن: هەسـت ناکەیـت، بـەم حیجابـەوە، خـۆت کـۆت و بەنـد کـردووە،

چـۆن بـەم شـێوەیە، ئیشـت بـۆ دەکرێـت؟
ناتاشـا: بـە پێچەوانـەوە، هەسـت دەکـەم پێشـتر کـۆت بـووم، کۆتـی خۆڕازاندنـەوە بـۆ ئەوانـی تـر. ڕۆژانـە، ماوەیەکـی زۆر خەریکـی ئاراییشـی خـۆم دەبـووم؛ بۆئـەوەی لـە چـاوی ئەوانـدا جـوان دەربکـەوم، بـەڵام ئێسـتە، چیتـر بـۆ کـەس خـۆم جـوان ناکـەم؛ چونکـە حیجابەکـەم خـۆی جوانییـە. جوانییەکـەی خـوای گـەورە ئارایشـی کـردووە، مـن چیتـر نابمـە کۆتـی ڕاگەیانـدن و چـاوی خەڵکـی، لـە قووڵایـی دڵمـەوە، هەسـت بـە ئازادیـی تـەواو دەکـەم.
ڕۆبـن: زۆر تێبینیـم کـردووە، ئەوانـەی کـە موسـڵمان دەبـن، ڕۆحیەتـی دینداریيـان زۆر قووڵتـرە لـە ئێمـەی موسـڵمان، کـە فەراغـی بێدینیشـمان نەدیـوە، حـەز دەکـەم، تـۆ وەڵامـی ئـەو پرسـیارەم بدەیتـەوە.
ناتاشـا: ئەگـەر ئێـوە وا بـن! ستەم لـە خۆتـان دەکـەن، یـان ئەوەتـا چێـژی ئـەو حەقیقەتـان نەکردووە.. کـە ئیمـــان لە دڵدا جێگیر دەبێـت، چێژێکـی هەیـە، هەرگیـز حـەز ناکەیـت لێـت دوور بکەوێتـەوە، ئێمـە تـاڵاوی دووری لـەو چیژەمـان چەشـتووە، بـەدڵ هەسـتمان بـە شـیددەتی تاڵییەکـەی کـردووە، گەرچـی لـە ڕواڵەتـدا شـیرینیش دەرکەوتبێـت، ئێسـتەش کـە چێـژە شـیرینەکە گەشـتووە بـە دڵ.. دڵ نـەك نایەوێـت دەسـتبەرداری بێـت، بەڵکـو ناشـیەوێت لێـی دوور بکەوێتـەوە.
بۆیـە تـا توندوتـۆڵ بـم، ئـەو هەسـتەم تێـدا بەهێزتـر دەکات، بەهێزیـی ئـەو ئیمانـە، واتـە: بەهێـزو سـەرکەوتنی خـودی خـۆم.
ڕۆبـن: باشـە بـۆ تۆیـەك، کـە پێشـتر وەك وتـت: «خـۆت ئارایيـش دەکـرد؛ بۆئـەوەی لـە چـاوی خەڵکیـدا جـوان بیـت»، ئیستە بـەم شێوەیە لـە چاوی خەڵکیـدا چۆنیـت؟!
ناتاشـا: ئێسـتە هـەم جوانـم، هـەم بـە قیمەتیشـم، پێشـتر تەنهـا لـە چـاوی

ئەوانـەوە جـوان بـووم، کـە بـە شـەهوەتەوە سـەیریان دەکـردم، ئێسـتە ئـەوە منـم، بڕیـار لەسـەر چـاوی خەڵکیـش دەدەم، نـەك ئـەوان!
ڕۆبـن: جـا لـە ڕاستیدا، کەسانێکی زۆر، ڕقیانـە لـەم جـۆرە موحەجەبانـەو ناووناتـۆرەی جۆربەجۆریشـی بـۆ هەڵدەواسـن، دەتوانـم بڵێـم: بەچـاوی سـووکەوە سـەیری دەکـەن، ئـەی بـۆ ئـەوە چ دەڵێـی؟
ناتاشـا: ئـەوە نیشـانەی بۆشـایی ژیرییـە لـەو کەسـانەدا، مـن بـۆ خۆشـم پێشـتر ئەمـەم تێـدا بـوو، بـەڵام ئێسـتە دەزانـم، کـە هەڵـە بـووم.. ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە، ژیرییان داوە بە دەسـتی ڕاگەیانـدن و ڕای نەیارەکانەوە.
کەواتـە: ڕقەکـە، بـۆ خـودی خۆیـان دەگەڕێتـەوە، ڕقـە لـەو نەزانییـەی کـە پێویسـتە بیزانـن، نـەك منێکـی موحەجەبـە، مـن پراکتیـزەی بـاوەڕی خـۆم دەکـەم، ئـەو پراکتیـزەی ئاڕاستەی ئیعلامێکـی چەواشـەکاری دەکات.
ڕۆبـن: بۆچـی ئـەوا لەسـەر ڕاگەیانـدن قسـە دەکەیـت، پێشـتر بۆچوونـت بـەم شـێوەیە نەبـووە؟!
ناتاشـا: یەکـێ کـە بـە نـاوی ئازادییـەوە خەڵەتێنـرا، دواتـر کـە بـۆی دەرکـەوت، فیعلـەن خەڵەتێنـراو بـووە، ئەوسـا بێگومـان ڕقئەسـتوور دەبێـت بەرانبەریـان.. منیـش هەسـت دەکـەم، پێشـتر نێچیـری ئـەوان بـووم، زۆرتریـن کاڵای ئاراییشـتکردنم دەکـڕی، زۆرتریـن کاتـم پێـوەی سـەرف دەکـرد؛ بۆئـەوەی دواتـر، بـە چـاوی شـەهوەتەوە سـەیرم بکـەن! جـا لەبەرئـەوەی مـن ئافرەتـم و خـۆم بیرکردنـەوەی خـۆم دەزانـم، لەوەیـە ئێـوەی پیـاو، بەتەواوەتـی لەمـە نەگـەن، بـەڵام ئـەوە ڕاسـت و درووسـتیی باسـەکەیە.
ڕۆبـن: واتـە: بـەم شـێوەیە، گرفتـت بـۆ نایەتـە پێـش؛ چونکـە تـۆ هـەر هەمـان ئەوکەسـەی کـە پێشـتر جیـاواز بوویـت؟
ناتاشـا:لە بیروبـاوەڕی منـدا، زیاتـر چێـژ لـە قورسـییەکان وەردەگـرم؛

چونکـە پاداشـتی زیاتـرە، بەتایبـەت ئـەو قورسـییەی کـە ڕاسـتەوخۆ بـۆ جانبـە دینییەکـە بگەڕێتـەوە، مـن هەمـان کەسـەکەی جـاران نیـم؛ بـا خەڵکیـش بـە هەمـان کـەس لێـم تـێ بگـەن.. نەخێـر، مـن ئێسـتە مرۆڤێکـی تـرم، مومارەسـەی باوەڕەکـەی خـۆم دەکـەم، نـەك نمایشـیی بـاوەڕی چەواشـەکاریی خەڵکـی.

بـا ئـەوەش بڵێـم، پێشـتر چەندیـن جـار، هەتـا قوتابیـی خـۆم، بـە چـاوی شـەهوەتەوە سـەیری دەکـردم، ئەڵبـەت ناحەقیشـیان ناگـرم؛ چونکـە زۆرجـار، زۆر ناتەبیعـی، خـۆم جـوان دەکـرد، تەنانـەت کاریگـەری لەسـەر وانەکانیـش دەکـرد لـە زانکـۆ؛ چونکـە ئافـرەت، هێـزی ئـەو چاوانـە دەخوێنێتـەوە، کـە سـەیری دەکـەن. ئێسـتە ئـەو هێـزە شـەهوانییە نابینـم.. قوتابیـش ناچـارە، بیـری لای بیروهـزری زانسـتەکە بێـت، نـەك جوانیـی جەسـتەی مـن.

ڕۆبن: کەواتە: سوودی زانستیشی هەیە بۆ قوتابییەکانت؟

ناتاشـا: جگـە لـە سـوودی زانسـتی، سـوودی هزریشـی هەیـە، کـە پێویسـتە هزریشـیان بگـۆڕن، پەیامێکیشـی تێدایـە بۆیـان، ئەگـەر تـێ بگـەن، لـە ڕاسـتیدا زۆریشـی تـێ دەگات.

ڕۆبن: یەعنی چۆن؟ حەز دەکەم، ئەوە بزانم.

ناتاشـا: زۆر کـەس، پرسـیاری حیجابەکـەم دەکات، ئـەو گۆڕانکارییـەی تێمـدا درووسـت بـووە، منیـش بۆیـان شـی دەکەمـەوە، زۆرجـار لـەدوای وانـە، چەندیـن کـەس ڕای گرتـووم، منیـش بـۆم شـی کردوونەتـەوە، هەتـا قوتابـی وا هەیـە، خـۆی پـێ ناگیرێـت، لەنـاو وانەشـدا پرسـیاری لـەو شـێوەیە دەکات، منیـش هەرجـارە و بـە پوختەیـەك، یـان بـە ئاماژەیـەك وەڵامـم داوەتـەوە، بووەتـە هـۆکاری گۆڕینـی هـزری ئەوانیـش، پێشـتر بـە چاوێکـی غەریبیـەوە سـەیریان دەکـرد، ئێسـتە هەتـا زۆر قوتابـی پێـی

خۆشـە، وەك مـن بـكات، بـەڵام ناتوانـن بەتەواوەتـی بیکـەن، بـۆ نموونـە: سەرپۆشـێك دەدەن بەسـەریاندا، زۆرجـار لایەکـی دیـارە.. سـەیرم دەکـەن، وەك بڵێـی لەبـەر تۆیـە، ترسـیان لـە قسـەی خەڵکیـش هەیـە، منیـش جارێکیـان بـە قوتابیەکـم وت: تـا ترسـت لـە قسـەی خەڵکـی هەبێـت؛ نابیـت بـە خـۆت.. تـا حیجابەکەشـت نەبێـت بـە ئیمـان؛ نابێتـە حیجابێکـی کامـل. زۆریـان دیراسـەی ئیسـلامیان کـردووە و ئێسـتە موحاجەبـە و نیمچەموحاجەبـە، لـە دەورم زۆر بـوون.

ڕۆبن: کەواتە: وانەکانت گەرموگوڕن؟

ناتاشا: بێگومان تامێکی تایبەتیی هەیە.

ڕۆبن: هەرگیز کەس هەوڵی داوە، حیجابەکەت لەبەر دابکەنن؟

ناتاشـا: ئـەو هەوڵانـە، زۆر کەمتـرن لـەو دەسـتدرێژییانەی کـە بەهـۆی ڕووتییـەوە، دەسـت دەبـەن بـۆ ئافـرەت.

ڕۆبن: کەواتە: تۆ ئەزموونی هەردووکیانت هەیە؟

ناتاشا: بەڵـێ، زۆربـەی کات، کـە شـەوانە دەگەڕامـەوە بـۆ مـاڵ، کۆڵانێکـی تەنـگ، نزیکـی ماڵمانـە، کـە پێیـدا تـێ دەپەڕیـم، هەراسـانیان دەکـردم! ئیتـر خـۆ تـێ دەگەیـت؟!

ڕۆبـن: بەڵـێ، پێویسـت بـە ڕوونکردنـەوە نـاکات، بەگشـتی لـە ئەوروپـاش، ئـەوە زۆر هەیـە، بەتایبـەت لـە شـەمەندەفەرەکانی ژێـر زەویـدا.

ناتاشـا: بەجـددی لەوێـش هەیـە؟! لام سـەیرە! دەڵێـن: ئەوروپییـەکان، زیاتـر هۆشـیارن و مـاف لـەوێ زیاتـرە.. بۆیـە پێشـتر حـەزم لـەوێ دەکـرد.

ڕۆبـن: چەمکـی «تێگەشـتن لـە هۆشـیاری» شـێوێنراوە.. ئیعـلام، ئـەم وشـە ئەوەنـدە دووبـارە دەکاتـەوە، وەك درۆکان و زۆریـی دووبارەبوونەوەیـان، لای خەڵکـی دەیانـکات بـە ڕاسـت.. کـە دەوترێـت هۆشـیاری، هـەردەم لەگەڵیـدا وێنـەی ئافرەتێکـی نیمچـە ڕووتیـان نیشـان داوە، وەك بـە

شێوەیەکی تـر بوترێـت، هۆشیاری لەوەدایـە؛ چونکـە وێنـەکان، زیاتـر مانا بـە وشـەکان دەبەخشـن، دواتـر هۆشـیارییەکەش ئەوەیـە، دەسـتدرێژییان دەکرێتـە سـەر و هەراسـان دەکرێـن.

ناتاشـا: بـەڵام لای ئێمـە، کێشـەکانی ئـەم بـوارە زۆر قووڵتـرە، ئەوانـە لـە چاویـدا، هەمـووی لاوەکیـن، بـەڵام هێشـتا کچانـی زۆر، دەبنـە نێچیـری باندگەلێکـی زۆرخـراپ؛ بـە نـاوی دەرفەتـی کارەوە، کچـان دەکـەن بـە لەشفرۆشـی یاسایی، ئەسـڵەن بـە شـێوەیەکە، کچـان خۆیـان کێبڕکێـی بـۆ دەکـەن.

ڕۆبـن: ڕوون نەبـوو لام، ئـەی ئـەوە کـە دەزانـن، تـۆ دەورت چ بـووە لـە هۆشـیارییان، هۆشـیاریی ڕاسـتی، نـەك ئـەوەی ئیعـلام.

ناتاشـا: خـۆت دەزانـی کچانـی ڕوسـیا، ناوبانگـی جیهانییـان هەیـە بـۆ جوانـی، کۆمپانیـای زۆر دێنـە وڵاتـەوە، هەریەکـە و بـە ناوێـك، بـە نـاوی سەرنجڕاکێشـی جوانـەوە، لەژێـر نـاوی دەرفەتـی کارەوە، کچـە هەرەجوانـەکان هەڵدەبژێـرن و دەیانبـەن، بـە زۆری بـۆ ئەمریـکا، جگـە لـە ئەمریـکاش، فەرەنسـا بـە پلـەی دووەم.

ڕۆبـن: چ جـۆرە کۆمپانیایەکـن، جـا کـچ بـۆ لەگەڵیـان دەڕوات، ناکرێـت ئاسـتی هۆشـیارییان بـەرز بکرێتـەوە؟

ناتاشـا: زوو هەسـت بـە مەترسیی ئـەم جـۆرە کۆمپانیایانـە کـراوە، بـەڵام هـەردەم ناوەکانیـان دەگـۆڕن و فۆڕمـی ئیشـەکانیان دەگـۆڕن، بـەڵام هەموویـان، هـەر یـەك ئامانـج دەپێکـن، ئەویش بەلاڕێدابردنی کچانـە، بـە نـاوی دەرفەتـی کارەوە.

لێـرە خەڵکـی بەگشـتی و کچانیـش زۆر بەتایبەتـی، خەونـی سـەفەری دەرەوەیـان هەیـە، بەتایبـەت ئەمریـکا، ئەوانیـش کـە ئۆفـەری ئەوەیـان پـێ دەدەن، کێبەرکـێ دەکـەن بـۆ وەرگرتنیـان، بـۆ نموونـە: زۆرینەیـان

بـه نـاوی دەرفەتـی کاری ڕێکلامـی، واتـە: کچەکانیـان دەوێـت بـۆ ئـەوەی ڕیکلامیـان پـێ بکـەن بـۆ کاڵاکان.. بـە چەندیـن شـێواز، کچـان لەخشـتە دەبـەن، لـە فاشـیۆن شـۆکاندا، لێیـان هەڵدەبژێـرن، ئەوانـە ئاسـانترینیانن بۆیـان؛ چونکـە کچێـك کـە خـۆی عـەرز کـرد لـە وڵاتـدا، ئـەوە ئیتـر بـۆ دەرەوە هـەر زۆر ئاسـانتر دەبێـت بـۆ ئـەوان، جـا کـە دەشـیانبەن، ئیشـی ڕیـکلام، دەبێتـە کاری لاوەکییـان، لەشفرۆشـیش دەبێتە کاری سـەرەکییان، هەتـا بەداخـەوە منداڵـی زۆر زۆریشـی تێدایـە.

ڕۆبـن: جـا ئەمـە دەچێتـە قاڵبـی بازرگانیکـردن بـە مرۆڤـەوە.. کچـان، یـان بەرپرسـەکانیان، چـۆن ڕازی دەبـن؟

ناتاشـا: دۆخێـك دەخوڵقێنـن؛ نـەك ڕازیبـوون، بەڵکـو کێبەرکـێ دەکـەن بـۆ بردنیـان، وە نەبێـت بەنهێنـی ئـەم کارە بکـەن، هەتـا دێنـە نـاو زانکۆکانیشـەوە، ۆرکشـۆپی جـۆراو جـۆر درووسـت دەکـەن، بەشـێوەیەك هەتـا مامۆسـتای زانکۆکانیـش، کاریـان لەگەڵـدا دەکـەن، ئەنجامـی هەمـووی، بردنـی کچانـە بـۆ ئەمریـکا بـۆ لەشفرۆشـی، بـۆ فەرەنسـا بـۆ ڕیکلامـی عەتـرو هـەم دیسـان لەشفرۆشـی، هـەژاری و خەونـی گـەورەش، کەوتنـە نـاو داوی ئـەو باندانەیـە.

ڕۆبـن: وا دەزانـم، لـە وڵاتـی ئێمـەش، ئـەم شـتانە درووسـت بـووە؛ چونکـە هەرگیـز فاشـیۆن شـۆم نەدیبـوو؛ چونکـە بەهـۆی بەرزیـی حەیـاو حورمەتـی ئافـرەت و باگگراونـدە ئیسـلامییەکە، خەڵکـی ئـەم شـتانەی قبـووڵ نەبـووە، بـەڵام وا هەسـت دەکـەن، ئێسـتە بـەرەو ئاسایی دەڕوات، جـاران هەتـا ئافرەتـان بەشـداریی شانۆ و دراماشـیان نەدەکـرد، پیـاو ئـەو دەورانـەی دەگێـڕا، بـەڵام ئێسـتە زۆر ئاسـایی بووەتـەوە.

ناتاشـا: ئـەوان ئامانجیـان تێکدانـی شـیرازەی ئەخلاقییـە، ئەخلاقیـش بـە مانـا کامڵەکـەی لـە ئیسـلامدا هەیـە، هـەر لەبەرئەوەیـە، بـۆ ئـەو تێکدانـە،

پـارەی زۆر لـە وڵاتـە موسڵمانشـینەکاندا سـەرف دەکـەن، بـەڵام لای ئێمـە بەپێچەوانـەوە، هـەردەم پارەیـان لێمـان دەسـت دەکەوێـت، چەندین کچی زۆر زۆر جوانیــان بــردووە، ئیتــر تــەواو، هیــچ دوای ڕۆشــتن، هەواڵێکــی نەمـاوە، ئەمـە تەنهـا دەنگـۆ نییـە ڕۆبـن، خزمـی خۆمیشـی زۆر تێدایـە!
ڕۆبن: کەوایە، تۆ بۆ پێیان ناڵێی، یان دەوری تۆ چییە؟!
ناتاشـا: ڕۆبـن، گـەر بنەمایەکـت نەبێـت بـۆ خۆپارێـزی -وەك عەقیـدە- زۆر بەئاسـانی دەکەویتـە نـاو ئـەم جـۆرە باندانـەوە، مـن هەوڵـی زۆرم داوە، ئەنجامـی زۆریشـی هەبـووە، بـەڵام زۆربەیـان، نەبوونـی دەرفەتـی کار، بیانــووی دەســتیانە، دەڵێــن: کار دەکەیــن، مەگــەر ئــەوە نییــە تــۆش کار دەکەیـت، بـەڵام لـەوە تـێ ناگـەن، کـە جۆرێتیـی کارەکان جیـاوازی هەیـە، لــە ئیســلامدا زۆر بــەوردی دیراســەیم کــردووە، ئیســلام دژی ئیشــکردنی ئافرەتـان نییـە، بەڵکـو زۆر کار هـەن، هـەر دەبێـت ئافـرەت بیانـکات، مەگەر لـە ناچاریـدا.. شـەرع، پیـاو لـەو بـوارەدا قبـوڵ بـکات، بـەڵام جۆرێتیـی کارەکان جیاوازیـی هەیـە.
بــە نــاوی یەکســانی و ئــازادی و بازرگانــی و زۆر نــاوی جیــاوازەوە، شـتەکانیان بـە شـێوەیەك تێکـەڵ کـردووە، کەچـی لـە کـۆی هەموویـدا، ئافرەتــان کەوتوونەتــە نــاو داوی ئــەو باندانــەوە.
ڕۆبـن: ئەمانـە هەمـووی زیاتـر باسـی گشـتی بـوون، نموونـەت هەیـە وەك خـودی خـۆت، چ لـەم بـوارەدا کـرا بێـت؟
ناتاشـا: زۆریـش، قوتابـی خـۆم هەبـووە، بردوویانـە بـۆ ئەمریـکا بـە نـاوی خوێنــدن، یــان بردوویانــە بــۆ فەرەنســا بــە نــاوی ڕیکلامێکــی کاتــی بــۆ جلێـك، یـان عەترێکـی تایبـەت، پێشـتر باسـی مووچەیـان بـۆ کـردووە و ئیمزایــان پــێ کــردووە و ئەویــش ئیمزاکــەی کــردووە، داڕشــتن و سـیغەی عەقدەکانیـان فێڵبازانەیـە؛ بـۆ نموونـە: قوتابییەکـی زانکـۆ لەنـاو

فیڵ و دونیـای بازرگانیـدا نەژیـاوە، دەخوێنێـت؛ تـا دەرفەتـی ئیشـی زیاتـر هەبێـت، کـە ئەوانیـش ئـەم ئۆفەرانەیـان دەکـەن، پێخۆشـحاڵن لـەوەی ئەسـڵەن پێـش وەخـت دەرفەتـی باشـتریان دەسـت کەوتـووە، لەوانـەی کـە بردوویانـە، لـەوێ یەکجـار لـە سـتۆدیۆ چەنـد وێنەیەکـی نیمچەڕووتیـان گرتـووە، دواتـر وردە وردە ڕووتیـان کردووەتـەوە، هەیانـە سەرخۆشـیان کـردووە و دەسـتدرێژییان کردووەتـە سـەری، ئـەوە گـەر نـاڕازی بووبێـت، ئیتـر هەریەکـە و بـە جۆرێـك ملکەچـی هەمـوو ئیشـەکانیان کـردوون، بـە وێنـە و ڤیدیـۆ و دۆکومێنتـی زۆریـان لەسـەریان کردووەتـەوە، ئیتـر بەتـەواوی کراونەتـە کۆیلـەی خۆیـان، هەیانـە بـە نـاوی خۆشەویسـتییەوە، لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ کوڕێکـدا تێوەیـان گلانـدووە، دواتریـش دەربازبوونیـان نییـە، هەیـە دەیناسـم عەقـدی لەگـەڵ کۆمپانیای (عەتـری فەرەنسـی)، یـان کۆمپانیایەکـی (ئەمریکـی) کـردووە، دواتـر هەتـا وێنەکانـی لـە کۆمپانیـای جیـاواز دەبینـم، بەڕوونـی ئـەم ئافرەتانـە، بـە جێگـەی زۆر جیـاواز دەفرۆشـن، ئەمـە تەنهـا بـە وێنـە و ڕێکلامەکانیـان کـە ئاشـکرایە، لـە ژێریشـەوە لەشفرۆشـییان پـێ دەکرێـت؛ چونکـە کـە لـە میدیاکانـەوە دەردەکـەون و سـەرنجی خەڵکییـان بـۆ ڕادەکێشـرێت و بەناوبانـگ دەکرێـن، کەسـانی بازرگانـی و سیاسـی دەوڵەمەنـد هـەن، دەیانکـڕن بـۆ شـەوانەی خۆیـان، ئـەوان هەتـا لـە ڕووی ماددییـەوە؛ بـۆ نموونـە: کـە ڕۆشـتووە بـۆ فەرەنسـا، مانگانـەی ۱۰۰۰ ئیرۆیـان بـۆ دیـاری کـردووە، ئـەو لـە ڕوسیا دەڵـێ: هـەزار ئیـرۆ باشـە و جێگـەی مانەوەشـم هەبێـت، بـەڵام شـەوانە بـە چەندین هـەزار دەیانفرۆشـن، ڕۆژانەش لەسـەر لاپـەڕە ڕیکلامییـەکان، بۆیـە بەگشـتی بەشـێوەیەك تێکیـان دەشـکێنن، جارێکـی تـر بـۆ نـاو کۆمەڵگـە نابنـەوە، تەنهـا کۆیلـەی ئـەو کارانـە دەبـن.

ڕۆبن: ئەمە کێشەیەکی جددییە!

ناتاشا: قوتابییەکی خۆم، ڤیدیۆی خۆی بۆ ناردووم، کە بە کۆمەڵ دەسدرێژی دەکەنە سەری، هەتا پێدەکەنێت و زۆر خۆشحاڵیش دیارە، دواتر وتم: تۆ بۆچی دەگریت کە باسی ئەمە دەکەیت، لە کاتێکدا لە ڤیدیۆکەدا خۆشحاڵ دیاریت؟! وتی: تۆ نازانیت، لێرە چ دەگوزەرێت؟ بە چەندین مادەی جیاواز، بەو شێوەیەمان لێ دەکەن.

ڕۆبن: ئەی تۆ چیت بۆ کرد؟ یان ڕوونتر بڵێم؛ هیچ بۆ ئەم جۆرە کەسانە دەکرێت؟

ناتاشا: ڕۆبن زۆر قورسە، من لە دوای چەند کەیسێك ڕۆشتم، ئەسڵەن پۆلیس وەریان ناگرێت؛ چونکە لەشفرۆشی و بازرگانییە جۆربەجۆرە ڤێزەونەکان بەیاسایی کراون، دەزانیت یاسا واتای چی!

ڕۆبن:یاسا دەبێت پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤەکان بکات و پارێزگاریان بێت، ئەگەر لە من بپرسیت؛ یاسا ئەوەیە!

ناتاشا: ئەوە ناوە جوانەکەیەتی، تەنها و تەنها بۆ ئیعلام، گەرنا لەژێر گرێبەستەکاندا، ئەوەی کەرامەت و پارێزگاری بێت، نە ناوی هەیە، نە ناوەرۆک، مەگەر بۆ شتێك خۆیان مەبەستیان بێت و لە پشتی ئەو کەرامەت و پارێزگارییەوە، شتی تر هەبێت، بۆ نموونە: هەر ئەو ڤیدیۆیانە، گەر ئەو وڵاتەی ئەو کچانەی تێدا بەو شێوەیە لێ دەکەن، ناکۆکییان هەبێت؛ ئەوا دوور نییە مەوزوعی ڤیدیۆکان زۆر گەورە بکەن، بەڕواڵەت ئەوسا لە ئیعلامەوە خەڵك دەڵێت: سەیر ئەو وڵاتە چەند گرنگی بە هاوڵاتیانی دەدات، بەڵام لە پشتی ئەوەوە، ناکۆکیی سیاسی هەیە و دیفاعکردنەکە لەبەر خودی کەرامەت و ئافرەتەکان نییە، گەرنا ئەو ئافرەتانەی بەم شێوەیە بازرگانییان پێوە دەکرێت؛ لە ژمارە نایەن، ئەوەندە زۆرن.

ڕۆبن: سەیرە، ئەی بەلانی کەمەوە ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری مافی

ئافرەتـان و فیمەنیسـتیدا کار دەکـەن، ئـەوان چـی؟
ناتاشـا: زۆرێـك لـەو ڕێکخراوانـە، بەڕاسـتی بـۆ یارمەتیـی ئـەو باندانـە ڕێـک خـراون! بەلاتـەوە سـەیر نەبێـت، ڕێکخـراو بـەو ناوانـەوە درووسـت کـراوە، ئیشـی تەنهـا ئەوەیـە، ئافـرەت بـۆ ئـەو کۆمپانیایانـە ڕێـك بخـات.
ڕۆبـن: دەکرێـت هەمـووی وا بێـت، مەبەسـتم ئەوەیـە، شـتێك کـە بـە یاسـا ڕێـک خرابێـت و گرنگیـی نەبێـت، دەکرێـت لـە دەرەوەی ئـەوەوە مـرۆڤ گەلێـك هەبـن، لـە دۆخـی درووسـتی هـەم یاسـای چەواشـەکاری و هەمیـش ئـەو ڕێکخراوانـە تـێ بگـەن؛ تـا بەلانـی کەمـەوە، خەڵکـی لـێ بەئـاگا بهێننـەوە.
ناتاشـا: بێگومـان هـەن، بـەڵام لـە ئاسـتی پێویسـتدا نیـن، یـان هەیـە لـەو ڕێکخراوانـە، کەسـانی زۆر باشـی تێدایـە، بـەڵام بەگشـتی پوخـت و کامـڵ نیـن، زۆرێکیـان، هەڵسـووڕاندنیان دەسـتیان لـە پشـتە.
ڕۆبـن: سـەیرە، هـەر ئافـرەت دەکرێتـە هـۆکاری ڕاوکردنـی ئافـرەت؛ بـە خۆیـان، خۆیـان لەنـاو دەبـەن!
ناتاشـا: شـتێکت پـێ دەڵێـم، لەوانەیـە بەلاتـەوە زۆر سـەیر بێـت، دەیـان وێبسـایت، کـە هـەر ئـەو ڕێکخراوانـە دایـان مەزرانـدووە بـۆ بەیەکگەیاندنـی کـچ و کـوڕ، زەواج.. بەهـۆی سایتەکەوە هـەزاران کەیسـی کچیـان دەچێتـە لا، وێنـەی جۆربەجـۆر، هـەر کچـەکان خۆیـان دەینێـرن بۆیـان، لـە وێبسـایتەکەوە عـەرز دەکرێـت بـۆ زەواج، کچەکـە هەرچـی بیرکردنـەوە و ئـاوات و ئامانـج و شـتی خـۆی هەیـە، تێیـدا دەیاننووسێت. هەمـان ڕێکخـراو، لـە ئەمریکایـش بنکـەی هەیـە، کچـەکان بـە نـاوی خۆشەویستییەوە هەڵدەخەڵەتێنـن، کـە ئاسـانە هەڵخەڵەتاندیـان؛ چونکـە ئـەو بـەدوای زەواجـدا دەگەڕێـت و تایبەتمەنـدی و حـەزو ئـارەزووی خـۆی، هەمـووی نووسـیوە، هـەر لـەوێ کەسـێك پەیوەنـدی پێـوە دەکات و

بەپێـی حـەزو ئـارەزووی کچەکـە، بـۆی دەهۆنێتـەوە، ئەویـش لـە خۆشـیدا شاگەشـکە دەبێـت، بلیتـی بـۆ دەکڕێـت و لـە مەتـار پێشـوازیی لـێ دەکات، کچیـش خۆشـی خۆشـی ئیتـر گەشـت بـە ئاواتەکـەی خـۆی، کـە دەچنـە بـەردەم بیناکـە، کـچ لـە خۆشـیدا خەریکـە بـاڵ دەگرێتـەوە، کـە کـوڕ چەنـد دەوڵەمەندیشـە، هەرکـە ڕۆشـتنە ژوورەوە؛ تەسـلیمی باندەکـەی دەکات و پـارەی خـۆی وەردەگرێـت، کـە کچێکـی جوانـی کەمەرباریکـی شۆخوشـەنگی گەیانـد بـە دەسـتیان.

ڕۆبن: کەواتە: پیاویش، لەم باندانەدا بەشدارە!

ناتاشـا:مرۆڤ، کـە مرۆڤبوونـی خـۆی لەدەسـت دا؛ ئیتـر نێـر و مـێ جیاوازیـی نامێنێـت.

ڕۆبـن: بـۆ ئەوەنـدە بێتاقەتیـت؟ زۆرجـار لـەم گێڕاوانـەدا، فرمێسـك بەچاوتـدا دێتـە خـوارەوە! ببـوورە، ئیتـر ئـەم پرسـیارانە ناکـەم، تـۆ لـە سـەرەتاوە، وتـت ئاسـوودەم، ئێسـتە وا دەرناکەویـت.

ناتاشـا: نـا ڕۆبـن، شـتەکان تێکـەڵ مەکـە، یەکجـار زۆریـش ئاسـوودەم، گەر منیـش ئـەم دینـەم وەرنەگرتایـە، دوور نەبـوو، منیـش یەکێـك بوایـەم لـەو نێچیرانـە، لەبیرتـە؟ پێـش موسـڵمانبوون، چەنـد ئاواتـم هەبـوو، لەگـەڵ تـۆدا بێمـە لەنـدەن؟ ئـەی ئەگـەر تـۆ کەسێك بوایەیـت لـەو باندانـە و منت بفرۆشـتایە، مـن لـە کـوێ دەمزانـی، یـان گـەر ئـەوەش نـا، هەرکەسێکی تـر مـن متمانـەی خـۆم پـێ بدایـە، دوور نەبـوو، ئـەو حاڵەتـە ڕووی بدایـە، نیگەرانییەکـەش بـۆ ئـەو کچانەیـە، کـە بەڕاسـتی وەزعەکەیـان بەدرووسـتی دەزانـم، زۆرێـك لەوانـە، کـە لـە کۆمپیانیایـەك وەردەگیرێـن و دەڕۆن بـۆ ئەمریـکا، یـان فەرەنسـا، لـە ماڵـەوە ئاهەنگـی بـۆ دەگێـڕن، کەچـی زۆربەیـان، ئـەوە کۆتـا سـەفەریان دەبێـت!

ڕۆبـن: ئـەم نیگەرانییانـە، لای منیـش درووسـت دەبێـت؛ چونکە وا هەسـت

دەکـەم، لـە وڵاتـی منیـش، سـەرەتای ئـەم هەڵخەڵەتانـدن و چەواشـەکاری و بازرگانییـە دەسـتی پـێ کـردووە! خـوا ڕەحمـی کـردووە، کچەکانـی ئێمـە، زۆر جـوان نیـن وەك ئێـوە.

ناتاشـا: هـەر جێگەیـەك، بەجۆرێـك دەکرێـت بـە ئامانـج، ئەوەنـدەی مـن تێبینیـم کـردووە، ئەوانـەی کچـە ڕووسـییەکان دەکـەن بـە ئامانـج، تەنهـا بـوارە بازرگانییەکەیـە، ئـەم کچانـە دەکـەن بـە نێچیـری هەمیشـەیی خۆیـان و زۆرتریـن پارەیـان پـێ پەیـدا دەکـەن، باشـترینیان ئەوانـەن، کـە تەنهـا لـە بـواری فۆتۆگرافیـدان، تەنهـا بـە وێنـە و مووچـەی مانگانەیـە، یـان بەپێـی ئیشـەکەی پێیـان دەدەن، لـەدوای ئەوانـە، ئەوانـەن کـە بەتـەواوی دەسـتیان بەسـەردا دەگـرن و هەمـوو ڕۆژنامەکانیـان پـێ پـڕ دەکـەن و بـەو شـێوەیە سـەرنجی خەڵکـی بـۆ ئـەم کارانـە ڕادەکێشـن؛ تـا لەبەرچـاوی خەڵکـی ئاسـایی بێتـەوە. بـۆ وڵاتانـی تریـش، ڕێکخـراوی تـر لـە پشـت کارەکانەوەیـە، بەبەرنامـە خۆیـان دەزانـن چـی دەکـەن، بـەڵام خەڵکەکـە نازانێـت چـی دەکات، بەئاسـانی بـەدەم بانگەشـەکانیانەوە دەڕۆن.

ڕۆبن: با واز لەو باسە بهێنین، بیرەوەریی تاڵتان لەگەڵیدا هەیە.

ناتاشـا: توخـوا قسـەیەکی لەسـەر بکـە، حـەز دەکـەم ڕەئـی تـۆ لەسـەری بزانـم، یـان مـن چـی بکـەم؛ تـا ئاسـوودە بـم و هەسـت بکـەم، ئەرکـی خـۆم بەجـێ گەیانـدووە، بەلانـی کەمـەوە ئازارەکانـم کـەم ببێتـەوە.

ڕۆبن:مـرۆڤ بەرپرسـیاریەتی لەسـەرە، هەرکـەس بەپێـی خـۆی، ئەوەنـدەی ئێـوە کـە درکتـان بـە ترسـناکیی ئـەم کارە کـردووە، بەپێـی ئـەو زانیارییانـە، پێویسـتە کاری لەسـەر بکەیـت.

١- لەنـاو موسـڵمانەکاندا؛ چونکـە هەمووتـان هەڵگـری ئیسـلامن، پێـوەری حـەڵاڵ و حـەرام و حورمـەت، لای هەمووتـان یەکـە؛ تـا زۆرتریـن

خاووخێزانــی لــێ ئــاگادار بکرێتــەوە.
٢- لەنــاو چینــی زانکــۆدا، کــە تــۆ مامۆســتایەکیت و لەنــاو ئــەو چینــەدا، قســەت دەڕوات؛ جــا هــەر لــە ســەرۆکایەتیی زانکــۆوە دەســت پــێ بکــە، هەتــا دەگاتــە مامۆســتاکان.. کــۆڕو سیمیناریشــی لەســەر بگــرن، لــە پۆلــدا گــەر لــە کۆتایــی وانەکانیشــدا بــووە؛ کاتێکــی بــۆ تەرخــان بکرێــت.
٣- لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا لەســەری بنووســن، هەتــا دەگاتــە ســایتەکانی ئەنتەرنێــت و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان.
٤- ڕێکخــراوی بــۆ درووســت بکــەن و هــەوڵ بــدەن، ڕێکخراوەکــە هەمــوو چینەکانــی تێــدا بێــت، بەتایبــەت پارێــزەر.
٥- بــە نووســراوی فەرمــی و بە نــاوی ڕێکخراوەکــەوە، بەردەوام هۆشــیاری، ئاراســتەی لایەنــە فەرمییەکانــی حکومــەت بکــەن، بەتایبــەت پەرلەمــان و دەزگا کۆمەڵایەتییــەکان. هەرجــارە و ئامــاژە بــە کەیسێکیش بکــەن، چاکتر دەبێت.
مرۆڤــی ســەرکەوتوو لــە ژیانــدا، ئــەو کەســەیە کــە بەبەردەوامــی دوو ئیشــی هەبێــت؛ یــەک بــۆ بژێــوی و یــەک خۆبەخشــی. جــا هەیــە ئــەو کارە خۆبەخشییەی، تەنهــا یارمەتیدانــی هــەژارە.. هەیــە لــە ئەوروپــا یارمەتیــی ســەگ، یــان پشــیلە دەدات.. بــا ئــەوەی تــۆش، یارمەتیــی مــرۆڤ بێــت؛ چونکــە مــرۆڤ لــە هــەر هەموویــان گرنگتــرە.
ناتاشــا: سوپاســتان دەکــەم، ئــەم خاڵانە، یارمەتیــی من دەدەن و ئاســوودەم دەکەن.
ڕۆبــن: هــەردەم ئاســوودە بــن ناتاشــا خــان، یەکجــار ڕەنگــت گــۆڕاوە و دیــارە زۆر تەئســیری لــێ کردوویــت!
ناتاشــا: گــەر یــەك دیمــەن لەوانــەی مــن دیومــە، ببینــی؛ ئەوســا باشــتر لــە مــن تــێ دەگــەن، بــا چەنــد دیمەنێکــت نیشــان بــدەم؛ تــا هەســت بــە

گەورەیــی و مەترسـیی ئــەم کارە بکــەن.
ڕۆبـن: نـا ناتاشـا، درووسـت نییە، من سـەیری ئـەو دیمەنانە بکـەم، ئاگاداری ئـەوە بـن، نیشـانی کەسیشـی مـەدەن، مەگـەر لایەنێکـی پەیوەندیـدار بـۆ چارەسـەر، ئەویـش دەبێـت کەسـەکە ڕەزامەندیـی لەسـەری هەبێـت؛ چونکـە ئـەو ڤیدیۆیانـە، بەتایبـەت بـۆ تـۆ نێـردراوە.
ناتاشا: مۆڵەتی ئەوەی پێ داوم، بۆیە دەڵێم.
ڕۆبـن: دەی باشـە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە مۆڵەتیشـی دابێـت، دەبێـت ئێـوە بەگوێـرەی پێویسـت پیشـانی بـدەن، خـۆ ناکرێـت پیشـانی هەرکەسێکی بـدەن، بەتایبـەت گـەر پیـاو بـوو.
ناتاشا: دەی تۆ هەرکەسێك نیت.
ڕۆبن: بۆ ئەو کەیسە من بێگانەم، باسکردنەکە بەسە.
ناتاشا: سوپاس تێگەشتم.
ڕۆبـن: وریایـی لـەم کارانـەدا، زۆر گرنگـە؛ حسـابی ئـەوە بکـە، ئـەو کەسـە ڕۆژێـك ڕزگاری دەبێـت، نابێـت وێنـەی خراپـی، لـە زەینـی خەڵکیـدا درووسـت بـوو بێـت. هەتـا بکرێـت بـە کەمتریـن پیشـاندان، بـۆ لایەنـە پەیوەندیدارەکانیـش پیشـان بدرێـت، ناتاشـا ئـەوەش بزانـە، زۆرکـەس هـەن، لـە جێگـەی حەساسـی حکومیشـدا ئیـش دەکـەن، کـە ئـەم شـتانە دەزانـن، دواتـر لـە ژێـرەوە و بـە جۆرێکـی تـر، بازرگانـی پێـوە دەکات، هەتـا بەداخـەوە ئەوانیـش بەتـەواوی جێگـەی متمانـە نیـن.
ناتاشـا: موعاناتێکـی زۆر گەورەیـە، هێشـتا وا هەسـت ناکـەم، وەك ئـەوەی لـە زەینـی مندایـە، لـە زەینـی تـۆدا بێـت.
ڕۆبـن: ئێسـتە زەینـی تـۆ زیاتـر بـۆ ئـەو کارە گرنگـە، تـا هـی مـن، هەتـا ئـەم دۆخانـە، وا باشـترە ئافرەتـان، داکۆکـی لەسـەر بکـەن، نـەك پیـاوەکان؛ چونکـە ئافرەتـەکان، زیاتـر گـوێ لەیەکتـری دەگـرن.

ناتاشا: بە جددی وایە؟ خۆ من پێم وایە، قسەی پیاو زیاتر کاریگەری لەسەر ئافرەت هەبێت.
ڕۆبن: هەردووکیان هەر کاریگەرییان هەیە، بەڵام ئافرەتەکان بۆ خۆیان، زۆرتر کاریگەرییان هەیە، لای ئێمە زۆر ئافرەت داوای دەکەن بۆ کەسێك، چەندین پیاوی باش قسەی تێدا دەکات، کچەش ڕازی دەبێت، دواتر یەك توانجی هاوڕێیەکی کچەکە، فەشەل بە زەواجەکە دەهێنێت، لە کاتێکدا کارەکەش شەرعییە، جا ئێوە بۆچی ناتوانن، سەدان توانج لەم جۆرە کارانە بدەن، بە دەقگەلێك لە زەینی خەڵکدا بچەسپێت و ئافرەتان لێی بسڵەمێنەوە؛ تا هەست بە کاریگەریی گەورە و سلبیی ئەو کارە بکەن؟!
ناتاشا: وەك چی، زۆر ڕوون نەبوو لام؟!
ڕۆبن:پێویستە کاری خراپ، هەم ناشرین بکرێت، هەمیش قورس؛ تا خەڵکی نەیکات.
لە مەدینەدا و لە سەردەمی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت، کاری چاکە ئاسان دەکرا و جوان دەکرا، خراپەش بەپێچەوانەوە، بۆیە ئەهلی مەدینە، هەریەك وەك جۆرێك لە پێغەمبەری لێ هاتبوو، بۆیە وتراوە: مەدینە دەڵێی پێغەمبەرستانە، تەنانەت ئەو کاریگەرییەی، هەتا ئێستەش بەردەوامە، ئەهلی مەدینە، لە ئەهلی مەکە باشترن.
ناتاشا: ئەڵبەت من سیرەی ژیانی پێغەمبەری مەزنم خوێندووەتەوە، زۆریش بەوردی، درکم بەمە نەکردبوو، یان با بڵێم، ئەم باسەی تێدا نییە.
ڕۆبن: بۆ تێگەشتن لە ژیانی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت، بەتەنها لە سیرەوە فێر نابیت، زۆر کتێبگەلی تر هەن، هەریەك بە جۆرێك چمك و لایەکی دەردەخات، لەگەڵ ئەوەشدا بیری مرۆڤ خۆی، بۆ

هەڵسـەنگاندنی کارەکان زۆر گرنگە، تێگەشـتن لە خوێندنـەوە زۆر گرنگترە، کـە دەڵێـم تێگەشـتن، دەکرێـت ئـەو تێگەشـتنە هەتـا زۆرتریـن ئاسـت فـروان بکرێـت، ئەمـڕۆ خەڵکـی دەقـەکان لەبـەر دەکات، مەفهوومەکـەی وەردەگرێـت، بـەڵام هەڵسـەنگاندن و ڕۆچـوون لەناویـدا بەگشـتگیری، بـە کـەم کـەس دەکرێـت، ئـەوە مەبەسـتم تەنهـا سـیرە نەبـوو، بـۆ قورئـان و دەقەکانـی تریـش ڕاسـتە، نابینـی زانایـان لەنـاو ئیسـلامدا، بـە سـێیەم سـەرچاوەی شـەریعە حسـابیان بـۆ دەکرێـت؟ نەتپرسـیوە بۆچـی؟
ناتاشا: حەز دەکەم، خۆت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە.
ڕۆبـن: چونکـە زانایـان ئەقڵیـان بـە لێکدانـەوەی دەقـەکان دەشـکێت، کـە دەبـن بـە دەسـتەجەمعی، ئەوسـا بـە ئەقڵـی هەموویانـەوە، زیاتـر لـە دەقـەکان دەردەهێنـن، چەمکـی ئـەم تێگەشـتنانە، بـە شـارەزایی لـە دەقەکان، حسـابی سـەرچاوەی بۆ دەکرێت، لە ڕووی ژیری و دونیاییشـەوە هـەر وایـە، بـەڵام بـۆ بـوارە ئیسـلامییەکە، ئـەو دەسـتەجەمعییە دەبێـت زانـاکان بـن، بـەڵام لـە دونیـادا، ئێسـتە هەمـان دەسـتەجەمعی هەیـە بـۆ هەڵسـووڕانی کارەکان، بـەڵام زانـا نیـن.. بـە هەڵبـژاردن و زۆرینـەی دەنـگ، کەسێك دەخەنـە جێگـەی زانـا و هیچیـش زانـا نییـە، نابینـی لـە دونیـادا، زۆرینـەی سیاسییەکان، بـازرگان و کەسـە جۆربەجۆرەکانـی کۆمەڵگان، کە بەهـۆی شـتگەلێکەوە ناویـان دەرکـردووە و دەنگیـان بەدەسـت هێنـاوە؟! نابینـی لـە زۆر وڵات، کچێکـی جـوان، خـۆی هەڵدەبژێرێـت بـۆ پەرلەمـان دەنگـی زۆر دەهێنێـت؟! هەمـوو مواسـەفاتەکانی، تەنهـا جوانـی بـووە! جوانیـش مواسـەفاتی شـووکردنە، نـەك پەرلەمـان، کەچـی دەبینـی دەچێتـە پەرلەمـان و زۆریشـی، هـەر مێردیـش نـاکات؛ چونکـە خەڵـك ئـەو کەسـە سـەقەت دەکات، ئەویـش کاری خەڵکـی سـەقەت دەکات.
ناتاشـا: ڕاسـتە، بەداخـەوە کاربەدەسـتی لـەم جـۆرە زۆرە، بۆیـە بەگشـتی،

دۆخـەکان تێکچـووە.

ڕۆبـن: لەگـەڵ مێردەکەتـدا ژیانتـان چۆنـە؟ خۆشـحاڵم بـەم شـێوەیە پێکـەوە دەتانبینـم، هـەر باشـە هەندێـك عەرەبـی دەزانێـت و دەتوانیـن لەیـەك تێبگەیـن.

ناتاشـا: مێردەکـەم یەکجـار چاکـە، هاوکارێکـی تەواومـە، پاڵپشـتمە بـۆ گشـت کارەکان.. ڕۆژ بـە ڕۆژ، زیاتـری لێـوە فێـر دەبـم، زۆر سوپاسگوزارم، هەسـت دەکـەم، ئەمـەش پاداشـتێکی گـەورەی خواییـە، هەرگیـز لـە دەرەوەی ئـەم ئیسـلامە، بـاوەڕ ناکـەم، خانـەوادەی وەك ئێمـە دڵخـۆش هەبێـت!

خێزانـی ئیسـلامی، پڕبەرەکەتـە.. بەهیـچ شـێوەیەك بـەراورد ناکرێـت.. لـە ئیسـلامدا، بەرنامـە خێزانییـەکان یەکجـار چـڕە.. سـەیری قورئـان و سـەرچاوە شـەرعییەکان بکـە، دەبینـی کەلێنەکانـی بـە عەقیـدە و ڕەوشـت پـڕ کردووەتـەوە، زۆر شـت هەیـە.. ناکرێـت، یـان ڕوونتـر بڵێـم: شـەرم دەکـەم بیڵێـم، سـەبارەت بـە بـواری خێزانـی، کـە لـە دەرەوەی ئیسـلام چۆنـە و لەنـاو ئیسلامیشـدا چۆنـە؛ چونکـە هـەروەك چـۆن بەبـێ زەواجـی شـەرعی، کـچ و کـوڕ نابێـت پێکـەوە بـن، هەروەهـا چۆنێتیـی پەیوەندییەکانیـش، لـە دەقەکانـی تریشـدا ڕێـك خـراون، هەتـا لـە دەقەکانـدا قـووڵ ببیتـەوە، ژیانەکـە زیاتـر بەختـەوەر دەبێـت.. هەتـا لێیانـەوە دوور بیـت، ژیانەکـە بـەرەو ژیانێکـی ئاژەڵـی دەچێـت.

بۆیـە حـەزو ئارەزوواتـی ئاژەڵیـش، تێربوونـی نییـە؛ چونکـە مـرۆڤ بـە حـەزی جەسـتەیی، تێـری تـەواو ناخـوات، دەبێـت حـەزی تێگەشـتن و فیکـر و ڕۆحییەکانیشـی تێکـەڵ بێـت، لـە سـەرووی هەموویـەوە ئیمـان. مـن موعاناتـی پێـش ئیسـلامم چەشـتووە، نامەوێـت باسـیان بکـەم؛ شـەرعی نییـە، بـەڵام بـۆ خـۆم لـە یادمدایـەو بەراوردەکـەی دەزانـم،

زەواجـی ئیسـلامی، بەڕاسـتی مانـای هەیـە، دەقـەکان زۆر جوانتـر، ئـەو مانایانەیـان ڕێـک خسـتووە.
ڕۆبـن: یەکجـار دڵخۆشـم بـە ژیـان و تێگەشـتن و زانیاریـی شەرعیشـتان، دەزانـی ناتاشـا، لای ئێمـە ئافرەتـان کەمیـان نەبێـت، زۆربـەی زۆریـان، بێئـاگان لـە دەقـە شـەرعییەکان و تەنانـەت ئادابـە قورئانییەکانیـش نازانـن، هـەر بۆیـە زۆرتریـن کێشـە، لـە بـواری زەواج و خێزانیـدا هەیـە.
ناتاشـا: تێگەشـتن لـە چەمکـە دینییـەکان، پێویسـتی بـە هاوکاریـی ژن و پیـاوە پێکـەوە، وەك مـن و مێردەکـەم، کـە بـەردەوام هاوکاریـی یەکتـر دەکەیـن، لـە جوانتـر تێگەشـتن، واتـە: پەیوەسـت نییـە بـە ئافرەتـەوە، مـن مێردەکـەم، زیاتـر هاوکارمـە.
ڕۆبـن: مەبەسـتم نەبـوو بڵێـم: پیـاو گرنگـی نییـە، بـەڵام کە ڕووی قسـەکەم لەگـەڵ تۆدایـە، بۆیـە وتـم: ئافـرەت، ئافرەتیـش کۆڵەکـەی ماڵـە لـە دیندا.
ناتاشـا: دەتەوێـت شـتێك بڵێـی؟ بیڵـێ، منیش لـە ئەزمـوون و بیرکردنەوەی ئافرەتانـی وڵاتانـی ئێـوە سـوود وەردەگـرم، زۆر قوتابیـی شەرقیشـمان لایـە، هـاوکاری منیـش دەکات، لـە تێگەشـتنی قووڵتـر لێیـان.
ڕۆبـن: لـە یادتـە، زۆرت حـەز دەکـرد، شـوو بـە مـن بکەیـت؟ بـەڵام نەکـرا، ئێسـتەش ئەمـە ئەنجامەکەیەتـی، تـۆ ئێسـتە هاوسـەرێکی زۆر باشـت هەیـە.. الحمـد لله، لـە هیـچ کەمتـان نییـە.
ناتاشـا: بەڵـێ، بۆ ئـەوەش دەبێـت سوپاسـی تـۆ بکـەم، هـەم بـۆ زانیارییـە ئایینییـەکان، هەمیـش بـۆ پێشنەخسـتنی حـەزی جنسـیی خـۆت، زۆرجـار بیـرم لـەوە دەکـردەوە، گـەر مـن شـووم بـە تـۆ بکردایـە، ژیانـم هەرگیـز وەك ئێسـتە نەدەبـوو؛ ئێسـتە لـە وڵاتـی خۆمـدا و لەگـەڵ هاوزوبانێکـی خۆمـدام.. کـە دیراسـەی قورئانیشـم کـرد و هـەرکات دەگـەم بـە ئایەتـی (عَسَـىٰ أَن تُحِبُّـوا شَـيْئًا وَهُـوَ شَـرٌّ لَّكُـمْ) البقـرة ٢١٦ ئـەوەم دەکەوێتـەوە

بیر.
ڕۆبن: خۆزگە ناتاشا، هەرچی کچانی وڵاتانی منیشە، ئەو ئایەتەیان لەبەر بوایە و بیانزانیبا، کە دەکرێت شتگەلێکت پێ خۆش بێت، بەڵام خەیری تێدا نەبێت، ئەوسا ئەوەندە پێداگر نەدەبوون لەسەر حەزێك، کە زۆرینەی زۆری، حەزی شەهوانی و جەستەییە.. لای ئێمە، زۆرجار هەیە، خۆشەویستیی ناشەرعی درووست دەکرێت و ئەنجام بە کوشتن و خۆسووتاندن کۆتایی پێ دێت؛ چونکە ئیتر هەرچی ئاوات و ئارەزووی هەیە، لەو کوڕەدا دەیبینێت، زۆرجاریش کوڕەکە یاری پێ دەکات.
ناتاشا: کەواتە: وەك پێشتریش وتم، دوو سەرەیە، نەك تەنها ئافرەت.
ڕۆبن: بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام لەم کارەدا، دەبێت ئافرەتان، زیاتر خۆڕاگربن و خۆیان بەناشەرعی بەدەستەوە نەدەن.
ناتاشا: جا لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بۆچی دەبێت، ئەوەندە هۆشیاری لاواز بێت، هەم ئافرەت و هەمیش پیاو، لە دەرەوەی خێزان، سەرقاڵی ئەم کارانە بن؟!
ڕۆبن: هەردەم متمانە، نابێت بکرێت بە ئیسلامیبوون؛ چونکە لە دیندا، عقوبە بۆ سەرپێچیکار دانراوە، عقوبەکان بۆ موسڵمانە.
کەواتە: دەکرێت موسڵمان ئەو کارانە بکات، بەڵام سەرپێچییە و عقوبەی هەیە. ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە هۆشیارییەوە، زیاتر پەیوەستە بە ئیمانەوە.
ناتاشا: یانی چۆن پەیوەست نییە بە هۆشیارییەوە؟! گەر کەسێك هۆشیار بێت؛ چۆن خۆی دەخاتە وەها دۆخێکەوە؟!
ڕۆبن: لایەنی هۆشیاری، خەڵك دەزانێت کە خراپە، لە ڕووی شەرعیشەوە دەزانیت حەرامە، واتە: ئەوەندە هۆشیاری هەیە،

هەمـوو کـەس خراپـی و حەرامێتییەکەشـی بزانێـت، بـەڵام پەیوەسـتە بـە ئیمانـەوە.. ئـەوە ئیمانـە، ڕێگـری لـە کارە ناشـەرعییەکان دەکات، نـەك هۆشـیاری.

ناتاشـا: ڕاسـتە، بەگشـتی لای ئێمـە، هـەم هۆشـیارییەکەش نییـە، هـەم ئیمانەکـەش، بـۆ نموونـە: ئـەو ئافرەتانـەی گـەر هۆشیاریشـیان هەبێـت، دوای هەمـوو کۆمپانیـا و ڕێکخراوێـك ناکـەون؛ تـا دواتـر مامەڵەیـان پێـوە بکـەن، خـۆ ئەگـەر ئیمانەکـەش لا ببـەن و پێـوەری حـەڵاڵ و حەرامیـش لێـك نەدەنـەوە؛ هـەر دەبێـت نەیکـەن.

ڕۆبـن: ئـەوە زۆر درووسـتە، تەنانـەت بـۆ وڵاتانـی ئیسـلامیش بـە هەمـان شێوە؛ چونکـە لـە ئەنجامـدا ئافرەتـەکان خۆیـان زیاتـر دەبـن بـە قوربانـی، هـەروەك چـۆن کچـە ڕوسـییەکان، دەبـن بـە کۆتـی کۆمپانیـا ئەمریکـی و فەرەنسـییەکان، ئەوانیـش دەبـن بـە کۆتـی کۆمپانیـا جیـاوازەکان و ڕێکخـراوەکان.. لـە پێنـاو مادەیەکـی کەمیشـدا، بـە نـاوی ئازادییـەوە، خۆیـان دەفرۆشـن.. ئێسـتە ئیعلامـەکان، پڕیەتـی لـەم جـۆرە ئافرەتانـە.

ناتاشـا: درووسـتە، بـڕوا دەکەیـت، لـە ڕوسـیادا، ئـەو کۆمپانیایانـە، کچـی خـوار تەمەنـی هـەژدە ساڵیش دەبـەن و بازرگانیـی پێـوە دەکـەن، زۆرێکـی هـەر نازانـم چـۆن بردوویانـە بـۆ ئەمریـکا، بەبـێ دایـك و بـاوك و ڕەزامەنـدی؟! هـەزاران کـچ هـەن، مامەڵـەی فرۆشـتنی کچێنییـان پێـوە دەکرێـت و بـە پارەیەکـی زۆر دەفرۆشـرێن!

ڕۆبـن: ڕاسـتە، ئەوانـە لەژێـر نـاوی جیـاوازدا، لـە پێشـدا کـراون، بـەڵام لـە ئەنجامـدا هەمـووی دەگەڕێتـەوە سـەر بازرگانییـە جەستەییەکان، ئیتـر چ بـە نماییـش و ڕووتـی بێـت، چ بـە لەشفرۆشـی بێـت، ئێسـتە گەورەکانیش، زیاتـر لـە منداڵـەکان دەخەڵەتێنرێـن.

ناتاشـا: کەواتـە: پێویسـتە ڕێکخـراوی درووسـتیش، بـۆ ئـەم بـوارە زۆر

هەبێـت، وەك چـۆن بـۆ ڕێگـری و هۆشـیاریی بـوارە بازرگانییەکـە باسـمان کـرد، پێویسـتە ڕێکخـراو بـۆ هۆشـیاریی ئایینـی و ئیمانیـش هەبـن.
ڕۆبـن: ئامـاژەیەکـی جوانـە، بێگومـان زۆر لـە جێـی خۆیدایـە، گـەر بـەراورد بکەیـن، ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە بـە نـاوی ئافرەتـان و مافـی ئافرەتانـەوە کراونەتـەوە و مافەکانیـان لەژێـر نـاوی مافـدا پێشـێل دەکـەن، ژمارەیـان یەکجـار زۆرتـرن لەوانـی تـر، ئەسـڵەن ڕێکخـراوی ئافرەتانـی ئیسـلامی، ژمارەیـان زۆر کەمـە.
ناتاشـا: مـن بەڵێنـت پـێ دەدەم، دوای ئـەم سـەفەرە، یەکـەم کار کـە بیکـەم، درووسـتکردنی ئـەو ڕێکخـراوە دەبێـت، کـە باسـم کـرد، لەپـاڵ ئەوەشـدا بـوو بـە فکـرە بـۆم ئێسـتە، بەشـی هۆشـیاریی ئایینـی و لایەنـە ئیمانییەکەشـی بـۆ دەکەمـەوە؛ چونکـە ئافرەتمـان زۆرە بـۆ ئـەو بـوارە و دەتوانـم تەوزیفیـان بکـەم.
ڕۆبن: ئەم هیمەتبەرزییەم زۆر پێ خۆشە.
ناتاشـا: قوربانییەکانـی بـواری ئافرەتـان، وام لـێ دەکـەن کەمتەرخـەم نەبـم، هەتـا بەداخـەوە زۆر توێـژی کۆمەڵگەشـی گرتووەتـەوە، لەنـاو زانکۆکانـدا، زیاتریـش کاری لەسـەر دەکـەن؛ بۆئـەوەی بـە کۆمەڵگـە بڵێـن: ئـەم توێـژە پێشـوازی لـەو کارانـە بـکات، دەبێـت توێژەکانـی تـر بەلایانـەوە ئاسـایی بێـت.
خەڵکـی دەرەوەی زانکـۆش، خـۆ زۆر ئـاگاداری وردەکاریـی نـاو زانکـۆ نییـە، زانکـۆ خـۆ چییـە؟ هەندێـك مادەیـە و دەیخوێنـن، پەیوەسـت نییـە بـە ئەخـلاق و عەقیـدەوە، بـۆ ڕێگـری و نەبـوون بـە بەشـێك لـە قوربانـی و خراپـەکاری، پێویسـتی بـەو لایەنانەیـە، ئەخـلاق و عەقیـدە، هۆشـیاریش زۆر پێویسـتە، هێشـتا لەگـەڵ ئەوانـەدا؛ چونکـە ئـەوان بـە نـاوی جیـاوازەوە، ئافرەتـان کەمەندکێشـی بێئەخلاقـی دەکـەن، ناوەکانیشـیان

سەرنجڕاکێشـە، هەڵخەڵەتێنـەرە، چینـی ئافرەتیـش بەڕاسـتی زوو دەخەڵەتێـت، لەوەیـە وڵاتانـی لای ئێـوە بەپێـی دیـن و عورفەکـە بـاش بێـت و چـاوی ماڵـەوە لەسـەر کچەکانیـان بێـت، بـەڵام لێـرەش هێشـتا شـیرازەی خیزانـی لـە ئەوروپـا باشـترە، بـەڵام بەگشـتی پابەندییـەکان کەمـە، کـە شـیرازەی خێزانیـی بەهێـز نەبێـت بـە ئەخـلاق و عەقیـدە و هۆشـیارییان نەبێـت؛ دەبـن بـە قوربانـی.

ڕۆبـن: باشـە لەنـاو خۆتانـدا موسـڵمانەکان، تـا چەنـد کار لەسـەر ئـەم شـتانە دەکـەن، موسـڵمانەکان تێنەکـەون، بـەدەر لـە کاری ڕێکخراوەیـی؛ چونکـە خـۆ بـە تەنهـا ڕێکخـراو هەمـوو شـتێك نییـە.

ناتاشـا: ئێمـە زیاتـر پەیوەسـتین بـە مزگـەوت و دامـەزراوە ئایینییـەکان، ڕاسـتی بەرنامـەکان زۆر چـڕ و گشـتگیرن، وانەکانـی بـواری عەقیـدە، ئەخـلاق، زانسـتەکان، بنەمـا سـەرەکییەکانی ئیسـلام زۆر زۆر گرنگـی پـێ دەدرێـت، لایەنـی کۆمەڵایەتـی، بەگشـتی فەراغمـان نییـە، ئەوەنـدە سـەرقاڵیمان زۆرە، دەرفەتمـان هـەر زۆر کەمـە، مـن کـە لـە زانکـۆدام و زۆر کەیسـم هاتووەتـە بەردەمـم و کەسـەکان کـە خـۆم دەیانناسـم، زیاتـر بـەم شـێوەیە شـۆکی کـردووم.

ڕۆبن: واتە: موسڵمانەکان بەئاگان لەم کارە قێزەونانە؟

ناتاشـا: بەڵـێ، ئێمـە لیجانمـان هەیـە لەنـاو دامەزراوەکانـدا، بـەش بەشـە، گشـتگیرانە هەمـوو شـتێك لەبەرچـاو دەگریـن، یەکێـك لـەو بەشـانە، هۆشـیاری گشـتییە، کـە چاومـان لـە ئیعـلام هەیـە، لـە وردەکاریـی کۆمەڵـگا، هەمـووی بـۆ پارێزگاریـی زیاتـری خۆمـان، بۆیـە نابینـی و زۆر دەگمەنـە موسـڵمانێك بکەوێتـە داوی ئەوانـەوە؛ چونکـە لەنـاو خۆمانـدا بەبـێ ڕێکخـراو، ئێمـە هـەر ڕێکخـەری کارەکانـی خۆمانیـن، قسـەی مـن زیاتـر لەسـەر فراوانکردنیەتـی، واتـە: کچێـك بـا موسـڵمانیش نەبێـت،

گوناحـە بکەوێتـە داوی ئـەو گورگانـەوە، کـچ کـە دێتـە زانکـۆ، خەونـی هەیـە دواتـر کاری باشـتری دەسـت بکەوێـت، هەڵیـان دەبژێـرن و بـە نـاوی بەدیهێنانـی خەونەکانیـان لەخشـتەیان دەبـەن.

ڕۆبـن: زۆر کاریگـەری لەسـەر درووسـت کردوویـت، دەڵێـی ناتەوێـت هیـچ قسەوباسـێکی تـرت هەبێـت جگـە لـەو باسـە.

ناتاشـا: جگـە لـە مامۆسـتایی لـە زانکـۆدا، ماوەیـەك ئیشـی کاروبـاری خۆشـگوزەرانیی قوتابییـەکان لای مـن بـوو، بـەو پێیـە ئاشـنایەتییەکی فراوانـم لەگـەڵ قوتابییەکانـدا هەیـە، هەتـا لـە دەرەوەی زانکـۆش لەگـەڵ زۆر لـە دایـکان و باوکانیشـیاندا ئاشـنایەتم هەیـە، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە لـە چوارچێـوەی خێزانـدان، زۆرێکـی دواتـر لـە ڕێگـەی خێزانەکانیانـەوە، زانیومـە کـە کەوتوونەتـە نـاو ئـەو داوانـەوە!

ڕۆبن: چۆن لەوێوە زانیوتە؟

ناتاشـا: بـۆ نموونـە: قوتابییەکـە کـە چەنـد ڕۆژێـك نەهاتـووە بـۆ دەوام، دواتـر پەیوەندیمـان پێـوە کـردوون، کـە بـۆ نایـەن، زۆرێکـی سـەیر دەکەیـن لـە بەرنامـەی ئامادەسـازیدان بـۆ بەشـداری لـە پێشـبڕکێی ئـەو کۆمپانیایانـە!

ڕۆبن: چ جۆرە پێشبڕکێیەك؟

ناتاشـا: بـۆ نموونـە: ئـەوان دەڵێـن پێنـج ئافرەتمـان دەوێـت بـۆ ئـەم بـوارەی کارکـردن، وەزن و بـاڵا و هەتـا بـە نـاوی ڕۆشـنبیرییەوە سـەرقاڵیان دەکـەن؛ تـا فکریـان بـۆ لای شـتی تـر نـەڕوات، ئەوانیـش ڕێجیـم دەکـەن و ئـەوەی ئـەوان وەك بـواری ڕۆشـنبیری دایـان نـاوە، پێـوەی سـەرقاڵ دەبـن؛ تـا بەڵکـو لـە پێشـبڕکێکەدا سـەرکەوتوو بـن.

ڕۆبـن: ببـوورە، منیشـت بـردە نـاو قووڵایـی باسـەکەوە، سـەرچاوەی بـوارە ڕۆشـنبیرییەکەیان چییـە، وا سـەرقاڵیان دەکـەن پێـوەی؟

ناتاشـا: کۆمەڵێـك گۆڤـارە کـە خۆیـان دەری دەکـەن، لەنـاو گۆڤارەکانـدا، زیاتـر گرنگیدانـە بـە مۆدیـلات و شـێوازی خۆگۆڕیـن و خۆڕازاندنـەوە و تاتۆکـردن و زۆر شـت لەوانـە؛ تـا دەگاتـە چۆنێتـی و جۆرێتیـی گەشـت و ئەتەکێتـی کەسـێتی لـە گەشـت و پێشـوازیدا، بەکورتییەکـەی ڕۆشـنبیریی خزمەتگوزارییـە، واتـە: بـوون بـە کۆیلـە و خزمەتـکاری ئەوانـی تـر، جـا کچـی داماویـش، ئەمـە نازانێـت!

ڕۆبـن: جـا چییـان لـێ دەکـەن ئەوانـە، وا بـەو شـێوەیە فێـری ئەتەکێـت و ڕۆشـنبیرییان دەکـەن؟

ناتاشـا: جۆرەکانیـان زۆر زۆرن، هەیانـە دەیانبـەن بـۆ هۆتێـل، ئیترلـە پێشـوازییەوە، هەتـا پشـتی پـەردەکان و مەسـاجکردن و زۆر شـتی تریـش، ئەوانـەی کـە بـەو مواسـەفاتانە وەریـان دەگـرن، تـا ڕادەیەکیـش کارەکەیان لا قـورس دەکـەن، کـە گـەر دەسـتت کـەوت؛ ئیتـر دەبێـت زۆر مەمنـوون بیـت، وا نیشـان دەدەن، کـە دەسـتکەوتنی زۆر گرانـە، بـەڵام پێوەرەکانیـش زیاتـر جوانـی و گوێڕایەڵییـە بۆیـان، لـە پێشـبڕکێیەکدا بـە قۆنـاغ دەیـان بـەن، لـە هـەر قۆناغێکـدا نەفسـیەتیان دەخوێننـەوە، فێـری گوێڕایەڵـی و ژیربارییـان دەکـەن، کەسـێك لاسـار بێـت بـە نسـبەت ئەوانـەوە، واتـە: پێـی نەنگـی بێـت و قبووڵـی نـەکات؛ ئەوانـە نابـەن، تـا دواتـر کێشـەیان بـۆ درووسـت نـەکات، بەکورتـی زیاتـر کچـی جـوان و گەمژەیـان دەوێـت.

ڕۆبـن: جـا خـۆ زۆر لـەو ئافرەتانـە، زۆر زیتەڵـە دەردەکـەون، تـۆ دەڵێـی گەمژەیـان دەوێـت!

ناتاشـا: گەمـژە جـۆری زۆر زۆرە، زیتەڵەبـوون، واتـای ناگەمژەیـی ناگەیەنێـت، زۆر کـەس گەمژەییەکـەی، لـە زیتەڵیەکەیدایـە!

ڕۆبن: هەهە زانیارییەکی سەیر بوو.

ناتاشـا: پێدەکەنیـت، بـا نموونەیەکـت بـۆ بـاس بکـەم، ماڵێـك لەوانـە،

کچێکیـان هەبـوو ئەوەنـدە دەمهـار بـوو، دایـك و باوکیشـی بە دەسـتییەوە گیریـان خواردبـوو، ئەوەنـدە ڕەق بـوو، کەچـی کەوتـە دەسـتی ئەوانـە و ئێسـتە کـەس نازانێـت لـە کوێیـە، تـۆ نازانیـت چـۆن کچـەکان هەلدەخەڵەتێنن، زۆرجـار هـەر بـە نـاوی زیتەڵەیـی و وریاییەکـەوە، هەڵـی دەخەڵەتێنـن و پێیـدا هەڵـدەدەن.. دەڵێـن: تۆ زۆر زۆر شـیاوی ئـەو کارەیت، بەنـاو پسـپۆڕەوە، چەنـد کەسـێك دێـن بـە وەسـفیدا، خەڵاتیشـی دەکـەن، دواتـر خۆشـی بـە خۆشـی نازانێـت، چـۆن کەوتووەتـە نـاو داوێکـەوە، کـە دەرهێنانـی نییـە، هەتـا مـردن دەبێـت پێـوەی بناڵێنێـت، سـەدان کـەس تووشـی نەخۆشـیی دەروونـی بـوون، کـە دەربازیشـیان بـووە بـە هـەر جۆرێـك.

ڕۆبـن: کەواتـە: ئـەوەی تـۆ پێـت دەکرێـت بیکـە؛ تـا ئاسـوودەبیت، هەرکـەس گرنگیـی کارێـك لای خـۆی گەڵاڵـە دەبێـت، لـە ئەنجامـدا مـن زۆر زۆر خۆشـحاڵم، ناتاشـایەك کـە ماوەیەکـی کـەم بووەتـە ئـەم شـێرە، مـن زۆر دڵخۆشـم بەمـە، جـاری پێشـوو، تـۆ خـۆت هەوڵـت بـۆ ئـەو کارانـە دەدا، بـەڵام ئێسـتە ئەوەنـدە سەرسـەختانە خـۆت بەرگـری دەکەیـت، نازانـم چـۆن وەسـفت بکـەم، خۆشـحاڵم پێـت زۆریـش ناتاشـا، خۆشـحاڵم خوشـکێکی وەك تـۆم هەیـە.

ناتاشـا: زۆر خۆشـم دەوێیـت ڕۆبـن، بـرای گـەورەی منیـت، هـەردەم باسـت دەکـەم لای مێردەکـەم، پێـم وتـووە: زانکـۆ منـی نەکـرد بـە ناتاشـا، تەنهـا یـەك سـەفەر منـی پێگەیانـد، لـە سـەفەرێکدا بەقـەدەر چەندیـن سـاڵ خوێنـدن زیاتـر فێربـووم، ئەسـڵەن بـووم بـە مـرۆڤ.. ئێسـتە هەسـت بـە بوونـی خـۆم دەکـەم، ئەوسـا هەوڵـم دەدا خـۆم ون بکـەم، ئێسـتە هـەوڵ دەدەم کـەس خـۆی ون نـەکات؛ چونکـە خـۆ دۆزینـەوە زۆر گرنگـە.

ڕۆبن:مـرۆڤ کـە بـوو بـە خـاوەن ئامانـج، ئیـدی زۆر جیـاواز دەبێـت..

ئیسلامیش جوان ئامانجەکانی دیاری کردووە، زۆر بەپوختی قورئان زاناکان پێنج ئامانجی سەرەکییان لێ دەرهێناوە و دەڵێن: ئەم قورئانە هاتووە؛ بۆئەوەی ئەم پێنج ئامانجە بپێکێت: دین، جەستە، ژیری، وەچە، ماڵ.
بۆ پاراستنی دین، عیبادەتی داناوە.
بۆ پاراستنی جەستە، خۆ پارێزی لە حەرامکراوەکان و یاسای عقوباتی داناوە.
بۆ پاراستنی ژیری، سەرخۆشکەرەکانی حەرام کردووە.
بۆ پاراستنی وەچە، مەشروعیەتی بە زەواج داوە و بۆ خراپەی دەرەوەی زەواج، عقبوی بۆ داناوە.
بۆ پاراستنی ماڵ، یاسای مامەڵەی داناوە و دزی و ڕیبای حەرام کردووە.
ئینسان ئەو پێنج ئامانجەی لە پێش چاو بێت، هەرچی هاتە بەردەستی، بەو ئامانجانە لە قاڵبی بدات، ئەوسا ئاستی بەرزی مرۆڤبوونی تێدا پیادە دەبێت.
ناتاشا: زۆرم پێویست بە تێگەشتنی قووڵترە، لەو چەمکانە، ئاوا بەئاسانی پێوەرەکانم بۆ دیاری بکات.
ڕۆبن: زانایان هەموو ئەوانەیان کردووە لە گشت بوارەکاندا، بە تێگەشتنی قووڵ لە قورئان و حەدیس، زانستەکانیان پۆلێن کردووە، بەسەر چەندین مادەی سەربەخۆدا؛ چونکە خوێندنەوەی سەرچاوەکان هەڕەمەکییانە و بەتایبەت بۆ ئەم سەردەمە، مرۆڤ ناتوانێت بەڕوونی لێی تێ بگات، مەگەر کەسەکە خۆی بۆ خۆی بووبێتە زانایەك و ئاستێکی زۆر بالای هەبێت.
ناتاشا: ئەڵبەت ئێمە، گرنگییەکی زۆر دەدەین بە زانستییە

ئیسـلامییەکان، هـەر لـەم مـاوە کەمـەدا، مـن سـێ جـار تەفسـیری قورئانـی پیـرۆزم خوێندووەتـەوە، سـەحیحی بوخـاری و موسـلیم هەموویـم خوێندووەتـەوە، هەمـوو مانگێ بەلانـی کەمـەوە، پێنـج کتێـب دەخوێنمـەوە، زانیاریـی زۆر زۆرم لا گەڵاڵـە بـووە، بـەس ئـەو پێنـج ئامانجـە کـە تـۆ وتـت، بـەو شـێوەیە لـە زەینمـدا جێگیـر نەبـووە.

ڕۆبـن: پێویسـتە قورئـان و حەدیـس، گرنگیـی یەکـەم و دووەمـی پـێ بدرێـت، خوێندنەوەکانـی تریـش لـەو پێنـج کتێبـەی مانگانـە، بـۆ نموونـە: دوو دانـەی بچێتـە چوارچێـوەی تێگەشـتنی قـووڵ لـە قورئـان و حەدیـس و سـێ کتێبەکـەی تـر دوو دانـەی بـۆ بـواری ئیختساسـەی خـۆت، لـەو بـوارەی کـە دکتـۆرات تێـدا هێنـاوە، یـەک کتێبیشـی بـۆ مەعریفـەی تـری گشـتی، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا زۆر گرنگـە، ئـاگاداری ئیعـلام و ئاڕاسـتەیدا بـن.

ناتاشـا: بـۆ بـواری ئیختساسـی خـۆم و مەعریفـە عامەکـە، ئـەوە ڕوونـە، بـەڵام ئـەو دوو کتێبـەی کـە بچێتـە چوارچێـوەی قورئـان و حەدیسـەوە، وەك: چـی؟ هەندێـك نموونـەم بـدەرێ؛ تـا زیاتـر بەرچـاوم ڕوون بێـت.

ڕۆبـن: بـۆ نموونـە: کتێبێـك لـە بـواری علومـی قورئـان، ئایەتەکانـی ئەحـکام، اعجـاز، جـا ئەوانـە یەکەمجـار وەك کتێبێکـی گشـتی، دوای ئـەوە هـەر لـە چوارچێـوەی علومـی قورئانـدا، وردەکارییەکانـی نـاوی بەوردتـر، بـۆ حەدیـس جگـە لـە علومـی حەدیـس و تەخریـج و دوای ئـەوەی ئـەو حەدیسـانەی کـە حوکمـی تێدایـە، جـا بـۆ تێگەشـتن لـەوەش سـیرەی ژیانـی پێغەمبەریـش دروودی خـوای لـێ بێـت لەگەڵیـدا، بـۆ نموونـە: مانگێـك سـیرەیەك کـە گشـتی بێـت، دوای ئـەوەی یەکێـك لەوانـەی کـە گرنگـی بـە جانبێکـی تایبـەت دابێـت، ئیتـر بـەو شـێوانە، کتێبـی تریـش زۆرە، بەگشـتی و هەمـوو چەمکەکانـی لەبەرچـاو گرتـووە و تەرکیـزی

لەسەر یەك لایەن بووە، بۆ قووڵبوونەوە، دوای ئەوانەش قاعیدە ئوسوڵییەکان زۆر گرنگە، بۆ تێگەشتن لە بنەماکان، ئیتر بەم شێوەیە، بنچینەکە زۆر بەهێز دەبێت، جا دەکرێت ئەوانە بۆ خوێندنەوەی تاك، زۆرجار قورس بێت، بخرێنە ناو مەنهەجی دیراسەکانەوە لە ڕێگەی ئەو دەرسانەی کە دەیخوێنن، هەتا گەر مامۆستاش نەبێت، دەکرێت بە هەمووتانەوە، لە دانیشتنێکدا بۆ نموونە: حەفتانەیە، یان هەرچۆنە، هەریەکە و چەمکێکی باس بکات، بە تێگەشتنی هەمووتان جوانتر لە دەقەکە تێ دەگەن.

ناتاشا: زۆرجار کێشەی مامۆستامان هەیە، نموونەیەکم بۆ بهێنەرەوە؛ تا جوانتر لە کۆتایی ئەوەی باست کرد تێ بگەم.

ڕۆبن: تا نموونەیەکی واقعیت بۆ باس بکەم، ئێمە کۆمەڵێکین، هەموومان کولیەی شەریعەشمان تەواو کردووە، دەتوانین مادە شەرعییەکان هەرهەمووی بە وانەش بڵێینەوە، بەڵام لە نێوانی خۆماندا بۆ خۆمان، وانەیەکی حەفتانەمان هەیە لەسەر قورئان، هەر حەفتەیەك چەند ئایەتێك دیاری دەکەین بۆ حەفتەی داهاتووە، یەک سەعات پێکەوەین، بە هەموومانەوە هەرچی زانست و زانیاری و پەیوەست بێت بەو ئایەتانەوە، هەریەکە و بە تێگەشتن و خوێندنەوەی خۆی باسی دەکات، بەگشتی دواتر زۆر جوان لەو ئایەتانەدا قووڵ دەبینەوە، کەسێك گرنگی بە بواری زمانەوانییەکەی دەدات، یەکێ قووڵتر و هەتا ئیعرابەکەشی باس دەکات، یەکێ مانا گشتی و هۆکاری دابەزینی، یەکێ نموونەیەك لەسەری، بە هەموومانەوە دواتر ئەو ئایەتانە زۆر ڕوونتر دەبینین.

ناتاشا: بیرۆکەیەکی چاکە، هەر ئەوەندە؟

ڕۆبن: نا زیاتریش، دواتر چەسپاندنی لە زەمینەی واقعیدا، نموونەی

واقعی و وڵاتـان لەگەڵیـدا، لـە کویـدا ئـەوە زیاتـر جێبەجـێ کـراوە و لـە کوێـدا نەکـراوە و دەرهاویشـتەکانی.
ناتاشا: چۆن زانیت ئەوەم مەبەست بوو هها.
ڕۆبن:فیقهـی واقعیـش، یەکێکـە لـەو زانسـتانەی زانایـان قسـەیان لەسـەر کـردووە، ناکرێـت دەقـەکان تەنهـا لـە دونیایەکـی تایبەتـدا عـەرز بکرێـن و خـۆت لـە واقـع دابڕنیـت.. بـەراوردی چاکترینـەکان هـەردەم دەبێـت بـە وردەکاریـی جـوان بخریتـە بەردەسـت و بـە مەشـروعە ئیسـلامییەکە، بەدیـل بخرێتـە بـەردەم.
ناتاشا: ببوورە چ جۆرە بەدیلێك، حەزم لە نموونەیە هەردەم.
ڕۆبـن: بـۆ نموونـە: بـاس لـە مافـی منـداڵ و ئافـرەت و مـرۆڤ بەگشـتی دەکرێـت، لـەولاوە منداڵـی زۆر، بێدەرەتانـە و ئافرەتـی زۆریـش سـتەمی لـێ دەکرێـت، مرۆڤگەلێکـی زۆر دوچـاری کێشـەکانی دەبێـت، بـۆ دەربازبـوون لێـی، پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ دەقـە شـەرعییەکان، منـداڵ مافـی هەبوونـی دایـك و باوکـی هەیـە، ئافـرەت مافـی بـوون بـە دایـك و ژیانـی هەیـە لـە کەشـێکی ئارامـدا، ئەمـە بـە عەقـدی شـەرعی دەکرێـت، نابینـی لـە ئەوروپـا و ئەمریـکا ڕێـژەی لەباربـردن چەنـد زۆرە، چەنـد منـداڵ لـە خانـەی بێسەرپەرشـتاندان، ئاخـر کـەی مەعقولـە، هـەم خانـەی پیرانیـش پـڕ بێـت، هـەم خانـەی منداڵانیـش، هەمـووی پشـتکردنە ئـەو پابەندییانەیـە.
ناتاشـا: تێگەشـتم زۆر ڕوونـە، ڕوسـیا یەکـەم وڵاتـە لـە جیهانـدا، کـە ڕێگـەی بـە لەباربـردن داوە، مێژووەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٢٠، کـە ئـەوەش دەرهاویشـتەی ئیتحـادی سـۆڤیەتە، سـاڵانە ١.٣ ملیـۆن منـداڵ لـە ڕوسـیا لەبـار دەبرێـت، گـەر بـەوردی سـەیری داتـاکان بکەیـت؛ شـۆك دەبیـت، جـا ئـەوە تەنهـا وەك ڕێـژە ئەوەنـدە زۆرە، گـەر بێیتـە نـاو

وردەکاریـی چۆنێتیـی لەباربردنـەکان و دەرهاویشـتەکانی بـە هـەزاران کارەسـاتی زۆر گـەورەی تێدایـە، مافـەکان چەنـد لـەو نێوەنـدەدا پێشـێل دەکرێـن، نـەك تەنهـا مافـی منداڵەکـە، بەڵکـو هـی کەسـەکانی تریـش، جـا وڵاتـە شـوعییەکانیش بەگشـتی، ئـەم لەباربردنەیـان یەکجـار زۆرە، بـۆ نموونـە: لـە یـەك سـاڵدا لـە سین ١٣ ملیـۆن منـداڵ لەبـار بـراوە، لـە ڕوسـیادا هەتـا یاسـای لەباربـردن درێژکـراوە، لەبـەر ئەوانـەی کـە بـە دەسـدرێژیی سێکسـی، سـکیان پـڕ دەبێـت؛ چونکـە زۆر زۆرن ئەوانـەی کـە دەسـتدرێژییان دەکرێتـە سـەر بـەزۆر، دواتـر لـە ئەنجامـی ئـەو دەسـتدرێژییە زگیـان دەبێـت.

ساڵانە بەهـۆی ئـەم کارانـەوە، نزیکـی ١٤ هـەزار ژن دەمـرن، ڕۆژانـە نزیکـی ٣٨ حاڵـەت ڕوو دەدات، کـۆی هەمـووی ٣٦ هـەزار ئافـرەت و ٢٦ هـەزار منـداڵ، زۆریشـی جگـە لـە دەسـتدرێژی، دەگەڕێتـەوە بـۆ بنچینەیەکـی تـر، کـە ئەویـش مەشـروبخواردنەوە و سەرخۆشـبوونە، کـە ڕوسـیا بـە خراپتریـن مەشـروبخۆر ئەژمـار دەکـرێ، کـە داتـاکان نیشـانی دەدەن بـۆ کەسـێکی نێرینـە، سـاڵانە ٥٠ بۆتڵـی ڤـۆدگا دەخواتـەوە.

ڕۆبـن: دەبینـی، ئـەو وەعیـە و عەدەدانـەم زۆر پـێ خۆشـە، کاتێـك تـۆ ئـەوەت لـە پێـش چـاوە، بـە داتـا و زانیـاری و بەڵگـە لەبەردەستت دەبێـت، ئەوسـا گرنگیـی بەدیلـە ئیسلامییەکە چەنـد جـوان دەبێـت، کـە هـەم زینـا و دەسـتدرێژی حـەرام کـردووە، هـەم مەشـروبات و هەمیـش گرنگـی بـە منداڵ داوە، نـەك هـەر لـە زگـی دایکدا، بەڵکـو پێـش کەوتنـە ناو زگـەوەوە لـە ڕێگـەی مەشـروع و بـە درووسـت و عەقـدو شـەفافی.

ناتاشـا: زۆرینـەی قوتابییەکانـی خـۆم، ئەوکاتـەی کـە بەرپرسـی بەشـی قوتابیـان بـووم، ئـەم کەیسانەم زۆریـش بەواقعـی دەهاتـە بەردەسـت بـۆ نموونـە: کچێـك هـات بەهـۆی هەڵـەی یـەك شـەوەوە، کـە ڕۆشـتبوو بـۆ

بارِ و سەرخۆش بووبوو، کچێنیی لەدەست دابوو، نەیدەزانی ئەسڵەن کێیە، هەرچەند خۆ زۆرینەی کچەکان لە خێزانیشەوە هاتوون، بەڵام ناتوانن چاودێرییان بکەن، هەر زوو دەکەونە ژێر کاریگەریی هاوڕێی خراپەوە.
زۆرێکی هەر لە ساڵی یەکەمدا تێك دەشکێت، زۆر بەتایبەتیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمپانیایانەوە دوای ئەو تێکشکانانە، هەیانە لە ماڵ دەردەکرێت.
ڕۆبن: کەواتە: پەروەردە و وەعیە ئیسلامییەکە زۆر گرنگە.
ناتاشا: بۆ موسڵمان وایە، ئەوە زۆر ئاسانترە؛ چونکە پێوەرێکی حەڵاڵ و حەرامی هەیە، دەقگەلێکی درووستە کە دەتوانیت هەردەم وەك مەرجەع بگەڕێیتەوە سەری، بەڵام بۆ ناموسڵمانەکان زۆر قورسترە؛ چونکە ئەوەی لای ئێمە حەرامە، ئەو لێکدانەوەی تری بۆی هەیە، بۆیە ناموسڵمانەکان هەر زوو دەبنە نێچیری ئەو گورگانە، بەڵام موسڵمانەکان ئەو کێشەیان نییە، هەشبێت زۆر دەگمەنە، من حاڵەتێکی موسڵمانم نەدیوە لە ژیانی خۆمدا، بەڵام ناموسڵمانەکان زۆر زۆرن، هەر ئەوەندەش جارێك تێکەوت، ئیتر دوای ئەوە بەزوویی وەك نیمچەلەشفرۆشێکی لێ دێت، تا وای لێ دێت بەخۆی نازانێت، کە بەتەواوی لە دەست ڕۆشتووە، لەوانەیە تۆ بڵێی بۆچی ئەوەندە خەمی ناموسڵمانەکانیش دەخۆم؟! بەڵام ڕاستە ئەوان موسڵمانیش نین و حەڵاڵ و حەرامیان وەك ئێمە لا نەچەسپیوە، بەڵام هەر قوربانین، کەلتووری ئێمە تا ڕادەیەك لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە نزیکە، وەك ئەورووپا نین، کە خێزان بەتەواوی هەڵوەشاوە بێت، ئەو کارانە مایەی نیگەرانی زۆرە لای خۆشیان و خانەوادەکانیان، زۆر سەختە ئەوەندە وەعی نەبێت، کە کچی داماو دێتە زانکۆ بۆ پاشەڕۆژێکی باشتر،

کەچـی زۆرێکـی بەهـۆی کارێکـی لـەو شـێوەیانەوە؛ هەتـا مـردن قوربانـی دەبێـت!
ڕۆبـن: بەلامــەوە سـەیر نییــە، هــەوڵ بــۆ پاراسـتنی ناموسـڵمانەکان بدەیـت، بەپێچەوانـەوە بەلامـەوە سـەیرە، گـەر شـتێکت پـێ بکرێـت و نەیکەیـت، خراپـە هەرکـەس بیـکات؛ دەرهاویشـتەی خراپـی هەیـە، مـن ناموسڵمانێکی بەڕەوشـتم خـۆش دەوێـت، تـا بێڕەوشـت.. بەپێچەوانـەوە موسـڵمانیش بێـت و ڕەوشـتی خـراپ بێـت؛ ڕقـم لێیەتـی.. دیـن ڕەوشـتە.
ناتاشـا: ئـەو ڕێکخـراوە درووسـت دەکـەم و زۆریـش فراوانـی دەکـەم، پێویسـتم بـە تـۆ دەبێـت هاوکاریـم بکەیـت.
ڕۆبن: هەرچی بە من بکرێت؛ بێگومان دەیکەم.
ناتاشـا: دەمەوێـت تـۆ دەسـتوورەکەی بنووسـیت، خـۆم وەری دەگێڕمـە سـەر زمانـی ڕووسـی.
ڕۆبـن: دەسـتوورەکەیت بـۆ دەنووسم، بەلانـی کەمـەوە ئیدارەکـەی، بـا لـە پێنـج ئافـرەت کەمتـر نەبێـت، پارێزەریـش بگـرە و هەنـگاو بـە هەنـگاو، تـا یاسـاییەن جێگیـر دەبێـت، دوای ئـەوە زیاتریـش ڕێکخراوەکـە فـراوان بکـەن، بەشـێوەیەك دەسـتوورەکەی دەنووسـم، دەتوانـن ناموسـڵمانیش لەگەڵتانـدا ئەنـدام بێـت و ئەوانیـش ببـن بـە پارێـزگاری ڕەوشـتی هاوڕەگەزەکانیـان.
ناتاشا: پێم خۆشە تێکەڵەیەکی لەو شێوەیە بێت.
ڕۆبـن: نـەك تێکەڵـە، بەڵکـو ئەسڵەن نابێـت ئـەو جیاکارییـەی تێـدا بێـت، لەنێـوان موسـڵمان و ناموسـڵماندا، دەسـتوورەکەی دەبێتـە ئامانجێـك بـۆ هەمووتـان، هەرکـەس هـەر هەوڵێـك لـەو چوارچێوەیـەدا بـدات، جێگـەی ڕێـزە.
ناتاشا: کێشەی مادەشمان، بۆ دێتە پێش ئەوکات چی؟

ڕۆبن: کەمتر گوێ بە شکڵیات بدەن، پارەی زیادە سەرف مەکەن، دەتوانن لە نێوان خۆتاندا، ئەوەندە پارە کۆ بکەنەوە، بەشی چالاکییەکان بکات، دوای ئەوە بە تەنسیق کە لەگەڵ جێگەکاندا کار بکەن، ئەوانیش هاوکار دەبن، پێم وایە زۆر تەکنیك هەیە، دەتوانن بیگرنە بەر و کێشەی پارەتان بۆ بگەڕێنێتەوە.
ناتاشا: وەك چی؟ هەندێك نموونەم بۆ باس بکە، زۆرم حەز لە نموونەکانتە و جوانتر ڕێگەکەم دێتە پێش چاو.
ڕۆبن: بۆ نموونە: لە چەندین ڕێکخراودا ئیشم کردووە لە بەریتانیا، ڕێکخراوی کوردی و ئینگلیزیش، زۆرینەی چالاکییەکانم بردە ناو مزگەوت، ئیدارەی مزگەوتەکان من دەمتوانی قەناعەتیان پێ بکەم، کە کارەکە شەرعییە، کە شەرعی بوو ئیتر دەبێت مزگەوت پشتگیری بکات، نەك ڕێگری، ئەوسا بە خەڵکەکەشم دەگوت: مزگەوت حورمەتی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت پارێزگاری لێ بکەن، ئێمە پێویستمان بەوانە و یارمەتیمان دەدەن و ئێوەش بەوە بزانن، دواتر چالاکییەکانمان لەوێ دەکرد، هەتا ئیدارەی مزگەوتەکان زۆرجار خواردن و چا و پێداویستیشیان بۆ دابین دەکردین، هەبوو لەوەتەی لە بەریتانیا بوو، نەڕۆشتبووە مزگەوت، دوای ئەوە ئاشنا بوو بە مزگەوت، جگە لەوەش ڕۆحیەتێکی تایبەت دەهات بە بەریاندا، هەتا هەندێك هۆنراوە لە قاعەکاندا دەخوێنرایەوە پێشتر، کە ڕۆشتینە مزگەوت، ئۆتۆماتیکی هیچ شتێکی ناشەرعی نەما، مامۆستاکانیش کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی، بەلایانەوە زۆر چاك بوو، جگە لەوە دەتوانیت لە زۆر جێگە، بۆ هەندێك چالاکی، سپۆنسەر پەیدا بکەیت، لەناو زانکۆکانیشدا دەتوانیت قاعە وەربگریت و پارە نەدەیت، کە تۆ مەشروعت هەبوو وەك موئەسەسە، ئەوسا خۆشت نازانیت، چۆن

ڕێکخراوەکـە گـەورە دەبێـت.
ناتاشـا: زۆر باشـە ئـەم نموونانـە یارمەتیـم دەدەن؛ بەرچـاوم زیاتـر فـراوان و ڕوونتـر بێـت.
ڕۆبـن: جگـە لەوانـەش، سـەیر بکـە، بزانـە چ ڕێکخراوێـك ئامانجەکانـی لـە ئێـوەوە نزیکـە، کاری هاوبـەش بکـەن، بێگومـان هەر پێویسـتان بـە پارەش دەبێـت، دەتوانـن لـە ڕێگـەی سـەفارەتی وڵاتـە ئیسلامییەکانیشـەوە، داوای هـاوکاری بکـەن، نامەیـان ئاڕاستە بکـەن و بـە وەفـد بـڕۆن بـۆ سـەفارەت و مەشـروعەکەیان بخەنـە بەردەسـت، بەپێـی مەشـروعەکان، یارمەتیتـان دەدەن، لەنـاو سـەفارەتەکاندا قسـمی (الملحـق الثقافـي) هەیـە لەگـەڵ (الملحـق الدینـي) لـە هـەردوو ئـەو مولحەقانـەوە، دەتوانـن یارمەتـی دەسـت بخـەن، مەشروعەکانیشـتان بکـەن بـە دۆکومێنـت و دەتوانـن بـڕۆن بـۆ وڵاتـی تریـش هـاوکاری بـۆ وەرگـرن، بـەڵام ئیتـر دەبێـت کارەکان بەتـەواوی بەیاسـایی کرابـن، حسـابی بانکـی هەبێـت و کارەکان سـەد لـە سـەد بەدرووسـتی بێـت، ئەوسـا بـۆ نموونـە: لەگـەڵ ئـەو بەڵگانـەدا دەڕۆن بـۆ وڵاتێـك و بەپێـی ئـەو جێگـەی بـۆی دەڕۆن، تەزکیـەی چەنـد کەسـێتییەکی گەورەتـان بـا پـێ بێـت، دەوڵەمەنـد زۆر زۆرە و هـاوکاری مەشـروع دەکـەن.
ئێـوە نیەتتـان پـاك بێـت، بەپاکـی دەسـت پـێ بکـەن، بەپاکـی کارەکان بکـەن، کەسـی پـاك زۆر دێتـە ڕێگەتـان.
ئەوە چییە بۆ دەگریت، خراپم وت؟!
ناتاشـا: ئـەو دێـڕەی کۆتایـی یـەك تـەزووی بـە گیانمـدا هێنـا؛ (نیەتتـان پـاك بێـت، بەپاکـی دەسـت پـێ بکـەن، بەپاکـی کارەکان بکـەن، کەسـی پـاك زۆر دێتـە ڕێگەتـان).
ئەم دێڕە لەسەر دڵم دەنووسم.

ڕۆبن: سڵاو لەو دڵەی کە شتی پاکی لەسەر دەنەخشێت.
ناتاشـا: خـووم پێتـەوە گرتـووە، ئەمـڕۆ لەیـەك جیـا دەبینـەوە، نیگـەران دەبـم.
ڕۆبـن: خـوو بـە کارە پاکەکانـەوە بگـرە، جیابوونـەوە نییـە، لەگەڵتـان دەبـم و ڕۆحمـان هـەردەم پێکـەوە دەبێـت، ئەمـڕۆ دەبێـت بـڕۆم بـۆ پۆڵەنـدا سـبەی مەوعیـدم لـە (زانکـۆ وارسـاو) هەیـە.
بـا سـەفەرەکەم تـەواو بکـەم، دەسـتوورەکەتان بـۆ دەنووسـم، تـا ئـەو کاتـەش تـۆ هەوڵـی چەنـد کەسـێکی پـاك و بەهێـز بـدە کـە بـۆ ئـەو کارە شـیاو بـن.
ناتاشـا:پاك و بەهێـزا! دوو وشـەی زۆر گـەورە و گرنـگ، ئەمـەش لەسـەر دڵـم دەنووسم.
ڕۆبـن: قورئـان ئـەو پێـوەرەی فێرکردوویـن، بـۆ کاری قـورس، دوو مەرجـی هەیـە ئەویـش: (الْقَـوِيُّ الْأَمِيـنُ) سـەیر ناتاشـا، تەفسـیری سـورەتی قصـص بـەوردی بخوێنـەرەوە، زۆر پێویسـتت پێـی دەبێـت، سـەیر خـوای گـەورە، چـۆن باسـی ئـەو دوو ئافرەتـە دەکات، کـە دەیانویسـت مەڕەکانیـان ئـاو بـدەن (وَلَمَّـا وَرَدَ مَـاءَ مَدْيَـنَ وَجَـدَ عَلَيْـهِ أُمَّـةً مِّـنَ النَّـاسِ يَسْـقُونَ وَوَجَـدَ مِـن دُونِهِـمُ امْرَأَتَيْـنِ تَـذُودَانِ ۖ قَـالَ مَـا خَطْبُكُمَـا ۖ قَالَتَـا لَا نَسْـقِي حَتَّـىٰ يُصْـدِرَ الرِّعَـاءُ ۖ وَأَبُونَـا شَـيْخٌ كَبِيـرٌ) چەنـد بەحورمەتـەوە وەڵامـی موسـا دەدەنـەوە، وردبـەرەوە ناتاشـا لـە وشـەکان، موسـا دەپرسـێت: ئێـوە چـی دەکـەن لێـرە (قَـالَ مَاخَطْبُكُمَا) سـەیری وەڵامـی کچـەکان کـە چـۆن وەڵام دەدەنـەوە (قَالَتَـا لَا نَسْـقِي حَتَّـىٰ يُصْـدِرَ الرِّعَـاءُ ۖ وَأَبُونَـا شَـيْخٌ كَبِيـر) ئێمـە ئـاو نادەیـن؛ هەتـا خەڵکەکـە تـەواو دەبێـت، باوکیشـمان پیـرە! خـۆ موسـا پرسـیاری باوکیانـی نەکـردووە، بـەڵام کچـەکان دەڵێـن: باوکمـان پیـرە، تـا موسـا پرسـیاری تـر نـەکات و بڵـێ: ئـەی باشـە ئێـوە کەسـتان نییـە؟

تـا یەکسـەر بـە یـەك وەڵام پرسـیاری موسـا ببڕێـت، لـە کاتێکـدا ئـەوەی کـە بەرانبەریـان بـووە، خـۆ کێیـە؟ پێغەمبەرێکـە و ڕای کـردووە، دواتـر موسا سـەلامی خـوای لـێ بێـت یارمەتـی دان، دوای ئـەوە باسـەکەیان بـۆ باوکیـان گێڕایـەوە.
یەکێـك لـە کچـەکان چـی وت، سـەیر قورئـان چەنـد جـوان دەیگرێتـەوە (قَالَـتْ إِحْدَاهُمَـا يَـا أَبَـتِ اسْـتَأْجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْـرَ مَـنِ اسْـتَأْجَرْتَ الْقَـوِيُّ الْأَمِيـنُ) بـە کرێـی بگـرە، ئـەم کەسـە بۆچـی؟ چونکـە دوو سـیفەتی زۆر گرنگـی تێدایـە، ئەویـش (الْقَـوِيُّ الْأَمِيـنُ) پـاك و بەهێزییەکـەی منیـش، لـەو دوو وشـەوە، سـەرچاوەی گرتـووە.
جـا سـەرنجی ئـەو ئایەتانـە بـدە، کـە چـۆن باسـی ئافرەتـی بەحەیـاو حورمـەت و گەورەیـی ئاسـتی ڕەوشـتیان، لـە قورئانەکـدا کـە باسـی دەکات ڕەنگـی داوەتـەوە.
سـەرنج بـدە، ئـەو ئایەتـە (فَجَاءَتْـهُ إِحْدَاهُمَـا تَمْشِـي عَلَـى اسْـتِحْيَاءٍ قَالَـتْ إِنَّ أَبِـي يَدْعُـوكَ لِيَجْزِيَـكَ أَجْـرَ مَـا سَـقَيْتَ لَنَـا) لەسـەر حەیـا دەڕۆشـت بەڕێـوە، ( تَمْشِـي عَلَـى اسْـتِحْيَاءٍ) هـەر ئـەوە چەنـد ئایەتـەی سـورەتی قصص بەسـە؛ بۆئـەوەی ئافـرەت ئاسـتی خـۆی پـێ بـەرز بکاتـەوە، باسـی ناکـەم بـۆت زیاتـر؛ تـا خـۆت بـە هێمنـی بیخوێنیتـەوە.
بۆ ناڕەحەت دەبیت ناتاشا!
ناتاشـا: سـێ جـار تەفسـیری قورئانـم خوێندووەتـەوە، کـە ئێسـتە تـۆ ئەمـەم بـۆ بـاس دەکەیـت، دەڵێـی نەمدیـوە، ئـەی تـۆش ئـاگات لـە خـۆت نییـە، نابینـی خۆشـت ناڕەحەتیـت؟!
ڕۆبـن: ناتاشـا تەفسـیرەکان تەرکیـزی بخـەرە سـەر، دەتباتـە دونیایەکـی تـر، سـەیر تەعامولـی ئـەم کچانـە لەگـەڵ کێـدا؟ لەگـەڵ پێغەمبەرێکـدا، کـە پاکترینـی کەسـەکانە، دەڵـێ کـە ڕۆشـت موسـا بانـگ بـکات، دەسـتی

خستە سەر دەموچاوی؛ بۆئەوەی نەیبینن، نەیهێشتووە بکەوێتە دواشی، خۆ ئەو پێغەمبەرە بە چاوی خیانەتەوە سەیری ناکات، بەڵام خۆ ئەو ئەوە چوزانێت، دەیخاتە پێشی خۆی و بە شێوەی جیاواز، ئاراستەی ماڵی نیشان دەدات.
ئەو چیرۆکانە بەسەریدا دەڕۆم لە قورئاندا ڕام دەوەستێنێت.
ناتاشا: تەئکید بە ئەم جارە، جیاواز دەیخوێنمەوە، لەسەری ڕادەوەستم و تەدەبوری تێدا دەکەم.
ڕۆبن: ئیتر من بە خوای گەورەتان دەسپێرم.
ناتاشا: خوای گەورە ئاگادارتان بێت.
---
ناتاشاش ئێستە ڕێکخراوەکەی هەیە و کارەکانیان زۆر فراوانە.
هیوادارم خوشکەکانی ناتاشاش چاو لە ناتاشا بکەن.

## (ڕۆبن و سۆفیا و ئیملی)

ڕۆبن و سۆفیا و ئیملی
هـەردەم بـۆ هـەوا هەڵمژیـن، دەڕۆشـتم بـۆ پارکێـك؛ بۆئـەوەی دوای ئیـش، پشوویەك بـە خـۆم بـدەم، سـەیری ئاسمان بکـەم، سـەیری گژوگیـا و گەشـە و زیندوویـی زەوی بکـەم، چـواردەوری خـۆم ببینـم، هەسـت و چێـژی نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە، زیاتـر هەسـت پـێ بکـەم.
پێچەوانـەی خەڵکـی، کـە دەڕۆم بـۆ پـارك، هیـچ نابـەم؛ تـا لـەوێ بیخـۆم، نامەوێـت بـە زگمـەوە سـەرقاڵ بـم، دەمەوێـت ببینـم، خـوای گـەورە چـی خوڵقانـدووە.
ڕۆمی دەڵێ: تاوێك خەمی خۆتت بێ، خەمی نان هەتا کەی؟!
زۆرجـار کـە دەڕۆیـن بـۆ پـارك و سـەیرانگاکان؛ چونکـە هـەر خەمـی نانمانـە، دواتـر هـەر بەبرسـێتیش دەگەڕێینـەوە، لـە ڕێگـە دەڵێیـن: خێـرا؛ بـا بگەینـەوە مـاڵ، شـتێك بخۆیـن!
تـا ئێـوارەش هـەر خواردوومانـە، نەڕۆشـتووین تۆزێـك لـە قەرەباڵغـی دوور بکەوینـەوە، بەتەنهـا خۆمـان بدۆزینـەوە.
بچەمێـرەوە، تەنهـا گیایـەك، سـەرپەلەکەی بگـرە، بـە پەنجـە بیگـرە و بەهێواشـی پێیـدا بـڕۆرە خـوارەوە، هەتـا دەگاتـە بنجەکـەی، زەینـت بخـەرە سـەر پێکهاتەکـەی و بوونـی بـەو بنجـە، دواتـر چـاو هەڵبـڕە و سـەیری گشـت گژوگیـاکان بکـە، سـەیر بکـە، بزانـە چ هەسـتێکت بـۆ دروسـت دەبێـت، دەبێـت بەتـەواوی، هۆشـت لای خـۆت بێـت، دوای ئـەوە، سـەر بـۆ ئاسـمان بـەرز بکـەرەوە، چـاوت لەسـەر ئاسـمان ڕاگـرە، تێرتێـر و پـڕ بـە چـاوی خـۆت، سـەیری ئاسـمان بکە، پاشـان سـەر بخـەرە سـەر زەوی

و سوژدەیەکی بەحەق ببە، گەر نەتتوانی لە دڵەوە ئەوە بکەیت؛ ئەوا تۆ کەسێکی ونبوویت، هەرگیز تێر ناخۆیت و بەبرسێتیش دەمریت.

.................................

دوو ئافرەت، سەگەکانیان دەهێنا بۆ گەڕان لە پارکدا، وەك عادەتێکی ئینگلیز، لام جێگەی تێبینی بوون، سەگەکان بۆ لای یەکتر پەتەکەیان لە دەستی ئافرەتەکان توند دەکرد، ئەوانیش بەهێزو قوەتەوە ڕایان دەکێشا، بەبێ ئەوەی سەلامێکیش لەیەك بکەن، ئەوان دواتر، خۆیان بە سۆفیا و ئیملی ناساند، منیش وەك هەمیشە لای ئینگلیزەکان ناوم ڕۆبنە، گفتوگۆ بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

ڕۆبن: سەگەکانتان دەچن بۆلای یەك، کەچی ئێوە، ئەوانیش لێک دوور دەخەنەوە!

هەموان دەڵێن: وەفا لە سەگەکانەوە فێر بن، ئەی بۆچی پێکەوە، ژیانیشیان لێوە فێر نابن؟! ئێوە ئەوانتان بەستووەتەوە، سیستمێکی چەپەڵیش، ئێوەی بەستووەتەوە!

سۆفیا: ئەم سەگانە ترسناکن، پێکەوە بن.

ڕۆبن: مرۆڤەکان لە JakeRussell ترسناکترن.

ئیملی: بۆچی ئەوەندە تووڕەیت، کوڕە منداڵەکە؟!

ڕۆبن: دەردەدڵە!

سۆفیا: ئـــــۆی، چ دەردێك؟

ڕۆبن: ڕۆمی دەڵێ: دەرد دڵ لای کەسێك بکە، هەم دەردی هەبێ، هەم دڵ.

ئیملی: دەتەوێت زۆر بڵێی!

سۆفیا: کێ وا ئازاری داویت!

ڕۆبن: ئێوە، تۆ و ئیملی!

سۆفیا + ئیملی: ئـــــۆی، چی بووە؟
ڕۆبـن: ئێـوە خۆتـان نابینـن، مـن دەتانبینـم، موراعاتـی سـەگەکان دەکـەن، کەچـی موراعاتـی خۆتـان ناکـەن.
ئیملی: تۆ دەڵێی چی؟
ڕۆبـن: گـەر سـۆفیاش هەمـان پرسـیارم لـێ بـکات، وەڵامێکـی درێژتـان دەدەمـەوە، دەبێـت ئەوسـا لەسـەر ئـەو کورسـییە، هـەر سـێکمان پێکـەوە دابنیشـن، مـن لـە ناوەڕاسـتدا، ئێـوە لـە چـەپ و ڕاسـت، ئەوسـا قسـەگەلێکتان بـۆ دەکـەم، هەرگیـز نەتانبیسـتبێت!
سۆفیا: حـەزم لـە شـتی نوێیـە، هەمـان پرسـیاریش، بـا پرسـیاری منیـش بێـت!
ڕۆبـن: تاکـە کەسێك، کە بتوانێـت بەتەواوەتی خۆشبەختت بـکات، خودی خۆتیـت، خۆشـبەختی سـەروەت و سـەرمایەی دونیایـی نییـە.. سـەرمایە لـەو نێوەنـدەدا، هۆکارێکـی زۆر بچووکـە، زۆرن ئەوانـەی ئەوەنـدە پارەیان لەبەردەسـتدایە، نازانـن چـۆن بـەکاری بهێنـن، مادەکەشـیان کردووەتـە هـۆکاری سزادانی خۆیـان.
ئەوانــەی دوچــاری مــادە بێهۆشــکەرەکان بــوون، پارەیەکــی زۆر دەدەن بـەو مادانـە، زۆربەشـیان بەقاچـاخ و تـرس و لەرزێکـی زۆرەوە پەیـدای دەکـەن، مـرۆڤ کـە خـودی خـۆی ون کـرد، ناتوانێـت بـە پـارە بیدۆزێتـەوە، سـەرچاوەی خۆشـبەختییەکان، لـە جێگەیەکـی دوور نییـە، هەتـا پـارە و فیـزە ببێتـە ڕێگـر، لـە ناخـی خـودی خۆتدایـە.
ڕۆمی دەڵێ:
These pains you feel are messengers. Listen to them
ئازارەکانت پەیامبەرن، گوێیان لێ بگرە.
کاتێـك ئازارێکـت هەیـە، خـودی ئـەو ئـازارە، پەیامێکـی گـەورەی بـۆ

هێناویـت، ئازارەکـە خـۆی ڕەحمەتـە، بـە جۆرێـك دەیەوێـت بێـدارت بکاتـەوە.. ئەمـڕۆ خەڵکـی بێـدار نابنـەوە و لـە کاتـی ئـازاردا، دیسـان پەنـا بـۆ ئازارێکـی تـر دەبـەن، مەشـروبخواردنەوەو موخەدەراتکێشـان، ڕاکردنـە لـە ئـازار بـە ئازارێکـی قورسـتر، ئازارەکـەی یەکـەم پەیامێکـی جوانـت پـێ دەدات.. مرۆڤـی ژیـر، ئـازار بـە ئـازار چارەسـەر نـاکات، بەلانـی کەمـەوە هێورکەرەوەیـەك دەخـوات؛ تـا زەینـی بەتەواوەتـی بێتـەوە سـەرخۆی و بـەدوای عیلاجـی هەمیشـەیدا بگەڕێـت.

یـەك لەحـزەی بچووکـە، گـەر لـە کاتـی ئـەو ئـازارەدا، ئـازاری تـرت بـە چارەسـەر دانـا، ئیتـر تـەواو لەنێـو دەچیـت، زۆرن ئەوانـەی لـە نەخۆشـخانەکاندان و تاوێـك نەیانتوانیـوە خۆیـان ڕاگـرن، ئێسـتە دکتۆرەکانیـش، دوچـاری ئازارەکانیـان بـوون.

لیژنـە پزیشـکییەکانم دەکەوێتـەوە یـاد، کـە لەسـەر کەسـێك دەبەسـترا، بەهـۆی مـادەی موخـەدەرەوە، گەنجێکـی ئـاوارەی هەنـدەران، زۆرجـار لەنـاو حەسـرەتی دابـڕان و دوورەوڵاتـی و دووری لـە دایـك و بـاوك، بۆشـایی بـۆ دروسـت بـووە، کـە گوشـاری زۆر بـۆ دروسـت بـووە، پەنـای بـۆ شـتی خـراپ بـردووە، پسـپۆڕەکان کـە ئەوروپیـن، خۆیـان لـە بنەڕەتـدا، هـەر لـەو فەراغـەدا ژیـاون، بۆیـە ئیحساسـی ئـەو خۆشەویسـتییەی نـاو ناخمـان ناکـەن، کـە هەمانـە بـۆ کەسـوکارمان، بـۆ وڵاتمـان، بـۆ خاکمـان، هەرچەنـد بتەوێـت تەرجومەشـی بکەیـت؛ تەرجومـە ناکرێـت، لـە گشـت ئـەو حاڵەتانـەدا، خـۆم پـێ نەگیـراوە و گریـاوم، کـە وەك موتەرجیـم و پسـپۆڕی ئایینـی لـە نەخۆشـخانەکاندا کارم کـردووە، زۆرجار لە دانیشـتنی لیژنەکانـدا و لەگـەڵ نەخۆشـەکاندا دەگریـام، هەموویـان ڕوویـان تـێ دەکـردم و دەیانگـوت: تێمـان بگەیەنـە، بزانیـن مەسـەلە چییـە؟!

منیـش دەمگـوت: ئێـوە هەرگیـز لـە ئێمـە تـێ ناگـەن، مـن وشـەکانتان

بـۆ وەردەگێـڕم، بـەڵام ئیحساسـی فەراغـی داخلـی، ئـەوە چـۆن وەردەگێڕدرێـت؟!

کەسـێك خـۆی لـە دۆخێکـدا نەژیـا بێـت، بـا لـە ڕووی زمانەوانیشـەوە؛ بۆشـی تەرجومـە بکرێـت، هەرگیـز وەك خـۆی لێـی تـێ نـاگات.

مـن کـە باپیـرم دەکەوێتـەوە بیـر، دونیایـەك یـادگاری و ئـەدەب دام دەپۆشـێت، نازانـم چـۆن تەفسـیری ئـەو دۆخـەش بـە وتـن بکـەن، ئەوروپییەکـە هـەزار جوێـن بـە دایـك و باوکیشـی دەدات.

ئـەو ئیحساسـە گـەر بـۆ ئەوروپییـەك شـی بکەیتـەوە، ڕێـك دەڵـێ: تـۆ شـێتیت؟!

AreYouCrazy

چـۆن بتوانـم تێتـان بگەیەنـم، کـە نەخێـر مـن شـێت نیـم، زۆرجـار بـەو وێسـتگانەدا تێپەڕیـم و ویسـتوومە لـە دۆخێکـی هاوچەشـن تێتـان بگەیەنـم، بـەڵام تێنەگەشـتوون، لـە کۆتاییـدا دەڵـێ: لەبیـری بکـە!

Forgetit

جا بۆچی دەکرێت لەبیر بکرێت؟!

بۆیە لە ئەنجامدا، زۆرینەی خەڵکی، خۆیان لەناو ونیدا، ون کردووە.

ئەنجامی تێربوونـی گـەدە، هەرگیـز نـان نییـە، بەڵکـو ئـەو ئیحساسـەیە کە خـوای گـەورە پێـی بەخشـیوین و بـە ئەندازەیـەك هەسـتی تێربوونەکەمان لا دروسـت دەبێـت، گـەر کەسێك شـوکری نەکـرد، دوای ئـەو هەسـتە، ئیتـر ئـەو نیعمەتـەی لەدەسـت دەچێت.

یەك لەحزەی زۆر کەمە، کە دەستت گرتەوە بڵێ: شوکر خودایە.

ئـەو نیعمەتـە کـە هاتووەتـە بـوون، بـە یـەك کۆمـەڵ مەرحەلـەدا تێپەڕیـوە، شایەنی شـوکرە.

قورئـان، زۆر جـوان دەیخاتـە پێـش چاومـان (أَأَنتُـمْ تَزْرَعُونَـهُ) ئایـە ئێـوە

ڕواندووتانـه؟ (أَمْ نَحـنُ الزَّارِعُـونَ) یـان ئێمـه؟!
نێـوان دۆزینـەوە و ونبـوون، یـەك لەحـزەی زۆر بچووكـە، گـەر ئـەو لەحـزە بەهەنـد وەرنەگیـرا، ئیتـر مرۆڤ سـەرگەردان دەبێـت.
ئیتـر بـە هیـچ تێـر ناخـوات؛ چونكـە ئیحساسـەكە نامێنێـت، خـوای گـەورە، ئـەو نیعمەتـە نـادات بـە كەسـی ناشـوكر، بۆیـە خـودی شـوكرەكە نیعمەتـە، لەگـەڵ ملیۆنـەری ئەوروپـی و ئەمریكیـدا، ڕۆشـتووینەتە قاوەخانەیەكـەوە، كـە پارەكـەم پێـش وەخـت داوە، تـێ نەگەشـتووە! دەیگـوت: بۆچـی پارەكـەی منـت واسـڵ كـرد؟! یـان كـە خـۆی ڕۆشـتووە بـۆلای كاشـێرەكە، تەنهـا پارەكـەی خـۆی واسـڵ كـردووە!
خـۆ پـارەی قاوەیـەك چییـە؟! بـەڵام زۆریشـە لـە ڕاسـتیدا، گـەر لـەو نێوەنـدەدا، چەمكـی تێگەشـتن لـە خـودی مـادە و شـوكری ئیلاهـی لەبیـر بكرێـت.
بۆیە زۆرن ئەوانەی زۆریان هەیە، كەمن ئەوانەی تێر دەخۆن.
جـاری وا هەیـە، ئیحساسـێكی تێرنەخواردنـی ژەمێـك، لامـان دروسـت دەبێـت، زگمـان پـڕە، بـەڵام هـەر دەڵـێ: بـا بـێ! ئیتـر لـەو كاتـەدا ئـازار دەچێژیـت، زۆر ناخۆشـە، زگ پـڕە و برسیشـتە!
زۆرن ئەوانـەی هـەردەم پـڕن، پـڕن لـە بۆشـایی، پـڕن لـە ونبـوون، نـە بـە نـان تێـر دەخـۆن، نـە بـە دراو و مـادە سەرخۆشـكەرەكان.
كەمن ئەوانـەی لـە غەریبـی وڵاتانـدا دەژیـن، زۆرتـرن ئەوانـەی لـە وڵاتـی خۆشـیاندا هـەر غەریبـن، بۆشـاییە ڕۆحییـەكان، نـە بـە گەڕانەوە بـۆ وڵات، بەتـەواوی دروسـت دەبێـت، نـە بـە زۆر خـواردن.
زەینـت دەبێـت كـۆ بكەیتـەوە، لـە پەرشـوبڵاوبوون، خـۆت كـۆ بكەیتـەوە، زۆرمـان زۆر پەرتەوازەیـن، ماڵەكانمـان ڕێكوپێكـە، بـەڵام خۆمـان، زۆر ناڕێكوپێكیـن، هـەر بەشـێكمان بەدەسـت بۆشـاییەكەوەیە.

ڕۆمـی دەڵـێ: کـە دەرگا لەسەرپشـت کراوەیـە، بۆچـی لـە زیندانـدا دەمێنێتـەوە؟

?Why do you stay in prison when the door so wide open

دەرگاکان کـراوەن، خۆمـان لـە خۆمانـی دادەخەیـن، تـەواوی ئـەم هەسارە، یـەك دەرگایـە و خـوای گـەورە بۆمانـی کردووەتـەوە.

ڕۆمی دەڵی:

.Everything in the universe is within you. Ask all from yourself

فـەراغ، بـە گەڕانـەوە بـۆ وڵات، بەتـەواوی پڕنابێتـەوە.. ئەوانـەی لـە وڵاتـدان، فەراغیـان زۆرتـرە بـۆ ڕۆشـتن.

کابرایەك پێی دەگوتم: بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت؟

گەڕامـەوە، پێنـج سـاڵ لـەوێ بـووم، هەمـان کـەس پێـی وتـم: بـە خـوا کەریـت! بۆچـی ناڕۆیتـەوە؟ فـەراغ، ڕێـك ئـەو کەرێتییـە، کـە ئێمـە ناومان لێنـاوە: کـەر.

بـە ئینگلیـزەکان دەڵێـم: باشـە، ئێمـە گـەر بێتاقەتیـش بیـن حەقمانـە، بـەڵام ئێـوە بۆچـی بێتاقەتـن؟!

دوای ئـەو پرسـیارە، بۆشـاییەکان هەمـووی دەردەکەوێـت! وەڵامەکـەی پڕیەتـی لـە ونبـوون، دەبێـت بگەڕێیتـەوە بـۆ خـودی خـۆت.

منـداڵ کـە ون دەبێـت، بانگـەوازی بـۆ دەکەیـن و دەیدۆزینـەوە! وەی بـە حاڵـی گـەورە، کـە ون دەبێـت!

زۆرجـار بـە شـەقامەکاندا تێدەپـەڕم، لەسـەر عامودێـك وێنـەی کەسـێك داکوتـراوە و لەسـەری نووسـراوە: Missing ون بـوو، بـەڵام کەمـن ئەوانـەی لەسـەر عامـودەکان ناوەکانیـان نووسـراوە بـە ون بـوو، ونبـووەکان زۆربەیـان لـە ماڵـدان، شـانی لەسـەر شـانی کەسوکارەکەیەتی و پێکـەوەش سـەیری تەلەفزیـۆن دەکـەن، بـەڵام ون بـووە، وەك خەوێـك

وایـه، کـه خەبـەری بوویـەوە، ئەوسا دەزانێـت پێشـتر خەوتـوو بـووە، جـا بۆیــە.. هەتـا خــۆت نەدۆزیتــەوە، هــەر ونبوویــت.
کەمن ئەوانـەی لـە ئیجـەدا خنکان و ون بـوون، زۆرن ئەوانـەی لـە دونیـای ئەوروپـادا، بەتـەواوی ون بـوون.
ئەوانــەی لــە ئیجــەدا خنــکان، زۆربەیــان جەســتەکانیان گەشــتنەوە کوردسـتان، باوانیشـیان لەگـەڵ ڕۆحەکانیانـدا دەژیـن، قەبریشـیان هەیـە، دایکـەکان زۆرجـار دەچنـە پەنـای قەبرەکانیانـەوە، دەردەدڵـی خۆیانیـان لەگەڵـدا دەکـەن، زۆرن ئەوانـەی کـە زینـدوون، بـە کەڵکـی دەردەدڵێکیـش نەمـاون؛ چونکـە بەتەواوەتـی لـە ونبوونـدا تواونەتـەوە، ڕۆمـی دەڵـێ: دەردەدڵ لای کەسـێك بکـە، هـەم دەردی هەبـێ، هـەم دڵ.
ئـەو تیرێکـی داوە لـە دڵەکـە، دڵ نابێـت تیـری لـێ بدەیـت، دڵ بـە کەمترین ڕووشـاندن، ئیحساسـی خۆشـیت لـێ دەسەنێت.
مرۆڤـەکان، لـە ونبوونەکانـدا هەموویـان لەیـەك دەچـن، بۆیـە بـەدوای یەکتـردا ناگەڕێـن، دەڵـێ ئەوەتـا لـە پاڵمایـە؛ چونکـە ئـەو، خۆیشـی هـەر ونـە، چـۆن بتوانێـت کەسـێکی تـر بدۆزێتـەوە.
پیاوێـك، پرسـیاری لـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لـێ بێـت) کـرد: چـی لـە ئیسـلامدا خەیـرە و چاکـە؟
پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت فەرمـووی: (تُطْعِـمُ الطَّعَـامَ، وَتَقْـرَأُ السَّـلامَ عَلَـى مَـنْ عَرَفْـتَ وَمَـنْ لَـمْ تَعْـرِفْ) متفـق علیـە. خەیـر ئەوەیـە خــواردن بدەیــت بــە هــەژار، ســەلام بکەیــت لــەوەی کــە دەیناسـت و لــەوەش کــە نایناسـیت!
ئێسـتە مرۆڤایەتـی بەتەواوەتـی ون بـووە، سـەلام لـە ناسـیاوەکانیش ناکـەن، چجـای نەنـاس، زۆرجـار خراپتریـش، مـۆڕەش لەیـەك دەکـەن! ئـەی ئـەوە ئەگـەر ونبـوون نەبێـت، چییـە؟!

که له خەسڵەتە مرۆییەکان داشۆرایت، ئەوە خراپترین ونبوونە.
قەشـەیەکی بەریتانـی لـە سـەفەرێکیدا بـۆ میسـر، منداڵێکـی بۆیاخچـی سـەلامی لـێ کـردووە، کـە دەیگێڕێتـەوە، گەورەیـی ئـەو سـەلامەت بـۆ دەردەکەوێـت!
دەڵـێ: کـە پێـی وتـم: «السلام علیکم»: سـەلام و ئاشـتی خـوای گـەورەت لـێ بێـت، ڕاچڵەکیـم، ئەمـە کێیـە و چـۆن ئـاوا سـەلام دەکات؟!
دواتـر کـە موسـڵمان دەبێـت لـە هەمـوو موقابەلەکانیـدا باسـی ئـەو سـەلامە دەکات.. دەڵـێ: مـن هـەر ئەوەنـدەم لەسـەر ئیسـلام دەزانـی، کـە ڕاگەیانـدن باسـی کردبـوو، دەڵـێ: هیـچ پلانێکـم نەبـوو؛ بۆئـەوەی واز لـە دینـی خـۆم بهێنـم، دواتـر کـە خـۆم دۆزییـەوە، ئەوسـا زانیـم، پێشـتر مـن کەسـێکی ونبـوو بـووم.
لـە ئیسـلامدا، سـەلامێکی ئاسـایی، خەیـری تێدایـە، تەنانـەت لابردنـی دڕك و شیشـە و شـتێکی پیـس و بریندارکـەر لەسـەر ڕێگـە، هەتـا لەتەخورمایەك پاداشـتی لەسـەر هەیـە، لای ئێمـە ئیتـر لـەوە بچووکتـر نییـە، بـەڵام لای خـوای گـەورە، مسـقاڵە زەڕەش حسـابی بـۆ کـراوە.
ئیملـی: تـۆ کێیـت؟ ئـەم هەمـوو شـتەت، چـۆن بـەم شـێوازە بۆهـات، باسـیان بکەیـت؟ باسـی ونبوونـت کـرد، ئێسـتە تـۆ منـت ون کـردا ئـەو هەمـوو زانیارییـە، دەبێـت لەسـەریان بوەسـتیت و شـییان بکەیتـەوە بـۆم!
سـۆفیا: وشـەکانت مایـەی تێڕامانـە، بـەڵام چـی لـە پشـتی ئـەم قسـانەوە هەیـە؟
ڕۆبـن: دۆزینـەوەی ئێـوە، غەیـری ئێـوە هیچـی تـر، زۆر زۆر بەڕاشـکاوی، حەقیقەتێـك لەوانەیـە مـن درکـم پـێ کردبێـت و ئێـوە نـا، مـن خێزانـدارم و منداڵـم هەیـە، ئێـوەش لـە تەمەنـی منـدا نیـن، بۆیـە پێـم خۆشـە، شـتێکم پـێ بکرێـت، بۆتانـی بکـەم، ئێمـە هـەردەم لـەم پارکـە یـەك دەبینیـن، بـەڵام

با ئـەم جـارە، یەکتربینینەکـە جیـاواز بێـت.
من ناوم عومەرە، دەتوانن پێم بڵێن ڕۆبن، ئێوە ناوتان چییە.
ئیملی: من ناوم ئیملیە، خۆشحاڵم بە ناسینت ڕۆبن.
سۆفیا: منیش ناوم سۆفیایە، زۆر خۆشحاڵم ڕۆبن.
ڕۆبـن: ئـەی ئێـوە بەناسـینی یەکتـری، خۆشـحاڵ نەبـوون؟! تەوقەیـەك بکـەن و خۆشـحاڵیتان بۆیەکتـر دەربـڕن، منیـش بـەوە خۆشـحاڵ دەبـم، بـەم شـێوە تـا هەرسـێکمان بەرانبـەر یەکتـر خۆشـحاڵ بیـن، ئەوسـا گفتوگۆکانمـان چێـژی زیاتـر دەبێـت.
(تەوقەیان کرد و خۆشحاڵیان بەرانبەر یەك نیشان دا)
سوپاستان دەکەم، کەواتە: دەتوانین دڵسۆزبین بەرانبەر یەك.
مـن ئێـوە بـە تەنهـا جێ دەهێڵـم؛ تـا خۆتـان یەکتـر باشتر بناسـن و سبەی لـە هەمـان کاتـدا، لێـرە دەتانبینمـەوە.
ئیملی: کەس بەم شێوەیەی تۆ قسە ناکات، لەگەڵمان بمێنەرەوە.
سۆفیا: تۆ زۆر شتت بە ئێمە وت، ئێستە هەروا بەجێمان دەهێڵیت!
ڕۆبن: قەرار نییە، یەکتر بەجێ بهێڵین، سبەی دەتانبینمەوە.

................................

ڕۆبـن: سـڵاوتان لـێ بێـت، دیـارە لـە زووەوە لێـرەن، وا دەمەتەقەتـان گەرمـە؟
سۆفیا: سڵاو لە تۆش، بەخێر بێیت.
ئیملی: گەرمت کردین، نازانم، چۆن وا زوو بووین بە هاوڕێ؟!
ڕۆبـن: مـرۆڤ کائینێکـی سـەیرە، بـە خەندەیەکـی ڕاسـتی، کـە لـە دڵـەوە بۆیـەك دەربچێـت، دەبێتـە هـاوڕێ، بـە نیگایەکـی خراپیـش، دیسـان دەشـێوێت!
سۆفیا: سەیرە، خەندە و نیگا؟!

ئیملی: چ هێزێك له پشتی ئەوانەوه هەیه؟
ڕۆبـن: هێـزی ڕاسـتگۆیی و عیشـقی ئیلاهـی، لـه پشـت خەندەوەیـه، نەفسـی خراپەکاریـش، لـه پشـت نیگاکەوەیـه.
سـۆفیا: ئەوانـه ڕەچـاو نەکـراوە، بۆیـه پەیوەندییـەکان بەتـەواوی شێواوە، دەزانـی ماڵـی مـن و ئیملـی، یـەك کۆڵانـی بەینـه، دوێنـێ تـۆ بـه منـت ناسـاند، هەردووکمـان یـەك ئم.....ببـووره.
ئیملی: بڵێ سۆفیا، هەردووکمان وەك ئم... ببووره.
ڕۆبـن: پێویسـت نـاکات، لـه گوتنـی شـەرم بکـەن، بێگومـان هەردووکتـان دەردەدارن، یـەك دەردتـان هەیـە، کەواتـە: بـا دڵیشـتان یـەك بێـت، لەبیرتـه وتـم: ڕۆمـی دەڵـێ: دەردەدڵ لای کەسـێك بکـه، هـەم دەردی هەبـێ، هـەم دڵ.
سـۆفیا: قسـەکانی ئەمـڕۆت پێچەوانـەی دوێنێیـە! دوێنـێ، هێزێکـی گـەورە، لەنـاو وشـەکاندا بـەدەر دەکـەوت، ئەمـڕۆ لام سـەیره!
ئیملـی: لای منیـش سـەیره، قسـەکانی دوێنـێ دینـی بـوون، زۆر مووناقەشەشـمان کـرد، دوای ڕۆشـتنی تـۆ، ڕۆشـتینه دونیایەکـی تـر، ئێسـته دەتەوێـت بـەو شـێوەیە، بـه یەکمـان بگەیەنیـت!
ڕۆبـن: ڕوونتـر قسـه بکـەن، نامەوێـت خـۆم لێکدانـەوە بـۆ قسـەکانتان بکـەم، بەڕوونـی بیڵێـن: چـۆن لـه مـن تـێ دەگـەن، دژایەتـی لـه قسـەکانی دوێنـێ و ئەمڕۆمـدا نییـە.
سۆفیا: ئاخر ئێمه، هیچکاممان هاوڕەگەزباز نین.
ئیملی: ڕاست دەکات، ئێمه ئەسڵەن ڕقمانه لەو کارانەش.
ڕۆبـن: دەبینـی، چـۆن شـیرازەکان، گۆڕانـکاری بـه چەمکـی تێگەشتنیشـدا هێنـاوە؟! ئێسـته لێتـان تـێ دەگـەم.
سـەیره، کـچ و کوڕێـك، بەبـێ هیـچ گرێبەسـت و ڕێکەوتنێکـی دادگا و

کەنیسـەش، پێکـەوە بـن ئاسـاییە، بـەڵام دوو ئافـرەت، یـان دوو پیـاو پێکـەوە بـن، نائاسـاییە؛ چونکـە زەینـی خەڵکـی بـۆ هاوڕەگەزبـاز دەڕوات، هاوڕەگەزبازەکانیـش زۆر بـوون، ناحەقتـان نییـە، هەرچەنـد بێـزراون لەنـاو خەڵکـدا، بـەڵام وا تـێ دەگـەن، گـەر دوو کـچ، یـان دوو کـوڕ پێکـەوە بژیـن، یـان زۆر پێکـەوە بـن، وا دەزانـن، هاوڕەگەزبـازن.
ئەو دونیای سێکسە، لە مێشکی خۆتاندا دەربکەن.
سۆفیا: جا بۆچی دەکرێت، لەبیری بکەین؟!
ئیملـی: تـۆ ئێمـە بـە پیـر دەزانیـت؟! نـا، وا نییـە ڕۆبـن، ئێمـە هێشـتا گەنجیـن.
ڕۆبـن: هێشـتا دڵتـان زۆر تـەڕە ههـە، بۆچـی تێرتـان نەخـواردووە لـە سێکس! لـەم وڵاتـەدا کـە هیـچ بەربەسـت نەبـووە و بـە ئـارەزووی خۆتـان، ڕاتـان بـواردووە.. هێشـتا تینـووی سێکسـن؟!
سۆفیا: ئەگەر وتمان: بەڵێ تینووین، دەڵێی چی؟
ئیملی: پرسیارەکەی سۆفیا، پرسیاری منیشە!
ڕۆبـن: بـەم شـێوەیە، لـە وتارەکـەی دوێنـێ تێگەشـتن و مووناقەشـەتان کـردووە؟!
سـۆفیا: نـا، دوێنـێ دونیایەکـی زۆر تایبـەت بـوو، ئەسـڵەن لـە ژیانمـدا، گوێـم لـە وشـەی بـەو شـێوەیە نەبـووە.
ئیملـی: نازانـم بۆچـی ئاڕاسـتەکەی گـۆڕا، دەی کێشـە نییـە، وەڵامـی پرسـیارەکانت نەدایـەوە!
ڕۆبن: دەتانەوێت گەلەکۆمەکێم لێ بکەن! کەواتە: ئێوە تینوون، وایە؟
سۆفیا: بەڵێ، دەی بڵێ، هاوڕەگەزبازیش نین.
ئیملی: ڕاست دەکات، دەی بڵێ.
ڕۆبن: لە وتارەکەی دوێنێمدا، وەڵامی ئەمەی تێدا بوو!

سۆفیا: چ دەڵێی ڕۆبن؟ وتارەکەی دوێنێ، ئەسڵەن دونیایەکی تر بوو.
ئیملی: تۆ ئێمەت ون کرد، وەڵامی ئەم تینوێتییە، لە وتارەکەی دوێنێدا، لە کوێدا بوو؟
ڕۆبن: دوێنێ وتم: (ئەنجامی تێربوونی گەدە، هەرگیز نان نییە، بەڵکو ئەو ئیحساسەیە، کە خوای گەورە پێی بەخشیوین و بە ئەندازەیەك هەستی تێربوونەکەمان لا دروست دەبێت، گەر کەسێك شوکری نەکرد، دوای ئەو هەستە، ئیتر ئەو نیعمەتەی لەدەست دەچێت).
سۆفیا: جا ئەمە چ پەیوەندییەکی هەیە!
ئیملی: زیاتر ونمان دەکەیت! وایە؟ خۆشت لە پرسیارەکە دەدزیتەوە!
ڕۆبن: بوار بدەن؛ شیکاریتان بۆ دەکەم، مرۆڤی دز هەرگیز تێر ناخوات، خۆ زۆری هەیە، بەڵام بەناشوکری دەستی پێ کردووە، نابینی دزەکان هەر دەدزن و هەر هەڵپەش دەکەن؟! سیاسی و بازرگانەکانی ئێستە، زۆریان ئەمە حاڵیانە.. بەدڕەوشتیش بە هەمان شێوەیە، کە بەناشوکری دەستی پێ کرد، هەرگیز تێری لێ ناخۆیت.. خوای گەورە نیعمەتی تێربوونەکە، وەك عەزابێک، بۆ ناشوکریکردنەکە، لەسەر کەسەکان هەڵدەگرێت.
خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ) ئەگەر شوکر بکەیت، ئەوسا زیاد دەکرێت، شوکرەکە تەنها بۆ شتە فیزیکییەکان نییە، خەڵکی هەر بیری لای پارەو جانبە فیزیکییەکانە، بۆیە هەمووی سەرگەردانە، یانی گەر کەسێك پارووە نانێکی دەست بکەوێت و شوکری خوای گەورە بکات، خوای گەورە قەناعەتی بۆ زیاد دەکات، نەفس و ڕۆحی بەو پارووە زیاتر تێر دەکات وەك لەوانەی بە تەنەکە خواردنیش دەڕێژێت، بۆ سێکسیش گەر شوکر بیت، هەتا لەسەر نەبوونیشی، خوای گەورە ئارامگری و هێزی خۆڕاگریت پێ

دەبەخشـێت؛ چونکـە لـە بەرامبـەری شـوکردا، ئیلـلا دەبێـت پاداشـت هەبێـت؛ بـا شـوکرەکە ئەگـەر لەسـەر نەبوونیـش بێـت.
بـەڵام شـوکر مەقامێکـی بەرزە، دەبێت کەسـەکان، ئاسـتیان بـەرز بکەنەوە؛ تـا بتوانـن شـوکر بکـەن، لـە پێـش شـوکرەوە صەبـر هەیـە، ئارامگرتـن مەرحەلـەی خـوارە، شـتێکی سـەرەتاییە؛ چونکـە پێچەوانـەی ئارامگرتـن، نائارامییـە، نائارامیـش کـە سـنوورەکەیت بەزانـد، دەبێـت بـە کوفـر، کوفریـش شاردنەوەی شـتێکە بـە شـتێکی تـر.. بۆیـە هـەر دوا بـەدوای ئەو دەقـەی کەلەسـەر شـوکر هاتـووە، یەکسـەر دەفەرموێـت: (وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ) دەبینـی ئەنجامـی کوفـر، هـەردەم عـەزاب و سزایە، ئەمـە لـە دونیـادا، ئـەوە حسـاباتی قیامەتیـش، بـا لـەولاوە بوەسـتێت!
سۆفیا: هەرگیز شیکاری لەم شێوەیەم نەبیستووە! شوکر.. سەیرە لام.
ئیملی: کوفر.. ئەوەش هەر سەیرە!
ڕۆبـن: بیگومـان هەردووکـی زۆر سـەیرە، نـەك هـەر سـەیرە، بەڵکـو موعجیـزە دەخوڵقێنێـت، ئەنجامـی شـوکر زۆر گـەورە و فراوانـە، عەزابـی کوفریـش زۆر سـەخت و گشـتگیرە.
سۆفیا: ئێسـتە هەڵەکـەی ئێمـە لەکوێدایـە؟ کەسـی تینـوو، هـەردەم بیـری لای ئـاوە!
ئیملی: باسی ئەوەش بکە هههە.
ڕۆبـن: بەجۆرێکـی تـر تێتـان دەگەیەنـم، کاری ناشـەرعی، ئـاوی سـوێرە! هەتـا بیخوێتـەوە هـەر تینووتـر دەبیـت. زگـت دەتەقێـت و تینوێتیـش لا نابـات!
سۆفیا: بە فەلسەفە، کەس تێری نەخواردووە، با تۆش تاقی بکەینەوە.
ئیملـی: گـەر هەمووەمـان پێکـەوە بیـن، لەوەیـە جەوێکـی تایبەتیـش دروسـت ببێـت! گـرووپ خۆشـە! وەرزشـکار دیاریـت، پێـت دەکرێـت!

ڕۆبـن: لای ئێمـه.. کـوڕ، کـچ هەڵدەخەڵەتێنێـت! سـەیرە لێـرە پیرێـژن، گەنـج  هەڵدەخەڵەتێنێـت!
سۆفیا: هەرگیـز کـەس پێـی نەوتـووم پیرێـژن، نەفرەتـت لـێ بێـت، ئیملـی بـا بڕۆین.
ئیملـی: منیـش هەرگیـز چاوەڕێـی ئـەوەم نەدەکـرد.. نـا، سـۆفیا دانیشـە، مـن حـەز ناکـەم بڕۆیـن.
ڕۆبن: ئافەریـن ئیملـی، هـاوڕێ دەبێـت وا بێـت، هاوکاریـی هاوڕێـی بـکات و ویسـتی کارێکـی خـراپ بـکات، دای بنیشـێنێت، نەهڵێـت بـڕوات، هـا نابینـی، کچـەکان هاوڕێـی خـراپ دەیانبـەن بـۆ جێگـەی خراپـە، کەسـێك نەبـووە، بڵـێ: دانیشـە!
سۆفیا: زۆر خـراپ ئێمـەت شـکاند، پیرێـژن! پیرێـژن! خـۆ گوێـت لـێ بـوو ئیملـی، چـۆن نەڕۆیـن؟!
ئیملـی: ڕاسـت دەکات ڕۆبـن، هەرگیـز ئـەوەم لەیـاد ناچێـت! خـراپ ئێمـەت شـکاند! ئێمـە چاوەڕێـی چـی بوویـن؟! کەچـی تـۆ بـەو وشـەیە، وێرانـت کردیـن؛ ئـەو وشـەیە، دڵـی ئافـرەت تێـك دەشـکێنێت.
ڕۆبن: ڕۆمی دەڵێ:
“.You have to keep breaking your heart until it opens”
 بەردەوام دڵت بشکێنە، تا دەکرێتەوە.
سۆفیا: دەقێکی جوانە، بەڵام زۆر ڕوون نییە؟
ئیملی: پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمەت شکاند؟
ڕۆبن:گوێـز هەیـە، بەئاسـانی و بەبێ شـکان دەکرێتەوە، ئەوسـا کاکڵەکەیت دەسـت دەکەوێـت.. گوێزیـش هەیـە، دەبێـت چەکوشـێکی پێـدا بکێشـیت؛ تـا بیشـکێنیت و کاکڵەکـەی دەربهێنیـت، هەشـە زۆر سـەختە، دەبێـت چەندیـن جـار لێـی بدەیـت؛ تـا بشـکێت و کاکڵەکەیـت دەسـت بکەوێـت،

هەیـە خـراپ لێـی دەدا، دواتـر کاکڵەکـەی خـراپ دەکات، هەشـە پووچـە! هـی ئێـوە پـووچ نییـە؛ چونکـە ئـەو وشـە ڕایچڵەکانـدن، کەواتـە: دەبێـت کاکڵەکـەی دەربهێنـن، منیـش جـوان لێمـدا، وا نازانـم خـراپ بێـت، دەزانـی خـراپ چییـە؟

سۆفیا: هەرچی بچێتە بواری شکاندنی ئێمەوە، خراپە!

ئیملی: ئا بڵێ چی لە پیرێژن، خراپتر بوو؟!

ڕۆبـن: گـەر بموتایـە قەحبـەکان، هـەی لەشفرۆشـینە! ئەوسـا زۆر خراپتـر نەدەبـوو؟

سۆفیا: دەی ئەوەتا، خۆ ئەوەشت پێ وتین!

ئیملـی: نـــا سـۆفیا، بهێڵـە شـی بکاتـەوە، ئەمەیـان شـیکارییە، گـەر یەکەمجـار، لەبـری پیـر، بیگوتبـا قەحبـە، خـۆ شـێت دەبوویـن!

ڕۆبـن: سـۆفیا، ئیملـی هاوڕێیەکـی چاکـە، قـەدری بگـرە، هاوڕێـی چـاك ئەوەیـە بـەردەوام هاوڕێکـەی هێـور بکاتـەوە، دەزانـی لای ئێمـە، خەڵکەکـەی زۆر خراپـن؛ چونکـە یەکتـری تـووڕە و پـڕ دەکـەن، ئافرەتێـك کێشـەیەکی دەبێـت و دەچێتـە لای هاورێیەکـی و بـۆی بـاس دەکات، ئەویـش ئەوەنـدەی تـر پـڕی دەکات، ئـەو یەکـەم جـار بـۆ دەردەدڵێـك ڕۆشـتووە، کەچـی ئـەو تـەواو دڵـی پـڕ کـردووە!

دوو ئافرەتـی جوانـی وەك ئێـوە، چـۆن خـۆی دەخاتـە بـەردەم گەنجێـك! بەبـێ گرێبەسـت، هـەروا بەهەوانتەیـی! لەشـی ئێـوە موڵکـی خۆتانـە، بـە ڕێوشـوێن و ئالیەتـی خـۆی نەبێـت، کـەس بـۆی نییـە دەسـتی بـەری بکەوێـت.

سۆفیا: بەڕاســـت، ئێمە جوانین؟!

ئیملی: سۆفیا حەزی لەم وشانەیە هەه.

ڕۆبـن: هەردووکتـان زۆر زۆر جوانـن، بەتایبـەت کـە بـەم شـێوەیە پێکـەوە

بن .
سۆفیا: دەڵێی پەشیمان بوویتەوە هههه.
ئیملی: سۆفیا واز لەو قسانە بهێنە، بهێڵە خۆی قسە بکات.
ڕۆبـن: هـەرکات و هەرکـەس ئامادەیـی گۆڕانـکاری تێـدا دروسـت بـوو؛ ئـەوا جوانـە؛ چونکـە ئـەوە سـیفەتە ناشـرینەکانن، دەبێـت بگۆڕرێـن بـە سـیفەتی جـوان، ئەوسـا زۆرتریـن جوانـی تێـدا کـۆ دەبێتـەوە، دواتـر دەبـن بـە یـەك چەپکەگـوڵ، جـا گـوڵ بێـت و سـیفەتی گوڵیـش لـە خـۆی بگرێـت، ئەوسـا دەبێتـە باخچەیەکـی جـوان و بۆنـدار.
سۆفیا: بۆنیشمان خۆشە ئێستە، وایە؟
ئیملی: ڕۆبن، سۆفیا لەماڵەوە، سەر مێزەکەی پڕە لە بۆنی (......).
ڕۆبن: ئافرەت بەو بۆنانە، بۆنی خۆش نابێت.
سۆفیا: واتە: بۆنمان ناخۆشە؟
ئیملی: بۆنـی هەردووکمـان بکـە، بزانـە هـی کاممـان خۆشـترە، ئـەوەی مـن بۆنـی (......)، بزانـە مارکـەی کاممـان چاکتـرە؟
ڕۆبـن: بۆنـی دەسـتکرد، دەبێـت لێـی نزیـك ببیتـەوە، ئەوسـا هەسـتی پـێ بکەیـت، بـەڵام بۆنـی سروشـتی، لـە دووریشـەوە هەسـتی پـێ دەکەیـت!
سۆفیا: مەبەستت چییە؟
ئیملـی: نایەوێـت بمانشـکێنێت، بڵـێ هـی کاممـان، لـە کاممـان بۆنـی خۆشـترە، وایـە؟
ڕۆبن:مـرۆڤ بـە سـیفەتە جوانـەکان، خۆشـترین بۆنـی دەبێـت؛ بـۆن شـتێکی ڕووکەشـی و ئاسـانە، هەمـوو کـەس دەتوانێـت بەدەسـتی بهێنێـت، بـەڵام بۆنـی سـیفەتەکان دەبێـت لەنـاوەوە بێتـە دەرە، نـەك تەنها لـە پێسـت و جـل و بـەرگ بدرێـت، لـە ڕەمەزانـدا ئێمـە بـەڕۆژوو دەبیـن، بۆنـی دەممـان ناخـۆش دەبێـت، بـەڵام ئـەو بۆنـە، لای خـوای گـەورە زۆر

خۆشـە.
سۆفیا: دەمانگەڕێنیتەوە بۆ ڕۆژی یەکەم، دەی قسە بکە، گوێ دەگرین.
ئیملی: چ شتێك لەناوەوە بۆ دەرەوە، کاریگەریی دەبێت؟
ڕۆبـن: قورئـان ئـەو سـیفەتە جوانانەمـان بـۆ بـاس دەکات، کـە بۆنـی دەر و ماڵـی پـێ خـۆش دەبێـت، یەکـی نوسـخەیەك قورئانتـان پـێ دەدەم، بـەوردی سـەیری کۆتایـی سـورەتی الفرقـان بکـەن، لەگەڵیـدا بیـر بکەنـەوە، ئەوسـا دەر و ماڵتـان هەمـووی بۆنخـۆش دەبێـت.
سۆفیا: ئێستە هەندێکیشی باس بکە بۆمان.
ئیملـی: مـادام دەستنیشـانی کـردووە لێگـەڕێ سـۆفیا، وەك ڕۆژی یەکـەم، پێکـەوە مووناقەشـەی دەکەیـن.
ڕۆبـن: ئافەریـن ئیملـی، سـۆفیا بەتونـدی ئیملـی بگـرە؛ هاوڕێیەکـی زۆر بـاش دەبێـت بـۆت!
سۆفیا: چییە هەر دەڵێی: ئیملی، ئیملی!
ئیملـی: ژن وایـە ڕۆبـن، غیـرەی هەیـە ههـە، سـۆفیا مەبەسـتی خراپـی نییـە.
ڕۆبـن: کەواتـە: ئیملـی دڵـت بـە سـۆفیا زۆر خـۆش بێـت، مـادام غیـرەی هەیـە، غیـرە زۆر چاکـە لـە ئافرەتـدا هەبێـت، غیـرە جۆرێکـی خۆشەویسـتییە، بـەڵام گـەر سـنوورەکەی بزانرێـت.
سۆفیا: چ جۆرە سنوورێك؟
ئیملی: ڕۆبن، هەر خۆت بڵێ!
ڕۆبـن: زۆر ئافـرەت هەیـە، مێردەکـەی خـۆش دەوێـت، ئەوەنـدە غیـرەی لـێ دەکات، ئیتـر غیرەکـە، لـە غیـرەدا نامێنێـت و سـنووری ئازادییەکانـی مێردەکـەی پێشـێل دەکات، لـە بنەڕەتـدا، هـۆکاری ئافرەتەکـە، هـەر خۆشەویسـتییە بـۆ مێردەکـەی، دەیەوێـت لـە دەسـتی نـەدات، بـەڵام

ئەوەنـدە موبالەغـەی تێـدا دەكات، دواتـر پیاوەكـە، لـە داخـدا تەڵاقـی دەدات؛ چونكـە ناتوانێـت تەحامولـی بـكات!
سـۆفیا: ژنێـك ئەوەنـدە پیاوەكـەی خـۆش بوێـت، بـۆ دەبێـت تەڵاقـی بـدات!
ئیملی: دیارە بە ناوی خۆشەویستییەوە، بێزاری دەكات!
ڕۆبـن: هـەر شـتێك سنووری خـۆی تێپەڕانـد، دوای ئـەوە عەزابـی خوایـی دێت!
سـنووری خۆشەویسـتی بـۆ مرۆڤـەكان، سـنوورێكی دیـاری كـراوە، كـە زۆر موبالەغـەی تێـدا كـرا، لـە سـنووری مرۆڤایەتییـەوە، بـۆ سـنوورێكی ترسـناك پـەل دەكێشـێت، ئیتـر لەوێـدا، بەهـۆی موبالەغـەی زیـاد لـە حـەدی خـۆی، لـە هەمـووی مەحـروم دەبێـت.
سۆفیا: دەی ڕۆبـن ئافرەت وایـە، كـە كەوتـە نـاو خۆشەویسـتییەوە خێـرا دەڕوات و خـۆی لەیـاد نامێنێـت و لـە بەرانبـەردا دەتوێتـەوە زۆرجـار.
ئیملـی: چەندیـن جـار وام لـێ هاتـووە، دواتـر خیانەتیشـم لـێ كـراوە! ئەنجـام ئەوەتـا، ئێسـتە مـن و سـۆفیا، هەردووكمـان نـە مێردمـان هەیـە، نـە منداڵ.. ڕۆبـن، تـۆ ئـەوە دەزانیـت؟
ڕۆبـن: هەركـە ئێـوەم، بـە سـەگەكانەوە بینـی، زانیـم؛ چونكـە چەندیـن جـار ئێـوە هـەر بەسـەگەوە دەمبینیـن، جـا چ سـەگێكیش JakeRussell ئـەم سـەگانە زۆر خەتـەر و پیسـن، لـە بەریتانیـا ناوبانگـی خراپیـان هەیـە، خـۆ ئـەوە دەزانـن؟
سۆفیا: وا مەڵێ؛ زۆرم خۆش دەوێ!
ئیملی: منیش زۆرم خۆش دەوێ!
ڕۆبـن: دەزانـن، ئێسـتە ئەسـڵەن یاسـاغە هەندێـك لـە جـۆری سـەگەكانت هەبێـت؟!

سۆفیا: چ جۆرێك یاساغە، نازانم.
ڕۆبن: ئەم جۆرانە یاساغە PitBullTerrier،JapaneseTosa،DogoArgentino،FilaBrasileiro، ئەوەی ئێوەش JakeRussell لە ترسناکەکانن، کە چەندین جار منداڵی ماڵەکانیان خواردووە!
ئیملی: ئێمە منداڵمان نییە.
ڕۆبن: من دەزانم فەراغتان هەیە، بۆیە سەگتان پێیە، هیوادارم بۆ شتی خراپیش بەکاری نەهێنن!
سۆفیا: من بەکاری دەهێنم بۆخۆ....
ئیملی: بوەستە سۆفیا، تەواوی مەکە، ڕۆبن.. سەگ ئیتر سەگە، هاوڕێیەتی خۆشە، ئەوەی من هەتا هەندێك ئیشیشم بۆ دەکات، تۆ بڵێ بۆ ڕقت لەسەگە؟!
ڕۆبن: ڕقم لە سەگ نییە، ئێوەم خۆش دەوێت.
سۆفیا: ئیملی پێم وتیت، گەنج هەرچەند بیهێنێت و بیبات، ناتوانێت لە خۆشەویستیی ئافرەت دەربازی ببێت، خۆ گوێت لێ بوو، چی وت؟!
ئیملی: سۆفیا، تۆ یەکسەر پێش دەکەویت، پێم وتیت دوێنێ کە سەیری سورەتی (الفرقان)مان کرد، وتم بەو شێوەیە سەیری ئەو مەکە، گەر ڕۆبن ئەو شتانەی مەبەست بوایە؛ ڕێنموونی نەدەکردین بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە!
ڕۆبن: سۆفیا ببیستە، ئیملیم زۆر زۆر خۆش دەوێت!
سۆفیا: کەواتە: من بەجێتان دەهێڵم، بۆ خۆتان خۆشەویستیی خۆتان بکەن، سەگەکەم لەماڵەوە بەتەنها جێ هێشتووە، من دەڕۆم.
ئیملی: پێم وتیت سۆفیا، ئارامت هەبێت، سوێند دەخۆم بە (Jesus)، ئەم گەنجە بەو جۆرە نییە، کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

ڕۆبن: گەر تۆ بڕۆیت سۆفیا، منیش دەڕۆم!
سـۆفیا: مەگـەر تـۆ حـەزت لـە خۆشەویسـتی نییـە لەگـەڵ ئیملیـدا، ئـێ منیـش بەتەنهـا بەجێتـان دەهێڵـم، بـۆ خۆتـان خۆشەویسـتیی خۆتـان بکـەن.
ئیملی: بەڕاست ڕۆبن، گەر سۆفیا بڕوات؛ تۆش دەڕۆیت؟
ڕۆبـن: لـە شـەرعی ئێمـەدا، دروسـت نییـە، ئافرەتێـك و پیاوێـك بەتەنها پێکـەوە بـن، ئەگـەر سـۆفیا بـڕوات و مـن بەتەنهـا بمێنمـەوە، ئـەوە چـاك نییـە.
ئیملی بۆچـی سـوێندت خـوارد بـە (Jesus)، مەگـەر تـۆ کۆتایـی سـورەتی (الفرقـان)ت نەخوێندووەتـەوە، وەك پێشـتر ئاماژەشـت پـێ کـرد، لەیـەك دەقـدا، هـەم وەڵامـی تـۆش و هەمیـش وەڵامـی سـۆفیای تێدایـە!
سۆفیا: چ جۆرە وەڵامێك؟
ئیملـی: ڕۆبـن، بۆچـی خـۆت شـی ناکەیتـەوە؟ ئێمـە وەك خـۆی لێـی تـێ ناگەیـن، تکایـە شـتێکی لەسـەر بڵـێ، دوێنێـش نەتـوت، ئەوەتـا ئیسـتە خۆشـمان خوێندوومانەتـەوە، شـتێکی لەسـەر بڵـێ!
ڕۆبـن: لـە سورەتی (الفرقـان)دا ئایەتـی ٦٨ وەڵامەکانـی هەمـووی تێدایـە، کـە دەفەرمـوێ: (وَالَّذِيـنَ لَا يَدْعُـونَ مَـعَ اللَّهِ إِلَٰهًـا آخَـرَ وَلَا يَقْتُلُـونَ النَّفْـسَ الَّتِـي حَـرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَـقِّ وَلَا يَزْنُـونَ ۚ وَمَـن يَفْعَـلْ ذَٰلِـكَ يَلْـقَ أَثَامًـا)
خەسڵەتی مرۆڤی ئیماندار، هەموو ئەوانەی دەبێت تێدا بێت:
١- هاوار ناکەنە غەیری خوای گەورە (الله).
٢- دەستیان ناچێتە خوێنی خەڵك و کوشتار ناکەن.
٣- زینـا ناکـەن، واتـە: زیناکـەر نیـن و بەناشـەرعی لەگـەڵ کەسدا ناخـەون (adulterers).
سـۆفیا: ئـەو وشـەت لەکـوێ هێنـاوە (adulterers) ئـەوەم لـە پیـرەکان

بیستووه؟!
ئیملی: ڕۆبن، ئەو وشە ئینگلیزییە؟ یان لاتین و زمانی ترە؟
ڕۆبن: ئەو وشە هەم ئینگلیزییە و هەمیش لە (Bible)دا هاتووه، ئێوه لەبەرئەوەی لە ڕۆحیەتی دینەکەی خۆشتان دوور کەوتوونەتەوە، بەلاتانەوە ئاساییە، لەگەڵ سەگیشدا ئم...ببووره.
سۆفیا: نە پیاو پێمان ڕازییە، نە سەگیشمان پێ ڕەوا دەبینن! سەرڕەشێکی نابووتی وەك تۆش، خۆی کردووه بە مامۆستامان! یەڵڵا ئیملی، با بڕۆین.
ئیملی: سۆفیا، تۆ دانیشە، قسە مەکە، من دەمەوێت لەگەڵ ڕۆبن قسە بکەم.
ڕۆبن: سۆفیا، با یەك شتت پێ بڵێم، من لەم وڵاتەدا خوشکم نییە، فەراغی بێخوشکیم هەیە، دوو خوشکم هەیە لە کوردستانن، خوشکێکیشم مردووه، زۆرجار بیری ئەو خوشکەم دەکەمەوە دەگریم، ناوی لەیلا بوو، حەز دەکەم تۆ ببیت بە خوشکم؛ چونکە فەراغی خوشك لە ناخمدا هەیە، زۆر خۆشە کاتێك خوشك و برا پێکەوە قسە دەکەن و لەیەك تێ بگەن.
سۆفیا: ئم...نازانم چی بڵێم! داوایەکی سەیرە، ئەوە وەڵامەکەی من بوو، یان ئیحراجم دەکەیت؟
ئیملی: سۆفیا یەکسەر قبووڵی بکە، برای وا، دەستی کێ دەکەوێت؟!
ڕۆبن: کەواتە: پێش سۆفیا، تۆ برایەتیی منت قبووڵ کرد ئیملی، زۆر سوپاست دەکەم، خۆشحاڵم ئێستە لە پاڵ دوو خوشکی خۆمدام.
سۆفیا: من برای وەك تۆم ناوێت، قەڵەوی ناشرین!
ئیملی: بوەست سۆفیا، ئازاری مەدە!
ڕۆبن: قەینا قبووڵمە، من قەرزاری سۆفیام، پێم وت پیرێژن،

ئـەوە حەقەکـەی خـۆی کـردەوە، مـن ڕێجیـم دەکـەم و هەندێـك خـۆم دادەبەزێنـم، تـۆش خـۆت گەنـج بکـەرەوە.

سۆفیا: کەواتـە: (CosmeticSurgery)ی بکـەم، جا کێ پارەکـەی بـدات؟ دەزانیـت چەنـد گرانـە!

ئیملـی: سـۆفیا، وتـم ئەوەنـدە پێـش مەکـەوە، حەتمـەن ڕۆبـن مەبەسـتی تـری هەیـە.

ڕۆبـن: سـۆفیا بـا هەردووکمـان، بەسروشـتی خۆمـان جـوان بکەیـن، خـۆ هەیـە بـۆ نەمانـی قەڵەوییەکـەی، بـە عەمەلیـات خـۆی لاواز دەکات، مـن پـارە نـادەم بـۆ ئـەوە، بەسروشـتی و پارێـز، خـۆم دادەبەزێنـم، تـۆش بەسروشـتی، خـۆت جـوان بکـە!

سـۆفیا: جـا ئـەوە چـۆن دەبێـت، تـۆ خـۆت وتـت پیرێـژن، پیرێـژن، ئـەم چرچولۆچییـە، بەچـی لا دەچێـت؟!

ئیملـی: سـۆفیا، ناتوانیـت هەندێـك ئـارام بگریـت؛ تـا ڕۆبـن قسـەکانی تـەواو بـکات؟!

ڕۆبـن: سـۆفیا گـوێ لـەم خوشـکەی خـۆت بگـرە، بـا هەردووکمـان فێـری ئارامیـی بیـن لێـوەی، عەمەلیـات و (CosmeticSurgery) ڕووکـەش دەگۆڕێـت، نـاخ ناگۆڕێـت، جوانـی دەبێـت لەنـاوەوە بێـت، نـەك دەرەوە.. جوانیـی دەرەوە، هەرچەنـد گرنگـی پـێ بدەیـت، هـەر ڕۆژێـك دێـت و بەسـەر دەچێـت، بـەڵام جوانیـی نـاوەوە، هـەزاران سـاڵ تەمەنـی دەبێـت، سـەدان ئافـرەت مـن نەمدیـون بەچـاو، بـەڵام دەزانـم جوانییەکەشـیان چـۆن بـووە، نـەك جوانیـی جەسـتەیی، ئـەو جوانییـەی کـە لەناخیـدا بـووە، جەستەشـی ژێربـار کـردووە بەکردنـی چاکـە، کاری چاکـە، هەرگیـز پیـر نابێـت، تەمەنـی چاکـە زۆر درێـژە، بـا تەمەنـی چاکەکانمـان درێـژ بکەیـن، تەمەنـی خۆمـان کەمـە، کۆتایـی پـێ دێـت، زوو یـان درەنـگ،

ببوورن ئەوەش دەڵێم لەوەیە زۆریشمان نەمابێت.
بۆ دەگریت سۆفیا، ببوورە نامەوێت ئازارت بدەم.
سۆفیا: من شێتم، شێواوم، دەزانم ئەم قسانەی تۆ ڕاستە، بەڵام دڵم نایەوێت قبووڵی بکات، هێزێك پاڵم پێوە دەنێت؛ بڕۆمەوە بۆلای سەگەکەم.
ئیملی: سۆفیا گیان، نارەحەت مەبە، من ناهێڵم بڕۆیت؛ چونکە تۆ بڕۆیت، ڕۆبنیش دەڕوات، ئیتر ئەم گفتوگۆیەمان لەدەست دەچێت، یەکەم جارە لەژیانمدا بەگەرمی و بەم شێوەیە، لەگەڵ کەسانی تردا، گفتوگۆم کردبێت.
ڕۆبن: سۆفیا ئەوە بزانە، ئیتر ئیملی خوشکی گەورەی منە، ماڵیشتان دەزانین، بەئاسانی وازت لێ ناهێنین؛ چونکە هەردەم دەکرێت خوشکێکی لاساریش هەبێت، خۆ نابێت خوشك و براکانی پشتی تێ بکەن، دەبێت گەر ڕۆشتیش؛ بیهێننەوە، لای ئێمە خۆ وا نییە، کچێك بڕوات دەیکوژن! ناچن بەهێمنی دەست بخەنە سەرشانی و بیهێننەوە؛ چونکە لەوانەیە خەتای ئەوان بووبێت، کە کچ لە ماڵ بڕوات!
ئەگەر تۆ بڕۆیت، من دواتر لۆمەی خۆم دەکەم، دەڵێم حەتمەن هەڵەیەك لەمندا هەیە، گەرنا سۆفیای خوشکم، چۆن دەڕوات؟!
سۆفیا: تۆ هەر بەڕاست، بە من دەڵێی خوشك؟! من چۆن باوەڕ بەم قسەیە بکەم؟!
ئیملی: من باوەڕم کردووە، سۆفیا تۆش باوەڕ بکە.
ڕۆبن: سۆفیا، لەوانەیە تۆ لە خانەوادەیەکی زۆر شێواوەوە هاتبێتیتە دونیا، هەستی برایەتیت نەدیبێت، بۆیە تێ ناگەیت، بەڵام درەنگ نەبووە، دەتوانین ئەو خانەوادە چاك بکەینەوە!
سۆفیا: من هەر نازانم دایك و باوکم کێیە، چاوم بە دونیا هەڵهێنا، لە

لای (سۆشیاڵ) بووم، کەس پێی نەوتووم خوشك؛ تا بزانم برا واتای چی؟ من نازانم باوك و دایك چییە، چجای برا!
ئیملی: سۆفیا منیش یەك برام هەیە لە ئەمریکایە، هەرئەوەندە دەزانم لە ئەمریکایە، قەت تەلەفۆنیشم بۆ ناکات، ئەمە برایە بەم شێوەیە گوێمان لێ دەگرێت، بەڵام ببوورە ڕۆبن، تۆ وتت چاکی دەکەینەوە، ئەو کە نییەتی، چۆن چاکی دەکەیت؟!
ڕۆبن: دەی ئەوەتا، خۆی هەر ئێستە چاك بووە، مەگەر خۆمان تێکی بدەین، هەر ئێستە خۆی چاکە، ئەوەتا دوو خوشك و برایەك پێکەوە قسە دەکەن، لەوە چاکتر هههە، سۆفیا شەوانە هەندێك گوێ لە (MuftiMenk) بگرە، زانایەکی ئیسلامییە خەڵکی زیمبابۆیە، هاوکاریت دەکات لەوەی دواتر چاکتر لەیەك تێ بگەین و دەبین بە خانەوادەیەکی بەهێزیش.
سۆفیا: واتە: دێیت بۆ ماڵمان؟!
ئیملی: ئەی بۆچی نایەت دێت، بەڵام حەتمەن دەبێت پێکەوە بین؛ چونکە بەتەنها نایەت هههە.
ڕۆبن: دەبینی سۆفیا، ئیملی چەند هەردووکمانی خۆش دەوێت.
سۆفیا: من هەر لەسەرەتاوە تۆم خۆش ویست، بەڵام تۆ خۆت ئاڕاستەکەت دەگۆڕی!
ئیملی: سۆفیا، وەزعەکە خراپ مەکەرەوە.
ڕۆبن:ئەو خەسڵەتانەی کەسێك تێیدا ڕۆچوو بێت؛ بەئاسانی ناگۆڕێن، سۆفیا گوێ زۆر بگرە لە (MuftiMenk) ئەوە برای منە، جوانتر لە من تێت دەگەیەنێت.
سۆفیا: یانی تۆ ئەسڵ خەڵکی (Zimbabwe)یت؟
ئیملی: مەگەر پێشتر نەتوت: خەڵکی کوردستانم؟!

ڕۆبـن: ئێسـتە مـن دوو خوشـكی خـۆم لەپاڵمدایـەو خەڵكـی بەریتانیـان، مـن خەڵكـی بەریتانیـام؟!
سۆفیا: ئێستە تێگەشتم.
ئیملی: زۆر باش بوو سۆفیا، ئەم جارە تێ گەشتیت ههە.
ڕۆبن: بهێڵە ئیملی دڵی كرایەوە.
سۆفیا: لەبەرچاوم گۆڕایت ڕۆبن.
ئیملـی: هەریەكـەم ڕۆژ دوای وتارەكـە، لای مـن جیـاواز دیـار بـوو، هەرگیـز ئـەوەم لەبیـر ناچێـت كـە وتـت: (مرۆڤـی ژیـر، ئـازار بـە ئـازار چارەسـەر نـاكات، بەلانـی كەمـەوە هێوركەرەوەیـەك دەخوات؛ تـا زەینـی بەتەواوەتی بێتـەوە سـەرخۆی و بـەدوای عیلاجـی هەمیشـەییدا بگـەڕێ).
ڕۆبـن: كەواتـە: ئێسـتە هێوریـن و پێویسـتە عیلاجـی هەمیشـەیی وەرگریـن؟ تـۆ چـی دەڵێـی سـۆفیا؟
سـۆفیا: بـا ئەمشـەو گـوێ بگـرم لـەو كابرایـە؛ چونكـە بەشـێوەیەك خسـتنە زەینمـەوە، لەیـادم نەچێـت!
ئیملی: منیش دێم و پێكەوە گوێی لێ دەگرین.
ڕۆبن: كەواتە: بەیانی یەك دەبینینەوە.
..............
دوای ئـەوەی گوێیـان لـە كۆمەڵێـك وتـاری موفتـی مینـك گـرت و بەیـەك گەشـتینەوە..
ڕۆبـن: ڕووتـان گەشـە ئەمـڕۆ، دیـارە سـوودی باشـتان لـە موفتـی وەرگرتـووە، وتارەكانـی بەهێـزن وایـە؟ ئینگلیزییەكەشـی زۆر ڕوون و تێگەیەنـەرە.
سۆفیا: ئیملی بیهێشتایە، دوای یەكەم وتار، ئیتر گوێم لێ نەدەگرتەوە!
ئیملـی: بـەڵام سـۆفیا، چیـژت لەگوێگرتنـی وەردەگـرت، هەرگیـز بـەو

شـێوەیە بەبـێ دەنگـی نەمدیویـت! مـن سوپاسـی تـۆ دەکـەم ڕۆبـن، کـە موفتیـت پـێ ناسـاندین، پێـم وایـە دەبێـت زیاتـر گوێـی لـێ بگریـن، بەشـێوەیەکی جیـاواز فێـری ژیانمـان دەکات.
ڕۆبـن: هـەر ئەوەنـدەی ئێسـتە وتـت، زۆر چاکـە؛ چونکـە گـەر ڕقـت لـە کەسـێك ببێتـەوە؛ ئـەو ڕقـە دەبێتـە ڕێگـر و حەقەکانـی لـێ وەرناگریـت، نـەك ئـەوەی کـە دەیڵـێ حـەق نەبێـت.. نـا، بەڵکـو ڕقەکـە وات لـێ دەکات، بێبـەش بیـت لـە باشـەکانی.
سۆفیا: کەسی ناشرین، دەبێت ڕقت لێی بێتەوە.
ئیملی: سۆفیا وا مەڵێ، ڕۆبن پێی ناخۆشە!
ڕۆبن:زۆرجـار ناشـرینی، تێگەشـتنێکە خۆمـان لـە زەینـی خۆمانـدا دروسـتی دەکەیـن، ئەوسـا هەرکەسـمان بـە دڵ نەبـوو، ئـەو بەرگـەی بـە بـەردا دەکەیـن، کەواتـە: ئـەوە بەرانبـەر نییـە، کـە ناشـرین بێـت، بەڵکـو ناشـرینییەکە لـە زەینـی خۆماندایـە، وا دەکات جوانییـەکان نەبینیـن، بـۆ نموونـە: ئێسـتە چـاوت بنووقێنـە، بەرچـاوت تاریـك دەبێـت، کـە کردتـەوە ڕوونـاك دەبێتـەوە، ئەویـش هەروایـە، ئـەوە تـۆ خۆتیـت، بەرچـاوی خـۆت تاریـك دەکەیـت، نـەك لـەوەی کـە تاریـك بێـت.
سۆفیا: تۆ بەم شێوەیە بەرگری لە موفتی دەکەیت!
ئیملی: سۆفیا، ئەوە ڕوونکردنەوەیەکی جوان بوو.
ڕۆبـن: بەرگـری لـە موفتـی نییـە، نیشـاندانی پەیامەکانـی موفتییـە، بەرگریشـە لـە تـۆ بەشـێوەیەکی تـر؛ تـا وا نەکەیـت لـە خـۆت، حەقەکانـت پـێ نـەگات و خۆتـی لـێ مەحـروم بکەیـت، موفتـی مینـك پێویسـتی بـە بەرگریـی مـن نییـە، مـن ئێسـتە بەرامبـەری ئێـوەم، بەرگـری لـە ئێـوە دەکـەم.
سۆفیا: من کەمێك دوور دەکەمەوە و پیاسەیەك بە سەگەکەم دەکەم.

ئیملـی: بمێنـەرەوە سـۆفیا، کـە ڕۆبـن ڕۆشـت، ئەوسا پیاسـەش دەکەیـن، ئـەو لەبـەر ئێمـە لێرەیـە.
ڕۆبن: ئیملی، ئەی تۆ چۆن سەگەکەت نەهێناوە؟
ئیملـی: ڕاسـتی لەوەیـە بەلاتـەوە سـەیر بێـت، هـەر دوێنـێ خسـتمە ئەنتەرنێتـەوە و فرۆشـتم!
سـۆفیا: دەبینـی، ڕۆبـن مێشـکی تێـك داویـت، ئـەو سـەگە جوانـەت هەرزانفـرۆش کـردا!
ڕۆبـن: سـەگەکەی بەهـەرزان فرۆشـتووە، بـەڵام خـۆی پـێ گـران بـووە، مـرۆڤ چـۆن دەبێـت ببێتـە هاوڕێـی سـەگ، ئەگـەر کوێـر و نوقسـان بێـت و کەسـی نەبێـت؛ ئەوسـا دەڵێـم: ئاسـاییە لـەو سـەگانەی هەبێـت، کـە مـرۆڤ ڕادەکێشـێت، بـەڵام هیـچ لۆژیـك نییـە، گەماڵێـك بهێنیتـە ماڵـەوە و پـارەی دونیـای بـۆ سـەرف بکەیـت و ماڵەکـەش پیـس بـکات، لـە کۆتاییشـدا ئـەو هـەر سـەگە، خـۆ بـەم مەسـروف و ئەزیەتـە، نابێتـە مـرۆڤ، سـەگەکە پلـەی بـەرز بووەتـەوە، بـەڵام بـەم ڕاگرتنـە، مرۆڤەکـە پلـەی نـزم دەبێتـەوە!
سۆفیا: ئەمـە سـووکایەتییە بـە منـی دەکەیـت، لەبـەر ئـەوەی وتـم: سـوود لـە سـەگەکەم وەردەگـرم بـۆ .....
ئیملـی: ڕاسـتی ڕۆبـن، موفتـی منـی خسـتە نـاو کۆمەڵێـك بیرکردنـەوەی جیـاوازەوە، ئەوەنـدە پێـوەی سـەرقاڵم ئێسـتە، زۆر ئـاگام لـە تـۆش نییـە.
ڕۆبـن: ئـەوە شـتێکی باشـە، مـرۆڤ دەبێـت بـەردەوام بـە بیرۆکـە و باسـی گرنگـەوە سـەرقاڵ بێـت، نـەك بـە سـەگەوە.
سۆفیا: هەم دیسان لەسەر منە!
ئیملی: سۆفیا تۆ بۆ هەردەم دەیبەیتەوە سەر خۆت.
ڕۆبـن: مـن ئیتـر بەجێتـان دەهێڵـم، ئەمـە کۆتـا دیـدارە، تـا سـێ مانگـی

تریش؛ چونکە سەفەری کوردستان دەکەم و بەئاسانی ناگەڕێمەوە.
سۆفیا: سێ مانگ! جا زۆری تێ ناچێت؟! چۆن دەتوانیت سێ مانگ لە سەفەردا بمێنیتەوە؟! خۆ ئێمە بەهەزارحاڵ سەفەرێکی یەک حەفتەیمان پێ دەکرێت.
ئیملی: سۆفیا تۆ کە نازانیت ڕۆبن چی دەکات و چی هەیە؟ عەیبە ئەو پرسیارانە، ئەوە شەخسییە.
ڕۆبن: خۆزگە هەموو کەس وەك تۆ بیری دەکردەوە ئیملی، ئەو پرسیارە زۆر کەسی تریش لێم دەپرسێت، زۆرجار کە سەفەر دەکەم دەڵێن: پارەت لەکوێ بوو، بۆ ئەم سەفەرانە، کەچی خەڵکی بێئاگایە لەوەی زۆرێك لە سەفەرەکان، نەك پارەی تێدا سەرف ناکەم، بەڵکو پارەی زۆریشم لێوەی دەست دەکەوێت، لە جێگەیەك کارم دەکرد، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان بووم، جاری وا هەبوو لە مانگێکدا دەڕۆشتمە ١٠ وڵات، هەموو ڕۆژێك پارەم بۆ حسێب دەکرا، لەگەڵ مەسرەفیش، بۆ ئەو گرێبەستانەش کە دەمکرد، لە زانکۆکاندا، پارەم وەردەگرت.
بۆ کوردستانیش ماڵی کەسوکارم لەوێیە و ماڵی خۆشم هەیە لەوێ، خۆ پارەی هوتێل و شت نادەین.
سۆفیا: ئم... دەی بمبە لەگەڵ خۆت؛ با بزانم کوردستان چۆنە هههە.
ئیملی: حەزی لە سەفەرە سۆفیا هههە.
ڕۆبن: جا خۆ بەم گەماڵەوە بیبەم بۆ کوردستان، حەیا و شەرەفم نامێنێ هههە، سەگەکەی پێ نەبێت، دەکرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، بڵێم ئەمە خەبیری نەوتە و دوو مەسولیشی پێ هەڵخەڵەتێنم هههە.
سۆفیا: بمبە سەگەکە ناهێنم، عەینەکێکی ڕەش دەکەمە چاوم و، هەرچی بڵێی وا دەکەم هههە.

ئیملـی: عادەتـی ئـەوان جیـاوازە سـۆفیا، دەبێـت دەموچاویشـت دیـار نەبێـت هههـە.
ڕۆبـن: نـا، عادەتـی ئێمـە وا نییـە، کـە دەموچـاو داپۆشـرێت، وەك ئێـرە هەمـوو جـۆرە هەیـە، بگـرە لێـرە خراپتریـش هەیـە، ئـەوەی هەندێـك ئافرەت لای ئێمـە دەیـکات، لێرەش ناکرێـت، تەنها سـەگ بەخێـو نەدەکرا، ئێسـتە ئـەوەش پەیـدا بـووە!
سۆفیا: کەواتە: دەکرێت، بەم شێوەیە بێم و سەگەکەشم لەگەڵدا بێت.
ئیملی: پێم وا نییە ڕۆبن ڕێگە بدات، سەگ بڕواتە ناوماڵیان.
ڕۆبن: ئێمە لە کوردستان، سەگیشمان هەیە هههە.
سۆفیا: دەی ئیتر بۆ ئەوەندە ڕقت لە سەگە؟
ئیملی: بەڕاستە ڕۆبن، یان گاڵتە دەکەیت؟
ڕۆبـن: بەڵـێ، ئێمـە سـەگمان هەیـە، باوکـم مەزرەعـەی ئاژەڵـی هەیـە، چەند سـەگێکمان هەیـە، بـەڵام لـە دەرەوەیـە، بـۆ پاسـەوانیکردن لـە ئاژەڵـەکان، نـەك وەك ئێـوە خۆتـان پاسـەوانی سـەگەکان بکـەن، مـرۆڤ دەبێـت ئاژەڵـەکان بخاتـە خزمەتـی خـۆی، نـەك ببێتـە خزمەتـکاری سـەگەکان.
سـۆفیا: گـەر ئیملـی وازم لـێ بهێنێـت، هەرگیـز ئامادەنیـم گـوێ لـە تـۆ بگـرم، سـەگەکەم زۆر لـە تـۆ خۆشـتر دەوێـت، خزمەتـی دەکـەم و لـە سـەدی وەك ئێـوەش پێـم باشـترە.
ئیملـی: سۆفیا، ئەمانـە چ قسـەیەکە دەیکەیـت، هـەر بـەم قسـانە شـکاتت لـێ بـکات تووشـی سـزای گـەورە دەبیـت، ئەوەتـا منیـش گوێـم لێیـە، ناتوانـم شـاهیدی نـەدەم دواتـر!
ڕۆبـن: مـن شـکات ناکـەم؛ تـا سـزای بـدەن؛ چونکـە ئـەو بیرکردنەوەیـە، بۆخـۆی سـزایە، هیـوادارم سـۆفیا، خـۆت لـەو کۆتانـە دابماڵیـت؛ تـا زیاتـر ئـازاری خـۆت نەدەیـت، لەوەیـە حەقیشـت بێـت، لـە حەنانـی

دایـك و بـاوك بـەدوور بوویـت، دواتـر خـوا دەزانێـت چەنـد پیـاو هەڵیـان خەڵەتاندبێتـی، ئەوەتـا سـەگێکت لـە سـەدی وەك مـن پـێ باشـتر بێـت، لەوەیـە ناحەقیشـت نەبێـت؛ چونکـە کـەس جێگـەی سـەگەکەی بـۆ نەگرتوویـت، بـەڵام لـەوەدا حەقیشـت پـێ نـادەم، کـە لەوەیـە تـۆش جێگـەی سـەگێکت بـۆ کـەس نەگرتبێـت! مـرۆڤ گـەر خـۆی هاوکاریـی خـۆی نـەکات، نابێـت چاوەڕوانـی هـاوکاری لـە بەرامبـەر بـکات، هـەردەم دوو مـرۆڤ کـە پێکـەوە بـن، دەبێـت بەلانـی کەمـەوە دانەکیـان مـرۆڤ بێـت و سـیفەتە ئاژەڵییەکانـی تێـدا نەبێـت؛ تـا پێکـەوە بژیـن، زۆرینـەی ئـەو ژن و پیاوانـەی پێکـەوەن، نیشـانەی ئـەوە نییـە، کـە هەردووکیـان چاکـن نـا، زۆر کەمـن ئەوانـەی هەردووکیـان چـاك بـن، هـەردەم یەکێکیـان چاکـە و یەکێکیـان بزێـو و خراپـە، پیاوەکـە خراپـە و ژنەکـە تەوازونـی ڕادەگرێـت، یـا ژنەکـە خراپـە، پیاوەکـە تەوازونـی ڕادەگرێـت، بـەو شێوەیە ژیـان بەسـەر دەبـەن و منداڵێش دەخەنـەوە و قوربانیـی نێوانیان کەمتـرە، بـەڵام گـەر هەردووکیـان سیفەتە ئاژەڵییـەکان لـە خۆیانـدا زەق بکەنـەوە، دواتـر دەبێـت ببـن بـە هاودەمـی سـەگێك، یـان بـە تەنهـا بژیـن، یـان توانـای هاودەمـی سەگیشـیان نەبێـت، نابینـی ئەوانـەی کـە دەمـرن و دوای ماوەیەکـی زۆر پێیـان دەزانـن، ئـەوە زۆرینـەی هـەرە زۆری ئـەوە ئەنجامەکەیەتـی، بـەڵام ئەگـەر تـۆ بـەم شـێوەیە بمریـت، دوای چەنـد ڕۆژێـك سـەگەکەت دەتخـوات!

سۆفیا: ڕۆبن تۆ هەر شێوەشت لە سەگ دەچێت، ئیملی با بڕۆین!

ڕۆبـن: دەی باشـە، شـێوەم لـە سـەگ دەچێـت، بۆچـی ڕقـت لێمـە؟ خـۆ تـۆ سـەگت خـۆش دەوێ؟! هههـ.

سۆفیا: بەس پێم بڵێ: تۆ چیت لە ئێمە دەوێ؟!

ڕۆبـن: سـۆفیا خانـم، حـەق وایـە ئـەو پرسـیارە، لـە خـۆت بپرسـیت،

هاوکاریشت دەکەم، دەمەوێت خۆت پاك بکەیتەوە، لەو هەموو حیقد و قینەی لە ناختدا پەروەردەت کردووە!
سەیری قورئان بکە، چەند جوان پەروەردەمان دەکات و دەفەرمویٚ: (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا) لە زمانی عەرەبیدا (قد) ئەداتی تەوکیدە، جا کاتێك کە داخلی سەر فعلێکی ماضی دەبێت، ئیتر موعجیزە دەخولقێنێت، موعجیزەکەش ئەو پاکییەیە کە هەرکەس پێی هەستێت، تۆ کە خۆت، لە پۆخڵەواتە دەروونییەکان پاك دەکەیتەوە، ئەوسا عەزەمەتی ئیسلامت بۆ دەردەکەوێت، کە بە چ دەقێك هاوکاریت دەکات، تا کەسێکی پاك بیت.
سۆفیا: قورئان و هاوکاری!
ڕۆبن: سۆفیا سورەتی المؤمنون بە (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ) دەست پیٚ دەکات، واتە: ئیماندارەکان سەرکەوتوون! بەهەمان ئەدات و هەمان فعل، کە پێشتر باسم کرد، ئەم متمانەییە هەر لە ئیسلامدا هەیە؛ چونکە شتێك بوو بە ڕابوردوو، هیچ گومانی تێدا نامێنێت، کە (أَفْلَحَ) خۆی فعلی ماضییە، کەچی (قد)یشی داخل بووە، ڕابردووەکەش تەئکید دەکاتەوە، بۆ ئیماندار کە هیشتا لە ژیاندایە و نەمردووە، بە زمانە عەرەبییەکە موضارعە، واتە: ئیماندارە هیشتا زیندووە و دەژی، ئەنجامەکەی بەو متمانەیە پیٚ وتراوە، تەنها لە قورئانیشدا ئەم متمانە و دڵنیاییە بەرچاو دەکەوێت، ها لە جێگەیەکی تریشدا دەفەرمویٚ: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّىٰ) دەبینی خوای گەورە چەند بە تەنگ ئێمەوەیە، کە خۆمان پاك بکەینەوە و بە پاکی بژین.
ڕۆمیش دەڵیٚ: لە مەزهەبی ئێمەدا، ڕق لە دڵگرتن کوفرە.
ئیملی: سۆفیا، سەیری ناوچاوی ڕۆبن بکە، چەند دڵسۆزی تێدایە بۆمان، ناچار نییە بەم شێوەیە قسەمان بۆ بکات، ڕۆبن خۆزگە وەك

تەلەبەیەك لات وانەم بخوێندایە! زۆر چێژم لەو شیکارییە وەرگرت! تۆ پێم بڵێ چی بکەم؟ بەدروستی ئەوە دەکەم!
ڕۆبن: کەواتە: ئێستە، ئیملی من و تۆ هاوڕاین، لەسەر ئەو خۆپاککردنەوە، دەبێت سۆفیا بەتەنها بەجێ نەهێڵین، گەر سۆفیا لەگەڵ ئێمە نەبێت، کەواتە: خەلەل لە من و تۆشدا هەیە.
سۆفیا: چۆن خۆم پاك بکەمەوە، لەناخەوە دەلەرزم، ئێستە ئێوە وا قسە دەکەن!
ڕۆبن: سۆفیا خانم، ئەوە پرسیارێکی زۆر قورسە، نازانم چۆن بەدروستی وەڵامی بدەمەوە؛ چونکە دەکرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت، پاککردنەوە بەو شێوەیە دەبێت کە خۆت لە تێگەشتنە هەڵەکان ڕاست بکەیتەوە، بۆ نموونە: تۆ لە زەین و ناخی خۆتدا، تێگەشتنێکت دروست کردووە، کە ڕقت لە من بێت، ئەم چەمکە خۆی ناتێگەشتنە و لای تۆ بووەتە تێگەشتن، دواتر ئازارێکی زۆرت دەدات، ئەم کێشەیەش زۆر بەربڵاوە و لەناو گشت کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەناوی قەومی و دینی و حیزبی و ناوچەگەری و زۆر زۆر شتی تر، هەموو ئەوانەش ئازاری زۆر دەچێژن، ئازارێك کە بنەمایەکی دروستی نییە، بۆ نموونە: تۆ ڕقت لەمنە؛ لەبەرئەوەی کە من ئینگلیز نیم و خەڵکی ئەم وڵاتە نیم، خۆ منیش دەتوانم ڕقم لە تۆ بێت؛ چونکە تۆش کورد نیت و خەڵکی وڵاکەی من نیت، هەموو مرۆڤایەتی لەو شتانەدا هاوبەشە و کەسیش دەستەڵاتی خۆی تێدا نەبوە، یەعنی ئەگەر تۆ لە ئەڤغانستان لەدایك بوویتایە، چ دەستەڵاتێکت هەبوو؟
سۆفیا: ئای کە ڕقم لە ئەڤغانییە! باسی ئەوانە هەر مەکە!
ڕۆبن: دەی خۆ ئەڤغانی، وەك چۆن بۆ تۆ بێگانەیە، بۆ منیش بەهەمان

شـێوە، بـەڵام بەپێچەوانـەوە مـن ئەڤغانییەکانـم زۆر خـۆش دەوێـت، گەلێکـی مەزڵومـن، دەبینـی تـۆ چەنـد ئـازار دەچێژیـت، شـەعبێکی مەزڵـوم ڕقـت لێـی بێتـەوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی ئەڤغانییـە!
ئینگلیـز زۆر ڕقـی لـە فەرەنسییەکانە، لەبـەر کێشـەی مێژوویـی، ئـەوەش هـەر هەڵەیـە، مـرۆڤ نابێـت بـە مەکینـەی سیاسـی و ئیعلامییـەکان ئیـش بـکات، ئـەوکات تـۆ دەبیـت بـە کەرەسـتەیەک بـۆ ئامانجەکانـی ئـەوان، هەرگیـز ڕق لـە دڵتـدا پـەروەردە مەکـە، یەکـەم کـەس کـە زەرەری لـێ دەکات، خـودی خۆتیـت!
ئیملـی: ئـەم بیرکردنـەوە زۆر لەناخـەوە دەمجووڵێنێـت، مـن زۆر ڕقـم لـە ئەڵمانەکانـە، وا دەکـەم ئیتـر ڕقـم لێیـان نەبێـت، مـادام زیانـی بـۆ خـۆم هەبێـت ئـەو ڕقـە!
سۆفیا: ئیملی، لێم ڕوونە، تۆ دەبیتە کەپڵی ڕۆبن!
ڕۆبـن: مەگـەر ئێمـە نەبوویـن بـە خوشـك و بـرا سـۆفیا، ئیتـر دەبێـت واز لـەو خەیاڵاتـە بهێنێـت!
سـۆفیا: جـا خوشـك و بـرا چییـە، بـۆ مەگـەر ناکرێـت خوشـك و بـراش ببـن بـە کەپڵـی یەکتـری، لـەم وڵاتـەدا بـاوك لەگـەڵ کچـدا ...، هـەزار هەواڵـی وام بەرچـاو و گـوێ کەوتـووە، چجـای خوشـك و بـرا، ئیتـر ئـارەزووات وایـە! ئیملـی مەیلـی بـۆ تۆیـە، تەسـدیقی قسەکانیشـی ئـەوە دەگەیەنێـت!
ئیملـی: ڕاسـتە سـۆفیا، ئـەو شـتانە هەیـە و دەکـرێ! بـەڵام ئـەو مرۆڤانـە مرۆڤـی چەپـەڵ و تێکشـکاون، دەبێـت پەیوەندیـی نێـوان بـاوك و کـچ و خوشـك و بـرا، زۆر لـە سـێکس گەورەتـر بێـت، سـۆفیا بـاوەڕ دەکەیـت یـان نـە، ڕۆبنیـش بیەوێـت مـن چیتـر ناتوانـم بـەو چـاوەوە سـەیری بکـەم، ئیحساسـم لـە بـرا زیاتـرە بـۆی، مـن ئیحساسـی برایەتیـم دروسـت نەکـردووە، بـەڵام ڕۆبـن، چەمکـی بـرای لـە زەینمـدا دروسـت کـردووە.

ڕۆبن: ئیتر ئێوە پێکەوە قسە بکەن، دەبێت بڕۆم، ئەوەتا تەلەفونێکی زۆریشم بۆهات، لە سەفەرەکەم گەڕامەوە، یەك دەبینینەوە، ئەوەش کاردی خۆمە، با یەکی کاردێکی منتان پێ بێت، ژمارە و ئیمەیڵ و هەموو شتێکی لەسەرە، دیوێکی کوردییە و دیوێکی ئینگلیزییە.

........................

یەکەم دیداری دوای ٣ مانگ

ڕۆبن: سڵاوتان لێ بێت، ئەڵبەت لە دوورەوە ئێوەم بینی، تووشی شۆك بووم، سۆفیا حیجابە و ئیملی سەری ڕووتە! ئەمە چ واتایەکی هەیە.

سۆفیا: چونکە ئەو نەرم بوو لەگەڵت و من ڕەق بووم، ئێستەش هەر وایە، بە حیجابەکەم دڵت خۆش نەبێت، من هەرگیز نابم بە موسڵمان، بەڵام ئەم حیجابەم هەرگیز لانابەم و بە موحاجەبەیی دەمێنمەوە.

ئیملی: ڕۆبن زۆر باش بوو هاتیتەوە، زۆرم لا مەبەست بوو، ڕاستە سۆفیا حیجابی کردووە، بەڵام من ئێستە موسڵمانم، پیرۆزباییم لێ ناکەیت؟ زیاتر لە مانگێکیش دەبێت نوێژیش دەکەم و دەڕۆم بۆ وانەکانی مزگەوتیش، لەگەڵ سۆفیادا.

ڕۆبن: ئەڵبەت زۆریش خۆشحاڵم و لە ناخی دڵمەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم، بەڵام بەلامەوە سەیرە، سۆفیا حیجابی کردووە و هاتوچۆی مزگەوتیش دەکات و موسڵمانیش نەبووە، بەڵام تۆ موسڵمانیت و حیجابیشت نەپۆشیوە؟

سۆفیا: ڕۆژێك بەتەنها ڕۆشتم بۆ وانەی گشتی، مامۆستاکە باسی حیجابی دەکرد، قەناعەتم کرد، کە حیجاب زۆر چاك و بەسوودە، چیتر ئامادە نیم، جەستەم بۆ کەس دەربخەم، بەهۆی ڕووتی جەستەمەوە، سەد جار زیاتر هەراسان کراوم، بەڵام لەو کاتەوە کە ئەزموونم

کردووە، یەك کەس پەنجەی بۆ درێژ نەکردووم.
ڕۆبن تۆ ئافرەت نیت؛ تا لەوە تێ بگەیت، کە کەسێك، بەشەهوەتەوە و بەبێ ویستی خۆم پەنجەیەکم لێ بدات، زۆرم پێ ناخۆشە، کە ئەوە زۆر زۆر لەم وڵاتەدا ڕوو دەدات، نەمدەزانی چۆن خۆمی لێ بپارێزم، بەتایبەت کە شەوان دەردەچم، یان کە بڕۆم بۆ قیتارەکانی ژێر زەوی لە لەندەن.
ئیملی: دەی سۆفیا، کوا ئێستە ئێمە ئەوەندە جێگەی تەماحین؛ تا دەستمان بۆ ببەن.
ڕۆبن:زۆرجار نەفسیەتی پیس، گوێ بە تەمەن نادات، هەیە تەماح دەکاتە ئاژەڵیش، بۆیە خۆپارێزی بە ڕێکارە شەرعییەکان، هەردەم گرنگیی خۆی هەیە.
سۆفیا: دەبینی ئیملی، ڕۆبن چ دەڵێ؟ من پێم گوتیت، کەچی تۆ باوەڕت نەدەکردا!
ئیملی: باشە، بۆچی ئیمامەکە پێی نەگوتم، دەبێت حیجاب بکەیت، هاوڕێیەکیشم لە مزگەوت وتی: کەسێك تەمەنی هەبێت؛ دەتوانێت حیجاب نەکات، هەشە کە دەڕۆین بۆ مزگەوت، تەنها بۆ مزگەوت حیجاب دەپۆشێت!
ڕۆبن: کەسێك کە موسڵمان دەبێت، زەحمەتە هەرچی شت هەیە، بەیەك جار وەری بگرێت، لەوەیە ئیمامەکە کە پێی نەگوتبیت، گونجاو نەبوو بێت بۆ ئەوکاتە، بەڵام نەوتنی ئیمام، مانای نەبوونی نییە، خۆ دین تەنها لە ئیمامەکانەوە وەرناگیرێت، لەیەك دانیشتندا هەندێك شتی بۆ ڕوون کردبێتیتەوە، مانای نەبوونی شتی تر نییە، ئیتر تۆ وردە وردە زیاتر و جوانتر فێر دەبیت.
ئەوەشی کە وتوویەتی: کەسی بەتەمەن دەتوانێت حیجاب نەکات،

بـەو شـێوە ڕەهاییـە نییـە، ئـەو دەقـە پێویسـتی بـە تێگەشـتنی وردتـرە، کـە کەسـی پیـر دەتوانێـت وەك گەنجەکـە زۆر ئیلتیـزام نـەکات بـە پۆشـاکەوە، بـۆ نموونـە: گەنجەکـە دوو سـەرپۆش دەدات بەسـەریدا، دانەیەکی بچـووك بـۆ ئـەوەی پێـش سـەری دیـار نەبێـت، دانەیەکـی تـر بـۆ هەمـوو سـەری، پیرەکـە دەکرێـت ئـەوەی پێـش سـەر، بـەکار نەهێنێـت و هەندێـك لـە قژیشـی دیـار بێـت کێشـەی نییـە، نـەك حیجـاب نـەکات و سـەر و پـێ و باڵـی لـێ ڕووت بکات وەك ئێستەی تـۆ! ئـەوەش بـۆ کێیـە؟ بـۆ کەسـانی پیـر، کـە ئیتـر کـەس تەماحـی بۆیـان نەبێـت، ئەوانـەی کـە چرچولـۆچ بـوون و ئیتـر کـەس زەوقـی لێیـان هەڵنەسێت، ئیملـی خانم تۆ دەڵێـی بووکیـت ئێسـتە، پیـاو حەیرانـت دەبێـت، نابێـت وا بیـر بکەیتـەوە، کەسـێکیش کـە ئیلتیـزام نـەکات و لای بـات و دواتـر بیپۆشـێتەوە ئـەوە بـۆ تـۆ دەلیـل نییـە، سـەیری ئایەتەکـە بکـە، چەنـد جـوان باسـی هەتـا پیرەکانیـش دەکات و دەفەرمـوێ: (وَالْقَوَاعِـدُ مِـنَ النِّسَـاءِ اللَّاتِـي لَا يَرْجُـونَ نِكَاحًـا فَلَيْـسَ عَلَيْهِـنَّ جُنَـاحٌ أَن يَضَعْـنَ ثِيَابَهُـنَّ غَيْـرَ مُتَبَرِّجَـاتٍ بِزِينَـةٍ ۖ وَأَن يَسْـتَعْفِفْنَ خَيْـرٌ لَّهُـنَّ ۗ وَاللَّهُ سَـمِيعٌ عَلِيـمٌ) دەبینـی هەتـا بـۆ پیرەکانیـش دەفەرمـوێ: (وَأَن يَسْـتَعْفِفْنَ خَيْـرٌ لَّهُـنَّ) هەتـا بـۆ پیرەکانیـش هـەر پابەندییەکـە خەیـری زیاتـری تێدایـە، بـا کەسـیش تەماحیشـیان تـێ نـەکات.

سـۆفیا: ڕێـك ئەمـەم مەبەسـت بـوو ئیملـی، مامۆسـتاکەش باسـی ئـەم شـتانەی کـرد، ئـەو ڕۆژەی کـە مـن لـەوێ بـووم، بـەڵام نەمدەزانـی وەك ڕۆبـن بۆتـی بـاس بکـەم، ئـەو ئایەتـە، مـن لەبـەرم نییـە.

ئیملـی: مـن وا تـێ نەگەشـتم، وتیـان ئەگـەر عـادەی مانگانـەت ڕاوەسـتا، ئیتـر ئەتوانیـت حیجـاب نەپۆشـیت؟

ڕۆبـن: نەخێـر وا نییـە، بەگشـتی بڕانـەوەی عـادەی مانگانـەی ئافـرەت،

لە ٤٥ ساڵی دەوەستێت و ئیتر منداڵی نابێت، ئەوە نیشانەی پیرییە، بەڵام نیشانەی پیری پێش ئەوەش هەر هەیە، لە ٣٠ ساڵییەوە مرۆڤ بەرەو لاوازی دەڕوات و نیشانەی پیرییە، بەڵام ئەو پیرییە، ئەو پیرە مەئویسییە نییە، هەیە لە ٦٠ ساڵیدا شوو دەکاتەوە هههە.
سۆفیا: من کارم بەو هەمـوو شـیکارییەوە نییە، بە ئەزمـوون بۆم دەرکەوتووە، ئەمە کارێکی زۆر باشە و ئاسوودەم بەم حیجابە، تەنها ئەوەم لا ناخۆشە، کە شەممان و یەکشەممان دەڕۆم بۆ خواردنەوە لە بارەکاندا، زۆر خراپ سەیرم دەکەن و دەترسن، بەلایانەوە زۆر سەیرە من دەخۆمەوە، هەتا هەیە دەشمناسیت و دێت دەڵێ: چییە؟! بوویت بە تیرۆریست؟! منیش دەڵێم: نا، هەروەك جارانم، بەڵام حەزی پێ دەکەم پۆشتە بم!
ئیملی: من کە دەڕۆم دەخۆمەوە، کەس هیچ پرسیارم لێ ناکات، هەروەك جارانە.
ڕۆبن: ئیملی کەسێك کە دین وەردەگرێت، ئەوە ئیتر موسڵمانە، بەڵام ئەوە پلەیەکی سەرەتاییە، دوای ئەوە دەبێت ببێتە ئیماندار، ئیمانداریێتیش بەتەواوی دونیا و قیامەتت خۆش دەکات، دیارە لە دونیادا، ڕەنگدانەوەی دەقەکان لە خۆتدا، ژیانت جیاواز دەکات، بۆ قیامەتیش ئەوە وەرگیراوتر و پەسەندترە، نەك تەنها بەشێکی کەمی دینەکە وەربگریت و لەوانی تری واز بهێنیت، ئیملی تۆ دەڕۆیت بۆ بار و حیجابیشت نەکردووە و نوێژیش دەکەیت، ئەم ئەخلاقیاتانە، لەگەڵ ئیسلامدا یەك ناگرنەوە، تۆ چی جیاوازییەکت هەیە لەگەڵ پێشتر، هەر قومارەکە ماوە، ئەویش بکەیت، تەنها نوێژەکەت زیادی کردووە.
سۆفیا: هههە قوماریش دەکات! من قوماریش ناکەم، موفتی مینك

گوێـم لـێ گـرت، جـوان شـی کـردەوە کـە بـۆ حەرامـە، وازم لـێ هێنـا، کەچـی ئیملـی دەڵـێ: مـن لـە منداڵییـەوە هەمـوو حەفتەیـەك (لۆتـەری، قومـار) دەبـڕم، هەتـا ئێسـتە بـۆم دەرنەچـووە، کـێ دەڵـێ بـۆم دەرناچێـت! چـۆن وازی لـێ بهێنـم؟! هههـە.
ئیملـی: دەی بۆچـی پێدەکەنیـت سـۆفیا؟ زۆرکـەس هەبـووە بـە پیـری بـۆی دەرچـووە، مـن گـەر وازی لـێ بهێنم؛ هەرچـی پـارەم داوە، هەمووی بـە فیـڕۆ دەڕوات.
ڕۆبـن: ئیملـی، قەرەبـووی حـەرام، بـە حـەرام ناکرێتـەوە.. هەرچیـت کـردووە، هەمـووی ڕۆشـتووە، ئیسـتە موسـڵمانیت، دەبێـت واز لەوانـە بهێنیـت، قەرەبـووت لـە خـوای گـەورە بوێـت و لەبـەر خـوای گـەورە واز لـەو کارە بهێنـە، خـۆ گـەر بەردەوامیـش بیـت، کـێ دەڵـی تـا مـردن هـەر بۆشـت دەردەچێـت، لـە ئیسـلامدا مامەڵـە دەبێـت وازح بێـت، شـتێك بدەیـت بـە شـتێك، نـەك شـتێك بدەیـت بـە وەهـم و ئەگەرێـك.. کـە تێیـدا پـارە بەفیـڕۆ دەڕوات.
لـە ڕۆژی قیامەتـدا پـارە دوو جـار پرسـیاری لێـوە دەکرێـت، جارێـك کـە چـۆن بەدەسـتت هێنـاوە، جارێکیـش کـە چـۆن سـەرفت کـردووە، ئـەوە بـۆ مەشـروبەکەش هـەر ڕاسـتە، جگـە لـە حەرامیـی کحوولەکـە بـۆ سـەرفکردنی پارەکـەش کـە بـۆ شـتێکی حـەرام بووە، هەمدیسـان کێشـەی تێدایـە.
سـۆفیا: ڕاسـتی شـتەکانی ئیسـلام، هەمـوو لۆژیکـی و جوانـە، مـن تـا بتوانـم جێبەجێـی دەکـەم، بـەڵام موسـڵمان نابـم، نامەوێـت خەڵکـی بـە موسـڵمان بمناسـێت.
ئیملـی: وایـە سـۆفیا، بـەڵام سـەختە دەسـتبەرداری گشـت خواسـت و ئاواتەکانـت ببیـت، مـن لەوەتـەی گـەورە بـووم، هەمـوو حەفتەیـەك

(لۆتـەری، قومـار) دەبـڕم و هەمـوو ئاواتـم ئەوەیـە و چـاوم لـەو ڕۆژەیـە، کـە ملیۆنێـك پاوەنـدم بـۆ دەربچێـت و ژیانـی خۆمـی بەتـەواوی پـێ بگـۆڕم، ئێسـتە دەسـتبەرداربوونی ئەمـە زەحمەتـە، دەی وا نییـە ڕۆبـن؟
ڕۆبـن: بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئەقڵـی مرۆڤـەکان، دەیـان فرتوفێـڵ هەیـە، لـە ئەنجامـدا هـەم پارەکەشیان دەبـەن و هەمیـش ئەقڵیشیان، دۆڕانی ئەقڵ، لـە دۆڕانـی پـارە خراپتـرە.. هەیـە ملیۆنەکەشـی بـۆ دەرچـووە؛ چونکـە ئەقڵەکـەی دۆڕانـدووە، دواتـر ئەویشـی لـە فێڵێکـی تـردا داناوەتـەوە، سـەرمایەی مـرۆڤ، ئـەو ژیرییەیـە کـە خـوای گـەورە پێـی داوە، کـە ئەوەی دۆڕانـد ئیتـر بـە ملیۆنـان پاوەنـد نایەتـەوە جێگـەی خـۆی، ملیۆنەرەکانـی جیهـان زۆرن، هـەم ژیانـی خۆشـیان و هەمیـش هـی خەڵکیـان تێك داوە، هـەر ئـەو جێگەیـەی کـە پارەکـەی تـۆ دەڕواتـە گیرفانیـان، بـەو شێوەیەیە.
مـرۆڤ بـە بەشـی خـوای گـەورە و حەڵاڵـی، قەناعـەت بـۆ خـۆی دروسـت نـەکات و چـاوی لـە حـەرام بێـت بـۆ تێربوونـی، ئەوسـا بـە حـەرام تێـر نابێـت، نابینـی حەرامخـۆرەکان هـەردەم هەڵپەیـان زیاتـرە؛ چونکـە نیعمەتـی قەناعەتیـان لـێ وەردەگیرێتـەوە، ئیتـر هـەردەم ئـەوەی کـە بـۆی ڕادەکات، هەرگیـز پێـی نـاگات.
سـۆفیا: تێگەشـتنێکی جوانـە، مـن ئیـش بـەم ڕێنوماییانـەی تـۆ دەکـەم، ئەگـەر ئیملیـش هـاوکارم بێـت چیتـر شـەممان و یەکشـەممان ناڕۆینـە دەرەوە؛ چونکـە مـن زیاتـر لەبـەر بێتاقەتـی دەرۆم.
ئیملـی: زۆر ناخۆشـە هەمـوو شـەممە و یەکشـەممەیەك هـەر لـە ماڵـەوە بیـت و نەڕۆیتـە دەرەوە، دەرەوە مەبەسـتم بـاڕ و دیسـکۆیە.
ڕۆبـن: ئەویـش وەك چەمکـی قەناعـەت بـۆ مادەکـە.. چێـژی حـەرام، مـرۆڤ تێـر نـاکات.. بۆیـە هـەردەم هەڵپـەی بـۆی تـەواو نابێـت، دەبێـت بـە تێگەشـتن و ژیـری و بکرێـت بـە قەناعـەت، ئەڵبـەت بـە پاڵپشـتی ئیمـان،

ئەوسا دڵەکە بە نەکردنەکە زیاتر ئۆقرە دەگرێت، وەك لە کردنەکە، واتە: هەروەك چێژ و خۆشیش، نەکردنی چێژی لە کردنی زیاترە.
سۆفیا: سەیرە، شتێك کە نەیکەیت، چۆن چێژی لە کردنەکەی زیاترە، بۆ نموونە: من نەڕۆمە دەرەوە، خۆشیم نەدیوە، چۆن ئەم چێژنەبینینە، چێژی لام زیاتر بێت؟!
ئیملی: پرسیارەکەی سۆفیا ڕاستە، تۆ چی دەڵێی ڕۆبن؟
ڕۆبن: چێژ لە قەناعەتدایە، ئەو قەناعەتە ئیمانییەی کە لە دڵدا جێگیر دەبێت، بەشێوەیەکی لێ دێت، تەنها چێژ لە کاری چاکە وەربگرێت، بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە پێی دەوترێت: چێژ، هەمووی جەستەییە، ئەو دڵ و ڕۆحە، بەو قەناعەتەوە ڕەدی دەکاتەوە، گەر بیشیکات؛ دواتر پەشیمان دەبێتەوە.. چێژی حەرام کاتییە، چێژی حەڵاڵ بەردەوامە.
کەسێك تاوانێك دەکات بۆ چێژێك، هەر لە دوای تاوانەکە، ئیتر کۆتایی بەو چێژە دێت، زۆریش بەپێچەوانەوە، دواتر تووشی خەفەت و ناڕەحەتی دەبێت، واتە: بە چەند بارە، چێژەکەی لێ وەردەگیرێتەوە، هەتا ئەگەر موسڵمانیش نەبێت، سۆفیا، هەر بۆ نموونە: تۆ تا ئێستە ئەوەی کە چێژت لێ وەرگرتووە و موسڵمانیش نیت، بیرت دەکەوێتەوە، ئازار ناچێژیت؟
سۆفیا: لەو ڕووەوە کە لە دەستم چووە، ئازار دەچێژم، واتە: هەوڵ دەدەم، دیسان دەستم بکەوێتەوە.
ئیملی: سۆفیا، کەواتە: گەر بیرمان ببەینە لای خاڵی چێژەکە، قسەکانی ڕۆبن تەواوە، تۆ ئێستە ئازار دەچێژیت!
ڕۆبن: بەڵام حەڵاڵ وا نییە، حەڵاڵ هەر دەقەیەك بکەوێتەوە بیرت، چێژی لێ وەردەگریت.. بۆ نموونە: کارێکی چاکەت کردووە، یان خۆت لە خراپەیەك پاراستووە، هەرکات چاکەکەی خۆت بکەوێتەوە بیر،

ئاسـووده دەبیـت، هـەرکات بێتـەوە یـادت، کـە چـۆن کارێکـی حەرامـت بـۆ هەڵکەوتـووە و نەتکـردووە، شاگەشـکە دەبیـت لـە خۆشـیدا؛ چونکـە گـەر بتکردایـە، ئێسـتە ئـەم چیـژەت دەسـت نەدەکـەوت، بۆیـە نیعمەتـی حـەڵاڵ بەردەوامـە، حـەرام کاتییـە.
سـۆفیا: بـەم وردییـە بیـرم نەکردووەتـەوە، ڕەنگدانـەوەی ئـەم تێگەشـتن و مانایانـە، تێگەشـتنی بـۆ مـن قورسـە.
ئیملی: بۆ منیش هەر قورسە.
ڕۆبـن: زۆر شـت کاتـی دەوێـت، ئێـوە بـە بـاوەڕ، بێبـاوەڕ و کـرداری و پێچەوانەییەکانیـش، هـەر بـەم شـێوەیە بـڕۆن، وردە وردە تـێ دەگـەن.
سۆفیا: ڕۆبـن، بـاش بـوو کەوتـەوە یـادم، لـە مزگـەوت گەشـتێکیان هەیـە، بـۆ باشـووری وەیڵـز، دەعوەتیـان کـردووم کـە بـڕۆم، ئیملیـش دەتوانیـت لەگەڵمـان بێـت، وتیـان بەویـش بڵـێ، جـا لەوانەیـە چەنـد حەفتەیـەك نەتوانیـن یـەك ببینیـن.
ئیملی: ئەوە خۆ باش دەبێت، بۆ پێت نەوتم سۆفیا؟
سـۆفیا: لەبیـرم نەبـوو، ئێسـتە پێـش ئـەوەی ڕۆبـن بـڕوات، کەوتـەوە یـادم، وتـم نـەوەك چـاوەڕێ بـکات و دواتـر نیگـەران بێـت.
ڕۆبـن: ئـەوە زۆر باشـە، ئێـوەی ئافـرەت بەشـداری ئـەو موخەیەمانـە بکەن، هـەم زیاتـر موسـڵمانەکان دەناسـن، هەمیـش زانیاریـی زۆر وەردەگـرن، هەمیـش پڕیەتـی لـە چێـژی حـەڵاڵ.
ئیملـی: ئەزموونـی لـەو شـێوەیەم نییـە، جگـە لـە دەرودەشـت و مزگـەوت، لەگـەڵ موسـڵماندا سـەفەرم نەکـردووە.
ڕۆبـن: یەکجـار تایبەتـە ئیملـی، زۆر خۆشـە ئـەو موخەیەمانـە، ژیانـی ڕاسـتی موسـڵمانان بەکـرداری دەبینیـت، پڕیەتـی لـە موسـابەقات و زانیاریـی مێنتڵـی و فیزکیـش.

سۆفیا: ئەوانیش وایان وت: (موخەیەم) بەس من ئەوەم بۆ لەبەر نەکرا، کە ئێستە تۆ وتت، ئەوسا ئەوەی ئەوانیشم کەوتەوە بیر.
ئیملی: موخەیەم چییە؟
ڕۆبن: موخەیەم واتە: چادرهەڵدان، کەمپەین.
سۆفیا: فێری عەرەبیش دەبین هەهە.
ئیملی: بە ڕۆبن بڵێی، دەڵێ: ئێوە پیرن و فێر نابن هەهە.
ڕۆبن: بەزمەکەیە هەهەهە، ئەوە بۆچی ئافرەت شتی لەبیر ناچێت، حەقتان کردەوە و منیش تەوبەم کرد، هەر قبووڵی ناکەن هەهەهە.
سۆفیا: هەم زانیاریمان پێ دەدەیت، هەم خەفەتمان پێ دەدەیت و هەمیش دەمانخەیتە پێکەنین هەهە.
ئیملی: شتی حەرام کە نەمانکردبێت، دەبێت ئاسوودەیمان پێ بدات، نەك خەفەت، ئاوا لە ڕۆبن تێگەشتم.. بەهەرحاڵ، بڕۆ ڕۆبن، دەتبینینەوە.
پاش سێ حەفتە.
ڕۆبن: سڵاوتان لێ بێت، ئەوە چییە؟ یەك مۆدێلن، جل و حیجاب، وەك یەك هەردووکی؟!.
سۆفیا: لەناوەوە وەك یەکین، وتمان با لە دەرەوەش، وەك یەك بین!
ئیملی: نەتگوت چۆن حیجابم پۆشیوە، بیرت لای مۆدیلەکەیەتی!
ڕۆبن: خۆ ئەوەش جێگەی پرسیارە و حەتمەن دەمپرسی، دەی مادام وایە، ئێستە ئەو وەڵامەم بدەرەوە.
سۆفیا: ڕۆبن، پێش ئیملی دەکەوم، ئەم موخەیەمە، موخەیەم نەبوو، دونیایەکی جیاواز بوو، زانکۆیەك بوو بۆ خۆی، من پێشتر کەمپەینم کردووە، زیاتر سەرقاڵی شاخەوانی و ماسیگرتن و ئاگرکردنەوە دەبوین بە شەو و سێکسکردن لە پێچەکاندا بووین، بەڵام ئەمە زۆر

زۆر جیـاواز بـوو.
ئیملـی: هـەر یەکـەم ڕۆژ کـە گەشـتین بـەوێ، لەگـەڵ ئافرەتێکـی مالیزیـدا، سـێ قۆڵـی کەوتینـە پیاسـە، دوای گفتوگۆیەکـی کـورت، یەکسـەر مالیزییەکـە وتـی: ئێـوە پێکـەوە دەتوانـن خۆتـان تەکمیلـە بکـەن، ببـن بـە کەسـی تـەواو؛ چونکـە هاوڕێیەتـی بـۆ پڕکردنـەوەی نوقسـانیەکانی یەکـە، بەمنـی وت: حەقـە حیجـاب لـە سۆفیاوە فێـر بیـت و خـۆت جـوان داپۆشـیت، بـە سۆفیاشـی وت: تـۆش باوەڕەکـەت تـەواو بکەیـت و لـە ئیملییـەوە فێـر بیـت، ئـەو قسـەیە ڕای وەشـاندم.
ڕۆبن: ئەی سۆفیا تۆ چیت وت!
سـۆفیا: ئەڵبـەت مـن بـاوەڕم هەبـوو وەك ئیملـی، بـەڵام دەمشـاردەوە، کـە ئـەو وای وت، یەکسـەر وتـم مـن قبووڵمـە.
ئیملـی: زۆر خـۆش بـوو ڕۆبـن، شـەوان کـە کـۆ دەبوینـەوە و قسـەمان دەکـرد، دونیایەکـی تـەواو جیـاواز بـوو، پێشـتر کەمپەینەکانـی ئێمـە لـە دوو خـاڵ بـەدەر نەبـوو، یـان بـاس و خواسـتی سـێکس، یـان کـرداری غەریـب، وەك کرمخـواردن و شـتی زۆر عەجایـب، بـەڵام ئـەم موخەیەمانـە بـەدوور بـوو لـە شـتی بێمانـا و جانبـی سـێکیش، بەڕاسـتی موسـڵمانم بەبـێ بەرنامـە دەزانـی، هەتـا بەرنامەکانیانـم بەچـاوی خـۆم دی، هەمـووی بەشـداری دەکـرد، زۆر خـۆش بـوو، ڕۆبـن، نزیکـی ٧٠٠ نەفـەر بوویـن، کەچـی دەتگـوت هەمـووی یـەك خێزانـە، هەتـا پێکـەوە نانمـان دەخـوارد، هاوکاریـی زۆر، بەڕاسـتی بەتـەواوی دروسـتی کردیـن.
ڕۆبـن: جالیـەی ئیسـلامی نیعمەتـە، هەتـا بەتـەواوی تێکەڵـی نەبیـت، لـە دەرەوە و لـە دوورەوە، زۆرجـار ناشـرین دیتـە پێـش چـاو.
سـۆفیا: ڕۆبـن، دیـاری زۆریشـیان بـە مـن بەخشـی، ئێسـتە هاوڕێـم زۆرە، تەلەفۆنـم بـۆ دەکـەن و پلانـی ترمـان هەیـە.

ئیملی: هههە باسی سەگەکەت بکە سۆفیا؟
سۆفیا: سەگەکەم ون بوو هههە، بەڵام ئەوەندە جەوەکەمان خۆش بوو، هەر بەدواشیدا نەگەڕام هههە، کورە با بڕوات.
ڕۆبن:سەگ هی بێکەسییە، ئێوە ئێستە کەستان زۆرە.
ئیملی: بزانە دەستی کێ دەکەوێت و بۆخۆی دەیفرۆشێت.
سۆفیا: ئەمە یەکەم جارم نییە، سەگم ون بێت، یان بدزرێت، هەتا ئیستە، چەندین جار سەگیان دزیوم.
ڕۆبن: هههە دەوەرە دز بێت و چش بدزێت، سەگ هههە، جێگەی پێکەنینە.
ئیملی: دەی پارە دەکات، بە ڕەش دەیفرۆشن، هەشە بۆ خۆی هەڵی دەگرێت.
سۆفیا: سەگەکەم لە کۆڵ بوویەوە، دەبێت ماڵەکە هەمووی بشۆم و هەندێك شت بگۆڕم، هەموو جێگەیەکی ماڵەوەمان، تووکی سەگەکەی پێوەیە.
ڕۆبن: ئیتر هاوڕێی خۆتان دەست کەوت و منیش ئیتر نایەمەوە بۆ ئێرە، بمبوورن ئەگەر ڕۆژێك ئەزیەتم دابن، ئێوە ئێستە بەڕاستی جوانن.
سۆفیا: سوپاسی خوای گەورە دەکەم، کە ئێوەی هێنایە سەر ڕێگەمان، لەبیرت نەچێت تۆ برامانی، براش نابێت خوشکی خۆی لەبیر بکات.
ئیملی: دەبینی سۆفیا چۆن قسە دەکات! ئێستە من غیرەی لێ دەکەم هههە .
ڕۆبن: هیدایەتی خوایی زۆر موهیمە، بەجدی هەنگاوی بۆ بنێیت، دەرگای سەرسوڕهێنەرت بۆ دەکرێتەوە، دەرگای فەهم و تێگەشتنی جوانتر، ژیانێکی پڕئاسوودەییتان بۆ دەخوازم.

سۆفیا: هەر ئێستە لەوپەڕی ئاسوودەییداین.
ئیملی: سۆفیا بووە بە سۆفی هەهە.
ڕۆبن: ئەو وشە لە کوێوە فێربوویت، سۆفی! لام سەیرە، حەز دەکەم بزانم!
سۆفیا: ڕۆژێک لە موخەیەمەکان تایبەت بوو بە باسی ڕۆح و قوڵبوونەوە تێیدا، ئەو وشەیان زۆر دووبارە دەکردەوە، لام بوو بە جێگەی تێبینی، پاککردنەوەی دڵ و دەروون و بژارکردنی.
ئیملی: ئێمە لە فەراغی ڕۆحی زۆردا ژیاوین، بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بدەین؛ تا قەرەبووی خۆمان بکەینەوە.
ڕۆبن: ئەوە ڕاستە، بۆیە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوروپی و ئەمریکییەکان کە موسڵمان دەبن، زیاتر جانبە ڕۆحییەکەیان قووڵترو ئیمانیترە، هەتا لە ئێمە زۆر زیاتر، من سەرسامی ئەوەتانم، زۆرجار بۆ بەهێزکردنەوەی ئیمان و جانبە ڕۆحییەکەی خۆم، گوێ لە ئێوەمانان دەگرم.
ئیتر بەخوای گەورەتان دەسپێرم.
تەواو بوو.
------
هەردووکیان ئێستە شوویان کردووە، سۆفیا خێزانی پیاوێکی تورکە، لە (بەیرامپاشا) دەژی لە ئەستەنبوڵ، ئیملیش خێزانی پیاوێکی مالیزییە و لە کوالالامپور دەژی.

## کۆتایی:

ڕزگارکردنـی کەسـێك لـە گێژاوێـك دڵخۆشـت دەکات، هـەروەك چـۆن ڕزگارکردنی کۆیلەیـەك مایـەی دڵخۆشـییە، کۆیلایەتـی ناوەکانـی گـۆڕاوە، بـەڵام هەمـووی یـەك ئامانـج دەپێکێـت.

محمـد علـی کلای دەڵـێ: چاکـە کـردن پـارەی ئـەو جێگەیـە کـە لەسـەر ئـەم زەویـە پێـت دراوە.

هەرکـەس بـە گوێـرەی خـۆی قـەرزاری کات و کردارەکانیەتـی، بچـوك پێکـەوە گـەورە دەبێـت، گـەورە پێکـەوە شۆڕشـێک هەڵدەگیرسـێت، شۆڕشـێک مرۆڤایەتـی ڕزگار دەکات.

نیەتـت بـۆ خـوای گـەورە با هـەردەم یەکلایـی بێـت، بەپێـی ڕێنوماییەکانی هەنـگاو هەڵگـرە، تـۆ هـەوڵ بـدەو باقـی بەخـوای گـەورە بسـپێرە، سـەرکەوتن ئەوەیـە لەبـەرەی حەقـدا بمێنیتـەوە تـا مـردن.

ئەبینی سۆز بۆ ئاژەڵەکان زیادی کردووە، هۆکاری ئەو سۆزە سۆزی مرۆیی نییە بۆ بێ زمانەکان، بەڵکو سۆزی پڕکردنەوەی ئەو فەراغەیە کە بە مرۆڤەکان دروست بووە، کەی لەگەڵ ژیریدا یەك دەگرێتەوە، مرۆڤێك ببێت بە هاودەمی سەگێك!
لەبری ئەوەی سەگ خزمەتی ئەو بکات بە پاسەوانی، ئێستە زۆرینەی سەگەکان مرۆڤەکان بوون بە خزمەتکاریان، بەلانی کەمەوە حەفتەی ٥٠ دۆلار خزمەتی دەوێت، هەر ئەو کەسەی کە حەفتەی ٥٠ دۆلار دەکات بە مەسرەفی سەگەکەی، ١ دۆلار بۆ هاوڕێیەکی سەرف ناکات.



# گفتوگۆی پشت سەگەکان

## پەیامی وریایی

د.عومەر عەلی
٢٠٢٠

ISBN 978-168454167-6